یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
بۆردی هۆشیاری
پرۆژەی دیاریی ئازادی
زنجیرەی کتێب: ٢٣

# سەنگەر و خوێن

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
ئەمیرە محەمەد

سلێمانی ٢٠٢٥

- پرۆژەی دیاریی ئازادی
- زنجیرەی کتێب: ٢٣
- کتێبی: سەنگەر و خوێن
- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئەمیرە محەمەد
- تایپ و دیزاینی ناوەوەی کتێب: سیروان خەلیل
- دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان
- چاپخانەی: تاران
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانەوە ژمارە سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێدراوە.

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

# یۆبیلی زێڕینی

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢٠٢٥/٦/١

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری

## خوێنەری بەڕێز سڵاو

**ئەمیرە محەمەد**

ئەم کتێبە کە دەیخوێنیتەوە بەرهەمی رەنجێکی بە ئازارە بۆ تۆمارکردنی مێژووی زارەکیی میللەتێکی عەودالی ئازادی و دیموکراسی، کە لە زمانی (٧٠) حەفتا قارەمانی رووداوەکان و نەبەردە ئەفسانەئاساکانەوە خراونەتە سەر کاغەز. ئەوانە بەشێکن لە چوار هەزار پێشمەرگەی کەمئەندامبووی سەنگەر و خەبات و فیداکارییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ و بەرەنگاربونەوەی سوپا دڕندەکەی بەعسی عەفلەقییەوە هەتا داستانە پڕ لە شانازییەکانی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستە خوێن رێژەکانی داعش.

هەر یەکێک لەو چیرۆکانە بۆ خۆی جیهانێکی ئەفسووناوی لێوانلێوە لە ورە و بەخشندەیی و میهر و جوامێری.

سەنگەر و خوێن، ناسنامەی حیزبێکە کە رۆڵەکانی بێ پەروا بوون لە مەرگ، دڵنیابوون لە رەوایی ئامانجەکەیان و پشت ئەستوور بوون بە میللەتەکەیان.. ئەوان لە تەنیشت تەرمی هەڤاڵە شەهیدەکانەوە دەبوونە کڵپەیەک ئاگر و رێیان لە پێشڕەویی دوژمن دەگرت و بەرلەوەی زامی ئەو رۆژەیان سارێژ بووبێت پڵنگ ئاسا خۆیان دەگەیاندەوە نەبەردەکەی رۆژی دواتر.

گێڕانەوەی ئەو سەروەرییانە تەنیا هەر چیرۆکی خودی پێشمەرگە پێکراوەکان نیە، بەڵکو فیلمنامەیەکە گەورەیی دڵی کەس و کارەکانیان و دڵسۆزیی هەڤاڵەکانیان و دانیشتووانی دێهاتەکان و خەمخۆریی پزیشک و کارمەندە تەندروستیەکانی شۆڕش وێنا دەکات، کە لە بارودۆخێکی یەکجار دژوار و سەخت دا بە سەرەتاییترین کەرەسەی پزیشکیی و ورەی بەرزەوە گیانی پێشمەرگە بریندارەکانیان لە چنگی مردن دەرهێناوە.

دیمەنی ئەو هاوولاتی و هەڤاڵانەشە کە بریندارەکانیان بە کۆڵ گەیاندۆتە شوێنی چارەسەر، هەڵوێستی جوانی حیزبە کوردستانیەکان و وڵاتە دۆستەکان و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستە بیانیەکانە، کە دالّدەدەر و چارەسەرکار و پەناگای پێشمەرگە بریندارەکان بوون. هەر هەمووشیان جەخت لەو راستییە دەکەنەوە کە مامی گەورە، جەنابی مام جەلال و هەروەها تەواوی هەڤاڵانی سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان سەرباری گرفتارییەکانی ئەو رۆژگارە سەختە، مەحاڵیان بۆ ئەم گیانفیدایانە هێناوەتە دی و بۆ چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی ناوچە ئازاد کراوەکان ئەوپەڕی توانایان خستۆتە گەڕ و گەیاندویاننەتە باشترین نەخۆشخانەکانی جیهان.

ئەم حەفتا قارەمانەی گەلەکەمان لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیاندا پێمان دەڵێن کە پێشمەرگە، بە تایبەت لە فەرهەنگی یەکێتیی نیشتمانیی دا، هەمیشە پڕۆژە بووە بۆ شەهید بوون لە پێناوی بەدیهێنانی مافە دیموکراسییەکانی خەڵکی کوردستاندا، بۆیە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر ئەرکێکی سەربازییان پێ سپێردرابێت، ئەوا بەو زام و برین و کەمئەندامێتییەوە جێبەجێیان کردووە و دەیکەن.

شانازییەکی گەورەیە بۆ کورد و بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کە تێکۆشەری ئاوهای پەروەردە کردووە، ... شانازیشە بۆ بەندە کە دەرفەتم بۆ رەخسا چیرۆکەکانیان وەک مشتێک لە خەروارێک لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆبکەمەوە.

٢٠٢٥/٣/٢٢

# پێرست


| ناو | لاپەڕە |
|---|---|
| ١. ئاراز حامی حاجی غالی (هێمن) | ١٣ |
| ٢. ئازاد حاکم ڕەفیق سەعید | ٢٣ |
| ٣. ئیبراهیم مستەفا محەمەد (برایم قوچبلاغی) | ٢٧ |
| ٤. بڕوا محەمەد عەبدوڵڵا | ٢٩ |
| ٥. پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود | ٣٥ |
| ٦. تایەر محەمەد حسێن (تایەری حەمە کەتیرە) | ٤٣ |
| ٧. تەها عەبدوڵڵا فەرەج حەسەن (تەها سێکانیانی) | ٤٩ |
| ٨. جەلال حەمەساڵح کاکەسور (مامۆستا جەلالی تەلان) | ٥٨ |
| ٩. جەلال محەمەد عەلی (جەلال سیرەمێرگی) | ٦٤ |
| ١٠. جەمال حەسەن حەمەئەمین قادر | ٦٩ |
| ١١. جومعە حسێن ڕەشید قادر (جومعە ڕەش) | ٧٤ |
| ١٢. حسێن ڕەسوڵ حەمەد شێخە | ٧٨ |
| ١٣. حەسەن قادر ساڵح خەسرەو (ئەبو سەلاح) | ٨١ |
| ١٤. حەمەد حاجی حاجی (حەمە وەرتێ) | ٩١ |
| ١٥. حەمەد حەمەدەمین ڕەزا حەمەدەمین (حەمەدەمینی تەقریر) | ٩٩ |
| ١٦. خالید سلێمان حسێن (شێخ ڕەش) | ١٠٦ |
| ١٧. خدر ئەنوەر ئەحمەد (خدر شاورێ) | ١١٢ |
| ١٨. دلێزار بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید | ١١٦ |
| ١٩. دلێزار مەجید حەمە سادق | ١٢٢ |

| | |
|---|---|
| ٢٠. دڵشاد شەریف محەمەد (دڵشاد باویانی) | ١٢٥ |
| ٢١. ڕەسوڵ عەبدوڵا عەلی عەبدوڵا (کۆچەر) | ١٣٣ |
| ٢٢. ڕەسوڵ عومەر لەتیف عەساف (وەستا ڕەسوڵ) | ١٤١ |
| ٢٣. زاهیر ئەحمەد حەسەن مەلا (زاهیر وەرتی) (زاهیر دۆشکە) | ١٤٩ |
| ٢٤. ساڵح مەحمود ساڵح (ڕەوەند سەرگەڵویی) | ١٥٦ |
| ٢٥. سامان نەریمان حەمە ئەمین | ١٦٠ |
| ٢٦. ستار ڕەحیم ئەکبەر مەحمود (ستار سەنگاوی) | ١٦٤ |
| ٢٧. ستار ساڵح عەبدولقادر | ١٦٨ |
| ٢٨. سەباح ئەمین عوسمان | ١٧٩ |
| ٢٩. سەباح شەمسوڵڵا فەتحوڵڵا | ١٨٦ |
| ٣٠. سەروەر سەلیم حەمەئەمین | ١٩٢ |
| ٣١. سەلاح محەمەد ئەمین (سەلاح گۆڵدەرەیی) | ١٩٧ |
| ٣٢. سەلاح محەمەد محێدین خدر (مامۆستا سەلاح دوزی) | ٢٠٤ |
| ٣٣. شوان شەریف کەریم محەمەد (شوان موغاغی) | ٢٠٨ |
| ٣٤. شێرزاد سەمەد شەریف (گۆران) | ٢٢١ |
| ٣٥. شێرکۆ نوری ڕەشید | ٢٢٧ |
| ٣٦. عارف سەلیم محەمەد | ٢٣٥ |
| ٣٧. عەباس حەمە ئەمین حەمە کەریم (عەباس ڕەشانی) | ٢٤٢ |
| ٣٨. عەبدوڵا هەمزە ڕەش حەمە | ٢٤٩ |
| ٣٩. عەبدولکەریم مەحمود سەمین خەلیل (مەلا کەریم) | ٢٥٣ |
| ٤٠. عەلی ئەحمەد مەجید ڕەسوڵ (عەلی کۆڵی پێنجوێن) | ٢٥٨ |

| | |
|---|---|
| ٤١. عەلی ئەمین رەسوڵ شەریف (عەلی بناوەسوتەیی) | ٢٦٣ |
| ٤٢. عەلی ئیبراهیم محەمەد رەسوڵ | ٢٧٠ |
| ٤٣. عوسمان حەسەن محەمەد میرە (عوسمان بێ رەشکە) | ٢٧٥ |
| ٤٤. عومەر حاجی ئەمین مستەفا (عومەر کانی هەنجیری) | ٢٧٩ |
| ٤٥. عومەر محێدین خزر (عومەر گورگانی) | ٢٨٤ |
| ٤٦. فایەق سابیر ساڵح ئەحمەد (فایەق چاوشین) | ٢٩١ |
| ٤٧. فەرهەنگ تۆفیق عەلی | ٢٩٤ |
| ٤٨. فەرەیدون عەبدولقادر تالب (فەرەیدون تاڵەبانی) | ٣٠٤ |
| ٤٩. فوئاد عەبابەکر کەریم | ٣١٠ |
| ٥٠. کارمەند هوشیار محەمەد | ٣١٦ |
| ٥١. کامیل نوری محەمەد ئەمین | ٣١٩ |
| ٥٢. کاوە حەمە ساڵح | ٣٢٥ |
| ٥٣. کاوە مەجید محەمەد ئەمین سلێمان | ٣٣٩ |
| ٥٤. کەریم عەلی محەمەد | ٣٤٣ |
| ٥٥. کەمال مەحمود عومەر (کەمالی حاجی مەحمودی گەڵاڵە) | ٣٥١ |
| ٥٦. محەمەد خدر بازدید (محەمەد رەژوکەری) | ٣٥٨ |
| ٥٧. محەمەد رەفیق حسێن | ٣٦٣ |
| ٥٨. محەمەد سەفا | ٣٦٦ |
| ٥٩. محەمەد عەبدولکەریم محەمەد عەلی | ٣٧٠ |
| ٦٠. مستەفا ئەحمەد حەمەد (مەلا مستەفا باڵەک) | ٣٧٣ |
| ٦١. مستەفا عەولا تەها ئەبوبەکر | ٣٧٦ |

| | |
|---|---|
| ٦٢. مستەفا قادر مەحمود خدر (مستەفا چاوڕەش) | ٣٨٤ |
| ٦٣. مەحمود ئەحمەد سۆفی شەریف | ٣٩٣ |
| ٦٤. مەحمود ئەحمەد مەحمود (مەلا مەحمود) | ٤٠٠ |
| ٦٥. موسا باپیر موسا رەسوڵ (مام موسا باپیر) (موسا ژاراوەیی | ٤٠٥ |
| ٦٦. ناجی محەمەد عەزیز (مامە ناجی) | ٤١١ |
| ٦٧. نەسرەدین  حەمەدەمین رەزا حەمەدەمین | ٤١٧ |
| ٦٨. هاشم عەبدولڕەحمان مستەفا | ٤٢٠ |
| ٦٩. هوشیار عەلی عەبدولحەسەن محەمەد (هوشیار بیاویڵەیی) | ٤٢٥ |
| ٧٠. هیوا محەمەد قادر (هیوای شەفیق) | ٤٣٦ |



**ئاراز حامی حاجی غالی (هێمن)**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/٢٨

کاک هێمن، پێشمەرگەی دانەبڕاو و خاوەن خەڵاتی ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٧١ لە گوندی بەشارەت - هەڵەبجە لەدایکبووە و لە بەرەی دوو ژن چواردە سەرخێزانن و تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و لە وڵاتی سوید قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٦ لە ڕێگەی لوقمان حەمە ساڵح (ساڵی ١٩٩١ لە باریکە شەهید بوو)-ەوە بووم بە پێشمەرگەی دەزگای پێشمەرگە لە سەرگەڵو (ئێمە خەڵکی دێیەک بووین). حامی حاجی غالی باوکم مەسئولی دەزگاکە بوو. منی نارد بۆ تیپی ١٥ی شارەزوور، کە فەلاحی حەمە بۆر سەرتیپی بوو. من لە دەستەکەی ئەو بووم.

ئەو ساڵانە شەڕ و جەولە هێندە زۆر بوون کە ئیسراحەتمان نەبوو. بەشداریی شەڕی قەندیلم کرد. کە کاک ئازاد هەورامی لە ١٩٨٨/٨/١٨ لە

کونەکۆتر بریندار کراو لە شێخ ئایش شەهید بوو، من چەند مەترێک لێوەی دوور بووم. ئەو کاتە من لای کاک حامی باوکم بووم لە دەزگای پێشمەرگە. زۆربەی پێشمەرگەکانی کاک ئازاد لە کاتی ئەنفالدا ئەنفال کرابوون و بەشێکیشیان پەرتەوازە بووبوون. چەند رۆژێک بەر لە شەهیدبوونی بە باوکمی وت، چەند پێشمەرگەیەکم بۆ بنێرە، یەکێک لەو پێشمەرگانەی نێردران من بووم.

که لێمان درا و کاک ئازاد کەوت و من یەکەم کەس بووم چوومە سەری و شنۆ خانی خێزانیشی لەوێ بوو. دواتر کاک کۆسرەت و کاک مولازم عومەر و کاک شێخ جەعفەر هاتنە لای و وتیان خۆمان ئەیبەین و بردیانە ئەشکەوتێک و دکتۆریان بۆ هێنا. بەڵام دکتۆرەکان هیچیان پێ نەبوو. کاک ئازادیان خستەسەر پشتی ئێسترێک و من پشتێنەکەی خۆم دانێ و کاک ئازادیان پێ بەستەوە. دوای بردنی کاک ئازاد ئێمە گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانی خۆمان کە هەر لە کونەکۆتر بووین. دواتر بڕیاری ئینسیحاب هات و ئێمە کشاینەوە و وەکو مەڵبەندی ١ چووینە سەردەشت و لەوێوە چووینەوە بۆ سنورەکانی خۆمان و مقەڕمان لە پاوە - مەریوان دانا و مقەڕی مەڵبەندی ١ لە دزڵی بوو.

ساڵی ١٩٨٩ حکومەت نیازی بوو هجوم بکاتە سەر زەڵێ و ناوزەنگ کە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی لەوێ بوون. داوا لە مەڵبەندەکان کرا هێز بنێرن بۆ پاراستنی شاخی سادر و چەکوچ چونکە ئەو شاخە زۆر گرنگ بوو، ئەو شوێنانە بگیرانایە سەرکردایەتیش بە ئاسانی دەگیرا.

ئێمە چووین و شەڕی چاکمان کرد و مقاوەمەمان کرد و نەمانهێشت دوژمن بێتە پێشەوە. ئەو کاتە فەلاحی حەمەبۆر سەرتیپی ١٥ی شارەزوور بوو.

لەوێ هەر دوو کەس دوو کەس بە وشکە کەڵەک سەنگەرێکمان بۆ خۆمان دروست دەکرد کە لە سەنگەرەکەی ترەوە ١٠٠ مەترێک دوور بووین لە یەکتر

من عەباسم لەگەڵ بوو. هجومەکانی رژێم زۆر بەقووەت بوون، بە تۆپ و هاوەن و راجیمە هێرشیان دەکرد. دواتر هێزی پیادە هاتن. ئێمە وا فێر کرابووین تا هێزەکە نزیکمان نەبێتەوە تەقەیان لێ نەکەین بۆ ئەوەی فیشەکمان بە خەسار نەڕوات و دەستکەوتیشمان هەبێت لە کوژراو و چەک.

عەباس کە تەقەی ئەکرد قەوانی فیشەکەکەی لەملاوە بەر من ئەکەوت. ئاخر سەنگەرەکانمان بەناو سەنگەر بوو، زۆریش بچوک بوو. شوێنمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە. دیسان هەمان دەرەنجام بوو. قاوغی فیشەکەکەم بەر ئەو ئەکەوت. ناچار وتم من لە سەنگەرەکە دەرئەچم. ئەو زۆری لێ کردم کە نەڕۆم. وتم من ئەچمە پشت ئەو بەردە گەورەیەی بەردەممان. هەر کە گەیشتم هاوەن دای بە تەنیشتما و لێی دام. عەباس هاواری کرد ئەوە چی بوو؟ وتم لێم درا. عەباس وتی هەر ئێستا دێم بۆ لات. وتم مەیە و تۆ بمێنەرەوە و من بە سنگە خشکێ ئەڕۆم و چوومە ئەو شوێنەی کە بۆ عەباسم دیاری کردبوو. بەو برینداربیەش هەر شەڕم ئەکرد و پارچەکان زۆر نەچووبوونە قوڵاییەوە. هێزی رژێم شکا. کاک فەلاح وتی تۆ بچۆرە خوارەوە. وتم ناچم تا تیپەکەمان بەدل نەکەن. وتی باوکت مەسئولمانە و داوای کردوویت. وتم ناڕۆم. وتی بە خۆشی ئەڕۆیت یان بە کەلەپچە کراوی بتنێرم؟ رۆیشتم و لە دۆڵە کۆگە برینەکەیان بۆ تەداوی کردم.

دوای ئەوە چووینە دزلی. ئینجا ٢٠٠ کەسی تیپەکانیان کۆکردەوە و ناردیانین بۆ گەیلان غەرب و ماوەی مانگێک تەدریبیان پێ کردین.

لە مانگی ١ی ١٩٩٠ دا بەشداریی دەورەی پارتیزانیم لە زەڵێ و قاسمەڕەش کرد کە مانگێکی خایاند و دواتر هەر جەماعەتەو گەڕاینەوە سنوری خۆمان. من چوومەوە بۆ دزلی و لەوێ داودی عەلی میرزا کەریم کرا بە فەرماندەی کەرتی تیپی ١٥ی شارەزوور و من چوومە کەرتەکەی ئەو.

کەرتەکەی ئێمە ئەرکمان لە شاخی سورێن و کانی رەنگین بوو. کەرتەکەی

ئەنوەری حاجی عوسمان ( ساڵی ٢٠٠٦ لە هەڵەبجە بە دەستی تیرۆریستان شەهید کرا)مان لەگەڵ بوو. کە ئەو مەفرەزەکانی ئەنارد بۆ ناوچەکانی نزیک دەسەڵاتی رژێم ئێمە ڕێنوێنیمان ئەکردن و ئەگەڕاینەوە.

جارێک رەوفی حاجی سابیر (مامە رەوف) (شەهید)مان بەڕێ کرد تا ملەخوردە کە ئەکاتە پشتی ئەحماوا. ئەوان دابەزین بۆ ناو هەڵەبجە و هەڵەبجە کەسی تیا نەمابوو، جیهازیان بۆ کردین وتیان وەرن بەدەممانەوە. ئێمەش چووینە خوارەوە بۆ ملەخوردە و یارمەتیمان دان و هاتینەوە سەر سورێن.

چەند مەفرەزەیەکی ترمان نێردران بۆ چاندنی لوغم بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەمانزانی سەیارەی عەسکەری پیا تێپەڕ ئەبێت. لوقمانی هاوڕێمان (کە دواتر



**هێمن حامی، شاهۆ عەلی میرزا کەریم، ساڵی ١٩٩١.**

شەهید بوو) لوغمی چاند و ئیڤایەک هات و پیایدا تەقییەوە. ئینجا بڕیار هات خۆمان ئامادە بکەین بۆ چوونە ناوشار بۆ راپەڕین. شێخ عەلی برازای مام جەلال ئەو کات مەسئولی مەڵبەندی ١ بوو، کاک حامی حاجی غالیش مەسئولی عەسکەرییەکەی بوو. تەشکیلات کرا و خەڵکی ناوشار ئاگادار کران. کاک حامی باوکم، من و ئەمیری ئامۆزام و جەمالی لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆی برد بۆ دۆزینەوەی رێگەی ناوشار. یەکەم شوێنمان چووینە بورجەکەی کانی پانکە. بە کورتییەکەی رەبایەکان هەر زوو تەسلیم ئەبوون و چەکمان برد و دامان لە نادییەکەی عەربەت و لەوێ مقەڕمان دانا و مام ئەحمەدم لەوێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دانرا و ئێمە لەگەڵ باوکم چووین بۆ رزگار کردنی کەلار و کفری. کاک فەرەیدون عەبدولقادر لەوێ بوو داوای پێشمەرگەی لە باوکم کرد. باوکم من و خەلیل سەرکانی و دوو پێشمەرگەی تری دایە. لەو چەکانەی گرتبوومان چونکە من دەورەی باشم بینیبوو، شارەزاییەکی باشم هەبوو لە بەکارهێنانی زۆربەی چەکەکاندا. قومبەلەیەکم هەڵگرت، قومبەلەی فاس ویستم تاقی بکەمەوە، بە هەردوو چاومدا تەقییەوە و چاوی چەپم لە جێدا و دەمودەست تەقی و دەماری چاوی راستیشی قرتاندم. بێهۆش بووبووم منیان بردبوو بۆ سلێمانی. من دواتر زانیم کە تووشی نەزیفی داخلیش بووبووم. دکتۆر بە مام ئەحمەدم و ئەوانی وتبوو کە ئومێدی ژیانی نیە. جیهازیان کردبوو بۆ کاک حامی باوکم وتبوویان کوڕەکەت بریندارە و ئومێدی ژیانی نیە. ئەو لە گەرمیان بوو بوو، وتبووی من لە جەبهەم و جەبهەکەم جێ ناهێڵم. کوڕی من لە کوڕی خەڵکیی زیاتر نیە. مام ئەحمەدم وتبووی با بیبەینە ئێران. من پچڕ پچڕ هۆشم ئەهاتەوە و دیسان ئەبوورامەوە و زوو زووش ئەڕشامەوە. گوێم لێ بوو ئەیانوت رشانەوەکەی هەمووی خوێناوە. بردبوومیان بۆ پاوە و لەوێشەوە بۆ تاران. لە تاران هۆشم بە خۆم هاتەوە. ئینجا زانیم هەردوو چاوم لەدەست داوە. دکتۆرەکان هیچیان پێ



**هێمن حامی، ئاری برای هێمن و کاکە حەمەی خالی، نەخۆشخانەی تاران، ساڵی ١٩٩١.**

نەکرا بۆم. منیان بردەوە بۆ ماڵەوە کە لە کانی دینار بوو. لەوێوە بردیانم بۆ بناوەسووتە. مام جەلال لە ماوەت بووبوو، بە باوکمی وتبوو دکتۆری ئەجنەبی هاتوون بریندارمان بۆ ئەبەن بۆ دەرەوە با هێمنیش ببینن و منیان برد و دواتر لەگەڵ نۆ برینداری تردا بردیانین بۆ نەمسا. هەوڵی زۆریان دا، ئومێدی چاکبوونەوەم نەبوو.

ساڵی ١٩٩٢ مام جەلال هات بۆ نەمسا. یەکێک لەو کەسانەی لەگەڵ مام جەلال هاتبوون باوکم بوو. بردیانم بۆ لای مام جەلال و داوام کرد منیش لەگەڵ خۆیان بەرنەوە کوردستان. مام جەلال وتی ئێمە کارمان زۆرە و تۆ ئەبێت دوو کەس ئاگادارت بێت و کارەکانت بۆ جێبەجێ بکەن. هەر زۆر پێداگر بووم لەسەر گەڕانەوە. مام جەلال وتی هەر کە ڕۆیشتمەوە ماڵی

خۆتانت (دایک و خوشک و براکانت) بۆ ئەنێرم. ئەو ماوەیە زۆر زۆر حاڵم خراپ بوو. چەند جارێک هەوڵی خۆکوشتنم دا. حەزم ئەکرد بمرم. نەمئەزانی چۆن بڕۆم و چۆن خۆم بشۆم.

ساڵی ١٩٩٣ دایکمیان نارد بۆ سوید. کاک (راستی جوامێر) خەڵکی سلێمانی بوو، ئەویش یەکێک بوو لەو بریندارانەی کە هەردوو دەستی لەکار کەوتبوو. ئەو بلیتی تەیارەی بۆ کڕیم بۆ نەرویج. براکانیشم هاتبوون بۆ نەرویج و بە ئوتومبیل بردیانم بۆ شاری تیرۆنا لە سوید چونکە ماڵمان لەوێ بوو. دواتر چووینە ئۆپسالا و خۆم تەسلیم کرد و ئیقامەم وەرگرت و چوومە بەر خوێندنی زمان و دوای ئەوە خوێندنی قۆناغی ئامادەییم تەواو کرد و بەردەوام بووم لەسەر کاری رێکخستن و هەر لەوێ چوومە ناو کۆمەڵەی نابینایانی کورد و من کەسێکی زۆر چالاک بووم. پاش ماوەیەک بیرم کردەوە کە لە سوید وەزعی نابینایان زۆر ئاسانە و چوومە فکر و خەیاڵی نابینایانی کوردستانەوە کە خزمەتێکیان بۆ بکەین. لە رێی کاک شەوکەتی حاجی موشیر (شەهید)ەوە پەیوەندیم بە کۆمەڵەی نابینایانی کوردستانەوە کرد کە بزانم چۆن ئەنووسن و ئەخوێننەوە. وتیان ئێمە تەنیا لە رێگەی گوێ و تەسجیلەوە کار دەکەین.

هەوڵم دا و پیتی نابینای کوردیم دروست کرد، ئێستاش کاری پێ دەکرێت بۆ تەسجیل کردنی پیتە زبرەکان کتێبێکم چاپ کرد بە ناوی (بینین لە پەنجەکانەوە). ناوەڕۆکی کتێبەکە هەڵسەنگاندنی جیاوازیی نێوان نابینایانی ئاسیا و ئەوروپا بوو. ئەو کتێبە کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبوو، زانکۆی سلێمانی دیراسەیان کرد و هەوڵیاندا فیلمێکی لەسەر دروست بکەن، لەبەر بێ بودجەیی تا ئێستا نەکراوە و من ناوی (کوێر)م گۆڕی بە (نابینا).

لە ڤیەننا دلاوەری ئەحمەد مەجید و سوهەیلە خانی خێزانی منیان برد بۆ مەکتەبی نابینایان و زۆر سوپاسیان دەکەم. لە سویدیش خوشک و براکانم



کاڵی، هێمن، ئارمان، هانا، نەخۆشخانەی سوید، ساڵی ٢٠٢١.



هێمن، ئارمان، هانا، نینا، نەخۆشخانەی سوید، ساڵی ٢٠٢١.
ساڵانە کاك هێمن دەچێتەوە بۆ چارەسەری چاوی.

بردیانمە مەکتەبی نابینایان و لە پاڵ مەکتەبیشدا کاری ڕێکخستنم دەکرد و ئینجا کەوتمە کاری هونەری و چەند گۆرانییەکم هەیە کە فۆلکلۆرن و میران میرانی بۆی تەسجیل کردووم و نەریمان بابانی خەڵکی سلێمانی دابەشکردنی مۆسیقاکانی بۆ کردووم. سی دییەکەم ناوی (ئەوینی شارەزوور)ە.

لە سوید خاڵۆزایەکی خۆمم هێنا بەناوی کاڵێ و چوار منالم هەیە. ساڵی ٢٠٠٤ بە یەکجاری هاتمەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٦ منال نەیانتوانی لێرە بمێننەوە، ناچار بردمنەوە سوید و خۆم گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی ١٩٩٧ کە لە سوید هاتمەوە هیچ شتێکمان نەبوو. نە زەرەبین و نە گۆچانی زیرەک و نە عەینەک. لە سوید سەگی تایبەت و گۆچانی زیرەک و تەکسی تایبەتمان هەبوو. لە خوا بەزیاد بێت ورەم بەرزە و ئێستا تەنها یەک کەسم لە گەڵدایە. من ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانم.

سوپاسی هەمووان دەکەم، کە هاوکارم بوون بە تایبەتی خێزانەکانم و مناڵەکانم.

یەکێتیم لە خۆم خۆشتر ئەوێت و هەوڵی ئێمە سەرکەوتنی یەکێتییە و هەرگیز کۆڵ نادەم لە خەباتکردن.


P.U.K
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
بڕوانامەی ڕێزلێنان
بەڕێز ( ) کە ناسراوە بە ( ) یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی
(ی.ن.ك) بەردەوام بوو تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ١٩٩١/٣/٥ بۆیە هاوپێچ لەگەڵ
ئەم بڕوانامەیەدا مەدالیای ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە ژمارەکەی ( ) یە





**ئازاد حاکم رەفیق سەعید**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/٣٠

کاک ئازاد لەدایک بووی ساڵی ١٩٩٣-یە و لە گوندی (سنور) - قەزای داقوق لەدایک بووە و دە سەر خێزانن و بژێوی خێزان و گوزەرانیان خراپ نیە و دەڵێت:

من براکانم (عیماد و سەرکەوت و جواد پێشمەرگەن لە تۆپخانەی قەڵاچوالان دەوام دەکەن و زیاد لە زێرەڤانی پێشمەرگەیە و خالیدیش لە لیوای -٩-یە لە کفری)، ساڵی ٢٠١٥ من بووم بە پێشمەرگە لە فەوجی ٤-ی لیوای ١٠٢ لای ئامر فەوجەکەمان عەقید عەزیز پێنجوێنی و ئامر لیواکەمان کاک تەها بوو.

دوو ساڵ لە گوندی کانی بەشیر و قەرەیاڵ و تازە خورماتوو دەوام مان دەکرد. دواتر چوینە گوندی تۆپزاوا و ترکەلان سەعات ١١ی شەوی ١٦ی

ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ ئەمرمان بۆ هات بچینە لای صناعەی کەرکوک نزیک تازەخورماتوو.

فەوجێک چوار سریە بوو. سریەکەی ئێمە چوینە صناعەکە و کەوتینە شەڕێکی زۆر سەختەوە و سەعات سێی هەمان شەو چوار فیشەک دای لە هەردوو قاچم، تا رۆژ بووەوە لەناو زورات (گەنمەشامی)ەکە کەوتبووم. کەس نەبوو بێت بەلامەوە هەرچۆنێک بوو بە جەمەدانیەکەی خۆم هەردوو قاچم بەستەوە و بەیانی کە شەڕەکە وەستا پێشمەرگە گەیشتنە سەرم و بە ئیسعافەکە منیان گەیاندە خەستەخانەی جمهوری کەرکوک و لەوێ عەمەلیاتی ناوسکیان بۆکردم و پلاتینی خاریجییان بۆ قاچی چەپم دانا و بەڵام بۆ قاچی راستم هیچیان پێ نەکرا چونکە دەماری جوڵەی قاچی راستم بڕدرابوو.



کاك ئازاد بە برینداری لە چارداغڵو، ٢٠١٧/١٠/١٦.



ناو ئیسعاف بەرەو نەخۆشخانەی ڕەشاد لە حەویجە.



کاک ئازاد لە نەخۆشخانەی سلێمانی، ٢٠١٧/١١/١.

ده ڕۆژ له خەستەخانەی کەرکوک مامەوە و بە ئیسعاف منیان هێنایە سلێمانی و براکانم لەسەر حسابی ماڵی خۆمان بردیانمە خەستەخانەیەکی ئەهلی و عەمەلیاتی قاچییان بۆکردم و پلاتینیان بۆ دانام و بیست و چوار سەعات لە خەستەخانەکە مامەوە و بردیانمەوە بۆ داقوق.

قاچی چەپم دوو سانتیم کورت بۆتەوە و قاچی ڕاستیشم بۆ هەنگاونان دەبێت هەڵی دەم، واتا شەلم.

دوای بیست و پێنج ڕۆژ لە عەمەلیاتی دانانی پلاتینەکە چومەوە خەستەخانەی جمهوری کەرکوک ویستیان عەمەلیاتی دەماری جوڵەی قاچی ڕاستم بۆ بکەنەوە دوای ئەشیعە گرتن، وتیان ٧٠٪ دەمارەکانم پچڕاون و چاری نییە.

بە پلەی نایب زابتی دەرەجەی مومتاز لەسەر لقی کەرکوک کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم.



ئازاد بەهاری ٢٠١٨.



**ئیبراهیم مستەفا محەمەد (برایم قوچبلاغی)**

هەینی ٢٠٢٥/١/٢٦

کاک برایم ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی هەڵەدن لەدایک بووە و هەشت سەر خێزانن و باری ژیان و گوزەرانیان خراپ نەبووە و خوێندەواری هەیە و دەڵێت:

عوسمان رەزا پیرۆتی خاڵم لە دەستەکەی کاک فاتیح شوانی بوو، کە کاک فاتیح سەرتیپ بوو. منیش مانگی ١٩٨٤/٣ چومە هەڵەدن و بوومە پێشمەرگە لای خاڵم.

بەشداری زوربەی شەڕەکانم کردووە، لەوانە ١٩٨٥/٢/١٤ شەڕی دابان - هەلاج و ١٩٨٦/٩/١ قەیوان - ماوەت، شەڕەکانی نزیک سورداش و نزیک پیرەمەگرون و گرتنی مقەڕ فەوجی تەوەکەڵ کە هەشت رەبایەمان گرت و کۆمەڵێک جوندی و جاشمان دەستگیرکرد و دەستکەوتێکی بێ شوماری

سیلاحیشمان هەبوو. ڕۆژی ١٩٨٧/١١/١١ لە گەڕانەوەدا لە بەینی هۆمەرقەوم و سورداش دا کەوتینە کەمینی مەفرەزەی قوات خاصەوە و لێیان داین.

لەو شەڕەدا عەبدوڵڵا ساڵح باوەمەنان شەهید بوو، کەمالی حاجی مەحمود گەلاڵەیی بریندار بوو قاچی شکا.

من ئەوەندەم زانی کەوتم بە دەماو ئیتر ئاگام لە هیچ نەما. کە بەهۆش هاتمەوە لە خەستەخانەی سەرگەڵو بووم.

من چاوێکم کوێر بووبوو، فیشەک و پارچەی ئاربیجی بەر سەرو قاچم کەوتبوو دکتۆر شوان لە خەستەخانەکە چاوێکی بۆ دەرهێنام و پارچەکانی لای سەر و رانمی بۆ دەرهێنام و دورییەوە. مانگێک لەو خەستەخانەیە مامەوە، خەستەخانەکە برینداری زۆری لێ بوو. من چونکە لەوناوە خزمم زۆر بوو، هەر جارەی دەچوومە ماڵە خزمێک. دواتر گەڕامەوە ماڵی خۆمان کە لە قۆچبلاغ بووین. لەدوای ئەنفال سەدام (عەفواتی نادیمەن)ی دەرکرد و بە قەراری ٣٦ و ٣٧ بووم بە عەسکەر لە بەسرە، ئەو شەوەی کوێت گیرا من بە فیراری گەڕامەوە. یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین شوان موغاغی منی کرد بە ئامرکەرت.

ئێستا چاوێکم نییە و پارچەشم لە لەشدا ماوە و بە گۆچان دەڕۆم و بە پلەی عەقید و بە ڕێژەی ٦٠٪ لە کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندام بووەکانی سەنگەرم.



**بڕوا محەمەد عەبدوڵڵا**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٩

کاک بڕوا ساڵی ١٩٩٤ لە رانیە لەدایکبووە و لە دایکی خۆی پێنج سەرخێزانن و تا پۆلی هەشتی بنەڕەتی خوێندووە و ئەڵێت:

مانگی ٢٠١١/١٠ بووم بە پێشمەرگە لە یەکەی ١٢٢ی لیوای بیتوین و پاش ماوەیەک لیواکەمان چووە مەنتیقەی نەفتخانەی سەر بە خانەقین و دوو مانگ ئینزار بووین.

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ شەڕی داعش دەستی پێکرد. لیواکەمان لە دوز خورماتوو بوو. تەپەسەوز و مەتاری دوز و سلێمان بەگمان کۆنترۆڵ کردەوە و دواتر ئێمەیان دانا بۆ گرتنەوەی بەرزاییەکانی تبچ. سێ شەو و سێ رۆژ هجوم بوو، دواتر بەرزاییەکەمان کۆنترۆڵ کرد. لەو شەڕەدا کەمالی حاجیاغای ئامر لیوا کە لە دوای ئێمەوە بوو بە قەناس لێی درا و شەهید بوو. ژمارەیەکیش بریندارمان هەبوو.

حەمەدەمین شاورێی جێگر فەوجی دووی لیوای ١٢٢ی بیتوین سەرپەرشتی ئەو هجومەی دەکرد.

شەڕ کەوتە ناو جەلەولا. ئێمەیان بەدل کرد بۆ ناو قەرەتەپە. ماوەیەک لەوێ دەوامکمان کرد.

ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٢ سێ تەقینەوەی یەک لەسەر یەک و پێکەوە کرا. یەکێکیان لەبەردەم ئەو بینایەی کە پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر هاتبوون بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا و دووەمیان لە بەردەمی بینای قایمقامیەت و ئاسایشدا و سێیەمیان لەو سەیتەرەیەی کە لە خانەقینەوە داخڵی قەرەتەپە ئەبیت.

ئەو ڕۆژە زیاتر لە سەد کەس شەهید بوون و ژمارەی بریندارێش حساب ناکرێن. من گەڕامەوە ناو مقەڕی فەوجەکەمان کە لە قەرەتەپە بوو تا لەوێوە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا بگەڕێینەوە بۆ کۆکردنەوەی شەهیدان و بەهاناچوونی برینداران و گەیاندنیان بە خەستەخانە. بەخوا لەو شەڕەدا خوێن جۆگەی بەستبوو. مەبەست لەم سێ تەقینەوەیە لە یەککاتدا ئەوە بوو کە پێشمەرگە سەنگەرەکان چۆڵ بکەن و بێنە ناوشار. بەڵام خێرا ئیعاز درا کە پێشمەرگە نابێت سەنگەر چۆڵ بکات.

ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٠ داعش لە سەعات ٥ی سەر لە بەیانییەوە لە سێ قۆڵەوە هجومی کرد بۆ ناو قەرەتەپە. ڕەبایەیەک لە گل خەنجەر بوو شەڕەکە بە سەرپەرشتی مستەفای شەهید عەبدوڵا بوو (کە باوکی پێشتر لە پلنگان شەهید بووبوو). ئەو ڕۆژە شۆڕشی برای کاک مستەفا بریندار بوو. ئەو شوێنە سەیتەرەی پۆلیسی فیدراڵی بوو. هجومی سەر دوو قۆڵەکەی تر سەخت نەبوو. بەڵام هجومەکەی سەر گل خەنجەر زۆر سەخت بوو، چونکە ئەوێیان بگرتایە دەبوو بە دەروازەیەکی کراوە بۆ گرتنی ناو قەرەتەپە و چوونە کەلار و کفری.

ئەو ڕۆژەی هجومەکە بوو من و پێنج کەس ئیسراحەت بووین و گەڕابووینەوە بۆ رانیە (من و حەمەدەمین شاورێ و عەلی حەمەدەمین شاورێی کوڕی و هەندرێن ئیبراهیم و فەرەیدون حەمەد و هونەر). هەر ئەو رۆژە سەعات پێنجی بەیانی تەلەفونیان بۆ کردم وتیان هجوممان لەسەرە بەپەلە هەمووومان گەڕاینەوە بۆ فەوجەکەمان.

مەردان چاوشین مەسئولی میحوەر بوو. ئەو هەواڵی هەبوو کە داعش شەو هجوم ئەکەن. رەبایەکەی ئێمە چواردەوری ماڵ و مزگەوتیشی لێ بوو بەڵام چۆڵ کرابوو.

داعش شەوەکەی دوو دوو سێ سێ و چوارچوار چووبوونە ناو ماڵەکان و ناو مزگەوتەکە. بەری بەیان داعش لەناو ماڵەکان و مزگەوتەکەوە هجومیان کردبوو. نیوەی هێزەکانی یەکێتی لەو شەڕەی ناو قەرەتەپەدا بوون. قورساییەکە تەنها لەسەر گل خەنجەر بوو. وەک وتم ئێمە کە شەش کەس بووین و لە ئیسراحەتدا بووین پێکەوە سەعات دووی دوای نیوەڕۆ گەیشتینەوە مقەڕی فەوج لەناو قەرەتەپە.

تەلەفونم کرد بۆ ئامر فەوج کە موحاسەرە بوو، وتی دوو شەهیدم داوە و فیشەکمان کەم پێ ماوە.

شێخ جەعفەر و مەحمود سەنگاوی و مەسئولەکانی تر وتیان تاریک دابێت ئێمە بەرەو رەبیەکە ئەچین.

ئێمە وەک شەش کەسەکە نەوەستاین تا تاریک دابێت و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تریش هاتن لەگەڵمان کە هەر سەر بە لیواکەی خۆمان بوون و بووین بە نۆزدە کەس. تا ئێمە گەیشتین کوردە شاورێ کە جێگری لیوا بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا (هەژار و یاسین) بە شەڕی مان و نەمان بە هەمەرێکەوە چووبوونە ناو رەبیەکە و هەمەرەکە ئەوانی دانابوو و گەڕابووەوە. ئەوانیش سنوقێک فیشەکیان لەگەڵ خۆیان بردبوو. من چوومە لای کاک شێخ جەعفەر

وتم هەمەرێکم بەرێ وتی من هەمەرم سوتاوە و چاوەڕێی شەو بکەن هەموومان ئەچین. ئێمە نەوەستاین و بەپێ بەرەو رەبیەکە چووین و لەسەر رێگەکە داعش دوو تەقینەوەیان بۆ دانابووین. شەڕەکە شەڕی ماڵ بە ماڵ بوو. دەنگی داعشەکانمان ئەبیست و کوردیشیان تیا بوو. هاواریان ئەکرد تەسلیم بن.

من گەیشتمە بەردەم رەبایەکە و فیشەکێک دای لە رانم. ئەو فیشەکە بە مەبەستی کوشتن نەبوو، بۆ ئەوە بوو پێشمەرگە بێن بەلامەوە و دووبارە بێنەوە سەرمان. ئەمجارە داعشەکە گەڕایەوە سەرم و گوللەیەکی تریشی دا لە سنگم و لە شۆڕش عەبدوڵا تەهاشی دا. بەینی من و داعشەکە پەنجا مەترێک بوو. من تووشی نەزیفی داخلی بووبووم و فیشەکەکە لەناو سنگما تەقیبووەوە. تا سێ سەعات لەبەر چڕی شەڕەکە کەس نەیپەرژابوو بێت بەلامەوە. دواتر تەلەفونیان بۆ شێخ جەعفەر کردبوو هەمەری بۆ ناردین و شەهیدەکانیشیان بە پیکاب برد. لەوێوە بە ئیسعاف بردبوویانین بۆ کفری و لەوێوە بۆ کەلار و لە کەلار وتبوویان ئەم برینداره ناگاتە سلێمانی بەڵام هەموومانیان ناردبوو بۆ خەستەخانەی تەواری سلێمانی.

من سەعات شەشی بەیانی چاوم هەڵهانی و عەمەلیاتم بۆ کرابوو. بەشێکی ریخۆڵەیان بڕیبووم و باقیەکەشیان بۆ پاککردبوومەوە و عیلاجی نەزیفی داخلییەکەیان بۆ کردبووم و بیست رۆژ لە تەوارییەکە مامەوە.

کە هەستامەوە ئەوکات زانیم دەماری قاچم بڕاوە و دوو دەماری عەسەب لە بڕبڕەی پشتم قرتاوە کە ئەوە چارەسەری نیە.

ساڵی ٢٠١٦ دکتۆری ئێرانی لە خەستەخانەی شۆڕش عەمەلیاتی قاچیان بۆ کردم سوودی نەبوو.

ماسولکەی خوارەوەی قاچیان بڕیم بۆ سەر ئەژنۆ و رانم. ئێستا بە گۆچان ئەڕۆم و لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم بە پلەی نایب زابتی یەکەم و رێژەی کەمئەندامیەکەم ٨٥٪-ە.



برِوا محەمەد لە نەخۆشخانەی شۆڕش.

بڕوا محەمەد، نەخۆشخانەی شۆڕش.









**پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود**

سێشەممە ٢٠٢٥/٢/١١

کاک پیرداود پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و برای شەهید سەعدە، کە ١٩٨٨/٨/١٧ لە کونەکۆتر شەهید بووە و ڕەسوڵ و ئەحمەد و سەلامی براشی پێشمەرگە بوون و لەسەر کوردایەتی چوار خانوی مەخموریان ڕوخێنراوە و دەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٦ لە مەخمور - هەولێر لەدایک بووم و حەڤدە سەر خێزانین لە بەرەی دوو ژن و خوێندەوارییم هەیە و هاوینی ساڵی ١٩٨١ من خەریکی ئیش بووم لە قەرەچوغ و پێشمەرگە شەو دەهاتن بۆ جەولە و قسەیان بۆ خەڵکەکە دەکرد و کاوە مەخموری (ساڵی ١٩٨٣ لە بالیسان شەهید بوو) منی تەنزیم کرد بۆ ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

زستانی ١٩٨٢ بووم بە پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، کە کاوە مەخموری ئامرکەرت و شاخەوان عەباس سەرتیپ بوو.

ساڵی ١٩٨٣ لە دیبەگە دوو سەیارەمان لەبەردەمی مونەزەمەکە سوتاند، دوای ئەوە من نەقڵی کەرتی ٤ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووم.

ساڵی ١٩٨٣ کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسەکانی تەشریعی و تەنفیزی بوو، ئێمە بە جەولە بە دێهاتەکاندا دەگەڕاین کە بەشداری چونە دەنگدان نەکەن. لەسەر جادەی کەرکوک - هەولێر نێوان گەڕە شێخان و شێنارە بووین، کۆپتەر لە جەبهەی شەڕی عێراق - ئێران دەگەڕانەوە و گەیشتنە سەرمان و بە دۆشکە و ساروخ لێیان داین. ئێمە وەکو کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی کەرتی ڕێکخستن نۆ پێشمەرگە بووین. عەبدولخالق سەلیم قزلەری شەهید بوو، ئێمەش هەموومان بریندار بووین، من بیست و پێنج پارچە بەر جەستەم کەوت. مەفرەزەیەکی کەرتەکەی خۆمان لە گردەسوورەوە هاتن بە هانامانەوە و بە سەیارە دەربازیان کردین و بردیانینە گەڕەشێخان لەوێ دکتۆر مەزن و دکتۆر جەرجیس تەداوییان کردین و هەر ئەو شەوە ئێمەیان گەیاندە گوندی قەمبەر و پانزە ڕۆژ مامەوە.



پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا.

ساڵی ١٩٨٥ بووم بە ئامر مەفرەزەی کەرتی یەکی شەهید کاوە مەخموری و بەشداری شەڕەکانی زمارە، میلی هۆرد، تەلخیمم کردووە. ئێمە مقەڕمان نەبوو، چونکە سەرسنوور بوین لەگەڵ عەرەبەکاندا و لە زوربەی شەڕەکاندا هەلیکۆپتەریان دەنارده سەرمان.

هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا بەشداریی چالاکیی لێدانی حەی صەدام و ماجیداوای ناو هەولێرمان وەک تیپی ٨٧-ی قەرەچوغ و کەرتێکی ٨٦-ی دەشتی هەولێر کرد.

رژێم هێزێکی گەورەی بە هانای هێزەکەیەوە نارد و ئێمە تێکمان شکاندن.

ساڵی ١٩٨٦ لە جاشەکانی گوندی مشارمان دا و بریندار بووم. ساڵی ١٩٨٧ بووم بە معاون کەرتی چواری قەرەچوغ و ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ بەشداری داستانی رزگاریم کرد لە مەنتیقەی گۆجار و دوای تەواوبوونی شەڕەکە گەڕاینەوە بۆ چالاوە بۆ ئیسراحەت و لەوێ تەیارە لێی داین، شەش شەهید و دوانزە بریندارمان هەبوو، پاشان گەڕاینەوە سنورەکەی خۆمان.

دواتر بانگ کراین بۆ سنوری مەڵبەندی سێ، وەکو تیپی ٨٧ی قەرەچوغ من مەسئول کەرتی چوار بووم و کەرتی پێنجیشمان لەگەڵ بوو، کە کەریمە رەش ئامرکەرتی بوو. لەو شەڕەدا دەبابەکانمان تێک شکاند و کاویز عەلی رەش کە جێگری کەرت بوو شەهید بوو.

مانگی ١٩٨٨/١ لە سنوری خۆمان بوین لە قەراج. بروسکەمان بۆ هات بچینە سماقوڵی کە مەڵبەندی ٣ی لێ بوو.

کاک کۆسرەت بەرنامەی دانا بۆ لێدانی سەری رەش و چەند کەسێکی رێکخستنی نارد بۆ کەشفی شوێنەکە و دانانی چاوساغ بۆ تیپەکان و پاش ئەوە هەر تیپ و کەرتە شوێنی خۆی بۆ دیاری کرا. بۆ ئەم چالاکییە تیپەکانی ٩١-ی سەفین، ٨٧-ی قەرەچۆغ و ٨٦-ی دەشتی هەولێر و ٩٣-ی کۆیە و ٨٥-ی بەرانەتی و تیپی مەڵبەندی سێ بەشداربووین.

ئێمە وەکو کەرتی چواری قەرەچوغ، دانراین بۆ کەمین لە بەینی سەری رەش و مەسیفی سەلاحەدین و مامە غەفە سەرتیپ بوو. بەفر و باران بوو رژێم هێزی لە مەسیفەوە بە هانای هێزەکەی خۆیەوە نارد و لێمان دان و شکاندمانن و پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو، و چوینە گوندی گۆڕەشێر و

ئیسراحەتمان کرد، ئەوکاتە گۆڕەشێر چۆڵ بوو. شەوی دووهەم چوینە کۆڕێ بە چاوساغی تەنزیماتی ناوشار و بەیانی زوو بەرەو سماقوڵی گەڕاینەوە.

هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا جەولەمان دەکرد لە قۆچە بلباس – ناحیەی قوشتەپە، کەوتینە کەمینی حکومەتەوە و شەهیدێکمان دا. ئێمە پێنج کەس بووین و هەر چوارمان بریندار بوین و من باڵی چەپم شکاو فیشەک لە سکمی دا و لە تەنیشتمەوە دەرچوو. بەو حاڵەوە رامکرد و کەوتم و ماوەی سەعاتێک دابڕام. مەفرەزەیەکی خۆمان و مەفرەزەیەکی پارتی هاتن، ئەوان دکتۆرێکیان لەگەڵ بوو، چارەسەری هەر چوارمانیان کرد و چوینە گوندی ئاومار و لەوێ دکتۆر مەزن تەداوی کردین و ٢٠ رۆژ کەوتم، ساڵی ١٩٩٢ لە گوندی پیرداود بوین و جەیشی عێراق دەیویست بگەڕێتەوە هەولێر و پێشمان بە جەیشەکە گرت و ئەوان کەوتنە تۆپ باران کردنمان و پارچەیەکی مەدفەعی بەر پشتم کەوت.

ساڵی ١٩٩٥ من بووبووم بە ئامر فەوج، مامە غەفە سەرلەشکر بوو، کاک کۆسرەتیش فەرماندەی گشتیی بوو، مانگی سێ لە زورگەزراو – جادەی مەخمور – هەولێر لیوایەکی عێراقی لێ بوو لێمان دا و لیواکەمان کۆنترۆڵ کرد و من گەیشتمە ژوری ئامر لیوا و لە پەنجەرەوە بە کلاشنکۆف لێیان دام و قاچی چەپم شکا.

کۆمەڵێک دیلمان پێ بوو، منیان کردە بەتانی و بە کۆڵی دیلەکان کردمیانە سەیارەکەی خۆم و بردیانم بۆ خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر و کە برینەکەم ساردبووەوە لەهۆش خۆم چووم. کاتێک ویستیان بەنجم کەن بۆ نەشتەرگەری بەئاگا هاتمەوە و رازی نەبووم قاچم ببڕنەوە.

عەمەلیاتیان بۆکردم و بە تەختە بۆیان بەستم و دوو رۆژ دواتر تەسپیتی خاریجی یان بۆ کردوم. دکتۆر بەختیاری خەڵکی سلێمانی پسپۆڕی ئێسک و شکاوی، پێنج شیش و دوو راستەی بۆ دانام. هەر بۆ ئەو قاچەم یانزە جار عەمەلیاتیان بۆ کردوم و هەر چاک نەبووم. چوار جار دکتۆر وەرزێر



**کارەسوی حەسەن عەبدوڵلا، پیرداود حەسەن عەبدوڵلا، فوئاد محەمەد کارەسوڵ، نەخۆشخانەی ئاشتی - سلێمانی ١٩٩٥/٨/١٠.**

لە خەستەخانەی ئاشتی لە سلێمانی عەمەلیاتی بۆکردم و لە ئاخر جاردا لە پێستی قاچی راستمی کردەوە بۆ قاچی چەپم و بۆ ماوەی ٢١ رۆژ هەردوو قاچمیان بە ئاسن پێکەوە بەست، دوای ئەوە دیسان بە عەمەلیات لەیەکیان جیاکردەوە.

من قاچم هەر چاک نەبوو، کاک کۆسرەت بانگی کردم و وتی با بتنێرم بۆ ناو حکومەت، وتم ناچم، وتی جەوازێک بکرە. جەوازێکم بە پارەی خۆم کڕی و چومە ئێران و لەوێ ڤیزەی هەنگاریایان بۆ کردم. ئەوکاتە ترانزێتی تورکیایان نەدەدا. شێردل حەوێزی و شازاد صائیب هەوڵی زۆریان بۆدام. ماوەی مانگێک لە تاران مامەوە، من یەکەم کەس بووم لە ئێرانەوە بە ترانزێتی سوری بڕۆم، لە سوریا دانای ئەحمەد مەجید هاتە مەتار و بەڕێی کردم بۆ






پیرداود حەسەن عەبدوڵڵا، خەستەخانەی هۆڵەندا،
ساڵی ١٩٩٩.

هەنگاریا. لەوێ تەحسین ئاکرێی بەرپرسی عیلاقات بوو، نەوزاد بالیسانی نارد بۆ مەتار. بە قاچاغ بردمیانە نەمسا و لەوێ گیرام و بردیانمە ڤییەننا بە سجن کراوی و مەحکەمەیان کردم و پانزە رۆژ مامەوە، پاشان هەر بە قاچاغ بردیانمە ئەڵمانیا و دواتر بۆ هۆڵەندا.

جوامێری رابەر سیاسی تیپی ٢١ی کەرکوک زۆری خزمەت کردم و بۆ بەیانیەکەی بردمیان بۆ نزیک مەرکەزێک تا داوای لجوئـ بکەم. ئەو شەوە لە کەمپ منیان دانا و تەداوییان کردم و پێنج مانگ لەو کەمپە مامەوە و دواتر وتیان دەبێت قاچت ببڕینەوە. دکتۆر سامی، کە عەرەب بوو، موتەرجیم بوو،



پیرداود حەسەن عەبدوڵلا، خەستەخانەی هۆڵەندا

منیش وتم قاچم ببڕنەوە شکات دەکەم. پرۆفیسۆرەکە وتی شکات مەکە قاچت وا بۆ چاک دەکەمەوە کە فتبۆڵێنی پێ بکەیت.

پاش پێنج مانگ جوابم لە خەستەخانەی ئوتریخت-ەوە بۆ هات بچم بۆ عەمەلیاتی قاچم. قاچم توشی گانگرین بووبوو، هەموویان بۆ پاکردمەوە. ماوەی سێ مانگ قاچم ئاسنی پێوە بوو، ئەوان ئیزنیان دام بچمە ئەو ژورەی کە دابویانمێ. و مانگی جارێک دەچوم بۆ خەستەخانە و ئنجا وتیان شیشەکانت بۆ دەردێنین. وتم خۆم دەریان دەکەم. پرۆفیسۆرەکە وتی ئەوە شێتە، منیش هەر لەبەر چاوی ئەو هەر هەژدە شیشەکەم دەرهێنا. ئینجا گەچیان تێگرت و پاش مانگێک گەچەکەیان لێ کردەوە و پاش تەداوی دیسان گەچیان بۆ تێگرتمەوە و جاری سێیەم وەکو پۆتین بە لەزگە بۆیان بەستم و ئیتر ساڵی ٢٠٠٠ لە ریگەی ئێرانەوە هاتمەوە.

ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینم لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر.



**تایەر محەمەد حسێن (تایەری حەمە کەتیرە)**

شەممە ٢٠٢٥/٢/٨

کاک تایەر، ساڵی ١٩٥٧ لە چوارتا لەدایکبووە و شەش سەرخێزانن و باری گوزەران و ژیانیان خراپ نەبووە و خوێندەواری هەیە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ لە رێگەی حەمەومینی خەیاتەوە (ساڵی ١٩٨١ لە گوندی وەراز شەهید بوو) تێکەڵی سیاسیەت بووم و ساڵی ١٩٨٠ لە رێگەی هاوڕێ عومەری مەلا مەحمودی نۆرکەوە چوومە دەرەوە بۆ کەرتی رێکخستنی پێنجوین، کە هاوڕێ عومەر کادری جەماوەریی مەنتیقەکە بوو. ماوەیەکیش چوومە کەرتی رێکخستنی چوارتا، هەر لەسەر داوای هاوڕێ عومەر بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی ٢ ت ٣٧ی شارباژێر کە عەلی چوارتایی سەرتیپ بوو، هێمن سەراوی ئامر کەرتی ٢ی تیپەکە بوو (ساڵی ١٩٨٦ لە قولەرەیسی شەهید بوو). بەشداریی شەڕەکانی سنورەکەم کردووە بە حوکمی ئەوەی من چوارتایی بووم و شارەزای ناوچەکە بووم، وەک دانانی کەمین بۆ مەرکەزی

ئینحساری چوارتا و گردی حاجی موسا و لێدان لە ڕەبایەی قوتەی بەیاخەکە و ماڵی قایمقامی چوارتا کە بەعسییەکی زۆر دڕ بوو.

٢٤ لەسەر ١٩٨٣/٤/٢٥ ئێمە وەک مەفرەزەی کەرتی ٢ کە دوانزە پێشمەرگە بووین لە شەڕێکی لابەلا هاتبووینە گوندی ئاڵەک زۆر ماندوو بووین و ویستمان ئیسراحەت بکەین، خەبەرمان بۆ هات لە خۆشی شەڕی کورد لەگەڵ کورددا ئەمن و ئیستخبارات شیرینییان بەخشیوەتەوە. هێمن سەراوی پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگ بوو، وتی با بڕۆین هەقی شیرینی بەخشینەوەکەیان لێ بکەینەوە. وتم کاک هێمن ڕەبایەیەک لەپشتی سەرسیر هەیە و ڕەبایەیەکی مەحکەمە و دەمێکە دانراوە. وتی با پێکەوە بڕۆین و کەشفێکی ناوچەکە بکەین.

لە خوار جادەی خەتی چنارەوە بەناو دارودرەختەکاندا ڕۆیشتین و ئێمە دووربینمان پێ بوو. چواردەوری ڕەبایەکە بە تەلەدڕکاوییەکان دەورە درابوو، دوای ئەوەش مینڕێژ کرابوو. بە کاک هێمنم وت: دەبێت بەناو دەربەندەکەدا سەرکەوین. کاک هێمن وتی: تۆ لێرە بمێنەرەوە و من ئەچم دە پێشمەرگەکە دێنم. تا ئەوان هاتن دنیا تاریک بوو بوو من سەرکەوتبووم و زۆر نزیک کەوتبوومەوە لە ڕەبایەکە. کە پێشمەرگەکانم بینی بە دوربینە لەیلییەکەم بەردێکم بۆ تلۆرکردنەوە، واتە لەم ڕێگەیەوە سەرکەون. من بە دوربینەکە سێ جوندیم بینی و کە هێمن سەرکەوتە لام، وتی کوڕی خوا چۆن وا هاتویتە نزیکیان؟ وتم ئێمە ئارپیجیمان پێیە. چووەوە بۆ لای پێشمەرگەکان و دایمەزراندن و هاتەوە بۆ لام.

سەعات بوو بوو بە هەشتی شەو. گوێم لە جوندییەک بوو هاواری کرد وتی سەیدی گوێم لە خشەی پێیە نازانم خشەی پێی ئاژەڵە یان مرۆڤ. ئەو ئەمری کرد تەلقە تەنورەیەک هەڵدە بۆ روناککردنەوە. ئارپیجییەکەم پێوەنان و هێشتا نەگەیشتبووە لایان رومانە بارانیان کردین. شانسمان هەبوو

ئێمە ئەوەندە نزیکیان بووین رومانەکە ئەکەوتە دوامانەوە (ئەوانە بڕوایان نەکردبوو ئێمە وا نزیکیان بووبێتینەوە).

ئێمە پشتمان لە کەناروێ بوو، رەبیەی سەر موجەمەعی ١١٠ کە لەو رەبایەیەی ئێمەی لێ بووین نزمتر بوو، ئەوانیش ئێمەیان دایە بەر هاوەن و دۆشکە. هاوەنەکانی ئەوانیش لە پشتی ئێمەیان ئەدا. ئێمە کەوتبووینە نێوان دوو شەڕگەوە. وتم کاک هێمن من ئارپیجییەک بەرەو دۆشکە و هاوەنەکەیان ئەتەقێنم و ئێوە بە موفرەد تەقە بکەن.

ئارپیجییەکەم تەقاند و دۆشکەکەیان نەڕەی هات و دوکەڵ و تەپوتۆز و دەنگی تەقە بەرز بووەوە. من بە عەرەبی بانگم کرد ئێمە برای ئێوەین و ئێمە دوژمنتان نین و دوژمنی دەسەڵاتین، تەسلیم بن و خۆتان بە کوشت مەدەن. ئیتر جارجارە فیشەکێکیان ئەتەقاند و دواتر زانیمان رەبایەکەیان چۆڵ کردووە و چونەتە قوتەی بەیاخەکە کە زۆر دوور نەبوو لێیانەوە. ئیتر چووینە خوارەوە بۆ سەر جادەکەی سەرسیر کە لێوەی هاتبووین تا بچینە سەر کانیەکە چونکە جوندییەکان دەهاتن بۆ ئاوبردن. ئێمە ئیرەج (حزبی کوردستانی ئێرانی) و هاوڕێ کامەران کونجرینیمان لەگەڵ بوو. لەگەڵ جەزای خەڵکی چۆرکەی بەرامبەر سورەبان. تاریکەشەو بوو من پێش کەتبووم. جەزا لەدوامەوە بوو بە هێواشی وتم جەزا پێ لە  شوێن پێی من دانێ شوێنەکە ئەلغام رێژە. گوێی لێ نەبوو و نزیکم کەوتەوە وتی چی ئەڵێیت؟ فریای جواب نەکەوت و ئەلغامێک لەژێر پێیدا تەقییەوە و هەردوکمانی هەڵدا. من کەوتمە ناو دەوەنێکەوە، قاچی چەپم هەڵهێنا بۆ رۆیشتن، تەماشام کرد قاچی راستم نەماوە. پێشمەرگەکان گەیشتنە سەرم وتیان کوا جەزا وتم بەحاڵ نوزەی دێت بچن فریای کەون. ئەوکاتە پێشمەرگە، پێشمەرگە بوو بینیم دوو برادەر جەزایان هەڵگرتبوو بەرەو نزیک جادەکە ئەیانبرد. منیش بە جامانەکەی خۆم برینەکەم پێچا. لوغمەکە کڵاوەی ئەژنۆمی بردبوو. دوو پێشمەرگە منیان

هەڵگرت یەکێکیان منی کردبووە کۆڵ و ئەوی تر قاچی بۆ هەڵگرتبووم. دوو پێشمەرگەیان نارد بۆ گوندی ئاڵەک و دوو ئێستریان هێنا کە هی ماڵی عەبدوڵا پەتاتە بوون و بردیانین بۆ گۆڕەدێم کە سەعاتە ڕێیەک دوور بوو.

ئێمە ئەو هەموو دەنگەدەنگەمان کرد. ڕەبایەیەکمان لێ دیار بوو، دیار بوو چۆڵیان کردبوو، وانەبوایە دەیانتوانی خاکمان بە تورەکە دابێژن. لەوێ ئێمەیان خستبووە ناو دوو تابووتەوە و من بێهۆش کەوتبووم. کە چاوم هەڵهێنا خزمەکانی جەزا، شین و ڕۆڕۆیانە.

جەزا قاچێکی پەڕیبوو. وەک بیستمان بۆ بەیانییەکەی عەسکەرییە قاچەکەیان هەڵگرتبووەوە. هەر ئەو شەوە جەزا شەهید بووبوو.

قاچەکەیان بردبوو بۆ ئەمنی چوارتا. لەوێ ناردبوویان بە شوێن سابیری برامدا و وتبوویان ئەوە قاچی تایەری براتە، بڕۆ مەیتەکەی بدۆزەرەوە. سابیر وتبووی ئەوە قاچی تایەری برام نیە و ئەو پێڵاوی وای نیە.

بۆ بەرەبەیان خەڵکی گۆڕەدێم جەزایان ناشتبوو، منیان بە تراکتۆر بەرەو مەڵبەندی یەک برد کە لە حاجی مامەند بوو. لە ڕێگە تووشمان بوو بە تووشی مستەفا چاوڕەشەوە و هەواڵی پرسیم و وتی وەزعت چۆنە؟ وتم بەم تراکتۆرە وەزعم زۆر خراپترە. ئیتر بە پێشمەرگەکانی وت بە شان ببەن

لێپرسراوی عەسکەریی مەڵبەندی یەک مەلا بەختیار بوو. دکتۆر عەبدولڕەحمان لە خەستەخانەکە بوو، کە بە دکتۆر هەژار ناسرابوو، پاش فەحس کردنم بە مەلا بەختیاری وتبوو ئەبێت خوێنی تێ بکرێت و عەمەلیات بکرێت ئێمەش ئەو پێداویستییانەمان نیە.

ئەوکاتە پەیوەندی ئێمە و دەوڵەتی ئێران لەسەر کۆمەڵە و دیموکرات خراپ بوو. منیان بە نامەی کاک بەکری حاجی سەفەرەوە و لە ڕێگەی شێخ قادری چوێسەوە نارد بۆ سەید سادق کە لە سەید سادق خەستەخانەی عەسکەری ئامادە کرابوو بۆ بریندارانی شەڕی عێراق - ئێران بۆ جەبهەی پێنجوین.

من تەنها بووم لە خەستەخانەکە. دکتۆرێکی عەرەبی لێ بوو. ئەو دکتۆرێکی زیرەک و میهرەبان بوو. قاچی بۆ تەداوی کردم و من پارچەیەکیش دابووی لە لێوم و حەوت ددانمی بە پوکەوە خستبووە دەممەوە. دکتۆرەکە بۆی پاککردمەوە و غەرغەرەی پێ کردم و هێلکەی بۆ شلەتێن کردم و بە کەوچکی بچوک خۆی ئەیکرد بە دەممەوە. ئیتر هەر چۆنێک بوو شەو کەوتینە قسە و وتی من شیوعیم و خەڵکی ناسرییەم. شانست هەبوو کە من لێرەم. بەیانی سابیری برام چووبووە ماڵی شێخ قادری چوێسە لە سەید سادق و ئەو کاری پێویستی بۆ کردبووم و منیان بە حیمایە و دوو سەیارەی قوە خاصە برد بۆ خەستەخانەی تەوارییەکە.

لەوێ کردیانمە ژوورێکی تەنهاوە و شیشیان کرد بە ئیسقانەکەی قاچمدا و پێچایان و دواتر ١٧ کیلۆ بەردیان بە قاچمەوە بەست تا قاچم خوار نەبێت و کورت نەبێتەوە. چوار مانگ لەوێ مامەوە و مانگی ١٩٨٣/٨ لە خەستەخانە دەرچووم. من کە لە خەستەخانە بووم هەر رۆژەی ئەمن و ئیستخبارات ئەهاتنە لام بۆ تەحقیق، منیش ئەموت من فیرار بووم و ئێران هجومی کردووە و من بەرگریم لە وڵاتی خۆمان کردووە و ئەم حاڵەم بەسەر هاتووە.

من شەش جار عەمەلیات کراوم. چوار جار لە خەستەخانەی تەوارییەکە و جارێکیش لە خەستەخانەی ئیمێرجێنسی و دوای ئەوەش ساڵی ٢٠١٧ لە خەستەخانەی روناکی لە شەستییەکە بەرامبەر مەنتیقە سەناعییەکە کە د.شێخ عومەر باراوی عەمەلیاتی کردم. ساڵی ٢٠١٩ کاک بافڵ منی نارد بۆ ئێران بۆ خەستەخانەی سنە و قاچی سەناعییان بۆ کردم. بەڵام قاچم نانوشتێتەوە چونکە ئەوەندە زۆری پێ چوو تا گەیشتمە لای دکتۆر ئەژنۆم تووشی گانگرین بووبوو.

ئێستا خانەنشینم. پلەکەم عەقیدە و ئەندامی دەستەی باڵای رێکخستنە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم.





تایەر محەمەد حسێن لە نەخۆشخانەی رووناکی ئەهلی سلێمانی، ساڵی ٢٠١٧.



**تەها عەبدوڵلا فەرەج حەسەن (تەها سێکانیانی)**

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/٩

کاک تەها پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و زیندانی سیاسی و برای شەهیدان ستار سێکانیانی (١٩٩٤/٨/٢٣ لە سەید سادق شەهید کرا، ئەوکات ئامر سریەی لیوای تایبەت بوو) و هاشم سێکانیانی (١٩٩٠/٨/٢٨ لە شاخی سورداش شەهید بووە).

کاک تەها، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی سێکانیان - سورداش لەدایک بووە و ١٠ دە سەر خێزان بون و ژیانیان لەسەر خزمەتکردنی ڕەز و خەڵوزکردن و ئاژەڵداری بووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤ی یەکێتی کە جەمالی عەلی باپیر ئامر هەرێم و دڵشادی حاجی بەنگینە (١٩٨٩/٢/٩ لە شارستێن شەهید کرا) ڕابەر سیاسییان بوو هاتنە دێکەمان و یەکێک لە برادەران وتیان ئەم برادەرە بەرە بۆ ماڵی خۆتان. ئەو ڕەفیقی سەلامی حەمە شوانی خاڵم بوو (١٩٧٩/٢/٢

له جوبلاخ شەهید کرا. کە ئەوکاتە جێگری جەمالی عەلی باپیر بوو). کە هاتە ماڵمان کۆمەڵێک کتێبی منی بینی زۆر دڵی پێ خۆش بوو. ئیتر کەوتە باسکردنی کۆمەڵە و پاش گفت و گۆ متمانەی پێ کردم و چەند بڵاوکراوەیەکی دامێ. زۆری پێ نەچوو منیان کرد بە تەتەر، لە سلێمانییەوە پێداویستیی چاپکردنم دەبرد بۆ چاپخانەکەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ و لەوێوە بڵاوکراوەم دەهێنایەوە. ئەوکاتە من خوێندکاری پۆلی شەشی زانستی بووم.

رۆژی ١٩٨٥/٤/٤ لە گەڕانەوەم دا لە موعەسکەر سارداو (شوێنی فولکەکەی هەواری شاری ئێستا) من و شەش کەسی خەڵکی قزلەر و سەرگەڵو لە پیکابەکەی کەریم قزلەری-دا راگیراین و بردیانین بۆ ئیستخباراتی سلێمانی دوای ١٥ پانزە رۆژ بردیانین بۆ ئەمنی سلێمانی. دوای ماوەیەک بیرم کردەوە کە ئەو خەڵکانەی لە پیکابەکەدا بوون کەسیان ئازاد ناکرێن، بۆیە خۆم کرد بە خاوەنی کارتۆنە نوسین و بڵاوکراوەکان و بۆ سبەینێی ئەو رۆژە ئەوانیان ئازاد کرد و دووبارە کەوتنە تەحقیق و تەعزیب کردنم. داوای ناوی ئەو کەسانەیان لێ دەکردم کە دەبوایە بڵاوکراوەکان بگەیەنمە دەستیان.

من ناوی هەڤاڵەکان و ناوە نهێنییەکانیشیانم دەزانی لەوانە مامۆستا رەوف بێگەرد ناوە نهێنییەکەی (ڕێبوار) بوو، دکتۆر مارف عومەر گوڵیش ناوە نهێنییەکەی (دلاوەر مەحمود) بوو، سالح عەلی (بێچار). هەر کە هەواڵی دەستگیرکردنی من بڵاوبووبووەوە یەکسەر مامۆستا رەوف و مامۆستا مستەفا سالح کەریم چوبوونە بەغدا لە ترسی گرتن. من لە ئەمنی سلێمانی پێنج مانگ مامەوە، ئەو ماوەیە لەگەڵ مامۆستا جەمال عەبدول و دکتۆر نەوزاد سالح رەفعەت و عەباسی مەسلەحەدا لە ژورێکدا بووین. دوای ئەوە بردیانمە تەواورییەکەی سلێمانی و دواتر رەوانەی ئەمنی عامەی بەغدایان کردم کە عەواد بەندەر مەسئولی مەحکەمەی سەورە بوو. بە هەتا هەتایی حوکمی زیندانی کردنی بۆ دەرکردم لە رۆژی ١٩٨٥/٩/٧دا. ١٩٨٦/٤/٢٨

سەدام حسێن بە بۆنەی رۆژی لەدایکبوونییەوە عەفواتی بۆ مەحکومین دا. عەفواتەکەی عەفواتی خاس بوو. من ١٩٨٦/٥/١٨ ئازاد کرام و گەڕامەوە بۆ دێکەی خۆمان (سێکانیان).

رۆژی ١٩٨٦/٦/١ بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی ٧ی تیپی مەڵبەندی دوو. ئامرکەرتەکەمان، زرار سێکانیانی خاڵۆزام بوو (لە کەرکوک لە راپەڕین دا لە رۆژی ٣/٢٧ شەهید کرا) ئەو کاتە سەرتیپ بوو لە بەتالیۆنی ٧ حەوتی سلێمانی بوو.) تیپی مەڵبەند، مقەڕەکەی لە سەرگەڵو بوو تیپەکەی لە نۆ کەرت پێکهاتبوو، کەرتەکانی هۆمەر قەوم و سورداش و سەری دابان و شاخی هەلاج و هەنگڵە گۆزە (لە راستی تیمار) و قەمچۆخە و دۆڵمازەلە و ئێمە لە کەرتی ٧ حەوت بوین لە (باویدە) و کەرتی تیپ.

سالانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧ بەشداری زوربەی هەرە زۆری شەڕەکانی سەرجادەی دوکان - سلێمانی و کلکەی پیرەمەگرون و قۆڵە سەوز و قوڵە پۆشینەم کردووە.

لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا حکومەت هێزێکی بێ شوماری هێنا بۆ سەر جادەی سلێمانی - دوکان، ژمارەیەکی زۆری دەبابە و راجیمە و تۆپی دوورهاوێژی هێنابوو. سێ راجیمەی (٤٠) چلی لە کانی میران جێگیر کردبوو، کە هەرسێکیان لەیەک کاتدا، ١٢٠ سەدو بیست گوللەیان دەتەقاند.

ئێمە لە مەڵبەندەوە ئاگادار کراین سەر شاخ چۆڵ نەکەین، چونکە مەترسیی ئەوە هەبوو کە حکومەت بە هەلیکۆپتەر جوندی دابەزێنێت، بۆیە بە نۆرە بەشێکمان دەچوینە خوارەوە بۆ شەڕ و بەشەکەی ترمان لەسەر شاخ دەمانەوە، پێشمەرگە زۆر هیلاک بوو، بەڵام ناچار بووین شەڕ بکەین بەرەی جەبهە کە زۆر دوور و درێژ بوو. هەموو هێزەکانیش لە شەڕدا بووین.

شەڕی ئەنفالی یەک، یەک مانگی خایاند، هەموو هێزەکانی یەکێتی لەوێ بووین. پێشمەرگە موسەیتر بوو تا ئەوکاتەی کە کیمیابارانی کرد.

ئیتر بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەمان کرد بۆ سنوری ئێران. دوای گەیشتمان لەگەڵ هەندێک پێشمەرگەی تردا گەڕاینەوە بەرەو دەشتی قەڵا سێوکە و کۆیە و شێخ بزێنی و لەوێ پەیوەندیم کرد بە تیپی ٢٩ی کەلکە سماق، کە سەعیدی حەمە شوانی خاڵم جێگری تیپ بوو (لە گۆپتەپە بە خۆیی و ژن و منداڵ و خوشکەزایەکی خێزانی بە ناوی سەردار سەرمۆردی لەگەڵ موحسینی کوڕی شەهید سەلامی حەمە شوان بە کیمیاوی شەهید بوون). ئەوەی کە دەرچوو تەنها من بووم. منیش کیمیایی لێی دام و مێشکم تێک چووبوو. باش بوو ڕۆژی دواتر هاوڕێ پێشمەرگەکانم منیان بینی و لەگەڵ خۆیاندا بردیانم، یەکێک لەو پێشمەرگانە دکتۆر محەمەدی سەید عەلی بوو، کە دەرزی لێ دام و سوپاسی هاوڕێکانم دەکەم کە زۆر یارمەتییان دام. ماوەیەکی زۆر لەو هەڵەتانەی بناری خاڵخاڵان ئیختیفا بووین. ١٩٨٨/٥/٣ گۆپتەپە کیمیاباران کرا. عەدنانی حەمەی مینا وتی دەرزییەکی ئەترۆپینم پێیە بۆ خۆمم داناوە. بەڵام دەیدەم بە تەها سێکانیانی، چونکە حاڵی ئەو خراپە. ئەو سەرتیپی ٢١ی کەرکوک بوو، دواتر لەڕێی ڕێکخستنە نهێنییەکانەوە ئێمەیان گەیاندە تەقتەق، کە ژمارەمان شەش پێشمەرگە بوو، لەوێشەوە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢ گەیاندیانینە ڕانیە و نزیکەی دە ڕۆژ بە ئیختیفا لە ڕانیە مامەوە. ئەوکاتە ئەنفالی یەک بوو، ماڵی ئێمە (ژن و کوڕەکەم) چوبوونە کەرکوک، کە هەواڵی منیان پێ گەیەنرابوو هاتنە لام بۆ ڕانیە. دواتر ڕۆیشتین بۆ قرناقا و پشتاشان و لەوێشەوە بەڕێکەوتین بۆ ئێران. لە ڕێگە زوبیدە سەعدون محەمەدی خێزانم لەسەر ئێسترەکە گلاو کلۆتەی سمتی شکا و تا ئێستا سێ جار نەشتەرگەریمان بۆ کردووە.

ئێمە مقەڕمان لە بلەکێ بوو، چوینە بلەکێ. بەهاری ساڵی ١٩٩٠ کاک نەوشیروان کۆبونەوەی پێ کردین و هێزەکەی کرد بە سێ بەشەوە، بەشی یەک پارتیزانەکان بوو، بەتالیۆنەکانی دانا بۆ پارێزگاری کردنی سنور و بریندار وبەتەمەن و یەک کەوتووەکانیشی نارد بۆ ئیسراحەت.



شەهید ستار سێکانیانی (برای تەها سێکانیانی).



هاشم عەبدوڵڵا سێکانیانی (شەهیدی هاوڵاتی) ١٩٧٦-١٩٩٠.



پارتیزانەکانی دۆڵی سورداش، تەها سێکانیانی بەپێوە، لەکاتی نان دروست کردن - دۆڵی بێترخێن، ١٩٩١.

من ناوی خۆمم بۆ پارتیزانی نوسی و ئێمەیان نارد بۆ زەڵێ و لەوێ دەورەی پارتیزانییان بۆ کردینەوە.

١٩٩٠/٨/٢ عێراق کوێتی داگیرکرد. ١٩٩٠/٨/١٠ بەڕێکەوتین بۆ بناری چیای پیرەمەگرون. من پەیوەندیم بە رەتڵی سورداشەوە کرد، کە بەرپرسەکەمان غەریب هەڵەدنی بوو (١٩٩٢/٧/٢٢ لە دوکان شەهید کرا) من و مام شێرۆ و چوار پێشمەرگەیان نارد بۆ کەشفی مەنتیقەی چەمی رێزان و سورقاوشان. کە گەیشتینە سورداش کەوتینە کەمینی عەسکەرییەوە و تەقەی زۆریان لێ کردین. ئێمە وەڵامی تەقە کردنەکانیانمان نەدایەوە و خۆمان رزگارکرد، چونکە ئێمە بۆ شەڕ نەنێردرابووین، تەنها بۆ کەشفی ناوچەکە و ناردنی ئەو نامانەی کە لە سەرکردایەتیەوە هێنابوومان بیانگەیەنین بە رێکخستنەکانی شار و ئۆردوگاکان.

١٩٩١/١/١٥ بڕیار بوو هاوپەیمانان لە عێراق بدەن گەر لە کوەیت نەکشێنەوە. ئەوەبوو بەتالیۆنی ١٥ی چەمی رێزانیان لە پارتیزانەکان دروستکرد. ئامر بەتالیۆنەکەمان غەریب عەسکەری بوو، جێگرەکەی غەریب هەڵەدنی و رابەر سیاسییەکەش بێستون سابوراوایی بوو. منیش کرام بە مەسئولی ئیدارەی بەتالیۆنەکە و خۆمان ئامادەکرد بۆ راپەڕین. هێزەکەمان هێنایە گوندی بێتوش و لەوێوە بەرەو شاخی ئاسۆس و تا بپەڕینەوە بۆ بەری مەرگە و دوکان و پیرەمەگرون.

١٩٩١/٣/٦ لە بێتوشەوە بەڕێ کەوتین و ماوەی سەعاتێک بە پێ رۆیشتین و کەوتینە حەقلی ئەلغامێکەوە ئەڵغامێکم پیاتەقیەوە و قاچی چەپم پەڕی و قاچەکەی ترم بە سەختی بریندار بوو، و من ئاگام لە خۆم نەما دواتر زانیم عەبدوڵڵای حەمە شوانی خاڵم و چەند پێشمەرگەیەک بردویانمەتە سەردەشت و لەوێوە بردبوویانم بۆ رەزائیە. لە رەزائیە قاچی چەپمیان لە ژێر ئەژنۆوە بڕیبووەوە. برینە زۆر و زەوەندەکانی جەستەمیان بۆ تیمار کردبووم. کاتێک



**بریندارەکە: تەها سێکانیانی، سابیر باڵخەیی و حەمە سەعید سێکانیانی. نەخۆشخانەی شەهید تاڵەقانی لە ئورمیە (رەزائیە)، ١٩٩١/٣.**

هۆشم بەبەردا هاتەوە و چاوم کردەوە هەواڵی سەرکەوتنی راپەڕینیان پێ دام. ئەو هەواڵە ورەیەکی باشی پێ بەخشیم. من دوو مانگ لە خەستەخانەی شەهید تالەقانی مامەوە و دواتر ئیزنیان دام و چومەوە سەردەشت.

پاش ساڵێک یەکێتی ناردمی بۆ خەستەخانەی تەبرێز و قاچی سەناعییان بۆ دروست کردم.

ساڵی ١٩٩٢ ماڵەکەم هێنایەوە بۆ ئوردوگای پیرەمەگرون. لەوکاتەدا قیادەی موشتەرەکی یەکێتی و پارتی دروستکراو من کرام بە ئەفسەری بە موچە لە فەوجی ٤ ی لیوای ٢٢ قیادەی مەنتیقەی سلێمانی، دوای ئەوە شەڕی ناوخۆ دروست بوو. ویستم بچم بۆ لیوای تایبەت و قبوڵیان نەکردم. لەبەرئەوەی بە قاچێکەوە نەمدەتوانی بەشداریی شەڕ بکەم. ناچار، بووم بە ئەندامی کۆمیتەی پیرەمەگرون.



**تەها سێکانیانی بە برینداری لە تەقینەوەی قەرەتەپە، ٢٠١٤/١٠/١٢.**

مانگی ٢٠١١/٩ خۆم هەڵبژارد و بووم بە کارگێڕی لقی شارباژێڕ، دوکان و پێنجوێنی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر.

ساڵی ٢٠٢٣ بووم بە مەسئولی لقی شارباژێڕ، دوکان، پێنجوێنی کۆمەڵەکە.

کۆتایی ساڵی ٢٠٢٤ من بووم بە کارگێڕی سکرتاریەتی کۆمەڵەکەمان و تائێستاش بەردەوامم.

با ئەوەشم لەیاد نەچێت ساڵی ٢٠١٤ وەکو لقەکەی خۆمان بەشداریی شەڕی دژ بە داعشمان لە جەلەولا و قەرەتەپە کرد.

٢٠١٤/١٠/١٢ کە لە قەرەتەپە بووین داعش بە سێ سەیارەی خۆکوژییەوە سێ تەقینەوەیان ئەنجام دا، یەکێک بۆ بینای قایمقامیەت و ئاسایش و دووەمیان

بۆ ئەو سەیتەرەیەی کە لە خانەقینەوە داخڵی قەرەتەپە دەبێت و سێیەمیان بۆ مقەڕەکەی ئێمە (پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر).

لەو تەقینەوەیەدا ١٤ چواردە پێشمەرگەمان شەهید بوو، ٣٢ پێشمەرگەش بریندار بوون، کە یەکێک لە بریندارەکان من بووم. کەوتبوومە ژێر دار و پەردووی بیناکەوە. هاوڕێکانم منیان برد بۆ خەستەخانەی کفری و لەوێوە بۆ خەستەخانەی کەلار و دواتر هێنایانم بۆ خەستەخانەی شۆڕش.

ڕێژەی کەمئەندامییەکەم ٧٥٪ـە و بە پلەی عەمید خانەنشین کراوم.



## جەلال حەمەساڵح کاکەسور (مامۆستا جەلالی تەلان)

پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/٢٣

کاک جەلال، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و پێشمەرگەی پارتیزانە و ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی تەلان لە ناحیەی سورداش لەدایکبووە و برای شەهید ئاسۆ تەلانیە کە لە ١٩٨٤/٦/٢٨دا لە چوارقوڕنە شەهید بووە و ئەڵێت:

ئێمە دوانزە سەرخێزان بووین و ئاستی گوزەران و بارودۆخی ژیانمان مامناوەند بوو، دێکەمان سێ جار بە دەستی ڕژێم سوتێنراوە: ساڵەکانی ١٩٦٣ و ١٩٦٥ ە ١٩٨٧ و دەرچووی قۆناغی شەشی ئامادەییم بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٢ – ١٩٨٣. من ساڵی ١٩٧٧ لە ڕێگەی دڵشاد حاجی پونگینە (شەهید)-ەوە پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و ساڵی ١٩٨٥ لە ڕێگەی هەڵۆ چەمچەماڵییەوە پەیوەندیم کرد بە تیپی ٢٣ی سورداشەوە کە هەڵۆ خۆی سەرتیپی بوو، لە ٨٦ بووم بە

مامۆستای شۆڕش لە یەکێتی مامۆستایانی شۆڕش لە گوندی تەلان. ساڵی ١٩٨٧ نەقڵ بووم بۆ تیپی پارێزگاریی جەنابی مام جەلال لە یاخسەمەر. ئێمە کەرتێک بووین تایبەت بووین بە هێنانی چەک و تەقەمەنی و پێداویستی لە ئێرانەوە و مقەڕمان لە بێتوش (مەنتیقەی ئاران بەری ئێران) بوو. کاک غەریب هەڵەدنی مەسئول کەرتەکەمان بوو، ژمارەمان ٢٥ پێشمەرگە بوو. جارجاریش پێشمەرگەی کەرت و تیپەکانی تر دەهاتن بۆ هاوکاریمان.

جارێکیان جیهازێک هات کە بۆ ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بوو. جیهازەکە تاپی ئەکرد و تەسجیلی ئەکرد و ئەشیگەیاند. تەقریبەن وەکو مۆبایلی ئێستا. کاک جەبار فەرمان و شەوکەتی حاجی موشیر هاتن وتیان گەر ئەم جیهازە بگەیەننە مام جەلال وابزانن کە ٧٥٪ی کارەکانتان سەرکەوتووە. ئەو کاتە شەڕی عێراق و ئێران بوو، بێتوش لە بەری ئێران بوو. لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە کەمین لەو سنورەدا دانرابوو. جیهازەکە لە دوو سندوقی گەورەدا بوو. لەسەر هێستریکمان نا. شەو کە گەیشتینە سەر ئاوی هەرزنە تۆپباران کراین. چەند پێشمەرگەیەک لە بن لووتی رەبایەی بەرگورد دا کەمین بووین. لە کاتی تۆپباران کردنەکەدا هاوەن دابووی لە هێسترەکە و پێشمەرگەیەکیش شەهید بووبوو. حەیدەری حاجیتانی و محەمەدی حاجی کەریمی هەڵەدن و بەختیار سەرگەڵویی و عەلی حەمەڕەش بە سەختی بریندار بوون. لە هەمان رۆژدا دایکی بەختیاریش لە سەرگەڵو شەهید بووبوو.

ئێمە لە کەمینەکە هاتینە خوارەوە و غەریب هەڵەدنی و عائید هاتن وتیان ئەوە لە کوێن؟ هاوەنەکە لە برادەران و هێسترەکەی داوە و شەهید و برینداری زۆرمان هەیە و هێسترەکەش مردار بووەتەوە بە بارەکەوە و لایداوە بەسەر بەستێکدا. کاک غەریب وتی من دڵنیام یەکێک لە پێشمەرگەکان پارچە هاوەن بەر سەری کەوتووە چونکە کڵاوێکم دۆزیوەتەوە لە هەردوو لایەوە کون بووە. لەبەر ئەو بارودۆخە هێزەکە گەڕابووەوە بۆ بەری ئێران بۆ مقەڕ و من

و پێنج هاوڕێی ترم لەمبەری ئاوەکە بووین. وتم کاک غەریب چی بکەین؟ کاک غەریب وتی من ئەو جیهازە جێ ناهێڵم و بەدیارییەوە ئەبم ئێوە بڕۆنەوە. من خۆم لە دەوەنێکدا حەشار ئەدەم. ئەگەر بەیانی هاتنە سەری تەقەی لەسەر ئەکەم هەتا شەهید ئەبم. کە شەهید بووم من ئەو ئەمانەتەم لەسەر شان لائەچێت. وتم ئێمەش ناڕۆین. وتم کاک غەریب من مەلەوانی ئەزانم و ئەتوانم جیهازەکە دەرکەم. وتی باشە. تەها یاخسەمەریم لەگەڵ بوو (١٩٨٨ بە کیمیاوی بریندار بوو) چووینە ناو ئاوەکەوە و بە چەقۆ گوریسەکانم هەڵبڕی و بە راکێشان سندووقەکەمان بردە بەری ئێران. کاک غەریب و هەڤاڵان هاتنەوە بۆ لامان و لەوێوە دوو دوو سندووقەکانمان بە شان دەگواستەوە و بردماننە پەنایەکەوە شاردماننەوە. رۆیشتینەوە بۆ مقەڕ.



**شەهید ئاسۆ تەلانی (برای جەلال حەمە ساڵح)**

ئێمە خەبیری ئێرانیمان لەگەڵ بوو. هاتن و تەماشایان کرد وتیان زۆرباشتان هێناوەتەوە، زەرەری پێ نەگەیشتووە. جیهازەکانمان گەیاندەوە مقەڕ و دواتر گەیاندمانە لای مام جەلال.

ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالی بەسەردا هات، پاش مقاوەمە و کوشتاری زۆر لە دوژمن دیسان رژێم چەکی کیمیاوی بەکارهێنا و ئێمەش ئینسحابمان کرد و چووینە شاناخسێ. لەوێش تەیارە لێی داین و ١٧ شەهید و ١٠٠ بریندارمان بە کیمیاوییەکە هەبوو. خەیمەی سالاری حاجی دەروێش لە سەرەوە بوو. تەیارەکە لە خەیمەکەی ئەوانی دا و د.هادی و شێخ عەزیزی شەدەڵە شەهید

بوون و سالاری حاجی دەرویش بریندار بوو. ساروخی تەیارە سەری شێخ عەزیزی لە لەشی جیا کردبووەوە و کەوتبووە نزیک ئێمە. من و رزگار جاسەنەیی و سمایل تەلانی سەریمان ناشت. منیش بەر کیمیایی کەوتم و رەوانەیان کردین بۆ ئێران. من بەر بیمارستانێک کەوتم لە ئەسفەهان. لەوێ زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگەی لێ بوو. بە راستی ئەوەی ئەو دکتۆر و پەرستار و کارمەندانە بۆ ئێمەیان کرد بە دایکوباوکی خۆمان نەدەکرا. ئێمە بۆ مانمان قەرزاری ئەوانین. من چاوم نەیئەبینی. بە زەحمەت هەناسەم بۆ ئەدرا. کە چاک بووینەوە گەڕاینەوە و پەیوەندیمان کرد بە مقەڕەکانمانەوە. لەوێوە چووین بۆ مەڵبەندی ٣ی هەولێر کە تاکە مەڵبەند بوو بەدەست یەکێتییەوە مابوو. بەردەوام شەڕ و جەبهە بوو. تا مەڵبەندی ٣شمان لەدەست دا و لەوێ سەدان پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون. ئینجا چووینەوە بۆ ئێران. ماڵی ئێمە و زۆربەی پێشمەرگەکان لە پیرشێخی ئێران بووین، نزیک سەردەشت. دواتر هێزەکانمان کرا بە سێ بەش. بەشێکمان پارتیزانەکان بوون کە من و غەریب هەڵەدنی و دەستەیەک پێشمەرگە هاتینەوە بۆ دۆڵی جافایەتی. دەستەی دووەم گەنجەکان بوون و ئەوانە لەسەر سنوور دامەزرێنران و تەدریبیان پێ ئەکرا. دەستەی سێیەم پیر و نەخۆشەکان بوون، ئەوانە نێردرانەوە بۆ ماڵەکانیان بۆ ئیسراحەت. ئێمە درێژەمان دا بە کاری پارتیزانی و بووین بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی و رێکخستنەکانی ناوخۆ. کاک نەوشیروان پەیوەندیی پێوە کردین و وتی فریای سیروانی کوێخا نەجم و پێشمەرگەکانی بکەون و شەهید و برینداریان هەیە. ئێمە چووین و من و محەمەدی حاجی کەریمی هەڵەدن دەلیلیان بووین بۆ گەیاندنیان بۆ سنوری ئێران. لە دەوری هەرزنە من بەسەر ئەلغامدا کەوتم و ئاخر من و کوردۆ رەحمان پێش پێشمەرگەکان ئەکەوتین بۆ پاککردنەوەی رێگاکە لە مین. قاچێکم لە دەستدا. بریندار بووم، بەڵام نەپەڕی. ئاوی هەرزنە زۆر بەخوڕ



**جەلال حەمە ساڵح، عومەر حاجیتانی (شەهید).**

بوو، نەمانتوانی لێی بدەین و بپەڕینەوە. حەمە سەقەرمان لەگەڵ بوو تۆزێک شارەزایی هەبوو، ئەو دەمارەکانی بۆ دووریمەوە. بەو حاڵە چوار شەو و پێنج ڕۆژ لە بەینی هەردوو دەوڵەتدا بەبێ نان و خواردنماینەوە. مامۆستا ساڵح ژاژڵەییان لە ئێرانەوە بە هانامانەوە نارد. ئەو سیمی هێنا و پەڕینەوە. منیان داخڵی بەشی عەسکەری خەستەخانەی سەردەشت کرد. سێ مانگ لە خەستەخانە مامەوە. دکتۆر کەریم کۆیی لە عیلاقات بوو. هەر زوو هاتە لام وتی بەرپرسی خەستەخانە دێتە لات و پرسیارت لێ ئەکەن. یەکەم ئەگەر وتیان تۆ کۆمەڵەیت یان شۆڕشگێڕانیت، بڵێ من شۆڕشگێڕانم. ئەپرسن کەی بوویت بە پێشمەرگە بڵێ لەم دواییانەدا بووم بە پێشمەرگە چونکە ئێران بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە لە ساڵی ١٩٨١ - ١٩٨٢دا بەشداریی شەڕی پشتیوانییان کردووە.

له خەستەخانەکە ژنێک هەبوو ناوی توبا بوو لە موخابەراتی ئێران بوو. گومانی ئەوەی لێ ئەکردم کە من کۆمەڵە یان دیموکراتی ئێران بم. ئەیپرسی چۆن ئێوە لەودیو ماونەتەوە؟ پێشمەرگە هەمووی هاتووەتە ئێران. دواتر کەوتە پیاهەڵدانم ئەیویست بمکرێت بەڵام سوودی نەبوو. دوای ١٥ ڕۆژ منیان ناردە بەشی مەدەنی بیمارستانەکە و چارەسەر هەر بەردەوام بوو. دواتر ناردیانم بۆ مهاباد و دوای ئەوەش ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی ئیمام خومەینی لە تەبرێز. لە سەردەشت قاچیان بۆ دووریمەوە و گەچیان بۆ تێ گرتم و سێ مانگ لەوێ مامەوە. دوو مانگیش لە خەستەخانەی مهاباد مامەوە. مانگێکیش لە تەبرێز. ئیتر ئیزنیان دام و گەڕامەوە ماڵ تا ڕاپەڕین لە پیرشێخ بووم. لە ڕاپەڕیندا لەگەڵ هێزەکە هاتینە خوارەوە لە بێتوش کرام بە مەسئولی مالیەی بەتالیۆنی ١٥. ئینجا کۆڕەو دەستی پێکرد. من لە قەمچوغە بە خۆم و دەستەیەک پێشمەرگەوە مامەوە. ساڵی ١٩٩١ مفاوەزات دەستی پێکرد و من لە بەتالیۆنی دابان، بووم بە جێگری مستەفا سەرگەڵویی. ساڵی ١٩٩٣ بووم بە فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی تا ساڵی ٢٠٠٠. دوای ئەوە لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەر بە لیوا خانەنشین بووم. لەوێش لەگەڵ شێرکۆی شێخ نوری، وەستا رەسوڵ و مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد و پیرداود حەسەن بووین بە راوێژکار و شوان موغاغی سکرتێر بوو. من ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکانم و ئێستا لە ماڵەوە دانیشتووم.



**جەلال محەمەد عەلی (جەلال سیرەمێرگی)**

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/١٦

کاک جەلال مانگی ١٩٦٢/٩ لە سلێمانی لەدایکبووە و نۆ سەرخێزانن و باری گوزەرانی ژیانیان باش بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێگەی سەلاحی موهەندیسەوە پەیوەندیم کرد بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و سەرەتای ساڵی ١٩٨١ چوومە توژەڵە و ناوزەنگ لەلای کاکەبرا قڕگەیی بووم بە پێشمەرگە (کاکەبرا لە کەرکوک لە ڕاپەڕیندا شەهید بوو) و دوای چەند مانگێک چوومە هەرێمی چوار بۆ دۆڵی جافایەتی کە جەمالی عەلی باپیر ئامر هەرێم بوو.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ هەرێم گۆڕرا و هەرێمەکەی ئێمە بوو بە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون و سەلاحی موهەندیس کرا بە سەرتیپ و من لە دەستەکەی ئەو بووم.

ئێمە یەکێک بووین لە کەرتە چالاکەکانی ئەو دەڤەرە، ئەهاتینە دۆڵەڕووت و مەفرەزەمان ئەکرد بۆ مەجید بەگ و مەخفەرەکەی سەرچنار و رەبایەکانی دەوروبەری سلێمانی و ناوشار و پیاوخراپیشمان بە سزای گەل و شۆڕش ئەگەیاند.

هەر لەساڵی ١٩٨٢دا بوو، فەرمانمان بۆ هات خۆمان کۆکەینەوە و بچین بۆ شەڕی پشتیوانی و دوای ئەوەش بەشداریی شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆمان لە شارباژێڕ کرد.

مانگی ١٩٨٣/٩ لە رێگەی رێکخستنەوە شوێنێکمان لە راپەڕین بۆ دیاری کرا. شوێنەکە پڕ بوو لە جاش و جەیشی شەعبی. بەپێی ناونیشان چووینە باوەگێڵدی خوار قولەرەیسی، بەداخەوە بەر لەوەی ئێمە بگەین دوژمن هەواڵەکەی پێ گەیشتبوو، شەهید و بریندارمان هەبوو، گەڕاینەوە دۆڵەڕووت

هێشتا چلەی شەهیدەکانمان نەچووبوو، چالاکییەکیان لە دورئەلئەمن بۆ دیاری کردین. رۆیشتین و پاش شەڕێکی سەخت من لەبەر فولکەی خاڵە حاجی دا بە خراپی پێکرام و دەست و قاچم شکا و بە هیممەتی هەڤاڵانم گەیەنرامە سەر شەستییەکە و لەوێ برادەرانی خۆمان چاوەڕێیان ئەکردین و لەوێوە بردیانمە کانی سپیکە و سەیارەیان بۆ هێنام تا ئەو شوێنەی توانرا و دواتر بە کۆڵ و تراکتۆر منیان بردە خەستەخانەی شۆڕش لە سەرگەڵو کە دکتۆر فایەق گوڵپی لێ بوو. ئەو چارەسەری باشی بۆ کردم.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو. دەرفەتێکی باش بوو بۆ چارەسەرم.

مانگی ١٩٨٥/٢ شەڕی جەبهەیی دەستی پێکردەوە و بەشداریی شەڕی دابان - هەلاجمان کرد. ئێمە هەمیشە وەک تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بەدوای چالاکیدا دەگەڕاین و ئەوکاتە ئامر مەفرەزە بووم و خۆم گواستەوە بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی و کرام بە جێگری کەرت و ١٩٨٦/٩/١ بەشداریی شەڕی قەیوان - ماوەت و ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ داستانی رزگاری و گرتنی قەرەداغم

کردووه که لەم شەڕەیاندا کاک وەهاب کە مەسئولی عەسکەری مەڵبەندی یەک بوو سەرپەرشتی جەبهەکانی دەکرد و دواتر گەڕاینەوە بۆ سنوری خۆمان و منیان کرد بە فەرماندەی کەرتی یەکی ت٣١ی سلێمانی.

ئێمە لە قۆڵی دۆڵەڕووت بووین کە جەلالی حەمەی محە سەرپەرشتی هەردوو تیپی ٤٧ و ٣١ی دەکرد و بە درێژایی ٢٣ رۆژ بەرگریمان کرد.

رۆژێک بەر لە پاشەکشە کردنمان لە پشتی تاتەسپی (لە بەینی قزلەر و قادراوا) بە پارچەی تۆپ قاچم بریندار بوو. مامۆستا تارقی عەبە هەورامی لە هەردوو جاری بریندار بوونەکەمدا فریام کەوت و بە گوێدرێژ منی برد بۆ شاناخسێ و لەوێوە بردیانم بۆ خەستەخانەکەی قەرارگای رەمەزان و چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردم و دواتر بردیانم بۆ بیمارستانی ئیمام خومەینی لە تەبرێز و ئەشیعەی قاچیان بۆ گرتم و پارچەیەکی تیابوو وتیان ناتوانین دەری بهێنین پارچەکە لەژێر کلاوەی ئەژنۆتایە. ئێرانییەکان زۆریان خزمەت کردین و من گەڕامەوە و چوومە خەتێ کە مقەڕی تیپەکەی خۆمانی لێ بوو.

هێشتا ئەنفال نەگەیشتبووە سنوری مەڵبەندی سێ. لەوێ هەواڵی کەرتەکەی خۆمم پرسی و وتیان لەسەر شاخی بەنی هەریرن و منیش چووم و سێ هەفتە ماینەوە و دواتر بڕیاری ئیسنحاب درا و هاتینە گوندی گولان لە خۆشناوەتی و لەوێوە چووینە قرناقا و پشتئاشان و شەوێک لەوێ ئیسراحەتمان کرد و کاک قادری حاجی عەلی من و چەند هەڤاڵێکی ناردە سەر شاخی ساوێن و شەو و رۆژێک ماینەوە و رژێم هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەرمان و لەوێ عەزیزی حاجی مەحمودی سیتەکی شەهید بوو، جێ ما.

بۆ بەیانی پاشەکشەمان کرد بۆ ئەودیو قەندیل و چووینە بلەکێ و بارەگامان دانا و ناویان ناین بەتالیۆنی ٧ کە هەر مامۆستا جەمال ئامر بەتالیۆنمان بوو



لەڕاستەوە: جەلال سیرەمێرگی، مەلا عەتار کانارویی، پێشمەرگەیەک، محەمەد بازیانی، خەستەخانەی ئیمام خومەینی - تەبرێز، ١٩٨٨.




مەدالیای ڕێزلێنانی مەفرەزە پارتیزانەکانی جەلال سیرەمێرگی.

دوای چەند مانگێک کاک نەوشیروان مەفرەزەی پارتیزانی دروست کرد و من و جەمال ئەبو شوارب و دکتۆر رێبوار پێنجوینی و عومەر حەسەن شارباژێری و ... (نۆ پێشمەرگە بووین) چووینە مەنتیقەی چەمی زاخێ / بناری ئەڵوەن لەوێ دەروویەک هەبوو. دوو ژوورمان لەژێر زەویدا دروست کرد و لە بلەکێ-وە ئازووقەیان بۆ ئەناردین.

بەرنامەی راپەڕین دانرا و حازر کراین بۆ هاتنە ناوشار و ئێمە لەگەڵ مامۆستا جەمال هاتینەوە. من تا ساڵی ١٩٩٧ خەباتم کرد و ئاخر پلەم فەرماندەی فەوجی کوبرا بوو لە عەربەت.

لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندابووەکانی سەنگەر بە پلەی لیوا خانەنشین کراوم. دەستم شکاوە و لایەکی لەپی دەستم و پەنجەیەکم نەماوە و لەکاتی برینداربوونمدا هەشت ددانم کەوتە دەممەوە و روخساریشم تێکچووە



**جەمال حەسەن حەمەئەمین قادر**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/٥

کاک جەمال ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بۆسکان/ سیوەیل / شارباژێر لەدایکبووە و دە سەرخێزان بوون و گوزەرانیان زۆر خراپ بووە و خوێندەواریی هەیە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٦ بووم بە پێشمەرگە لای کاک عەلی عەسکەری و زۆری پێ نەچوو باوکم لەسەر من گیرا و رەوانەی سجنی سەماوەیان کرد و یانزە مانگ لەوێ مایەوە و ناچار لەبەر خاتری ئازادکردنی باوکم خۆم تەسلیم کردەوە.

ساڵی ١٩٧٩ بوومەوە بە پێشمەرگە و چوومە کەرتی ٢ی هەرێمی ٣ کە کاک بەکری حاجی سەفەر ئامر هەرێم بوو.

هەر لەو ساڵەدا نەقڵی هەرێمی یەک بووم و چوومە کەرتی ١١ی هەرێمەکە و ئەحمەد قەویلەیی مەسئولی کەرت بوو، کاکە حەمەی حاجی مەحمود ئامر

هەرێم بوو. چووین بۆ پشتیوانی کردنی کوردانی رۆژهەڵات لە مەنتیقەی بیرانە کۆن-ی سەر بە مەریوان و پارچەی رومانە دای لە چاوی راستم و کوێری کردم.

کە سەدام هاتە سەر حوکم و عەفواتی دا منیش تەسلیم بوومەوە و چوومە خەستەخانەی جامیعەکە و عەمەلیاتی چاویان بۆ کردم و پارچەیان لە چاوم دەرهێنا و لەوکاتەوە تروسکایی لەو چاوەما نەماوە و نازانم شەوە یان رۆژ. دکتۆر و کارمەندەکان خزمەتێکی زۆر زۆریان کردم. ئەیانزانی پێشمەرگەم و پێشمەرگەش زۆر خۆشەویست بوو. هەفتەیەک لە خەستەخانە مامەوە و چوومەوە بۆ چوارتا و دوو مانگ لە ماڵەوە کەوتم و ئینجا پەیوەندیم کردەوە بە هێزی پێشمەرگەوە و لە تیپی ٣١ی سلێمانی چوومە کەرتەکەی عیزەت شەمساوایی و سەلاح چاوشین سەرتیپ بوو.

ساڵی ١٩٨١ مەفرەزەمان ئەکرد، مەفرەزەکان سێ پێشمەرگە تا نۆ و دە پێشمەرگە پێکەوە دەرئەچوون. کەمینمان دائەنا و تەقەمان لە تەواری و مەرکەزی شورتە و سەیارەی عەسکەری ئەکرد و جوندی و پیاوخراپمان دیل ئەکرد و چەکمان ئەکردن و ئەمانبردن بۆ حاجی مامەند کە مەڵبەندی لێ بوو، فەترەیەک مەلا بەختیار مەسئولی مەڵبەند بوو.

ساڵی ١٩٨٣ چالاکیمان زۆر بوو، وەک چالاکییەکەی لای نۆرەباب، ٤٢ جوندی و عەریف و زابتمان بە چەکەوە گرت و بردمانن بۆ حاجی مامەند و زۆرێک لەوانە بە سجنکراوانی یەکێتی ئەگۆڕرانەوە.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو. ساڵی ١٩٨٥ هەرچی شەڕی سنوری مەڵبەندی یەک هەبووە بەشدارییم کردووە، لەوانە شەڕی دابان-هەلاج لە رۆژی ١٩٨٥/٢/١٤ و دوو جار شەڕی پیری شەوکێڵ (ئەکەوێتە پشتی گوندی خمانێ ئەولای چوارتاوە) لەوێ تۆپێکی لێبوو عێراق بەو تۆپە قەسفی ئێرانی پێ ئەکرد و بەنیاز بوو تۆپەکە بەرێتە گوندی پڵنگە لای موبرە و مامەخەلان. ئێمە

تۆپەکەمان سوتاند و حەوت جوندیمان کوشت و تفەنگەکانیشیانمان برد. ئەم شەڕە بە سەرپەرشتیی عیزەت شەمساوایی بوو.

جارێکی تریش شەڕی پیری شەوکێل-مان کردەوە و تیا سەرکەوتین. لەو جارەدا عەلی چوارتایی سەرتیپ بوو، دوو دەبابە و پێنج ناقیلەمان سووتاند و جەمال مەولود کەناروێی شەهید بوو. حەمە سوورەبانی دوای ئەوەی دەبابەیەکی سووتاند بریندار بوو (ئەو دواتر لە ساڵی ١٩٨٦دا لە گۆرانگە شەهید بوو). جگە لەوان عەباس چنگیانی و شەهابی خەڵکی سلێمانی و فایەق چاوشین گەرمکی و وەستا ڕەحیمی کەناروێی و شێخ حسێنە سوور بریندار بوون (شێخ حسێنە سوور دوای ڕاپەڕین لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو). بریندارەکان بران بۆ خەستەخانەی سەرگەڵو کە دکتۆر هەژار و دکتۆر حەسەن و دکتۆر شەماڵی لێ بوو.



**جەمال حەسەن حەمە ئەمین**

١٩٨٦/٩/١ وەک تیپەکەمان بەشداریی شەڕی قەیوان - ماوەتمان کرد. ١٣\١٩٨٧/٤/١٤ بەشداریی شەڕی داستانی ڕزگاریمان کرد و هەموو تیپەکانی یەکێتی بەشدار بوون و لە چەند سەعاتێکدا چی ڕەبایە و مقەڕ فەوج و مۆلگەی دوژمن هەبوو گیران. یەکەم ڕەبایە کاک شێخ جەعفەر بە شەش دەقیقە گرتی.

هەر لەو ساڵەدا چوومە پرسگەی تیپی پارێزگاریی جەنابی مام جەلال و دواتر بووم بە معاونی تیپ تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨. ئەنفال هات و بەشداریی شەڕی بەرگریمان کرد و لە شاناخسێ سەدان کەس بە کیمیاویی بریندار بوون کە یەکێکیان من بووم و کیمیاوییەکە دای لە سەرم و پشتم و بردیانین بۆ خەستەخانەی شاناخسێ و دواتر بۆ خەستەخانەکانی بانە و تەبرێز و تاران و زۆرێک لە برینداران لەوێ شەهید بوون.

کە گەڕامەوە فەرەیدون عەبدولقادر وتی بچۆ بۆ هەڵەبجە. وتم چاوێکم کوێر بووە و کیمیاویش لێی داوم و ژنەکەشم منالی ئەبێت، وتی جارێ بچۆ بۆ لای کاک نەوشیروان و دوای سێ چوار رۆژی تر بچۆ بەلای کاری ژنەکەتەوە. چوومە هەڵەبجە و لە هەڵەبجە ٥٨ رۆژم پێ چوو. یەک رۆژ بوو گەیشتبوومە لای مناڵەکانم لە گوندی میروان، خوا کچێکی دابووینێ بەناوی ئاژوان، سەیارەیەک هات و نەفەرێک دابەزی و سەیارەکە رۆیشت، کابرا نامەیەکی بۆ هێنام کە داواکراون.

بەیانی چووم بۆ سەقز وەرەقە بکەم و بچم بۆ مەڵبەندی سێ. ئەوانەی داوای وەرەقەمان کرد پانزە کەس بووین، چواردە کەسیان رازی نەبوون بە چوون بۆیە منیش نەچووم. لەسەر ئەوە کاک جەبار فەرمان بانگی کردم بۆ پاوە و وتی: ئەوە دەرکرایت. زۆرم قسە کرد و گوێی بۆ نەگرت، ناچار وتم بە دڵی خۆت، چی ئەکەیت بیکە. ئەویش بە هەر سێ جیهازەکەی یەکێتی ئاگاداریی بڵاو کردەوە کە جەمال حەسەن دەرکرا.

من چوومە بانە دانیشتم و پاکەتم ئەفرۆشت. شەوێک عەبە رەق و خاڵە بەکر و نامیق نۆڕکی هاتن و وتیان خۆت دەرمەخە ئیتلاعات ئەتگرێت و ئەتداتە دەست کاک نەوشیروان. چوومە لای بەکر فەتاح و ئەو چووبووە لای کاک نەوشیروان و وتبووی بڕیار هاتووە و ئیمزام کردووە. منیش ناچار تەسلیم بوومەوە و کرام بە سەرباز تا دوو مانگ پێش راپەڕین.

دوو مانگ پێش ڕاپەڕین فیرارم کرد و بەشداریی ڕاپەڕینم کرد لە سلێمانی و لە کەرکوک و دوای ئەوە بوومەوە بە پێشمەرگە و بووم بە سەرتیپی ٣٧ی شارباژێڕ و دواتر کردیانم بە ئامر فەوجی سکرتاریەتی جەنابی مام جەلال بۆ ماوەی هەشت ساڵ.

٢٠١٢ بە پلەی لیوا خانەنشین کرام لەسەر کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەر و پارچەیەکی زۆری وردە چەک لە لەشمایە و پەنجەیەکی دەستیشم نوقسان بووە.



**جومعە حسێن ڕەشید قادر (جومعە ڕەش)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٢

کاک جومعە ساڵی ١٩٥٤ لە زەنداباد - کوڵەجۆ، کەلار لەدایکبووە و برای شەهید ئەحمەدە کە لە حەمرین ساڵی ٢٠٠٣ شەهید بووە و ١٠ سەرخێزان بوون و گوزەرانیان خراپ نەبووە و خوێندەواریی هەیە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٣ چوومە ناو ڕێکخستنی پارتییەوە و لە ئاشبەتاڵدا چوومە ئێران بۆ مەسجدی سلێمان سەر بە ئوستانی خوزستان. ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی عادل شکورەوە چوومە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ بۆ لای جەنابی مام جەلال و لەوێ ماوەیەک مامەوە و ناردیانم بۆ لای مستەفا چاوڕەش کە مەسئولی هەرێمی ٥ی قەرەداغ بوو. ئەو ناردمی بۆ لای سامان گەرمیانی کە مەسئولی کەرتی دووی گەرمیان بوو. ساڵی ١٩٨٢ بووم بە جێگری ئامر مەفرەزە و ساڵی ١٩٨٣ بووم بە ئامر مەفرەزە و ١٩٨٤یش بووم بە ئامر کەرت. لەو ماوەیەدا

چالاکیمان زۆر بوو لەوانە، چالاکییەکەی کاریزەی حەمەی کەیفە لە ناوچەی نێوان سمود و شاکەل لەگەڵ کەرتی ڕێکخستن و پێشمەرگەی گەرمیان دامان لە دوو ئیڤای عەسکەری و دوو جیهاز و ١٢ کلاشینکۆفمان دەست کەوت. دواتر بووم بە ئامر کەرتی ٥ی حەمرین و تا ساڵی ١٩٨٦ لەوێ مامەوە. پاشان چوومە ئێران و بەر لە ڕاپەڕین گەڕامەوە و چوومە هێزی گەرمیان و مقەڕم لە کوڵەجۆ بوو. لە کوڵەجۆ جەیش بە دەبابە و هەلیکۆپتەر هجومی کرد. ئێمە وەک بەتالیۆنی زەند ئاباد.


شەهید ئەحمەد حسێن (برای جومعە حسێن).

جەیشەکەمان تا نزیک جەلەولا برد و چەند دەبابەمان گرت. حاجی ئیبراهیم و محەمەدی کوڕیشیمان وەک هێزی پشتیوان لەگەڵ بوو کە هەردووکیان لەو شەڕەدا شەهید بوون. لەو شەوەدا لەناو دارەکانی شێخ باوە بە پارچەی هاوەن ئازای گیانم زامدار بوو. تا ئێستا ٢٧ پارچە ها لە گیانما. لەسەر سنگم، لای گورچیلەم، بناگوێم، بان ملم و ناو سەرم. من دوو برام لەگەڵ بوون، ئەحمەد و محەمەد. براکەم چوو سەیارەی مەجلیسی ئەعلای هێنا و بردیانم بۆ گردە گۆزینە. لەوێ چارەسەری سەرەتاییان بۆ کردم و ناردیانم بۆ کرماشان و لە نەخۆشخانەی ئەوێ گەرەکیان بوو باڵم ببڕنەوە. ئێمە قبوڵمان نەکرد. ئینجا بە ئەمبولانس ڕەوانەی تارانیان کردم. ستافی خەستەخانەکە زۆر باش بوون لەگەڵما، ئەوان نەبوونایە من ئەمردم. لە تاران



**لەڕاستەوە: جومعە ڕەش، ساڵح پوقەی، محەمەد سلێمان، ١٩٨٣.**

منیان برد بۆ خەستەخانەی بەقیەتوڵلا و باڵیان بۆ عەمەلیات کردم. لەشم هەمووی پارچە پارچە بووبوو، زامەکانیان بۆ نەئەدرووراپەوە. دوو مانگ لە خەستەخانە مامەوە. ئەحمەد و محەمەدی برام بە نۆبە ئەهاتن و لەلام ئەمانەوە. ئەو کات بەکر فەتاح لە عیلاقاتی تاران بوو، سەری لە هەمووومان ئەدا و چیمان پێویست بوایە بۆی جێبەجێ ئەکردین. مەسئولانی ئێرانیش سەری ئێمە و بریندارەکانی خۆشیان ئەدا. پاش ئەوەی چاکتر بوومەوە گەڕامەوە بۆ هێزەکەی گەرمیان. منیان کردە مەسئولی هێزەکەی زەنداباد. ماوەیەک لەوێ مامەوە و خەبەریان هێنا ئەوەی بریندارە با خۆی خانەنشین بکات و پشوو بدات. من وەک کەمئەندامی سەنگەر بە پلەی لیوا خانەنشین کرام. هەر یەکێتیم و دوو کوڕم پێشمەرگەن: یەکێکیان لە موعەسکەر سەلامە و مامۆستای مەشق و ڕاهێنانە و ئەوی تریشیان کۆماندۆیە.



جومعە ڕەش، سەرپێڵ زەهاب، ١٩٩١.



لەڕاستەوە: نعمان عەبدولڕەحمان، ناسیح سەعید، جومعە ڕەش، بورهان رەشید، خەلیل زاهیر، عیزەدین ئیبراهیم، ١٩٩١.



**حسێن ڕەسوڵ حەمەد شێخە**

شەممە ٢٠٢٥/١/٢٥

کاک حسێن، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی مێوژەی بناری کۆسرەت لەدایک بووە و ١٢ دوانزە سەر خێزانن و ئاستی گوزەران و باری ژیانیان خراپ نەبووە. دەرچوی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ کاکە جوان قوربانی، کە ئامرکەرتی یەکی تیپی ٩٩ی بیتوێن بوو چوینە خەتی بۆلای جەنابی مام جەلال، من هەرچەندە مناڵ بووم بەڵام زۆر وریا و چالاک بووم.

ئەوکاتە مفاوەزات بوو. دوای ئەوەی مفاوەزات تێکچوو شەڕ دەستی پێکردەوە. کاتێک مامە ریشە و هاوڕێکانی شەهیدکران لە تۆڵەی شەهیدکردنی مامە ریشە و پێشمەرگەکانی ئێمە وەکو تیپی ٩٩ی بیتوێن لە دۆڵی خەلەکان بوین و قافڵەی عەسکەری هات و شەڕمان کردن و دەستکەوتی باشمان هەبوو بە دەیان جاش و جوندیمان کوشت و ئێمەش شەهید و بریندارمان هەبوو.

ساڵی ١٩٨٦ مقەڕمان لە شوشکەی بناری کۆسرەت دانا و بە جەولە دەچووینە دەشتی کۆیە و دۆڵی خەلەکان و بەری مەرگە، کە سەرکردایەتی لێ بوو.

هەر لە ساڵی ١٩٨٦دا لە دۆڵی خەلەکان بوین و بەرنامەی گرتنی چەند رەبیەیەکمان دانا. من لە مقەڕی سریەی شێخ عوبێد بە دوو فیشەک بریندار بووم، کە بەر قۆڵ و لاقم کەوت. قادر کانی وەتمانی شەهید بوو. منیان بە ئێستر برد بۆ دەشتی کۆیە، کاکە جوانی پوززام (ساڵی ١٩٨٩ بە دەستێکی نادیار شەهید کرا) لەگەڵ حسێن بەستێنی (ساڵی ١٩٩٧ لە شاخی سەفین لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو) ئەو دووانە منیان برد بۆ پێ بازە کە دکتۆر کاوە کۆیی چارەسەری کردم (ئەو لەسەر جادەی خەلەکان ساڵی ١٩٨٧ شەهید کرا) پاش ئەوەی چاک بوومەوە لەگەڵ تیپەکەی خۆمدا کەوتمەوە جەولە.



حسێن رەسوڵ

١٩٨٧/٤/١٤\١٣ بەشداریی داستانی رزگاریمان کرد، کە هەموو تیپەکانی یەکێتی ئامادەی بوون و بە یەک شەو ١٠٠ سەد رەبیەی دوژمنمان گرت. دوای عەمەلیەکە شوێنەکەمان چۆڵ کرد و گەڕاینەوە بۆ مەنتیقەی مەرگە و گاپیلۆن و چۆخماخ (دۆڵی جافایەتی ئەوکاتە ئازاد کراوبوو).

۱۹۸۸/۸/۸ عێراق - ئێران ڕێککەوتن. ناچار ئینسیحابمان کرد، تیپەکەمان چووە قاسمەڕەش.

ساڵی ۱۹۸۹ تەسلیمی حکومەتی عێراق بومەوە تاکو ساڵی ۱۹۹۱ و لە ڕاپەڕیندا بوومەوە بە پێشمەرگە و ساڵی ۲۰۱٤ لە شەڕی داعشدا کە ئامر فەوج بووم لە جەلەولا بریندار بووم. ئەمجارە برینەکەم زۆر سەخت بوو فیشەکێ لە سنگی دام و بردبویانمە کەلار و فیشەکەکەیان بۆ دەرهێنابووم. من تا ٤٥ ڕۆژ بێ هۆش بووبووم. کە چاوم کردەوە و هۆشم هاتەوە من لە خەستەخانەی تەواری سلێمانی بووم. دکتۆر قەلەندەر و دکتۆر میران و د. سەباح لەسەرم بوون و دواتر عەمەلیات کرام.

کە سەرپێ کەوتمەوە، ساڵی ۲۰۱٦ ناردمیان بۆ شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا، فیزەکەشم بە پارەی خۆم وەرگرت. ٤٥ ڕۆژ مامەوە. سەیارەکەی خۆم فرۆشت و دوو دەفتەرم لەگەڵ خۆم برد. بەڵام نەمتوانی عەمەلیاتەکەم بکەم چونکە عەمەلیاتەکەم سێ دەفتەر یۆرۆی تێ ئەچوو. گەڕامەوە بۆ دەڤەری ڕاپەڕین.

من لە سلێمانی پێنج جار عەمەلیاتم بۆ کراوە و ئێستاش بەدەست ئازارەوە دەناڵێنم.

بە پلەی لیوا خانەنشینم.



**حەسەن قادر ساڵح خەسرەو (ئەبو سەڵاح)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٢

کاک حەسەن ساڵی ١٩٦٠ لە کفری لەدایکبووە و دە سەرخێزانن و ئاستی گوزەران و بژێویی ژیانیان باش بووە و دەرچووی قۆناغی ناوەندییە و ئەڵێت ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندییم بە ریزەکانی رێکخستنەوە کرد و خالید گەرمیانی و سامان گەرمیانیم ناسی و مامۆستا شەماڵ کادری رێکخستن بوو (لە قەڵای تەپەگەڕۆس ساڵی ١٩٧٩ شەهید بوو). سامان گەرمیانی مەسئولی عەسکەری بوو، خالید گەرمیانی ئامر کەرتی ٥ی ئاوەسپی بوو. ئەوکاتە ئێمە ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی بووین، کاتێک حزبی شیوعی پەیوەندییان بە رژێمەوە کرد هەمووومان نارەزایەتیمان پیشان دا، چونکە شیوعییەت لامان ناشیرین بوو.

له ١٩٧٩/١١/١٥دا چوومە لای کاک سامان گەرمیانی. ئەوکات مقەڕمان نەبوو. شەوانە چالاکیمان ئەکرد و ئەچوینە سەر رەبیەکان و تەقەمان ئەکرد یان لەسەر جادە کەمینمان بۆ دوژمن دائەنا. تەنها بۆ ئەوەی بڵێن پێشمەرگە ژمارەیان زۆر بووە. ئەو سەردەمە حکومەتی عێراق زۆر بەهێز بوو، ئێمەش لە رووی هەبوونی چەک و تەقەمەنییەوە زۆر لاواز بووین.

کە بووم بە پێشمەرگە، ژیان زۆر قورس بوو. بە رۆژ ئەچووینە شیو و قەڵوەزێکەوە تا ئێوارە، و ئێوارە ئەچووینەوە ناو دێهاتەکان و کۆبوونەوەمان بە دێهاتییەکان ئەکرد بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەیان. رێکخستنەکانی ناو شارەکانیش گوڕ و تەوژمیان تێ کەوتبوو. ئەو سەردەمە لە رووی چاپەمەنییەوە شتێکی ئەوتۆمان نەبوو. ئەگەر هەبوایە یەک وەرەقەی پێچراوەمان بۆ ئەهات و ئێمەش چەندین نوسخەمان بەدەست لە بەری ئەنوسییەوە و لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵمان ئەواسی. جگە لەوەش، کێشەمان موختاری دێهاتەکان بوو (هەرچەندە ئەوان بە ناچاری و لە ترسی گیانی خۆیان ئەو کارەیان ئەکرد) دەبوایە هەفتەی جارێک دوو جار بچنە ناحیە و قەزاکان و مەعلوماتی تەواویان لەسەر هاتوچۆی پێشمەرگە بدایە. دوای وەرگرتنی زانیاری، حکومەت کۆپتەری ئەناردە سەرمان، هەر لەو سەردەمەدا بوو حکومەت لە دەشتی کۆیە دەستی وەشاند و نۆزدە پێشمەرگەی شەهید کرد لەوانە شەفیق کۆیی.

ئەم شەهید کردنە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەرمان و مام جەلال سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەر لە دەستپێکردنی شەڕی عێراق - ئێران چوو بۆ لای ئیمام خومەینی کە رێگە بدات ئەو چەکانەی کە گەیشتبوونە ئێران و لەلایەن سوریا و مونەزەمەکانی فەلەستینەوە بۆمان رەوانە کرابوو بگاتە دەستمان. باش بوو رێگەی دا سێ لۆری چەکمان بۆ بنێرێت و هاوکاریشمان بکات. کاک مولازم عومەر سەرپەرشتی هێنانی چەکەکانی کرد تا هۆمەرئاغا نزیک مەهاباد. ئێمەش لەوێوە چەکەکانمان دەبردە رەبەت.

رژێم لە ١٩٨٠/١١/١٧دا لە نزیک شاخی دێلێژە، بێستون باڕۆیی و ١٧ پێشمەرگەی شەهید کرد. ئەم ڕووداوانە کاریگەرێتی زۆری کردە سەرمان بۆیە دوای ئەوە چالاکی هێزی پێشمەرگە زیادی کرد و توانیمان بە ڕۆژ چالاکی بکەین، کەمین دابنێین و زیان بە دوژمن بگەیەنین. دەستمان بە هەموو شار و شارۆچکەیەکدا دەگەیشت تا مەنتیقەکانی قەرەتەپە و کولەجۆ ڕۆیشتین کە دوا شوێنی سنوری کوردستانە.

جاران دوو کەرت لە گەرمیان هەبوو کە عادل شکور و خالید گەرمیانی (لە ١٩٨٠/١٢/٨ لە کەسنەزان – قازانقایە شەهید بوو) سەرپەرشتیاریان بوون.

کە هێزی پێشمەرگە زیادی کرد ئێمە وەکو هەموو کوردستان تەشکیلەمان گۆڕا لە هەرێمەوە بۆ تیپ. لە گەرمیان هێزی پێشمەرگە ئەوەندە زیادی کرد ژمارەمان بوو بە ٧٠٠ پێشمەرگە و هێزەکەمان کرا بە دوو تیپ: تیپی ٥١ و تیپی ٥٣. مەحمود سەنگاوی ساڵی ١٩٨٥ بوو بە سەرتیپی ٥١ گەرمیان و عادل شکوریش سەرتیپی ٥٣ی شێروانە بوو.

ئەم هێزە گەرمیانییە بڕبڕەی پشتی یەکێتی بوو.

هەر لە قاپی گەرمیانەوە تا قاپی ڕانیە و قەڵادزێ و خۆشناوەتی بە هەموو دۆڵەکانیەوە و دەشتی کۆیە و شێخ بزەینی و شوان و جەباری دەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەچووین بۆ لاجان و مەنگوڕ و ئالان و شنۆ و سەردەشت و پیرانشەهر و سەقز و مەهاباد و هاوکاری کوردەکانی ڕۆژهەڵاتمان وەکو هێزی پشتیوانی کردووە.

جارێکیان سەدام لە ساڵی ١٩٨٠ لە دێزفول و موحەمەڕە هێزی کۆکردبووەوە و وتبوی: هێزی پێشمەرگە ناهێڵن ئێران یەک بست بێتە ناو سنوری عێراقەوە، ئێوە بەم هەموو چەک و تفاق و جبەخانەیەوە شتێکی واتان پێ نەکراوە. ئەم وتەیەی سەدام، گەورەیی یەکێتی دەرخست کە دوژمن بەو جۆرە وەسفمان بکەن.

له ١٩٨٧/٥/١٨دا یەکەم رۆژی رەمەزان بوو، عێراق بە هێزێکی زەبەلاحەوە پەلاماری گەرمیانی دا، لیوای زیئبی هێنا و بە ٢٥٠ دەبابە و ٤٠٠٠ جەیش و جاشەوە هاتنە سەرمان و لە چوار مەوقیعی جیاوە بە تۆپی گەورە و دوورهاوێژ و وەسەتەوە تۆپباران کراین. ئێمە هێزێکی ١٥ کەسی بووین و لەگەڵ هێزێک بە سەرپەرشتی کاک ئەحمەدی حاجی رەشید کە خەڵکی هۆمەربلە و مەسئولی هێزی پشتیوانی بوو، ئەویش ٢٠ پێشمەرگەی لەگەڵدا بوو. حکومەتی عێراق پەلاماری داین و ئێمە لە دوو قۆڵەوە دامەزراین، قۆڵی بەرمیل و قۆڵی نەریمان کوژراو.

حکومەت بەر لەوەی بێتە پێش، رەشکەیەک تۆپی گرتە دێکە لەکاتێکدا هیچ مقاوەمەیەک نەبوو. لە قۆڵی بەرمیلەوە ٤٠ دەبابە پەڕییەوە بۆ پشتمان و پشتمان گیرا. لە قۆڵی نەریمان کوژراوەوە عێراق پەلاماری دا و ئێمە چۆڵمان نەکرد و دەبابەیەکمان تێک شکاند، لەو کاتەدا جاش و جەیش کەوتنە دێکە و دێکەیان کاول و تەخت کرد. ئێمە لەبەردەمیاندا بووین، دوو لامان گیرا بوو. ئێمە لەناو باخێکدا بووین کە دوژمن نەیئەزانی لەوێین و هەمووی ٢٠٠ مەترێک لێیانەوە دوور بووین.

ئێمە دەستمان کردەوە و جاش لەناو دێوە هاواریان ئەکرد ئەیانوت عەسکەرییە ئێمەیان فەوتان. نەیان ئەزانی کە ئێمەین. لەو کاتەدا ئەحمەدی حاجی رەشید لە وەسەتدا بوو لە بەینی قۆڵی بەرمیل و نەریمان کوژراودا. پێشمەرگەکان بە ئینتیحاری چوونە ناو دێکەوە و ئینجا کەوتنە کوشتنی سایەقی شۆفڵ و جاش و عەسکەرییە بەم ژمارە کەمەی پێشمەرگە.

عەسکەر جاشەکانی لێ بوو بوو بە پێشمەرگە، حکومەت ئەوەندە وەزعی شڕ بوو دەبابەکان ئەیانویست خۆیان دەربازکەن و هەر کەسەی هەوڵی خۆ رزگارکردنی ئەدا و دەعمیان ئەکرد و پێنج دەبابە جێما. ئامر لیوا ئەوەندە شپرزە بوو بوو، بە جۆرێک ئەگەر یەکێکمان بچوایەتە لایی و جگەرەیەکی

لا بکێشایە نەیئەزانی تۆ پێشمەرگەیت (ئەمە موعجیزەی خوایی بوو). لەو شەڕەدا دەستکەوتمان پێنج دەبابە سوتێنراو و ١٨ شۆڤڵ و زیاد لە ٦٠ پارچە چەک بوو.

لەو شەڕەدا سەرتیپی حەماغای کفری و هیدایەت و حەسەنی خەڵکی گوندی عەزیز قادر شەهید بوون.

ئامر لیوا، کە ئەم چالاکییەی بە لیوای زیئبەوە کرد وا بەنیاز بوو کە هەموو کوردستان تیابچێت، بەڵام کە مەعلوماتی درایە بڕوای بەو شەڕ و ئەنجامە نەئەکرد.

هەواڵی سەرکەوتنی ئێمەیان بە جەنابی مام جەلال گەیاندبوو، ئەو بڕوای نەکردبوو. وتبووی ئێمە وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درۆمان لەگەڵ خەڵکی خۆمان نەکردووە و ناشمانەوێت درۆزن بین. دواتر رێکخستنەکانیش راپۆرتیان بۆ ناردبوو، راستیی مەسەلەکەیان تیا نووسیبوو.

بۆ رۆژی دووەم حکومەتی عێراق هێرشی کردەوە و ئەمجارەش خراپتر تێک شکێنرا. لە رۆژی دووەمدا هێزی پێشمەرگە و پشتیوانیمان لە مەنتیقەکانی توکن و عەزیز قادر و بەلەگەوە بۆ هات.

لە شەڕی یەکەم رۆژدا حاجی محەمەدی خەڵکی بەلەگە پیاوێکی پیاوانەی عەشایەر بوو بە بڕنەوێکەوە هات بەشداریی شەڕ بکات، برادەران ویستیان بیگێڕنەوە دواوە و وتیان با تیا نەچیت و تۆ بەم تەمەنەوە ناکرێت بێیتە ناو شەڕەکەوە. ئەو وتی: ئەمە غەزایە و ناگەڕێمەوە.

ماوەیەکی پێ چوو حکومەت بە ٤ تەیارەی سیخۆوە هات و ٣٦ ناپاڵمی نا بە دێکەوە. ئەوەی باش بوو خەڵکی دێکە چووبوونە ناو هەڵەت و هەردەکانەوە و دێکەیان چۆڵ کردبوو.

ئەو رۆژە یوسف مەحمودی خەڵکی بەڵەکە شەهید بوو. باسی شەڕی دووەم و سێیەمم لە هاوڕێکانمەوە بیست. من لە شەڕی یەکەمدا فیشەکی

دۆشکە دای لە هەردوو قاچم. چەند پێشمەرگەیەک منیان گواستەوە و بردیانم بۆ خەستەخانەی قەرەداغ بۆ لای د.فایەق گوڵپی و دکتۆر ئاتیڵا و شێخ عەبدوڵای معاون توببی.

برینەکەم زۆر قوڵ بوو لە ژێر کڵاوەی ئەژنۆمدا. دکتۆر عیلاجی بۆ کردم و مانگێک لە خەستەخانە مامەوە. ئینجا گەڕامەوە گەرمیان، پاش شەش مانگ توانیم هەستمەوە.

ساڵی ١٩٨٨، پاش سێ مانگ لە شەڕ، ئەنفال هاتە بەرەوە. حکومەت لە مانگی ١٩٨٨/٣دا شەڕی سەرکردایەتی کرد و پاش چەند مانگێک لە شەڕ سەرکردایەتی بڕیاری کشانەوەیان دا.

لە قەرەداغ ئەنفالی ٢ دەستی پێکرد. حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی عەزمی پێشمەرگە بڕوخێنێت و مقاوەمەی پێ نەکرێت، لە پێشدا سێوسێنان و چەند دێیەکی کیمیاباران کرد.

دوای گرتنی قەرەداغ، ئەنفالی ٣ لە گەرمیان دەستی پێکرد. ئێمە وەک هێزی گەرمیان لە سەرکردایەتی بووین و بەرەو ئێران کشاینەوە و هێزێکی موتەفەڕیقە لە خوارەوە مابوونەوە. ئا لەو کاتەدا حکومەتی عێراق لە چەند قاپییەکەوە پەلاماری دا، لە بناری سەنگاوەوە کە ٥٠-٦٠ دێیەکی ئەگرتەوە، قاپییەکی تریش لە قادر کەرەمەوە و ئەوی تریان لە قاپی دووزەوە و لە قاپی کەلار و باوەنور و قاپی بانی خێڵان بەرەو شاخی زەردە هێرشی کرد.

ئەو هێزەی پێشمەرگە کە بە موتەفەڕیقە مابوونەوە بە هاوکاری هێزی پیشتوانی بۆ ماوەی شەش رۆژ توانی مقاوەمە بکات. لەم کاتەدا هێزی کاک قادری حاجی عەلی لە ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ گەرمیان، چونکە ئەو مەسئولی میحوەری گەرمیان و قەرەداغ بوو. هێزەکە ٢٤ رۆژ بە رێگەوە بوون و ماندوو و هیلاک بووبوون.

ئەو شەوەی کاک قادری حاجی عەلی هات، من لە دێی مەسۆیی بووم. لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە چووینە لای و وتمان:

حکومەت هەموو قاپییەکانی لێ گرتووین و لەوانەیە ئەمشەو تەقەدوم بکات. ئەو وتی ئەبێت ئێوە بتوانن هێزەکەیان مەشغوڵ بکەن، تا هێزەکەمان پشوویەک بدەین و ئیعادەی تەنزیم بکەینەوە. ئێمە وەک کەرتی ٤ی تیپی ٥١ لەسەر فەرمانی کاک قادر چووینە بناری سەنگاو. سەلام شوشە مەسئولی کەرتی چواری ٥١ بوو، منیش کادری کۆمەڵایەتی بووم.

رۆیشتین و گەیشتینە دێی کێلە بەرزە، خۆر لە ئاوابووندا بوو. مینێک بە پێی مندا تەقییەوە، وام ئەزانی تەیارە لێی داوم. سەیرم کرد قاچی چەپم هیچی پێوە نەماوە. جاسمی وەستا شەریفی خەڵکی کفریش بە سەختی بریندار بوو (دواتر لە مەنتیقەی نەفتخانەی خانەقین لە مانگی ٧ی ٢٠٠٧ کە بوو بوو بە پاسەوانی سنوور شەهید بوو، دایک و خوشک و منداڵەکانیشی ئەنفال کراون). جیهازمان لا بوو، پەیوەندییان بە بەرزانی حەمەی میناوە کرد. ئەو عەدەد جیهازی هەموو هێزەکە بوو، منیان کردە بەتانییەکەوە و دوو کیلۆمەترێک دووریان خستمەوە و دواجار بردیانمە دێی بانی مۆرد (بناری سەنگاو). کاک بەرزانی حەمەی مینا جیهازی کرد بۆ دکتۆر فایەق گوڵپی، ئەو رۆژە ئەو لە ماڵی عەدنانی حەمەی مینا بوو. من لە بانی مۆردەوە کرامە ناو دارەمەیتێکەوە، ئەوەندە قورس بووم بە ئاسانی هەڵنەئەگیرام. ئێمە ٣١ کەس بووین. هاوڕێکانم بۆم ئەگریان. من بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبن گۆرانیم بۆیان ئەوت:

تەبیب ئامانە
دەردم گرانە
بڵێن بە ماڵمان
حاڵم گرانە
ناڵە ناڵێ دێ لە بناری سەنگاو
ئاهوناڵەی من گەیشتە سەر کێوان.

هەر چۆنێک بوو منیان گەیاندە دێی دەرەواری خواروو و دکتۆر فایەق لەگەڵ عەدنان هاتن و دوای ئەوانیش کاک قادری حاجی عەلی و کاک مەحمود سەنگاوی و کاک جەمیل هەورامیش هاتن. د.فایەق وتی: من کەلوپەلی وام لا نیە عەمەلیاتی ئەبو سەلاح بکەم، کۆمەڵێک پێداویستی و کەرەسەی پزیشکیم لە هەردەکانی قۆپی قەرەداغ شاردووەتەوە، ئەگەر بگاتە دەستم ئەتوانم عەمەلیاتی بۆ بکەم. بەڵام دوای دوو سەعات لە گەیشتنی دکتۆر من تووشی نەزیف بووم.

دکتۆریان هەستان و هاتەوە لام و وتی هیچ حەل نیە، بڕۆن بەم دێیەدا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی موشار. کۆمەڵێک پێشمەرگە کەوتنە کێوماڵکردنی دێکە بۆ دۆزینەوەی موشار. خەڵکی دێکە چۆڵیان کردبوو. پێشمەرگە دوو موشاری ژەنگاوییان لە ماڵی سەمەد عەول دۆزییەوە و دوای ئەوە مەنجەڵێکی ڕەشی قوپاویان هێنا و ئاویان تێ کرد و موشارەکانیان تێ کرد و ئاگریان تێ بەردا، بەحیساب بۆ ئەوەی تەعقیمی بکەن.

جەمیل هەورامی قاچی گرتم و کاک قادریش سەری کردمە باوەشی خۆیەوە. مامۆستا جوامێر و دکتۆر جەبار کە لە دەستەکەی شێخ جەعفەر بوون ئەوانیش لام بوون.

دکتۆر دەستی کرد بە بڕینەوەی قاچم بەبێ بەنج. منیش وتم: وەفاتان هەبێت بەرامبەر خوێنی شەهیدان و کەسوکارمان و لە دواڕۆژدا لەبیرمان مەکەن. ئەگەر شەهید بووم لای شەهید مەلا کەریم بمنێژن.

بڕینەوەکە سەعاتێکی خایاند. خۆشبەختانە عەمەلیاتەکە نەجاحەتی هێنا، دواجار چووینە عومقی گەرمیانەوە چونکە لە هەموو لایەکەوە دەورمان گیرابوو

دووبارە قەراریان دا بە ناوجەرگەی دوژمندا بکشێینەوە بۆ مەنتیقەی کۆیە و لەوێوە بۆ خۆشناوەتی. وڵاخێکیان بۆ من پەیدا کرد و سێ فەردە کایان لەسەر بەست بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بگرم. هێزەکان کران بە سێ بەش.

کاک قادر و شێخ جەعفەر و د.فایەق لە قۆپییەکانەوە بەرەو ئەڵڵایی سەحبیان کرد.

ئێمە (بە سێ بەش، بە سەرپەرشتی مەحمود سەنگاوی و حەمە رەش و عادل شکور) لە بناری سەنگاوەوە بۆ چەمچەماڵ و بۆ مەنتیقەی شوان و شێخ بزەینی رۆیشتین، چونکە هێشتا ئەو مەنتیقانە بەدەست پێشمەرگەوە بوون.

ئێمە پێنج پێشمەرگە بڕ بووبووین بە سودفە حەمە رەش (شەهید) هات و لەگەڵ خۆی بردینی تا دەربازی کردین. ئەو شاسواری هەموو سوارەکان بوو. هەرکەس هەڵئەستا ئەبوو بە دکتۆر و کتلییەکیان پێبوو ئاویان تیا گەرم ئەکرد و بە دەرزی بە ناوی ئاوی موقەتەرەوە لێیان ئەدام. بەڵام حەبمان پێ بوو.

چووینە سنوری شوان و شێخ بزەینی و دەشتی کۆیە کە جارێ ناوچەی ئازادکراو بوو. هەرچەندە رژێم نەیئەهێشت گەرمیان تینی تێ بکەوێتەوە، جارێکی تر گۆپتەپە و عەسکەر و کانی بی بۆردومان کرد و برادەرانمان کە لەوێ مابوون تووشی شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە بووبوون.

ئێمە و تیپی ١٧ی زمناکۆ کە جەمیل هەورامی سەرتیپی بوو چووینە سنوری مەڵبەندی سێ لە سماقوڵی. لەوێ من و جاسمی وەستا شەریف چارەسەر کراین و دوو شەو ماینەوە. ئینجا چووینە خەستەخانەی خەتێ، لەوێش چارەسەرمان بۆ کرا لەلایەن د.جەلال لە سماقوڵی و د.زریان لە خەتێ

دواتر بەڕێ کراین بۆ خەستەخانەی مەلەکان و لەوێش چارەسەر کراین و بەڕێ کراین بۆ وەرتێ و دۆڵی شەهیدان و دواتر بۆ قڕناقا و پشتاشان. لەوێ سێ دکتۆری فەرەنسی لێ بوو (أطباء بلا حدود) عیلاجیان کردین و دەردەسەری خۆم بۆ باس کردن و زۆر سەریان سوڕمابوو، ئەیانوت ئەوە موعجیزەیە.

دوای ئەوە چووینە سەرکردایەتی بۆ توژەڵە و ناوزەنگ و قاسمەڕەش. لە قاسمەڕەشەوە بە ئیسعاف بردیانین. بۆ خەستەخانەی بانە و دواتر بۆ سەقز

و تەبریز و لەوێ لە بیمارستانی سەید ئەلشوهەدا داخڵ کراین و دکتۆر لەواسانی لێ بوو کە لە ئینقیلابدا چاوێکی دەرچوو بوو لەگەڵ ئەوەدا مەسئولی سێ موستەشفا بوو: موستەشفای ئیمام خومەینی و سەید ئەلشوهەدا و ئیبن سینا. دکتۆر لەواسانی منی برد و فەحسی کردم. وتی هیچت پێویست نیە. ئیتر گەڕامەوە بۆ سەقز و ناردیانم بۆ نەقاهەتگا، کە کاک حەمە جەزای حاجی عەلی مەسئولی بوو.

پلەکەم لیوایە.



**حەمەد حاجی (حەمە وەرتێ)**

سێ شەممە ٢٠٢٥/٢/١١

کاک حەمەد وەرتێ برای شەهیدان سادق (ساڵی ١٩٨٠ لە وەرتێ شەهید بووە) و ئیسماعیل (ساڵی ١٩٩٤ لە قەڵادزێ شەهید بووە) و رەشید (لە مانگی ١٩٩٦/١١ لە گەردەلولی تۆڵە لە پشتی قەڵادزێوە شەهید بووە) و ئەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٣ لە وەرتێ لەدایکبووم و ئەوکاتە خەریکی فەلاحەت بووین و گوزەرانمان زۆرباش بوو.

ساڵی ١٩٧٩ فەقێ مستەفای دۆڵەڕەقەیی تەنزیمی کردم بۆ کۆمەڵە و دوای سێ مانگ بە تەزکیەی مەلا حەسەنی ئامر کەرت (ساڵی ١٩٨١ لە ئالانە شەهید بوو) چووینە سکرتارییەتی جەنابی مام جەلال. کۆتایی مانگی ١٩٧٩/١١ چووینە لای سمایل وەرتێی برام لە هەرێمی ١٤ی ئاکۆ. یەکەم چالاکیمان مانگی ١٩٨٠/٤ بوو کەمینمان لە بەینی وەرتێ و خانەقادا بۆ



رەشید وەرتی (شەهید)، سمایل وەرتی (شەهید).

عەسکەرییە دانا و شەش جوندیمان کوشت و چوار کڵاشینکۆفمان دەست کەوت. مەفرەزەکەمان حەوت پێشمەرگە بوو.

لە تۆڵەی چالاکییەکەی ئێمەدا مستەفای برامیان دەستگیر کرد. ئەو لە رەواندزەوە ئەهاتەوە. ئێمە بەو کارە کۆڵمان نەدا. لە ماویلان بەرامبەر جادەی چۆمان - حاجی هۆمەران سێ جوندیمان کوشت و دوو کڵاشینکۆفمان هێنا بۆ ئەم چالاکییە سمایل وەرتێی مەسئولمان بوو. ژمارەمان شەش پێشمەرگە بوو (ئەحمەد مستەفا، سەلیم قشوری، فاخر قشوری برای - دواتر هەردوکیان شەهید بوون - و عەلی حەسەن ساڵح زارگەلی و من و سمایل وەرتێی برام)

زۆری پێ نەچوو لە خوار دەرگەڵە لە مێرگە دەرۆزی پشتی حافز چالاکییەکی ترمان کرد و دوو جوندیمان کوشت و چەکەکانیانمان هێنا.

لەڕێی مولازم سەید کەریمەوە واستە بە جەواد ئەسعەد شێنەیی پوورزای کرا بۆ ئازادکردنی براکەم. دەنگ نەبوو. چالاکییەکی ترمان کرد بۆ سەر بنکەی تەندروستی دەرگەڵە دوو دکتۆری لێ بوو. یەکێکیان ناوی دکتۆر موئەیەد بوو کە موسڵاوی بوو. ئەوی تریان دکتۆر محەمەد دەرگەڵەیی بوو. دکتۆرە عەرەبەکەمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ مقەڕ کە لە وەرتێ بوو. هەرچی دەرمان و پێداویستی ناو نەخۆشخانەکە هەبوو بردمانە وەرتێ و نەخۆشخانەیەکمان لەوێ دانا. پاش دوو مانگ لە ڕێی مەلا خدر، مەلای ئاوایی وەرتێ-وە توانیمان براکەم بە دکتۆرەکە بگۆڕینەوە.

مانگی ١٩٨٠/٨ چووینە دەورەی کادران بۆ توژەڵە و ٢٠ ڕۆژ بەردەوام بووین و تەیارە هاتە سەرمان و بۆردومانی کردین و دوو پێشمەرگەی بە ناوەکانی مامۆستا محەمەد کۆیی و سەڵاحی خەڵکی سلێمانی شەهید کرد و ئەحمەد جەمبۆ هەولێریش کە کادری ئیزگە بوو بریندار بوو. لە گەڕانەوەدا رومانەم پیا تەقیەوە و دەستی راستم لێ بووەوە.

٨١/١١/٨ بەرەی جود هاتنە وەرتێ و گرتیان و من و برایم کە بە تەلعەت مستەفا وەرتێی ناسراوە، دەستگیر کراین و دوای سێ ڕۆژ لە ڕێی عەونی مورادی حزبی شیوعی کە ئامۆزای عەبەی تەنیسق بوو ئازاد کراین، ئێمە چووینە گوڵان بۆ لای مەفرەزەکەی خۆمان و هەفتەی نەبرد وەرتێمان گرتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٤دا سەید کەریم و پێشمەرگەکانی لە سەر جادەی تاسڵوجە شەهید کران. لە تۆڵەی ئەو شەهید کردنەدا مام جەلال بروسکەی بۆ هەموو تیپەکان کرد بۆ وەرگرتنەوەی تۆڵە چالاکی بکەین.

وەکو تیپی مەڵبەند و ت ٧٤ی باڵەک سەعات ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٧ لە جاشەکانمان دا و پێنج پێشمەرگەمان شەهید بوون کە دوانیان فەرماندەی کەرت بوون: قادری رەشیداغای قەسرێ، فەرماندەی کەرتی ت ٧٤ی باڵەک



مام جەلال، سمایل وەرتی (شەهید)



حەمە وەرتی، سمایل وەرتی (شەهید)، ١٩٩٤

و مستەفا محەمەد قادری فەرماندەی کەرتی ٧٨ی کاروخ. من سێ فیشەکم بەرکەوتە سەر هەردوو لاقم و سەر دیواری دڵم.

شەو پێشمەرگە هاتن و من و شەهیدەکانیان بردە شاورێ کە د.حەسەن هەڵەبجەیی و دکتۆر زریانی لێ بوو. من گوللەیەک لە قاچم تەقیبووەوە و ئەوەی پێویست بوو بۆیان کردم و سوپاسیان دەکەم. پاش ماوەیەک لە خەستەخانە ئیزنیان دام و ٥٩ رۆژ منیان بردەماڵی ئەرسەلانی کاک هەمزە لە دۆڵێ (ساڵی ١٩٩٣ لە شەڕی بزوتنەوە لە دۆڵێ شەهید بوو). پاش ئەوە چوومەوە تیپی مەڵبەند لە وەرتێ. سمایل وەرتێی برام بوو بە سەرتیپی ٧٣ی هەڵەموند و منیش لەگەڵی بووم. زۆری پێ نەچوو ئێمەیان ناردەوە تیپی مەڵبەند و ناردیانین بۆ خەتێ کە حەسەن کوێستانی (شەهید) مەسئولی مەڵبەند بوو.

١٩٨٦/٩/١ بەشداریی شەڕی قەیوان - ماوەت و ١٩٨٧ بەشداریی داستانی رزگاریم کرد.

مانگی ١٩٨٨/٥ بەشداریی ئەو شەڕانەمان کرد کە وەرتێ گیرا و هەڵەموند و شاوێس و گەرەوان مابوون.

١٩٨٨/٨/٨ کاتێک شەڕی عێراق - ئێران وەستا، حکومەت هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە بۆ هێرش کردنە سەر مەڵبەندی سێی هەولێر کە تا ئەو کاتە تاکە مەڵبەند و ناوچەی ئازاد بوو. کاک فەرەیدون عەبدولقادر لە سەرکردایەتییەوە چووە بۆڵێ و لە رێگەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆوە مفاوەزاتێکی حەوت رۆژەی کرد. دواتر کاک فەرەیدون لە دۆڵەڕەقەوە هاتە دارەبەن و من لەوێوە پەڕاندمەوە بۆ لای کاک کۆسرەت و سەرکردایەتی.

ئەم مفاوەزەیە بۆ دەربازبوونمان بوو کە بچینە ئێران. پەڕینەوە و چووینە قەندیل و کاک نەوشیروان لە شێخ ئایش بوو. رۆژی ١٩٨٨/٨/١٨ کاک ئازاد هەورامی لە کونەکۆتر بریندار بوو لە شێخ ئایش شەهید بوو. ئێمە دوای ئەوە

تا ٢٠ رۆژ ماینەوە و منالّمان ناردبوو بۆ نەغەدە و ئێمەش چووینە نەغەدە.

من تا کۆتایی سالّی ١٩٨٩ پێشمەرگە بووم و تەسلیم بوومەوە. بەلّام ماوەکە زۆر کورت بوو. پێش ئینتیفازەکە بورهانی سەعید سۆفی و ریباز و مەلا سلێمان و جەلال ئیلینجاغی و ... هەژدە کەس بوون لە کفرەدۆلّەوە بە ئیختیفا بردمنە لای جەلیل گادانی حزبی دیموکراتی ئێران لەپشت سەرکەپکان. دوای تەواوبوونی کارەکانیان رەحمان سەیدە و مەلا مستەفا ئەوانیان بە سەلامەتی گەڕاندەوە شوێنی خۆیان.

بەشداریی راپەڕینم کرد تا کەرکوک. لە مەتاری کەرکوک گوللە لە ملی دام. سەفینی مەلا قەرە بە سەیارەکەی خۆی منی گەیاندە کەرکوک. لەوێ تەداوییان بۆ کردم و بردیانمەوە بۆ رانیە. لە پردێ شەڕ بوو. دوو رۆژ لەوێش چارەسەریان کردم و دواتر منیان گەیاندە رانیە و لەوێ چارەسەری پێویستیان بۆ کردم.

دوای راپەڕین سمایلی برام کرا بە مەسئولی حەرەکاتی هێزی سنور و کەمالی حاجیاغا کرا بە جێگری (لە شەڕی داعشدا شەهید کرا). منیش لەگەڵ سمایل وەرتێی برامدا بووم. بەشداریی شەڕی بزوتنەوەمان لە سالّی ١٩٩٣دا کرد و دوای شەڕی ناوخۆ مانگی ١٩٩٤/٥ سمایل وەرتێی برام لە قەلّادزێ شەهید بوو. منیان کرد بە فەرماندەی هێزی کاروخ تا سالّی ١٩٩٦ بەردەوام بووم. بەلّام تا ئەهات باری تەندروستیم خراپ و خراپتر ئەبوو. بۆیە دانیشتم و رەشید وەرتێی برام کرا بە جێگری لەشکری کاروخ و لە مانگی ١٩٩٦/١١ لە گەردەلولی تۆلّە لە پشتی قەلّادزێ شەهید بوو. لە سالّی ٢٠٠٣دا بەشداریی شەڕی ئەنسارولئیسلامم لە ئەحماوا و دەرەی مەڕ و رۆستەم بەگ کردووە

سالّی ٢٠١٧ هاتم بۆ سلێمانی و دکتۆر ئارام بارام عەمەلیاتی سەر سنگی بۆ کردم بەلّام نەیتوانی گوللەکەم بۆ دەربهێنێت، چونکە گوللەکە ٥ ملیم چووبووە ناو دیواری دلّمەوە و سنگمی بۆ دووریمەوە و کە هۆشم هاتەوە

حەمە وەرتی، نەخۆشخانەی کەسرا - تاران.









حەمە وەرتی، نەخۆشخانەی کەسرا - تاران.



**لەڕاستەوە: دکتۆر موسەوی، حەمەد وەرتی، پرۆفیسۆر محەمەد حسێن ماندگار، نەخۆشخانەی کەسرا - تاران.**

وتی من نەمتوانیوە گوللەکەت بۆ دەربهێنم گەر دەرم بهێنایە تووشی نەزیف ئەبوویت.

دوای ئەوە چوومە تاران و دکتۆر ماندگار لە تاران عەمەلیاتی بۆ کردم و گوللەکەی بۆ دەرهێنام.

وەک وتم من سێ برام شەهیدە و حاجی شێخەی وەرتێی خاڵیشم سێ کوڕی شەهیدە: مستەفا (ساڵی ١٩٨٧ لە زارگەلی شەهید بوو) قادر (ساڵی ١٩٩٤ لە ناو مەکتەبی سیاسیدا شەهید بوو) و ئیدریس ناسراو بە هەڤاڵ کاوە (ساڵی ٢٠١٤ لە شەڕی دژ بە داعشدا لە قەرەتەپە شەهید بووە). ئێستا پلەکەم عەمیدە لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەر.



**حەمەد حەمەدەمین ڕەزا حەمەدەمین (حەمەدەمینی تەقریر)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٤

کاک حەمەدەمین زیندانی سیاسی و کەمئەندامی سەنگەر و باوکی شەهیدان ئەحمەد (پێشمەرگەی کەرتی ٤ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ لە کونەکۆتری سەر چیای قەندیل شەهید بووە) و ڕەزا (لە تەقینەوەکەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر شەهید بووە) و نەسرەدینی کوڕیشی کەمئەندامی سەنگەرە و ئەڵێت:

من ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی تەلەخێم/ ناحیەی گوێر لەدایکبووم و چوار سەرخێزان بووین و زەویوزارمان هەبوو خەریکی کاری فەلاحەت بووین و تاکو پۆلی سێی ناوەندیم خوێندووە و ساڵی ١٩٧٩ من لە هەولێر بووم و لە ڕێگەی دلێری مەلا شینەوە، ڕەسوڵ ئیبراهیم بەکرەجۆییم ناسی و ئەو تەنزیمی کردم بۆ کۆمەڵە.

مانگی ١٩٨١/٢ لە ئەنجامی کار و چالاکییەکانم کەشف بووم و دەستگیر

کرام و ڕەوانەی هەیئەی کەرکوک کرام و سەدام حسێن ١٩٨٢/٧/١٤ عەفواتی خاصی دەرکرد و من ١٩٨٢/٧/١٩ ئازاد کرام.

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٤ پەیوەندییم کرد بە کەرتی ٢ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغەوە کە ئامر کەرتەکەمان جەلیل ئەمین سادق کەندیناوایی بوو ناسراو بە (ڕەنجە) (لە شەڕی گرتنی تەقتەق-سێگردکان لە ٨٦/٧/١٠ شەهید بوو).

ساڵی ٨٥ سێ پێشمەرگە بە مەفرەزە چووینە ناوشاری هەولێر و کەمینێکمان دانا و چالاکییەکەمان سەرکەوتوو بوو. کلاشنکۆفێکمان دەست کەوت و من دوو گوللەی گڕدار لە سنگی دام و لە پشتمەوە دەرچوو. دەستی ڕاستمی سست کرد. گەڕاینەوە مەنتیقەی شەمامک و دواتر چووینەوە بەستی شەرغە کە مقەڕی کەرتەکەمانی لێ بوو.

لە بەستی شەرغە دکتۆر مەزن و دکتۆر جەرجیسی لێ بوو. برینەکانیان بۆ دووریمەوە و ماوەی مانگ و نیوێک بۆ عیلاج لە مقەڕ مامەوە. ٨٦/٧/١٠ حکومەت قووەتێکی گەورەی جەیش و جاشی نارد و زیاتر لە شەش حەوت هەلیکۆپتەریش گەیشتن. ئێمە وەک کەرتی ٢ی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کە نوری قادر هەولێری ئامر کەرتمان و قارەمان شینە جێگر کەرت بوو بەشدار بووین لەگەڵ کەرتی ٢ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە ڕەنجە ئامر کەرت و جێگرەکەی سەربەست قوڵ تەپەیی بوو (شەهید).

شەڕەکە زۆر سەخت بوو. سێ شەهیدمان لە هەردوو کەرتەکە دا (جەلیل ئەمین سادق ناسراو بە ڕەنجدەر و یاسین ئیبراهیم عومەر تەلخێمی ناسراو بە موعەلیم و شاکر سۆربەشی). چوار بریندارێشمان هەبوو: (من و عەدنان کەریم و کاوە بێکەس و محەمەد دیسکۆ). سێ پێشمەرگەش بەدیل گیران (تارقی حەمەد سلێمان زمارەیی و حەمید و دینۆ) و ئەوانیان گرت و لە مەحکەمە حوکمیان بۆ دەرچوو. تارقیان لە موسڵ ئیعدام کرد و حەمید و دینۆ مناڵ بوون و لە ئەبو غرێب سجن کران و دواتر بە عەفوات ئازاد کران



شەهید ئەحمەد حەمەد حەمەدەمین رەزا



شەهید رەزا حەمەد حەمە ئەمین



بەختیار (شەهید)، حەمەد حەمە ئەمین، عیزەدین (شەهید)



چەتۆ (شەهید)، حەمەد حەمەدەمین رەزا

من گوللەیەک بەر سنگم کەوت و لە فەقەراتی پشتمەوە دەرچوو. ئێمە لەو شەڕەدا شکاین و منیان دوور خستەوە و تا ڕۆژێک کەس نەهات بەلامەوە و دواتر بردمیانە خەستەخانەی سماقوڵی لە سەروچاوە. لەو خەستەخانەیە دکتۆری باشی لێ بوو. بەبێ بەنج عەمەلیاتیان بۆ کردم و دوو مانگ لە خەستەخانەکە مامەوە.

ساڵی ١٩٨٧ دیسان پەیوەندییم کردەوە و بەشداریی داستانی شێخ شەروان (دەشتی هەولێر)م وەک تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کرد کە سەفینی مەلا قەرە سەرتیپ بوو. شەڕەکە لە بەیانییەوە تا مەغریب بەردەوام بوو. سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێنا و یاسین شەمامکی شەهید بوو. خالید کاریتانی-ش گوللە بەر سەری کەوت و چاوێکی برد (کۆچی دوایی کردووە). لەو شەڕەدا دەستکەوتی باشمان هەبوو. ١٠٠ کلاشنکۆف و جیهاز و ٣٢ سەیارەمان برد و گەڕاینەوە بۆ بەستی شەرغە.

هەر لە ساڵی ٨٧ دا تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٦ی هەولێر و ٩٣ی کۆیە و ٩١ی سەفین بەشدارییمان کرد بۆ گرتنی ناحیەی دێگەڵە و بە چوار سەعات ناحیەکەمان گرت. دێگەڵە سێ فەوجی لێ بوو، دوانیان لەناو ناحیەکە و فەوجێکیشیان لە موجەمەعی سۆفیان بوون. لە ناحیەکەدا مەرکەزی شورتە و دائیرەی ئەمن و مونەزەمەی بەعسیشی لێ بوو. دەستکەوتی باشمان هەبوو. لای ئێمە دوو بریندارمان هەبوو: خالید (لە شەڕی قەندیل ساڵی ٨٨ شەهید بوو) و سدیقی جێگری کەرت. گەڕاینەوە بەستی شەرغە.

هەر لە ساڵی ٨٧ دا چووین بۆ گرتنی قاتعی ئەبو جەعفەری مەنسور و ١٢ ڕەبیەی کە نزیک بوو لە پردێ. ئەم شەڕە بە قیادەی کاک کۆسرەت بوو. مەسئولی گرتنی قاتعەکەش نوری قادر باریکە بوو. بۆ ئەم شەڕە تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٥ی بەڕانەتی بەشدارییان کرد لەگەڵمان کە زیاتر لە ٥٠٠ پێشمەرگە دەبووین. شەڕەکە لە سەعات ١٢ی

نیوەشەوەوە دەستی پێکرد تا پێش خۆرهەڵاتن هەموو شوێنەکانمان گرت و دەستکەوتمان حسابی نەبوو لە چەک و تەقەمەنی و مودەڕەعە و سەیارە. بۆ بەیانییەکەی دە دوانزە تەیارە هاتنە سەر بەستی شەرغە و سێگردکان و ئاومار و گوندی شەیتان کەوتنە بۆردومان کردن. من ساچمەیەک بەر لاقم کەوت و بە سووکی بریندار بووم. ئێمەی پێشمەرگە هیلاکیمان نەئەزانی.

هەر لەو ساڵەدا بوو ١٩٨٧/٤/١٤\١٣ بەشداریی داستانی رزگاری و شەڕی جوانەگا و هەڵەموند و گەرووی مەنجەڵانم کرد کە ئاخر شەڕ بوو من بەشداریی تیا بکەم. هێزەکانمان سەحبی کردەوە بۆ قەندیل و شەڕ لەوێش دەستی پێکردبوو. رژێم هێرشی کردبووە سەر قەندیل بۆ کونەکۆتر و گۆمی کرمە سووران و لەوێ ئەحمەدی کوڕم شەهید بوو. من لەگەڵ ماڵ و منداڵدا چووبوومە بادیناوا و دواتر چووینە دێڵزێ و جەنازەکەی ئەحمەدمان لەوێ بە خاک سپارد.

بۆ ئینتیفازە لە ٣/٥دا هاتینە خوارەوە بۆ رانیە و دواتر بۆ چوارقوڕنە و هیزۆپ و لەوێ هێزەکانمان کرا بە دوو بەش: بەشی شەقڵاوە و بەشی کۆیە. من چوومە بەشی شەقڵاوا و بەشداریی گرتنی مەنزومەی ئیستخباراتی شەقڵاوەم کرد و لەو شەڕەدا مام هەژاری خەڵکی دۆڵی باڵەییان شەهید بوو.

ساڵی ٢٠١٠ بە پلەی لیوا خانەنشین کرام و تا ئێستاش سەردانی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر و کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان ئەکەم.



کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بڕوانامەی ڕێزلێنان

بەڕێز (حمدامین رەزا احمدامین رەزا) کەناسراوە بە (حمدامین تعریف) یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ك) بەردەوام بوو تا راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ١٩٩١/٣/٥ بۆیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم بڕوانامەیەدا مەدالیای ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە ژمارەکەی (١٢٢٢) یە.



کۆمەڵەی ڕێکخستنە دێرینەکانی کوردستان

بڕوانامەی ڕێزلێنان

بەڕێــز : حمدامین رضا حمدامین

بەڕێزتان لە ساڵی ( ١٩٧٩ )ەوە پەیوەندیتان کردووە بە ڕێکخستنەکانی (ی. ن. ك. )ەوە ، خەبات و تێکۆشانتان بەرز دەنرخێنین وە بە سوپاسەوە ئەم بڕوانامەیەتان پێشکەش دەکەین .

سەرۆکی کۆمەڵە

محمود سەنگاوی

٠٨٢١١



**خالید سلێمان حسێن (شێخ ڕەش)**

شەممە ٢٠٢٥/٢/١

کاک خالید، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی زەنگەنە - کەرکوک لەدایک بووە و پانزە سەر خێزانن و باری ژیان و گوزەرانیان ئاساییە و خوێندەواریی هەیە و دەڵێت:

شەوانە پێشمەرگەی کەرتی ٤-ی جەباری بە جەولە بەسەر دێهاتەکاندا دەگەڕان و دەهاتیشنە گوندەکەی ئێمە و دانیشتووانەکەیان کۆدەکردەوە و قسەیان بۆ دەکردن. منیش پایزی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیم بە کاک دلێری کادری ڕێکخستنی کەرتی ٤ی جەبارییەوە کرد و لە مانگی ١٩٨١/١١دا بووم بە پێشمەرگە، ئەوکاتە مام ڕۆستەم مەسئولی کەرت بوو.

کارمان جەولەکردن بوو بە دێهاتەکاندا و بەدوای پیاوخراپدا دەگەڕاین و کەمینمان لەسەر جادەی کەرکوک - چەمچەماڵ، قادرکەرەم و کەرکوک - لەیلان و چەمچەماڵ - سەنگاو دادەنا.

ساڵی ١٩٨٢ ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد و چالاکیمان دەست پێکرد. ئەوساڵە حکومەت تازە خەریک بوو خەڵکەکەی چەکدار دەکرد و ئێمە دەچووینە سەریان بۆ چەک دانان. هەندێک لەو جەیشی شەعبیانە دەچوون چەکەکانیان تەسلیم دەکردەوە و هەندێکیشیان بە شەڕ چەکەکانیانمان لێ دەسەندن. بۆ ئەوەی دیاردەی چەکدارکردنی دانیشتووان بنەبڕ بکرێت.

ساڵی ١٩٨٣ یەکەم شەڕمان لە گوندی باوە، سەرجادەی کەرکوک - قادر کەرەم بوو، لە گوندی تەپەلو شەڕی مقەڕفەوجی قادر کەرم-مان کرد و توانیمان ناوچەکە پاک بکەینەوە.

لەم شەڕەدا تیپەکەی خۆمان بە سەرپەرشتی عەتا کەریمی ئامرکەرتی ٣ی هەمەوەند (ساڵی ١٩٨٧ لە ئەڵڵایی شەهید بوو) و شێخ وریای ئامر کەرتی ٥-ی سەنگاو .. و هێزێکی حیزبی سۆشیالیست بە سەرپەرشتی کاکە حەمەی حاجی مەحمود بەشداربوون.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو، کاتی هەڵبژاردن بوو، حکومەت هاتبووە گوندی زەنگەنە و دەیویست خەڵکەکە بەزۆر بەرێت بۆ دەنگدان. جەماوەر لێیان هەستان و ڕێگرییان لێ کردن و مقاوەمەیان کرد، تا پێشمەرگەی تیپی ٥٧-ی سەگرمە گەیشتن، شەڕ دروست بوو، پێشمەرگەیەکی کەرتی چواری جەباری شەهید بوو. ناوی ئەحمەد بوو بە ئەحەڕەش ناسرابوو. ئەو خەڵکی تەرجیل بوو، باوکی ئەحەڕەشیش لە شۆڕشی ئەیلولدا هەر لەو گوندە شەهید بووبوو. خەڵکەکە نەچوون بۆ دەنگدان، مانگی ١٩٨٥/٢ حکومەت کەوتە هێرش کردن بۆسەر گوندەکان و سوتاندنیماڵەکانیان بە خەڵکی ئاواییمان وت خۆتان کۆبکەنەوە و دێ کە چۆڵ بکەن و ئێمە شەڕ دەکەین تا ڕێگریی لە سوتاندنی دێ کە بگرین. ئێمە وەکو تیپی ٥٧ی سەگرمە و تیپی ٥١-ی گەرمیان بە سەرپەرشتی حەمەڕەش (شەهید) چوینە گوندی زینانە و حکومەت قووەتێکی زۆری هێنابوو. لە بەیانیەوە تا سەعات پێنجی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو.

چوار شەهید و برینداریشمان هەبوو. لە کەرتەکەی ئێمە، (٣-ی هەمەوەند)، عوسمان خڕ ڕێحان شەهید بوو، بریندارێکیشمان هەبوو ناوی زانا کەرکوکی بوو. لە کەرتی یەکی گەرمیانیش ئەحمەد دوزی و حەمید قەڵامکایلی و ماجید شەهید بوون، دوای شەڕەکە ئێمە کشاینەوە بۆ بناری گل لای تازەشارەوە.

دوای ئەوە بەشداری چەندین شەڕمان کرد و شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤ بەشداری داستانی رزگاریمان کرد و ساڵی ١٩٨٧ بانگیان کردین بچینە مەنتیقەی خۆشناوەتی، ئەوکاتە ئازادی سەگرمە سەرتیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، کەرتی ٤-ی جەباری و کەرتی ٣-ی هەمەوەند و کەرتی ٥-ی تیپی باسەرەش بە مەفرەزەیەک هاتن لەگەڵمان. حەمە رەش لەوێ سەرپەرشتی هەمووانی دەکرد.



خالید سلێمان زەنگەنە

لە خۆشناوەتی چەند تیپێکی تر ئامادەکرابوون و شەڕەکە هەمووی بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان بوو.

چوین بۆ گرتنی موعەسکەری دۆڵی ئاکۆیان، یەکسەر مقەڕ فەوج و سریەکانمان گرت تەنها رەبیەیەکمان بۆ نەگیرا. وتیان ئەو رەبیەیە جاشی لێ بووە. جاشەکان پێشتر پێشمەرگە بووبوون و تەسلیم بووبونەوە.

هەشت شەهیدمان دا و ژمارەیەک پێشمەرگەشمان بریندار بوون، بریندارێکمان لای رەبیەکە لێ بەجێ ما، ناوی حەمە میسری بوو، کە تا ئێستاش بێ سەروشوێنە.

٤٠ چل دیلمان گرت و بردماننه گەڕەوانی خوارو‌و. بۆ بەیانی کاک نەوشیروان قسەی بۆ دیلەکان کرد و وتی من ئازادتان دەکەم، چونکە ئێمە دژی ئێوە نین، دژی رژێمەکەین، دیلەکان باوەڕیان نەدەکرد و نەیان دەوێرا بجولێن، وایان دەزانی گەر برۆن لە پشتەوە دەستڕێژیان لێ دەکەین. بەڵام لەو چل دیلە ژمارەیەک جاشی تیابوو، کاک نەوشیروان ئەوانی ئازاد نەکرد و وتی ئێوە خائینن. دوای ئەوە هەر تیپەی گەڕایەوە سنوری خۆی.

١٩٨٧/٥/١٥ لە گوندی شێخ جیری مەنتیقەی قەرەحەسەن شەڕی ناودێ بوو، حکومەت دەچووە سەر دێیەکان و دەیڕوخاندن. ئەوکاتە ئێمە لە تیپی ٥٩ی حەمرین بوین و رزگاری حاجی کایل ئامر کەرتمان بوو. کەرتەکانمان چووبوون بۆ شەڕی بەرگری کردن لە سەرکردایەتی و دوو مەفرەزە مابوینەوە کە هەژدە پێشمەرگە بوین و من و سەمەد گلی مەسئولی مەفرەزە بوین. حکومەت هجومی کرد و شکا و گەڕانەوە و بۆ سبەینێ بۆیان دامەزراین و نەهاتن رۆژی دواتر حکومەت بە قوات خاصە و بە سەرپەرشتی بارقی ئامر لیوا هجومی کرد.

دەوری دێکەیان گرت و بە چوار هەنتەر کەوتنە تۆپ باران کردنی دێکە و لە ناحیەی قەرەهەنجیریشەوە بە راجیمە لێیان دەدایین.

ئێمە دوو دوو لەناو دێکەدا دامەزراین و وتمان کەس تەقە نەکات تا شۆڤڵ و حەفارەکان دەگەنە ناودێ. شۆڤڵێک هات و ناقیلەکەیەک بەدوایەوە، من و شۆڕش رەشید عەلی ژن برام لە یەکەمماڵی سەرپەڕی دێکە دامەزراین. بە کلاشنکۆف و ئاربیجی لە شۆڤڵەکەماندا و شۆڤڵەکە سوتا و ئامر فەوج رایکرد. شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو.

لە هەژدە پێشمەرگەکە دوو شەهید و هەشت بریندارمان هەبوو. شۆڕش رەشید و مەجید کۆمەڵەی خەڵکی دێی حەساری لای شوان شەهید بوون، لەو بریندارانەی یادم مابن صەمەد گلی و خەلیل کەرکوکی و من بریندار

بووین، هەژار پێشمەرگە بوو لەگەڵمان، وتی بەشێک لە پێشمەرگەکان تەسلیم بوون و هەندێکیان رایان کردووە، چووم بەسەر پێشمەرگەکاندا گەڕام. عەدەد بیکەیسیەکە لە شوێنی خۆی بوو، وتم: بۆ تەقە ناکەیت؟ وتی: وەڵڵا نازانم بەرەو کام لا تەقە بکەم. شەڕەکە زۆر گەورەیە. دواتر ئەو شەڕێکی قارەمانانەی کرد. چوومە لای عەدەد هاوەنەکان و وتم کوا هاوەنەکان. وتیان شوێنەکانمان گیراوە، ئەوانم پێش خۆم دا و چوینە نزیک ماڵەکەی هاوەنەکانی لێ بوو، دوو رومانەمان هەڵدایە ناو ماڵەکە و قوات خاصەکان رایانکرد بۆ ناو باخەکە و چوینە ژوورەوە هەردوو هاوەنەکە لە حەوشەکەدا بوون.

دوو گوللە هاوەنمان تێ گرتن و رومانەیەکیشمان بۆ هەڵدانە ناو باخەکە.. من لەسەر بەرمیلێک وەستابووم و تەقەم لەناو دارەکان دەکرد، لەوکاتەدا لەسەر گردەکەوە هاوەنێکیان تێگرتین و من پارچەم بەرکەوت و هاوڕێکانم منیان بەجێ هێشت و رایان کرد. جارێکی تر رومانەیان هەڵدا و ئنجا خانووەکە گڕی گرت، و پریشکی ئاگرەکەشم دەکەوت بەسەردا و هەموو گیانی وێران کردم و جوڵەم لێ برا. ئەمە نیوەڕۆ بوو، ئێوارە دەنگ نەماو شێخ کەریم چاوڕەشی جێگری تیپی ٥٩ی حەمرین و پێشمەرگەکانی هاتن بە هانامانەوە و گوێم لێ بوو، شێخ کەریم وتی شەهید و بریندارەکان هەڵگرن و باش بوو خۆمان سەرکەوتین. من وتم شەهید نیم، هەر ئەوشەوە هێزێکی ناوچەی پارتی و حیزبی سۆشیالیست و پاسۆک هاتن بە هانامانەوە. خەلیل جەباری کەرتەکەی خۆشمان بریندار بووبوو.

وەک دواتر بیستمان قوات خاصەکان نەیانوێرابوو بچنە ناو دێ، دواتر قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس چووبوونە ناودێ و گەڕابون و ئنجا قوات خاصە بە شۆڤڵ و حەفارە گوندەکەیان وێران کرد.

منیان بردبوو بۆ خەستەخانەی مەڵبەندی یەک و دکتۆر فایەق گوڵپی و دکتۆر جەلال و دکتۆر ناصیح عیلاجیان کردم. سێ عەمەلیاتیان بۆکردم.

بەڵام عەمەلیاتەکەی سەرم ناجیح نەبوو، مێشکم وەک وتیان ئێسقان و پێستی بە دەورەوە نەمابوو، ئیلتهابی کردبوو. پاش هەفتەیەک سەرم ئاوسا و دیسان شوێنی عەمەلیاتەکەیان هەڵوەشاندمەوە و دەرمانیان دامێ و وتیان پێویستی بە دەرزییە و لای ئێمە نییە. ئەم دەرزییە لە موسڵ دەست دەکەوێت. باوکم چوو بۆ موسڵ و شەش دەرزی بۆهێنام و سێ دەرزییان بۆ کردم و پاش ماوەیەک ئیلتیهابەکە بە دەرزییەکان چاک بوون و دکتۆرەکان سێ دەرزییەکەی تریان دایەوە بە باوکم، باوکم وتی بیدەن بە بریندارى تر، ئەوانەش کە بریندار دەبن هەر کوڕی منن و گەر دەتانەوێت دەچم دەرزی ترتان بۆ دەکڕم. مانگێک لە خەستەخانە مامەوە.

دواتر وتیان رژێم ٦٠-٧٠ گوندی سنورەکەی ئێمەیان تەخت کردووە، ماڵی باوکم چووبوون بۆ گوندی قرخ، منیش چووم ئەو مەنتیقەیە ئازاد بوو تا ئەنفالەکە لەوێ بوین.

ئەنفال هات و چوینە گوندی خاڵۆبازیانی کە هەمووی روخێنرابوو، دوو شەو لەوێ ماینەوە و شەو هێزێکی پێشمەرگە هاتن و من لەگەڵ ئەوان پەڕیمەوە بۆ گوندی هەیبەی ناوچەی شوان، بۆ بەیانی وتیان ئەمشەو کۆمەڵێک عایلە هاتوون و ژنێک هەر دەپرسێت شێخ رەشتان لەگەڵە. ئیتر باش بوو ژنەکەم و ماڵی باوکم بینیەوە و لە کۆیەوە چوینە دۆڵی بالیسان. دوای ئەوە چوینە گوندی بادیناوا و دێڵژێ. پاش ئەوە ناردیانم بۆ سەردەشت و لەوێ بەرگەیان بۆ کردم و ناردیانمە خەستەخانەی تەبرێز و مانگ و نیوێک لەوێ کەوتم. دوای بینینی دەرد و چەرمەسەری مانگی ١٩٩٣/٧ گەڕاینەوە بۆ بازیان.

ساڵی ٢٠١٤ بەشداریی شەڕی دژ بە داعشم کرد و لەوێ گوللە لە سنگمی دا و لەبن باڵمەوە دەرچوو، بردیانم بۆ خەستەخانەی ئازادی لە کەرکوک و عیلاجیان بۆ کردم.

پلەکەم عەقیدە لەسەر هێزەکانی حەفتای سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.



**خدر ئەنوەر ئەحمەد (خدر شاوریێ)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٩

کاک خدر ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی بێرگبی/ رانیە لەدایکبووە و سیانزە سەرخێزانن و خوێندەواری هەیە و ئەڵێت:

ماڵی ئێمە ماڵێکی شۆڕشگێڕ بووین و پێنج مامم پێشمەرگە بوون، بۆیە منیش ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندیم بە هەرێمی ٢٦ی شیشارەوە کرد کە ئامر هەرێمەکەمان محەمەدی کاک هەمزەی ئامۆزای باوکم بوو. ماوەیەک لەوێ مامەوە و دواتر نەقڵی مەڵبەندی ٨ی راپەڕین بووم کە مستەفا چاوڕەش مەسئولی مەڵبەندەکە بوو. دوای ئەوە نەقڵی فەرماندەیی ٨ی راپەڕین کرام و بووم بە فەرماندەی کەرت.

لەدوای ٣١ی ئاب هاتینەوە ناو رانیە و ساڵی ١٩٩٧ لە گەردەلولی تۆڵەدا لە دەرگەڵە لە چیای (رۆڵە) بە سەختی بریندار بووم و گوللەیەکی قەناس لە ناوچەوانم درا و لەپشتەوە هاتە دەرەوە.

مەسئولی میحوەرەکە محەمەدی حاجی قادری بەردەشانی بوو. سەرلەشکرەکەمان کاک مەولانی جوتیاران بوو، دکتۆر عوسمانیشمان لەگەڵ بوو.

من کەوتبووم و توانای جوڵەم نەما بوو هەر ئەوەندەم گوێ لێ بوو برادەران وتیان خدر شەهید بووە و با جەنازەکەی جێ نەمێنێت. ئیتر بێهۆش بووم.

خدر زەورەق و خدر دەروێش وتبوویان ئێمە جەنازەکەی جێ ناهێڵین و ئەیبەینەوە. لەگەڵ کاک مەولانی سەرلەشکر بە لاندکرۆزەرەکەی منیان بردبوو بۆ رانیە. لە رێگە لە (کورتەک) دەنگم هاتبوو، ئینجا زانیبوویان کە من زیندووم و بە کاک مەولانیان وتبوو خێرا لێخوڕە خدر زیندووە.

منیان بردبوو بۆ رانیە و لەوێوە بۆ سلێمانی. لە سلێمانی کە چاوم کردەوە لەسەر قەرەوێڵەیەک بووم و وتیان دەستی چەپ و لاقی چەپت ئیش ناکات.

کاک کۆسرەت و محەمەدی کاک هەمزە هاتنە لام و وتیان دەینێرینە دەرەوەی وڵات. دکتۆرەکان وتیان عەمەلیاتی بۆ ناکرێت و با لێرە بمێنێتەوە. من دوو ساڵ لە خەستەخانەی ئیمێرجێنسی کەوتم. وردە وردە دەست و قاچم کەوتنەوە جووڵە.

دوای ئەوەی سەر پێ کەوتمەوە کرام بە کارگێڕی لقی رانیەی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر و دواتر بووم بە جێگری لقی رانیە و پاشان بووم بە کارگێڕی سکرتاریەتی کۆمەڵەکە.

رێژەی کەمئەندامییەکەم ٧٠٪یە و پلەکەم رائیدە.



خدر ئەنوەر و هاوڕێ و کەس و کاری، نەخۆشخانەی ئیمێر جنسی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧.



خدر ئەنوەر و هاوڕێ و کەس و کاری، نەخۆشخانەی ئیمێر جنسی سلێمانی، ساڵی ١٩٩٧.



لەڕاستەوە: سەردار ئەنوەر ئەحمەد، خدر ئەنوەر ئەحمەد، تەحسین ئەحمەد.
پێشمەرگەکانی هەشتی بیتوین.



**دڵزار بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٥

کاک دڵزار، ساڵی ١٩٥٧ لە شارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە و نۆ سەرخێزانن لە دایکی خۆی و باوکی لە کۆماری مهاباد فەرماندەی سەربازی بووە و دەرچووی کۆلێجی ئیدارەی زانکۆی سلێمانییە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٩-١٩٨٠ و ئەڵێت:

ئەو کاتەی من لە دواناوەندیی ئازادیی هەولێر بووم، دوای بەیانی ئازار لە ڕێی فاروق ئەحمەدی هاوڕێمەوە ساڵی ١٩٧١ بووم بە ئەندامی یەکێتی قوتابیان و ساڵی ١٩٧٩ خوێندکاری مەرحەلە چواری زانکۆ بووم پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە کرد. هەر کە بڕوانامەی زانکۆم وەرگرت لە ڕێگەی چەتۆ حەوێزییەوە پەیوەندییم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد لە دۆڵەڕەقە. ئەوکاتە سواراغای عەباس ئاغا ئامر هەرێم و عەزیز بەگ

بەرپرسی لقی ١ بوو، پاش ماوەیەک چوومە سەرکردایەتی بۆ لای جەمالی حەکیم ئاغا، دواتر بە بڕیاری مەکتەب سیاسی بووم بە ئەندامی دەزگای دارایی کە مامۆستا عەلی حەویز بەرپرسی بوو، من و میرانی فوئاد مەستی و برایم جەلال ئەندامی دەزگاکە بووین. دوای ئەوە بووم بە فەرماندەی کەرتی چواری سکرتاریەتی بەڕێز مام جەلال لە توژەڵە.

ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٩٠ی باواجی کۆیەیان دامەزراند و من کرام بە فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپەکە. چالاکییەکانمان لە سنوری کۆیە و سماقوڵی بوو. ساڵی ١٩٨٣ شەڕی ناوخۆ لە دەشتی هەولێر و رۆژئاوای کۆیە دەستی پێکرد و ناوەڕاستی مانگی ٢ لە بەینی بەرەی جود و یەکێتی هودنەیەک کرا. لە سێ گردکان بە سەرپەرشتی مامۆستا عەلی حەوێز و گەڕاینەوە بۆ گوندی جەلی. دوابەدوای ئەوە چووینە کۆمیتەی سەرکردایەتی لە بالیسان ئەوکاتە د.کەمال خۆشناو سەرپەرشتی دەکرد. بەداخەوە هودنەکە زۆری نەخایاند و لە ١٩٨٣/٤/٢٧ لە مەلەکان تووشی شەڕێکی نابەرابەر بووین کە بە ویستی خۆمان نەبوو.

لەو شەڕەدا دوو شەهیدمان دا، شیروان مەحمود فەقێ کۆیی جێگرم و نامیق ناسراو بە پێشڕەو. منیش بە سەختی بریندار بووم و هەردوو چاوم لە دەست دا. پێشمەرگە شەهیدەکانیان برد و پاشەکشەیان کرد و منیان بەتەنها جێهێشتبوو

لەناو سۆشیالیست هەندێک برادەری خۆم هەبوون (رەسوڵ و جەمال کۆیی) منیان بردبووە ناو دۆڵی مەلەکان. ئیتر من بێهۆش کەوتبووم. دەمەوئێوارەی رۆژی دووەم گوێم لە دەنگەدەنگ بوو، بانگی هاوڕێکانم کرد، دارا، نەبەز کەس جوابی نەبوو. دەنگە دەنگەکە دەنگی چەکدارانی بەرەی جود بوون و منیان بە وڵاخێک ناردە گوندی شێری کە ئێمە وەک یەکێتی تەنها ئەو شوێنەمان بەدەستەوە مابوو. بۆ رۆژی دواتر ماڵی خۆمان کە هەواڵەکەیان پێ گەیشتبوو، گەیشتنە لام.



**لەپێشەوە: دڵزار بەکر، مامۆستا عەزیز، میران فوئاد مەستی.**

لە ڕێگەی ئاکۆی عەباساغاوە من نێردرام بۆ خەستەخانەی عەسکەری ڕانیە و لەوێوە بە دوو سەیارەی عەسکەرییەوە منیان بردە خەستەخانەی عەسکەریی کەرکوک. بەو برینداریی و وەزعەوە سێ ڕۆژ سجنیان کردم.

دوای ئەوە باوکم چوو بۆ بەغدا و ئەوکاتە وەزیری تەندروستی خەیروڵڵا تولفاح بوو، باوکیشم پلەکەی عەقید بوو و هەردووکیشیان لە کۆلێجی سەربازی پێکەوە بوون. لەسەر بڕیاری وەزیر، منیان بردە خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر. هێشتا هیچ تەداوییەک نەکراوم. لەوێ دکتۆر عەبدولمەجید هەولێری پسپۆڕی چاو بوو، چاوە دەرهاتووەکەی بۆ کردمە ناوەوە و من دەستیشم شکابوو دکتۆر سەدرەدین هەولێری عەمەلیاتی دەستی بۆ کردم و لەشیشم

پارچەی بەرکەوتبوو، سێ هەفتە لە خەستەخانە مامەوە و لەو ماوەیەداماڵی خۆمان و خزم و دۆست سەردانیان ئەکردم.

که هاتمە دەرەوە چووم بۆ ماڵی خوشکەکەم (ماڵی جەمیل سەبری). دوای ماوەیەک باوکم منی برد بۆ ماڵی خوشکێکی ترم لە بەغدا و ئەوان بردیانم بۆ خەستەخانەی ئیبن هەیسەم. لەوێ لیجنەیەکی پزیشکیی لێ بوو کە سێ دکتۆر بوون: دکتۆر محەمەد ماشطە و دکتۆر فائیز تەبونی و دکتۆر ئیدوارد شاشە.

بە راپۆرتی ئەوان ئەتوانرا بۆ چارەسەر بمنێرن بۆ دەرەوەی وڵات. رۆژێک لیجنەکە منیان نارد بۆ خەستەخانەی یەرموک بۆ فەحسی چاوم و بردیانم و بە پلیکانەیەکدا منیان بردە خوارەوە. لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵیان خستم و بە چوار کەس دەست و قاچیان گرتم. دکتۆرەیەکی ژن دەرزییەکی لە چاوی راستم دا (ئەو چاوەم کە دکتۆرەکان وتبوویان ئومێدی چاکبوونەوەی هەیە). ئێستاش شوێنی دەرزییەکە وەک پێم ئەڵێن دیارە. مانگێک لەو خەستەخانەیە مامەوە و دواتر وەک بیستمان ئەو ژنە دکتۆرەیە دەرزیی کوێر کردنی چاومی لێ دابووم. سستەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانی لێ بوو. ئەو زۆر هاوکاریی دەکردم. هەر لەو خەستەخانەیە کێشایانم وتیان ٣٥ کیلۆ وەزنت دابەزیوە.

دوای مانگەکە لەگەڵ باوکم گەڕاینەوە و چووینەوە هەولێر بۆ ماڵی خوشکەکەم. پێش ئەوەی ئیعلانی مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤ بکرێت، پیاوێک هاتە ماڵی خوشکەکەم و نامەیەکی بەڕێز مام جەلالی بۆ هێنابووم، کە تیا نوسیبوو بەمزوانە خەبەری خۆش دەبیستیت و خۆت ئامادە بکە ئەتنێرم بۆ چارەسەر بۆ دەرەوەی وڵات. کاتی مفاوەزات هەموو برادەرانی سەرکردایەتی سەریان ئەدام. پاسپۆرت و معامەلاتیان بۆ خۆم و باوکم ئامادە کرد و لەگەڵ دوو بریندراری تردا (مولازم خولەی سەرتیپ، ئەو پارچەی قەنناس بەر پشتی کەوتبوو تووشی شەلەل بووبوو، لەسەر کورسی بوو، دووەمیان سالاری شێخ

جەلال بوو، گولله بەر سنگی کەوتبوو). ناردیانین بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ ئەڵمانیا چووینە بەرلین و لەوێ دکتۆر کەمال فوئاد کە ئەوکاتە نوێنەری یەکێتی بوو لە ئەڵمانیا، لە مەتار پێشوازیی لێ کردین. لە خەستەخانەکە عەمەلیاتیان بۆ سالاری شێخ جەلال بە سەرکەوتوویی کرد و گەڕایەوە.

لە بەرلین بردیانمە نەخۆشخانە و کە فەحسی چاویان کردم وتیان چاوی راستت بە عەمدی کوێر کراوە و چارەسەری نیە. گەڕاینەوە و دوای ئەوە بۆ خۆمان چووینە نەمسا و ماوەیەک لە ماڵی بەختیاری مام سادقی خزممان بووین و بردیانم بۆ خەستەخانە و لەوێش هەمان وەڵامم وەرگرتەوە کە چاوم عیلاجی نیە. باوکم دڵی ئاوی نەخواردەوە و چووینە بەلجیکا بۆ ماڵی دکتۆر سەربەستی ناسیاومان و ئەو مەوعیدی دکتۆری پسپۆڕی چاوی بۆ وەرگرتم بەڵام بەداخەوە لەوێش عیلاجی نەبوو. دوای ئەوەش دکتۆر سەربەست منی بردە هۆڵەندا بۆ ماڵی کاک شازاد سائیب و مانگێکیش لەوێ ماینەوە و کاک شازاد و سەرگوڵ خان خزمەتێکی زۆریان کردم. لەو ماوانەی کە لە دەرەوە بووم خزم و کەسوکار جوابیان بۆ ئەناردم ئیقامەی وڵاتێکی ئەورووپی وەربگرم و نەگەڕێمەوە بۆ عێراق، بەڵام جوابەکەی من ئەوە بوو کە من لەسەر سیقەی یەکێتی هاتووم و نامەوێت ئەو متمانەیە بدۆڕێنم.

لە هۆڵەنداش کاک شازاد سائیب منی بردە خەستەخانە و لەوێش هەمان جوابم وەرگرت. کاک شازاد بردینیە بازاڕێک کەلوپەلی تایبەت بە نابینایانی بۆ کڕیم، کە سەعاتێکی دەستی و حاسیبەیەکی بەدەنگ بوو لەگەڵ گۆچانێکی دەستی کە پێیان وتم ڕەنگەکەی سپییە.

مانگی ١٩٨٤/٤ گەڕاینەوە کوردستان و چوومەوە کۆیە بۆ ماڵی باوکم و پاش ماوەیەک بووم بە مامۆستا لە پەیمانگەی نابینایانی هەولێر و پەیوەندیشم لەگەڵ مەڵبەندی سێ لە سماقوڵی نەپچڕاند. دوای ئەوەی مەڵبەندی سێ لە سماقوڵی گواستیانەوە بۆ قاسمەڕەش من بە نامە پەیوەندییم پێوە ئەکردن.

دوای راپەڕین کرام بە بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر

لە ساڵی ١٩٩٥دا دکتۆر فەیسەڵی عەزیز ئاغای دزەیی برادەرم لە ئیسپانیا بوو. ڤیزەی بۆ وەرگرتم و هێرۆخانیش پاسپۆرتێکی دامێ و هەر خۆم بەتەنیا چووم بۆ ئیسپانیا و نزیکەی مانگێک لەوێ مامەوە و لەوێش دکتۆر فەیسەڵ منی بردە لای دکتۆر و چارەسەرم نەبوو. چووینە ماڵی خوشکم بۆ سوید و لەوێ داوای لجوئم کرد و ئیقامەم بۆ دەرچوو. لە سوید بووم بە کارگێڕی کۆمیتەی سوید و بەرپرسی ڕاگەیاندن و وتەبێژی فەرمی یەکێتی و بەڕێوەبەری بەشی ئیزاعەی کوردی کە هەفتانەی دوو سەعاتمان درابوویە.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٠ وەزعمان لە کۆیە باش نەبوو، پێشمەرگە دێرینەکان پەیتا پەیتا جوابیان بۆ ئەناردم وەرەوە و خەڵک تۆی خۆشئەوێت و ڕێزت لێ ئەگرن. منیش بە یەکجاریی گەڕامەوە و کرام بە جێگری مەڵبەندی کۆیە و تا ئێستاش بەردەوامم لە خزمەت و خێزانم پێکەوە ناوە و خزمی خۆمانە و سوپاسی هەموو کەسوکار و هەڤاڵ و هاوڕێیان دەکەم کە هاوکارم بوون. تا ئێستا بستێک زەویم وەرنەگرتووە و هیچ مووچەیەکیشم نیە.



**دڵزار مەجید حەمە سادق**

سێ شەممە ٢٠٢٥/٢/١٨

کاک دڵزار، برای شەهید فەیسەڵە، کە لە ١٩٩١/٣/١٩\١٨ لە هەیبەت سوڵتان شەهید بووە و کاک دڵزار ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی کانی بی/ کۆیە لەدایک بووە و ئاستی گوزەرانی ژیانیان مام ناوەند بووە و دەرچووی پۆلی سێی ناوەندەییە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨٠ مەلا قادر تەنزیمی کردم بۆ ریزەکانی کۆمەڵە.

سەرەتای ساڵی ١٩٨١ چومە مەکتەبی سیاسی لە ناوەزەنگ و پاش شەش مانگ گەڕامەوە.

١٩٨١/١١/٢٧ چومە کەرتی رێکخستی تیپی کۆیە کە مامۆستا باپیر مەسئولی بوو دواتر چومە کەرتی ٣ی تیپەکە لای شەماڵی باخ. من ئەوکاتە تەمەنم تەنها شانزە ساڵ بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و ناسراو بووین وەریان گرتم.

١٩٨٧/٤/٢٠ له هجومی دووەمی حکومەت له داستانی رزگاری دا من حەرەس بووم و تۆپ باران دەستی پێ کرد و سەعات یەک و نیوی شەو رامکردە لای کاک فەخرەدینی ئامر کەرت و وتم چی بکەین؟ ئەو هێزەکەی تەوزیع کرد و هات بۆلام و وتی برۆ بۆ سەنگەری ناو ئەو دۆڵە دوو پێشمەرگەی لێیە خەلیل چاوڕەش و ئەسوەدی حاجی مەلا، کە چوم سەنگەرەکە بچوک بوو، شوێنم نەبوو، تۆپ بارانەکە بە رەتڵ بوو، هێشتا بە پێوە بووم پارچە لەبن ئەژنۆمی دا، ئامانج دوکانی و ستار کانی هەنجیری پاش ئەوەی بە جەمەدانیەکەم قاچیان بەستم بە پشتێنەکەم بەناو بەفرەکەدا رایانکێشام، گەیشتینە شوێنێک کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمانی لێ بوو (مامە قالە سارتکەیی و بەهرامی حاجی رەفیق و مام سیامەند تیمارۆکی و وشیار زاهیر) بردیانمە ئەشکەوتێک دکتۆر هیمداد مام قلینجی لێ بوو. ئەو تەداوی زامەکەی بۆ کردم، کە منیان برد مامۆستا شۆڕش حاجی و مامۆستا بەکر لە ئەشکەوتەکەدا بوون، دوای ئەوە بردیانم بۆ خەستەخانەی حیزبی دیموکرات لە گەورەدێ دکتۆری فەرەنسی لێ بوو. ئەو منی بەنج کردبوو، قاچم ببڕنەوە، تەیارەی عێراق بە خەستی تۆپ بارانی گەورە دێی کرد و ئەوان منیان بەجێ هێشتبوو، کە بەهۆش هاتمەوە ئەردەڵان حەسۆی خاڵۆزامم بە سەرەوە بوو، وتی تەبەڵەیان داوەمەتێ ئیمزای بکەم قاچت ببڕنەوە و ئێستا رایانکردووە من ئیمزام نەکردووە و تۆش ئیمزای مەکە



**شەهید فەیسەڵ مەجید (برای دڵزار مەجید)**

و دەتبەم بۆ خەستەخانەی سەرگەڵو ئەردەڵان چووە ولاخلوو بۆلای کاک کۆسرەت و سەیارەیەکی هێناو منی برد بۆ سەرگەڵو. شەوێ لە سەرگەڵو دکتۆر خالیدی تیپی ٢١ی کەرکوک و دکتۆر هیوای خەڵکی دهۆک لەوێ بوون و دکتۆر هیوا عەمەلیاتەکەی بۆ کردم و پارچەکەی قاچمیان بۆدەرهێنام، پەنجا و هەشت رۆژ لە خەستەخانەکە بووم، مەسئولی کەرتەکەم هەر جارەی پێشمەرگەیەکی دەنارده لام ئاگای لێم بێت. خەستەخانەکە برینداریکی زۆری لێ بوو. کاک فەخرەدینی ئامرکەرت هات و وتی دڵزار وەزعت باش نییە و سەرکردایەتی بڕیاری داوە بریندارەکانی بنێرێتە ئێران و تۆش دەنێرین. دوای ئەوە ئێمەی برینداریان رەوانەی سەردەشت کرد و لەوێوە بۆ کرماشان و پاشان ناردیانین بۆ خەستەخانەی رەشت، دوای ئەوەی پێنج مانگ لەو خەستەخانەیە مامەوە. هاتمە گوندی کانی بی و ئەنفال دەستی پێکرد، من چونکە قاچم نەبوو نەمتوانی دەرچم و کەوتمە سنوری کەرکوک. کە راپەڕین دەستی پێکرد من لە چوارقورنە بووم و بوومەوە بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی ٧ی کۆیە، کە رابەری سەید برایم ئامر بەتالیۆن بوو. دواتر بووم بە عەمید لە کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندابووەکانی سەنگەر.



**دڵشاد شەریف محەمەد (دڵشاد باویانی)**

دووشەممە ٢٠٢٥/٢/١٧

کاک دڵشاد پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٥٨ لە کەرکوک لەدایکبووە و لە بنەڕەتدا خۆیان خەڵکی گوندی باویانی سەر بە شەقڵاوەن و ئەو کاتە باوکی لەسەر کوردایەتی لە شاری هەولێر زیندانی کراوە و دواتر نەفی شاری کەرکوک کراوە، و دەرچووی ئامادەییە و ئەڵێت:

من مانگی ١٩٧٨/١ لە ڕێی کادرێکی کۆمەڵەوە لە هیران و نازەنین پەیوەندیم بە ریزەکانی کۆمەڵەوە کرد و کار و چالاکیی زۆرم دەکرد و پاش ماوەیەک کەشف بووم و ناچار بە موختەفیتی مامەوە تا مانگی ١٩٨١/١ و دواتر چوومە قاسمەڕەش بۆ هەرێمی ٧ی باڵەک، کە هەرێمەکان بوون بە تیپ، چوومە کەرتی ٢ی تیپی ١٢ی سۆران کە حەسەن کوێستانی سەرتیپی بوو، مقەڕەکەمان لە گەرەوانی خواروو بوو.

ئەو ساڵە چالاکییەکانمان پارتیزانی بوو، مەفرەزەشمان ئەکرد بۆ سنوری ڕەواندز و خەلیفان و دەشتی هەریر و بەشداریی شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆشم کردووە.

حزبی شیوعی دوو کادری ئێمەی لە دۆڵی خەلەکان شەهید کرد (شەماڵی باخ و سەرباز)، لە تۆڵەی ئەواندا ١٩٨٣/٥/١ یەکێتی پەلاماری قرناقا و پشتئاشانی دا کە مقەڕەکەیانی لێ بوو. بۆ ئەم شەڕە زوربەی تیپەکانی یەکێتی بەشداربوون بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان و لە سەعات ٧ی بەیانییەوە تا سەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ ناوچەکە پاککرایەوە. و هەر لە سەرەتای هاوینی ئەو ساڵەدا سەرکردایەتیی یەکێتی بە بەشداریی تیپەکانی پەلاماری بێتواتەی دا و بە تەواوەتی پاک کرایەوە و مقەڕی لێ دانا.

لە ١٧ی تەموزی ١٩٨٣دا ئێمە وەکو کەرتی ٢ی ت١٢ی سۆران کە ئامر کەرتەکەمان سەعیدی حەمەزیاد بوو لە باویان بووین و سەعات ١٢:٣٠ی دوای نیوەڕۆ حکومەت بە هێزی زەمینی و ئاسمانییەوە هجومی کردە سەر باویان و تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو. لەو شەڕەدا ئێمە سەرکەوتنمان بەدەستهێنا و دوژمن ٥٠ مەیتی لە مەیدانی شەڕ بەجێما و بە تەیارەش چەند خانوویەکیان رووخاند و ئافرەتێکی خەڵکی گوندەکە شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزات بوو، ئێمە لە یادی نەورۆزدا لە گوندی ئاکۆیان شانۆگەریی (ئاغای چەوسێنەر) و دواتر (سێ شەو لەزیندانی فاشییەکان)مان کرد

ساڵی ١٩٨٥ بە بەشداریی تیپەکانی ٥٣ی شێروانە و ٥١ی گەرمیان و ٢١ی کەرکوک و تیپی ١٢ی سۆران، کە من جێگری کەرتی ٢ی تیپەکە بووم پەلاماری فەوجێکمان دا لە دۆڵی ئاکۆیان و دەستمان بەسەر مقەڕ فەوج و ڕەبایەکاندا گرت و عیتاد و مەشجەبی فەوجەکەمان برد بۆ گەرەوان و دەوروبەری و حەفتا دیلمان گرت. ئەم شەڕە بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان بوو، شێخ جەعفەریش وەکو مەسئولی عەسکەری بوو.

ساڵی ١٩٨٥ گوازرامەوە بۆ تیپی تایبەتی مەڵبەند و لەوێ پلەکەم کرا بە ئامر کەرتی تیپی تایبەت.

بەشدارییم لە شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی و قەیوان - ماوەتدا کردووە.

ساڵی ١٩٨٦ دیسان بەشداریی شەڕەکانی بەرگریمان کرد لە سەرکردایەتی و دۆڵی سماقوڵی و ساڵی ١٩٨٧ چووینەوە سەرکردایەتی و بەشداریی شەڕەکانی دۆڵی خانەقا و جەبهەکانی سەرکردایەتیمان کرد. ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال هات، ئێمە لە مەرگە بووین و بەفرێکی زۆر کەوتبوو و مقەڕمان لە خەتێ بوو. حەسەن کوێستانی بەدوایدا ناردم و چووم وتی بەیانی حازر بن لەگەڵ کەرتێکی ت٧٤ی باڵەک کە عەبدوڵا سمایل وەرتی ئامر کەرتێتی ئەتاننێرم بۆ سەرکردایەتی.

وەزعی خێزانم زۆر خراپ بوو، خەریکی منداڵبوون بوو. ئێمە ماڵمان لە خەتێ بوو. خێزانم بەو وەزعەوە بەجێهێشت و چووینە مقەڕی مەڵبەند. لە گوندی توتمەی دۆڵی بالیسان چەند خەبیرێکی چینی گیرابوون و بە ئەمانەت تەسلیمیان کردین لەگەڵ عەبدوڵا سمایل وەرتی و چەند پێشمەرگەیەکدا بردمانن بۆ سەرکردایەتی و پێیان وتین ئێوە لە مەرگە بمێننەوە.

گەڕاینەوە مەرگە و لەوێ جەبهەمان دانا بەرامبەر جەیش و جاشی عێراق. عێراق هەرچی قووەتی خۆی هەبوو هێنابووی لە چیای قەرەسەرد و رانیەوە هاتە ناو بنگرد کە موعەسکەرێکی گەورەی لێ بوو. بۆ ئەو شەڕە ئێمە واجیبمان لەسەر گەورەقەڵا درایە.

شەڕی یەکەم لە سەعات ٥ی بەیانییەوە دەستی پێکرد و ژمارەی پێشمەرگەکانم کەم بوون، ئارام و رەوەند (شەهید) و کەنعان و نەبەز و ئاسۆ عومەر نەبی و ئیدریس و عومەر کانی هەنجیرەیی کە لە تیپی مەرگە بوو چاوساغمان بوو. لەو رۆژەدا رژێم پێنج جار هێرشی کرد و هەر پێنج جارەکە



**دڵشاد باویانی و منداڵەکانی لە گەرەوان، کە دەستی بریندار بووە و ماڵیان لەوێ بووە.**

شکستی هێنا و ئێمەیان بە دوو کەرتی تر بەدل کرد و دوای ئەوە حکومەت گەورەقەڵای گرت.

بۆ بەیانی دیسان رژێم هجومی کردەوە و ئێمە سەحبمان کرد بۆ ئاوەژێ، رژێم بۆ سبەی بەیانی هجومی کردەوە بۆ ئاوەژێ و تا نیوەڕۆ توانی ئاوەژێ بگرێ و ئێمە سەحبمان کرد بۆ کانی توو. رژێم نەوەستا و هێرشی هێنا بۆ کانی توو. بەرەو ئێران رۆیشتین و بووین بە دوو بەش و من بەشێکیانم برد بۆ مەنتیقەی خوڕخڕە و یاخیان و دووبارە لەوێ جەبهەمان بە سەرپەرشتی عەلی بچکۆل دانا. کاک عەلی زۆر نەمایەوە و هەڵۆی ئەحمەد کوردە هاتە شوێنی و توانیمان چەندین لاشە بە دوژمن لە مەیدان جێ بهێڵین و ٥٠ جوندی دیل بکەین. بۆ ئەم شەڕە چەندین تیپی یەکێتی بەشدارییان کرد.

دوای ئەوە بڕیاری سەحب کردنیان دا.

ئێمە لە خوڕخوڕە و یاخیان دانراین بۆ بەرگری کردن لە سەرکردایەتی تا بە سەرچیای کەڕکەڕدا سەرکەون و دوا هێز ئێمە بووین کە سەحب بکەین و چووینە لای کاک کۆسرەت لە کەڕکەڕ و دواتر بەرەو مەروێ ڕۆیشتین و بەداخەوە لەو شەڕانەدا چەندین شەهید و بریندارمان دا.

من لەو چالاکییانەدا چەندین جار بریندار بووم:

- ١٩٨٥ جێگر کەرت بووم و لە شەڕی گەرەوان فیشەک بەر سەرو دەستم کەوت.



**لەڕاستەوە: ئاسۆ شەریف محەمەد، زیاد شەریف محەمەد، محەمەد مەحمود، خالید ساڵح، دڵشاد شەریف محەمەد، ئارام، تەحسین حسێن (کەنعان).**

**دڵشاد باویانی لە گەرەوان لە شەڕی بەرگری مەڵبەندی سێ ساڵی ١٩٨٨، کە جێگری تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ بووە بریندار بووە.**

- ١٩٨٦ ئامر كەرت بووم و لە بەنی هەریر دوو فیشەک بەر ران و تەنیشتم کەوت.

- ١٩٨٨ جێگری تیپ بووم و لە زیخی گەرەوان فیشەک دای لە سەرو قاچم

- ١٩٩١/٣/١١ لە هەولێر سنگم بە سەختی بریندار بوو.

- ١٩٩١/٤/١١ لە شەڕە گەورەکەی دەربەندی کۆڕێ کە خۆم سەرپەرشتیم ئەکرد فیشەک دای لە چەناگەم و سەر و دەست و قاچیشم پارچەیان بەرکەوت

١٩٩٤ لە شەڕی ناوخۆدا لە زینەتیر (دۆڵی بالیسان) قۆڵی راستم بریندار بوو. بردیانم بۆ سلێمانی. بڕیار درا قۆڵم ببڕنەوە و دواتر لە ڕێگەی بەڕێزان کاک مولازم عومەر و شالاوی عەلی عەسکەری و شۆڕش ئیسماعیلەوە رەوانەی لای دکتۆر وەرزێریان کردم و ئەو نەیهێشت قۆڵم ببڕدرێتەوە و عەمەلیاتی بۆ کردم.

- ١٩٩٥ لە هەورازە نەفتە لە شەڕی ناوخۆدا بریندار بووم.

- ١٩٩٦ لە کانی وەتمان لە شەڕی ناوخۆدا فیشەک دای لە ملم و لای راستی بن پشتێنم. ئێستاش پارچەکە لە ملمدایە و دکتۆرەکان نەیانتوانی بۆم دەربهێنن.

دوای ئەوە بوومەتە سەرلەشکری تایبەتی کاک کۆسرەت و دەرچووی کۆلێجی سەربازیی قەڵاچوالانم و دەورەی ئەساسی و دەورەی تەرقیەم تەواو کردووە و بوومەتە جێگری فەرماندەیی تا ساڵی ٢٠٠٠ بەردەوام بووم و ساڵی ٢٠٠٠ خانەنشین کرام و ئێستا ئەندام مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەرانم. پلەکەم لیوایە.



هەڤاڵ مام جەل، شەریف باویانی (باوکی دڵشاد باویانی، کە لە ساڵی ١٩٦١-ەوە پێشمەرگە بووە).



دڵشاد باویانی، هەڤاڵ مام جەل.





دڵشاد شەریف محەمەد، شانۆگەری سێ شەو لە زیندانی فاشیەکان، ساڵی ١٩٨٤.



## ڕەسوڵ عەبدوڵا عەلی عەبدوڵا (کۆچەر)

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/٩

کاک ڕەسوڵ ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە و چوار سەرخێزانن و باری گوزەرانیان باش نەبووە و دەرچووی قۆناغی ناوەندییە و ئەڵێت:

هێشتا خوێندکاری پۆلی سێی ناوەندی بووین، هەمزە عەزیزی هاوماڵمان منی ڕێک خست بۆ ڕیزەکانی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان و هەموو چالاکییەکی نهێنی ئەو سەردەمان پێکەوە کردووە و ناوە نهێنییەکەم کۆچەر بوو.

من لە ئامادەیی پیشەسازیی هەولێر وەرگیرام و تێکەڵاوی برادەرانی ئامادەییەکە بووم و حەمەدەمین ئەحمەد لە ڕێکخستندا بوو، پاش ئەوەی متمانەم پێ کرد وتم ئەمەوێت بچمە دەرەوە. بە سەیارەی خۆیان منی برد

بۆ گوندی گۆمەشین. لەوێوە منیان نارد بۆ گوندی قزلو، ئینجا پەیوەندیم بە هەرێمی دووی کەرکوکەوە کرد کە ئەنوەر حەسەن ئامر هەرێم بوو، غەریب عەسکەری جێگری بوو. عەلی ساڵحیش (نەورۆزی ١٩٨٢ لە مەرخواردەی بناری خاڵخاڵان شەهید بوو) فەرماندەی کەرت بوو.

ئەوکاتە چالاکییەکان بریتی بوون لە روونکردنەوەی رێبازی شۆڕش بۆ خەڵکی دێهاتەکان و هاندانیان بۆ پەیوەندی کردن بە شۆڕشەوە. شەوان دەچووینە گوندەکان و بەیانیان زوو خواردنیان بۆ ئەپێچاینەوە و خۆمان لە هەردە و بنارەکاندا حەشار ئەدا.

ساڵی ١٩٨٣ ساڵێکی زۆر ناخۆش بوو چونکە گەرمەی شەڕی براکوژی بوو لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی جود (پارتی و شیوعی و پاسۆک و سۆشیالیست). ئێمە وەک یەکێتی ناچار کراین بەرگری لە خۆمان بکەین.

لێرە و لەوێ هێزەکانی بەرەی جود زۆر گەورە بوون. سۆشیالیست هێزی چەکداری زۆر بوو، هێزەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە شەڕی عێراقەوە زۆر ماندوو بوو. ئەرکی سەرەکیی ئێمە کە پێیان راگەیاندبووین شەڕی بەرگری کردن بوو لە خۆمان و ئەبوایە خۆمان لە شەڕی ناوخۆ لابدەین بەڵام لە چەند ناوچەیەک چەندین کادری یەکێتییان شەهید کرد.

حیزبی شیوعی شەماڵی باخ و سەرباز ئەحمەد کۆیی و کامەران کاکەڕەش و سەعدی گەرمکیان لە باداوان شەهید کرد. دوای ئەوە پەلاماری هێزەکانی یەکێتیان لە ١٩٨٣/٤/٢٧ لە سنوری دۆڵی بالیسان دا و چەند فەرماندەیەکی قارەمانیان لێ شەهید کردین لەوانە ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت و شیروان مەحمودی کۆیی جێگری و چەندین پێشمەرگەی تر شەهید کران و چەندین بریندارى تریشمان هەبوو لەوانە دڵزار کۆیی کە هەردوو چاوی لەدەست دا.

یەکێتی بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان مستەفا لە ١٩٨٣/٥/١دا هێزێکی

نارد بۆ قرناقا و پشتئاشان و لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت. من لەو شەڕەدا بەشدار بووم.

دوای ئەو شەڕە هێزەکانی بەرەی جود هەڵاتن بۆ ئێران و ئێمەش بەرەو زارگەلی و دەرگەڵە و دۆڵی خانەقا چووین. هێزەکانی بەرەی جود بەرزایی شاخەکانی هەندرێنیان بەدەست بوو بەتایبەتی زینۆی سەلان، ئێمە لە گوندی دەرگەڵەوە چووین لەوێش راونران. ئینجا دێ بە دێ بەرەو گەرەوانی سەروو و خواروو، ئاکۆیان و فەقێیان رۆیشتین و دەستمان گرت بەسەر ئەو مەنتیقەیەدا و ئینجا بەرەو دۆڵی مەلەکان و لەوێشەوە بەرەو گوندی ئالانە و دۆڵی بالیسان پێشڕەویمان کرد. دوای گرتنی ناوچەکانی سەرکردایەتیی بەرەی جود، ئەوان شپرزە بوون و سەریان لێ شێوا و بەرەو مەنتیقەی بەرانەتی و سەرکەند رۆیشتن و بەشێکیان تەسلیم بوونەوە و باقییان کەوتنە شەڕی پارتیزانی.



ڕەسوڵ عەبدوڵڵا عەلی

هێزەکەمان بەرەو دۆڵی هیران و نازەنین چووین و لەوێوە بۆ دۆڵی سماقوڵی. لە سماقوڵی هێزەکەمان کرا بە دوو بەش: بەشی یەکەم بە قیادەی شێخ جەعفەر بەرەو دەشتی هەولێر رۆیشتن و بەشی دووەم بە قیادەی کاک جەبار فەرمان بەرەو دەشتی کۆیە رۆیشتین. لەوێ هێزێکی سۆشیالیستی لێ بوو کە فەرماندەکەیان سدیقی کوێخا تەهای کانی کوردەی کۆیە بوو. ئەو

هێزەیان بەشێکیان دانیشتن و هەندێکیان تەسلیم بوونەوە و هەندێکیشیان هاتنە ناو ریزەکانی یەکێتییەوە.

مانگی ٨٣/٦ کەوتینە ئیسراحەت چونکە زۆر ماندوو بووبووین. مانگی ٧ ئاگاداریان کردین کە بەرەی جود لە باڵەکایەتی جموجوڵیان هەیە. دیسان بەرەو خۆشناوەتی بەڕێ کەوتین. زانیارییان پێداین بەرەی جود بە هاوکاریی پاسدار هاتوونەتە قەندیل و دۆڵی کرمەسووران و باڵەکایەتی.

بەرەبەیانی ١٢ لەسەر ١٩٨٣/٨/١٣ لە گوندەکانی ئینزێ و لێوژێ ڕێمان لە پێشڕەویی ئەوان گرت. لەو شەڕەدا زوربەی تیپەکانی یەکێتی بەشدار بوون. ١٩٨٣/٨/١٣ شەڕەکە دەستی پێکرد و یەکێتی سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا و هێزەکانی بەرەی جود بەرەو سنورەکانی ئێران کشانەوە. ئێمەش شەهید و برینداری زۆرمان هەبوو لەوانە حاجی، برای حەسەن کوێستانی و نازمی حەمەی سلێمان کە بڕیار بوو ببێتە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش.

کۆتایی مانگی ٩ و سەرەتای مانگی ١٠ هێزەکان ڕێک خرانەوە و وتیان حکومەتی عێراق دەیەوێت هێزەکانی یەکێتی لە دۆڵی بالیسان دەربکات و دانیشتوانی ناوچەکەش بکاتە چەکدار. سەرەتا هەندێک بەرگریمان کرد و دواتر شکاین.

شەوی ١٦ لەسەر ١٩٨٣/١٠/١٧ بەرەو چیای هەوری کشاینەوە و بۆ سبەینێ کۆپتەر هاتە سەرمان و شەڕ دروست بوو. بەکر بانە گوڵانی فەرمانەدەی مەفرەزەی ت٩٣ی کۆیە شەهید بوو.

یەکێتی هێزەکانی کۆکردەوە و دوای چەند ڕۆژێک نەخشەی گرتنی ناحیەی بێتواتە دانرا، لە چەند قۆڵێکەوە پەلامارمان دا و ناحیەکەمان کەوتە دەست و پاراستمان. دوای ئەوە حکومەتی عێراق داوای مفاوەزاتی لە یەکێتی کرد.

ئێمە لە سەرەتای مانگی ١٩٨٣/١٢دا گەڕاینەوە سنورەکانی خۆمان.ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزات بوو، کارەکانمان جەولە کردن و کۆبوونەوە کردن بوو لەناو

دێهاتەکاندا. ساڵی ١٩٨٥ ساڵێکی پڕ لە کێشە بوو. لە ١٩٨٥/١/٢٥ دا مامەڕیشە و هاوڕێکانی شەهید کران. یەکێتی ١٩٨٥/٢/١٤ بە داستانی دابان - هەلاج بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا. ئەرکی ئێمە وەک تیپەکانی ٩٣ و ٩٩ بۆ گوندەکانی دۆڵی خەلەکان (لە باداواوە بۆ کانی مازوو) دیاری کرا و لەوێ دامەزرێنراین بۆ ئەوەی رێ لە فیرقەی ٢٤ی چوارقوڕنە بگرین کە بەرەو پێش بێت.

ئەرکی کەرتەکەی ئێمە لە گوندی باقلان بوو. بەیانییەکەی قافڵەکە هات و ویستی بەرەو شەڕگەکە بڕوات. لە راستی گوندەکانی باداوان و باقلان و کانی وەتمان شەڕ تا ئێوارە گەرم بوو. زەرەری زۆرمان لە هێزەکەی رژێم دا و ژمارەیەک پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون و بریندداریشمان هەبوو. بەڵام خۆشبەختانە رێگەمان نەدا هیچ هێزێک بە هانای هێزە تێک شکاوەکەی رژێمەوە بچێت.

من و دوو برادەری تر لە ژوورێکی بچوکدا بووین بە نۆرە شەڕمان ئەکرد، ئارپیجییەکیان لێ داین و هەندێک وردە پارچەمان بەرکەوت، بەڵام برینەکانمان سەخت نەبوون. ئەم شەڕە یەکەمین شەڕی دوای مفاوەزات بوو

دوای ئەوە گوازرامەوە بۆ تیپی ٢٥ی خاڵخالان تا ساڵی ١٩٨٧ لەوێ بووم. ئینجا جارێکی تر گوازرامەوە بۆ تیپی ٩٣ی کۆیە تا ئەنفالەکان لەو تیپە مامەوە

لە ئەنفالەکاندا چووین بۆ ئێران. لە ١٩٨٨/٦/١١ کاک نەوشیروان داوای جیهازەکەی تیپی ٩٣ی کۆیەی کرد. من و موشیری هاوڕێم بردمان بۆ سەرکردایەتی کە لە کوێستانەکانی گوێزێ بوو. زستانەکەی منیان کردە مەسئولی سجنەکەی مەلا بەختیار لە دۆڵە کۆگە و لە بەهاری ١٩٨٩دا کە مەلا بەختیاریان بردە نۆکان من کرامە رابەر سیاسی ت ٥٦ی گەڵاڵە و بارەگاکەمان لە گوندی گۆڕەشێر بوو. سەرتیپەکەمان سلێمانی عەلیاغای مەنگوڕ بوو (لە شەڕی ئیسلامییەکان ساڵی ١٩٩٣ لە مەنتیقەی قەڵادزێ شەهید کرا). دوای ئەوە گەڕاندمیانەوە بۆ تیپی ٩٣ هەر بە رابەر سیاسی و بارەگاکەمان لە

رەسوڵ عەبدوڵڵا و خێزانی لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر.





رەسوڵ عەبدوڵڵا و خێزانی لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر.

قوله هەرمێ بوو (نزیک قاسمەڕەش). دواتر کرام بە لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە تیپی ٧٣ی قەندیل کە سلێمانی عەلیاغا سەرتیپ و سەلاح دیلمانی جێگری بوو.

پاییزی ساڵی ١٩٨٩ نەقڵی تیپی قەندیل کرام وەکو لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە بەردەوام بووم تا ڕاپەڕین.

دوای ڕاپەڕین هەر لە سنوری کۆیە بووم و کرام بە سەرتیپی هێزی ٧ی کۆیە و دواتر بوومە ڕابەر سیاسیی هێزی ١٢ی تەقتەق. پاشان گوازرامەوە بۆ هێزەکانی سنور لە شەقڵاوە و جارێکی تر بوومەوە بە فەرماندەی تیپ لە لەشکری کۆیە تاکو ٣١ی ئاب. دوای ٣١ی ئاب کە هاتینەوە خوار کاری ڕێکخستنم پێ ڕاسپێردرا و کرام بە ڕابەر سیاسی هێز و دواتر بە جێگری ڕابەر سیاسیی فەرماندەیی لە سنوری کۆیە و دۆڵی سماقوڵی.

بەردەوام بووم لە ئەرکەکەم تاکو شەوی ٢٦ لەسەر ١٩٩٧/١٠/٢٧ ئەوکاتەی کە یەکێتی و پارتی لە شەڕی ناوخۆدا بوون. ئەو شەوە هێرشمان کرد بۆ چیاکەی پشتی دێگەڵە بۆ شاخی کەپوی سپی. پارتی زانی وەزعەکەی خراپە و لە قازانجی نیە تەیارەی تورکیای هێنایە سەر و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی لێ شەهید کردین. ئێمەش ١٢ کەس لەناو جیبێکدا بووین، قەسفەکە سەیارەکەی وەرگێڕاین. هەموومان بریندار بووین و برینەکەی من زۆر سەخت بوو. فەقەراتی ملم شکا و کاریگەریی خستە سەر حەبلی شەوکیم و ماوەی نۆ ساڵ و شەش مانگ دەست و قاچێکم لە کار کەوت و ١١ جار ناردمیانە خەستەخانەی بەغدا کە دکتۆر ئاری سامی عیلاجی دەکردم. دواتر لە ڕێگەی دکتۆر ڕەقیب سیناردڕییەوە لە ٢٠٠٦/٤/٢دا لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر دوو نەشتەرگەرییم بۆ کرا و ماوەی شەش سەعات لە ژێر نەشتەرگەرییدا بووم و لە حەوزی سمتم ئێسکی زیادەیان بۆ دەرهێنام و لە فەقەراتی ملمدا بۆیان دانامەوە.



**ڕەسوڵ عەبدوڵڵا، بەڕێز مام جەلال.**

دکتۆرەکان بەرلەنەشتەرگەرییەکە وتیان ئومێدی سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە لە٤٠٪ە. من هەر رازی بووم چونکە زۆری بێتاقەتی کردبووم. دوو هەفتە لە خەستەخانە مامەوە و ئینجا لە ریگەی خەستەخانەی شۆڕشەوە ناردیانم بۆ بەغدا. زوربەی برادەرانی مەسئولم دەهاتنە سەردانم. سەکینە عەبدولباقی خێزانم زۆر هاوکاری کردم چونکە خۆی معاون توببی بوو، شەو و رۆژ لەگەڵمدا بوو بێ ماندووبوون چاودێریی ئەکردم. عەمەلیاتەکانم ناجح بوون.

٢٠٠٨ کرام بە مەسئولی سەنتەری روناکبیریی پێشمەرگە لە کۆیە و دواتر کرامە مەسئولی سەنتەری روناکبیریی پێشمەرگە لە هەولێر و ساڵی ٢٠١١ کرامە کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگە و ٢٠١٥ بووم بە جێگری مەڵبەند و تاکو ئێستا بەردەوامم و مەسئولی ناوەندی رێکخستنی پێشمەرگەی موسڵ و بادینانم و پلەکەم عەمیدە.



**ڕەسوڵ عومەر لەتیف عەساف (وەستا ڕەسوڵ)**

یەکشەممە ٢٠٢٥/١/٢٦

کاک وەستا ڕەسوڵ ساڵی ١٩٦٣ لە کەرکوک لەدایکبووە و نۆ سەرخێزانن و ئاستی گوزەرانیان خوار مامناوەندی بووە و دەرچووی زانکۆی سلێمانی کۆلێجی علومی سیاسییە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندییم کرد بە ریزەکانی ڕێکخستنەوە لای مامۆستا قادری مەلا عومەری گۆمەتی (ساڵی ١٩٨١ لە بەغدا لە سێدارە درا). ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێی مستەفای سەید قادرەوە بووم بە پێشمەرگە لە سوپای رزگاریی کوردستان (سرک) کە خۆی سەرپەرشتیی دروستکردنی سرک-ی کردبوو. مەفرەزەکەم یەکێک بوو لەو مەفرەزانەی کە دەوری سەرەکیم لە دروستکردنی شانە چەکدارەکانی بروسکدا بینی. بەشداریی ئازادکردنی هەولێرم کردووە و بە ئیختیفا لەسەر بڕیاری کاک نەوشیروان چووینە کەرکوک و وتی: با شەهیدی ئەوەڵ و ئاخری کوردستان ئێوە بن و دەبێت

کەرکوک رزگار کەین و ئەگەر لەم یەک دوو ڕۆژەدا کەرکوک رزگار نەکەین کەرکوک هەرگیز کوردستانی نابێت.

ئێمە پێنج رەتڵ بووین کە چووینە کەرکوک. من فەرماندەی رەتڵێکیان بووم. دوای ئەوەی لە کەرکوک کشاینەوە کرام بە لێپرسراوی کۆمیتەی ئاوارەکانی کەرکوک لە سنوری رانیە.

ساڵی ١٩٩٣ بە فەرمانی جەنابی مام جەلال کرام بە فەرماندەی فەوجی ئاوارەکانی کەرکوک. یەکەم شەڕی داسەپێنراو لە ١٩٩٣/١٢/٢١دا بوو لەگەڵ ئیسلامییەکان. هەموو ناوچەکان گیران تەنها ناوچەکەی من نەبێت (ناوچەی ئاوارەکانی کەرکوک). شەڕی نەگریسی ناوخۆ دەستی پێکرد و من چەند جارێک بریندار بووم و دوای ئەوەی چوومە سلکی سەربازی پلەکانم بڕی. جێگری فەوج و ئامر فەوج و ئامر لیوا و جێگری میحوەر و دواتر بووم بە فەرماندەی میحوەری ٤ی باشووری کەرکوک لە شەڕی دژ بە داعشدا. بە پلەی حزبی گەیشتوومەتە پلەی کارگێڕی مەڵبەندی کەرکوک و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ دا بوومەتە جێگری مەڵبەندی کەرکوک و لە کۆنگرەی ٣ی ساڵی ٢٠١٠دا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرام و لە کۆنگرەکانی ٤ و ٥یشدا بە هەمان پلە سەرکەوتمەوە.

لێپرسراوێتیی مەڵبەندەکانی چەمچەماڵ و پێشمەرگەم لەئەستۆ گرتووە. لە بواری عەسکەرییدا ئێستا فەرماندەی هێزی یەدەکم و روتبەکەم لیوایە.

من شەش جار بریندار بووم.

جاری یەکەم لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لەکاتی کشانەوە لە کەرکوک بریندار بووم و برینەکەم زۆر قورس نەبوو. جاری دووەم ١٩٩٤/٥/٤ لە شەڕی هەیبەت سوڵتان دەستم بریندار بوو، روممانەش بە سەختی سنگمی بریندار کرد. جاری سێیەم لە ١٩٩٤/٨/٢١دا لەسەر رێگەی هەڵشۆ بە دوو گوللەی بیکەیسی بریندار بووم. جاری چوارەم لە بن شاخی هیرۆن لە دۆڵی

بالیسان بە گوللەی ئارپیجی قاچم بریندار بوو. جاری پێنجەم لە ١٩٩٥/١/٢٥ لەسەر کەپکی حەمەداغا بە پارچەی هاوەن پێکرام و بە سەختی بریندار بووم. جاری شەشەم شەوی ٣ لەسەر ٢٠٠١/١١/٤ لە شاخی تاوێرە بە تەقینەوەی لوغم قاچێکم لە دەستدا و قاچەکەی تریشم ٥٠٪ی ڕۆیشتووە کە ئەمەیان سەختترین برینداریيم بوو.

بۆ جاری یەکەمی برینداریيەکەم معاون توبییەک برینەکەی بۆ تەداوی کردم و بۆی پێچام. جاری دووەم شەڕی ناوخۆ هەبوو، ڕێگە نەبوو. چوومە خەستەخانەکەی حزبی دیموکرات لە کۆیە. لەوێ دوو سێ دکتۆر و تیمێکی فەرەنسی لێ بوو. کچە فەرەنسییەکە ناوی زوغە بوو. لەوێ ناویان نابوو زوهرە. عەمەلیاتیان بۆ کردم و خزمەتی باشیان کردم کە هەرگیز چاکەیانم لەیاد ناچێ و گەڕامەوە بۆ ڕانیە. جاری سێیەم لە ڕانیە عەمەلیاتێکی سەرکەوتوویان بۆ کردم. دکتۆر ڕەمەزان عەمەلیاتی پاش بەنج کردن بۆ کردم و وشیاری مەلا جەلالی معاون توبییشی لەگەڵ بوو. جاری چوارەم هەر لە وەحدەکەی خۆم کە من فەرماندەی فەوج بووم لە شاخی هیرۆن شەهید و بریندارمان زۆر بوو، بۆیە نەمتوانی بەجێیان بهێڵم و جەباری معاون توبی لای خۆمان عیلاجی کردم. جاری پێنجەم کە لە کەپکی حەمەداغا لێدرام هێنامیانە ڕانیە و لەوێ پارچەی هاوەنیان لە قاچ و سنگ و چەناگەمیان بۆ دەرهێنام. لە ڕانیەوە ناردیانمە سلێمانی و ئەشیعەی سنگیان بۆ گرتم و وتیان ئەو پارچەیەی لە سنگتا ماوە لەسەر دڵتە و دڵت لەلای ڕاستە و ناتوانین پارچەکەت بۆ دەربهێنین. تا ئێستاش پارچەکە لەسەر سنگم ماوەتەوە.

جاری شەشەم کە لە تاوێرە قاچم لە دەستدا برادەرەکانم بە کۆڵ بردیانم بۆ خەستەخانەی هەڵەبجە. دکتۆر محەمەدێکی لێ بوو فەحسی خوێنی بۆ کردم و وتی خوێنەکەت B+ە و ئێمە خوێنی تۆمان لای نیە و یان ئەمریت و یان دەرئەچیت و ئەتنێرین بۆ خەستەخانەی سلێمانی.





ڕەسوڵ عومەر لەتیف (وەستا ڕەسوڵ)، نەخۆشخانەی ئەڵمانیا.



رەسوڵ عومەر لەتیف (وەستا رەسوڵ)، نەخۆشخانەی ئەڵمانیا.







**ڕەسوڵ عومەر لەتیف (وەستا ڕەسوڵ)، نەخۆشخانەی ئەڵمانیا ٢٠١٧/٥.**

کوڕێکی گەنجی خەستەخانەکە وتی کارتۆنێک ئاوی موغەزیم بەنێ و لە چەند لایەکەوە کانیۆلای بۆ دانێن و ناهێڵم شەهید بێت و خۆشم بە ئیسعافەکە لەگەڵی دەڕۆم. ئەو کوڕە و دوو پێشمەرگەم هاتنە ناو ئیسعافەکەوە و زوو زوو بوتڵە موغەزییەکانیان ئەگوشی بۆ ئەوەی موغەزییەکە زوو بچێتە ناو لەشمەوە کە بە ڕەئی ئەو کوڕە ئەم موغەزییە بەدیلی خوێن بوو. بۆچوونەکەی ڕاست دەرچوو. گەیشتینە خەستەخانەی شۆڕش کە ئەوکاتە

لە گەڕەکی بەختیاری بوو. بیرم دێت تا گەیشتینە سلێمانی ئاخێکم نەکرد و لە ڕێگا سرودی (ڕێی خەبات)م بۆ ئەوتن بۆ بەرزکردنەوەی ورەیان. لەبەر خەستەخانەکەدا د.محەمەد خۆشناو و د.قەلەندەر و د.محەمەد ئەمین چاوەڕێیان ئەکردم و کاک ڕەفعەت عەبدوڵا و دلێری مامۆستا قادر و ستاری برای خێزانیشم لەوێ بوون. یەکسەر بردیانمە ژوورەوە و زەغتیان گرتم و زەغتم بووبوو بە سێ و خوێنیان تێ کردم و دوای ئەوە ئازارێکی زۆرم پەیدا کرد و بردیانمە ژووری عەمەلیات. کە هۆشم هاتەوە و بەنجەکە هێشتا بە تەواوی بەری نەدابووم بە دوو فرمێسکی کاک نەوشیروان چاوم هەڵهانی. وتم کاک نەوشیروان بۆ ئەگریت من زۆر باشم. ئەو بە بێدەنگی ڕۆیشت.

تا ئەو کاتە فرمێسک لە چاوم نەهاتبووە خوارەوە. کاک ڕەفعەت عەبدوڵا، نازەنینی خێزانمی بە شەرتی ئەوەی نەگری هێنایە ژوورەوە. کە نازەنینم بینی دوو فرمێسکم بە چاودا هاتە خوارەوە و داوام کرد قاچەکانم ببینم بزانم چیان لێ هاتووە. قەرەوێڵەکەیان بۆ بەرز کردمەوە. ئینجا زانیم قاچی چەپم بڕراوەتەوە و قاچی ڕاستیشم هەمووی پێچرابوو.

هەژدە جار عەمەلیاتیان کردم و برینەکانم سارێژ نەئەبوون. دکتۆرەکان ئەیانوت مەوادێکی غێر تەبیعی لە لوغمەکەدا هەبووە. چوار مانگ و بیست ڕۆژ لە خەستەخانە مامەوە و پاشان لەسەر فەرمانی جەنابی مام جەلال ناردیانم بۆ نەرویج. لەگەڵ دکتۆر بەرهەمدا ناردیانمە سوریا و عادل موراد لەوێ زۆر هاوکارم بوو. تا من گەیشتمە ئەوێ ئەو ڤیزەی بۆ حازر کردبووم. ئەو دوو ڕۆژەی لە سوریا بووم سەید هیدایەت کە عەدەد جیهازی لای عادل موراد بوو لەگەڵ هاوڕێ تۆفیقدا بەدیارمەوە بوون. ئینجا بورهان حەبیبی ڕێنیشاندەرم و بەکری حاجی حەبیبی خزمم منیان برد بۆ سوید و دواتر لەوێوە بەکری حاجی حەبیب بە سەیارەکەی خۆی منی برد بۆ نەرویج.

له نەرویج برامە ماڵی محەمەد قادر و رەهێڵە تەلعەت ئاغای دزەیی و لە ماڵی ئەوان مامەوە تا عەمەلیاتم بۆ کرا و فەحس و کۆنترۆڵی نەخۆشییەکەم بۆ کرا و دوای روخانی رژێم گەڕامەوە کوردستان.

سوپاسی هەموان دەکەم بەتایبەتی نازەنین خانی هاوسەرم کە زۆر ماندووە بەدەستمەوە.

مانگی ٢٠١٧/٥ بۆ قاچی راستم گەورەترین عەمەلیاتم لە ئەڵمانیا بۆ کرا، کە لە شەڕی داعش دا برینەکانم هاتبوونەوە سۆ. ئەو کاتە هێرۆ خان و کاک کۆسرەت و دلێر سەید مەجید ناردیانم بۆ ئەڵمانیا و ١٢ پارچە پلاتین کراوەتە قاچمەوە. قاچە بڕاوەکەم ئێسکی لێ دەرچووبووەوە و لە ئێرانیش ئەو عەمەلیاتەیان بۆ کردم. بە گشتی ٢٦ عەمەلیاتم بۆ کراوە.



**زاهیر ئەحمەد حەسەن مەلا (زاهیر وەرتی) (زاهیر دۆشکە)**

هەینی ٢٠٢٥/٢/٧

کاک زاهیر کوڕی شەهید ئەحمەد ناسراو بە ئەحمەد دۆشکەیە، کە لە ساڵی ١٩٨١دا لە شەڕی دارەبەن شەهیدکراوە و دەڵێت:

من ساڵی ١٩٧٢ لە وەرتێ لەدایک بووم و حەوت سەر خێزان بوین و گوزەرانمان بە تفەنگێکی سەرشان و سەرپشتی ئێستریکەوە بەڕێ کرد و شانازییەکەشمان کوردایەتی بوو.

ساڵی ١٩٨٦ هاوڕێ مەغدیدی کادری کۆمەڵە و رابەرسیاسیی تیپی ٧٨ی کاروخ منی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشنا کرد. هەر لەهەمان ساڵدا بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی شەهید رەحمانی حاجی خدر (رەحمان سەیدە) مقەڕەکەشمان هەر لە وەرتێ بوو.

سنوری چالاکیمان سنوری رەواندز و بناری قەندیل و دۆڵی باڵەکایەتی و شاورێ و تا دەگاتە حاجی هۆمەران بوو.

کارمان جەولەکردن و چالاکی بوو، شەهید و برینداریشمان دەبوو. ساڵی ١٩٨٧ بەشداری شەڕی دۆڵی خانەقا و شەڕی ڕەواندزمان کرد و سێ دەبابەمان سوتاند و ناوچەکەمان پاک کردەوە، ئەو شەڕە بە هاوبەشی تیپی ٧٨ی کاروخ و ١٢ی سۆران کرا.

لەو چالاکیەدا لەتیفی جێگری تیپی ١٢ شەهید کرا و چەند برینداریێکیشمان هەبوو ١٥ جوندیمان بەدیل گرت و بردماننە مقەڕی خۆمان لە وەرتێ و لەوێوە بەڕێ کران بۆ مەڵبەندی سێی هەولێر.

ساڵی ١٩٨٧ بەشداری شەڕی یانزە ڕۆژەی جەبهەیی هیران و نازەنینم کرد، کە ئەوکاتە حسێن بن دایزانی سەرتیپی ١٩ی کۆڕەک بوو، سامان گەرمیانیش سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد. لەو شەڕەدا حسێن بن دایزانی شەهید بوو، منیش بە فیشەکی بی کەی سی بریندار بووم، فیشەکەکە لە کڵاوەی ئەژنۆی قاچی ڕاستی دام و خستمی بە زەوی دا. هاوڕێکانم سەرەتا وایان زانی بوو شەهید بووبێتم، چووبوون بە کاک سامان گەرمیانییان وتبوو، زاهیری شەهید ئەحمەد شەهید بووە. ئەوکاتە تەنها گوێ درێژێکمان هەبوو. وتبوی خێرا بچن زاهیر بخەنە سەر پشتی گوێ درێژەکە و بیبەن بۆ کاموسەک با دەست دوژمن نەکەوێت. من سێ پێشمەرگەم لەگەڵدا بوو: عەبدولڕەحمان ئیبراهیم مامە ناسراو بە عەبدە و ئیسماعیل حەسەن (ناسراو بە پیرۆت)ی خاڵۆزام، کە هەردوو قاچی بڕدراوەتەوە لەگەڵ محەمەد قادری خاڵۆزام، کە ئەشکاتە برازای ڕەحمانی حاجی خدر.

منیان برد بۆ کاموسەک و لەوێ دکتۆر زریان چارەسەری سەرەتایی کردم و ڕەوانەی وەرتێیان کردم. دکتۆرێکی عەرەبی لێ بوو، کە بە دکتۆر نزار بانگیان دەکرد (بەداخەوە دواتر لە دۆڵی خۆشناوەتی شەهید بوو.) لەگەڵ دکتۆر ئاری دا لەوێ عیلاجیان کردم و بەڕێیان کردم بۆ کرماشان و مانگێک لە خەستەخانە مامەوە و قاچم هەشت سانتیمەتر کورت بووەوە، بە خوا تائێستاش بە ئازاری قاچمەوە دەناڵێنم.

سەرپێ کەوتمەوە و گەڕامەوە سنوری تیپەکەمان، تیپی ۷۸ی کاروخ. تەماشام کرد هەمووی ١٠-١٥ پێشمەرگەی لێ مابوو ئەوانی تریان ناردبووە سەرکردایەتی.

من دوو رۆژ بوو گەیشتبووم هەواڵمان پێ گەیشت حکومەت هجومی کردووە بۆ زینی وەرتێ و زینەکەیان گرتووە. یانزە پێشمەرگەمان کۆکردەوە و چوین و زینەکەمان گرتەوە و دەستکەوتیشمان هەبوو، جاشێکمان بە سیلاحەکەیەوە بە دیل گرت. کە بۆ ئەو رۆژە دەستکەوتێکی گرنگ بوو. جاشەکە ناوی عومەر بوو. کەرتەکەی ئێمە تا ساڵی ١٩٨٨ لە وەرتێ بووین تا گوندەکەمان بە تەواوی چۆڵ کرا.

مناڵەکانمان نارد بۆ سەرکەپکان و خۆشمان ئیختیفا بوین. دوای ئەوەی سەرکردایەتی بڕیاری دا کە پێشمەرگە دەمێنێتەوە، دەچێتە ئێران یان تەسلیم دەبێتەوە ئازادە بە مەرجێک زیان لە یەکێتی نەدا.

من لە کۆتایی ١٩٨٨ دانیشتم و ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ رەحمانی حاجی خدر و عەبدولڕەحمان عومەری حەسەنی فەقێ بوینەوە بە پێشمەرگە.

ئێمە بوین بە شانەی چەکدار لای کاک کۆسرەت.

رۆژی ١٩٩١/١/٥ لە دوو جێب قیادەمان دا لەسەر جادەی سیساوا (مەنتیقەی هەریر و باتاس) لە یەکەم تەقاندنی فیشەکی راپەڕینەوە تا ئازادکردنی کەرکوک بەشداربووین. بە داخەوە لە گۆپتەپە رەحمانی حاجی خدر شەهید بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا بە ناوەکانی عەبدوڵڵا کە پێشمەرگەی دانەبڕاو بوو لەگەڵ ئیبراهیم حەسەن سلێمان، کە گەنجێکی خوێندەواری باش بوو. ئەم سێ شەهیدە هەرسێکیان خەڵکی وەرتێ بوون.

ئێمە هاتینە مەنتیقەی چۆمان، من چومە لای سمایل وەرتێ، کە سەرتیپ بوو. دواتر تیپ کرا بە میحوەر و هەر میحوەرەی شەش بۆ حەوت تیپی هەبوو.



**زاهیر ئەحمەد حەسەن.**
**ئێران، ساڵی ١٩٨٧.**

من کرام بە فەرماندەی تیپ. کە بەرەی کوردستانی دروست بوو، شەڕ وەستا. دوای ئەوە (ئیسماعیل حاجی حاجی) ناسراو بە ئیسماعیل وەرتی (شەهید) کرا بە فەرماندەی حەرەس حدود منیش لەگەڵ ئەوبووم. شەڕی ناوخۆ داسەپێنرا (سمایل وەرتێ و جوتیار قەڵادزیی و عەلی نەبی خەڵکی شاورێ) لە قەڵادزێ شەهید بوون.

من هەر بەردەوام بووم، دوای ئەوەش کە تەشکیلەی تازە کرایەوە، من کرام بە فەرماندەی تیپ. ئەوکاتە ئیسماعیل مەحمود مەسئولی میحوەرمان بوو لە وەرتێ.

ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆدا فیشەک دای لە ملم، لە شاخی مەتماوان لە وەرتێ و بە پەلە بەڕێیان کردم بۆ خەستەخانەی ئیمێرجنسی و عەمەلیاتیان

بۆکردم و ٢٠ بیست ڕۆژ لە خەستەخانەکە مامەوە و تا شەش مانگ دەستم ئیشی نەدەکرد.

دوای ئەوەی لە خەستەخانەوە دەرچووم چوومەوە مەڵبەند، کە مستەفای سەید قادر مەسئولی مەڵبەند بوو.

تەشکیلی تیپ گۆڕدرا بوو بە هێز و لەشکر. من کرام بە فەرماندەی هێز و دوای ساڵێک کرام بە فەرماندەی لەشکری ٣ی تایبەت و دواتر کرام بە فەرماندەی فەوج لە سوپای عێراقی لای ئەنوەر دۆلانی.

ئەوکاتە وابڕیار بوو فەرماندەی فەوج و لیوا و فیرقە ماوەی دوو ساڵ لەو شوێنەدا بمێنێتەوە. من دوای دوو ساڵەکە بووم بە جێگری لیوا لە یەکەی حەفتا. لەوێ بەردەوام بووم تا شەڕی داعش تەواوبوو، من بەشداری شەڕی داعشم لە توزخورماتوو، تەل وەرد و کەرکوک کردووە.

ئێستا بە پلەی عەمید لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەرم و ئامر لیوای هێزی یەکەی ٢٠١-م لای وەستا ڕەسوڵ.



زاهیر ئەحمەد حەسەن لەگەڵ سەلاح دیلمانی و ئاراز وەرتی و شەماڵ وەرتی و سمایل و هاوسەنگەرانی لە شەڕی تیرۆرستانی داعش. تەپەی مەلا عەبدوڵلا، ٢٠١٥.



لەڕاستەوە: شەهید سەلاح دیلمانی، زاهیر ئەحمەد، پێشمەرگەیەك.



زاهیر ئەحمەد حەسەن لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە گرتنەوەی عەتشانە لە دەست تیرۆرستانی داعش. دووزخورماتوو، ٢٠١٦.





**ساڵح مەحمود ساڵح (ڕەوەند سەرگەڵویی)**

پێنجشەممە ٢٠٢٥/٢/٢٠

کاک ڕەوەند ساڵی ١٩٧١ لە سەرگەڵو لەدایکبووە و حەوت سەرخێزانن و گوزەرانیان باش نەبووە و خوێندەواریی هەیە و ئەڵێت:

١٩٨٥/٢/١٢ پەیوەندییم کرد بە ریزەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە لە ڕێگەی زرار سێکانیانییەوە (ساڵی ٩١ لە راپەڕیندا لە کەرکوک شەهید بوو).

مانگی ١٩٨٦/٨ بە تەزکیەی ڕێکخستنی ناوچەی شۆڕشگێڕانی دوکان پەیوەندییم کرد بە کەرتی ٥ی تیپی مەڵبەندی دوو کە ئامر کەرتەکەمان زرار سێکانیانی بوو.

ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی دانانی کەمینم کرد لەسەر جادەی دوکان - سلێمانی. ٨٨/٢/٢٦ بەشداریی شەڕی چیای کوڵەپۆشینەم کرد کە لە تیپی

٥٨ی کەلکەسماق بووم. جێگری سەرتیپەکەمان سەعیدی حەمەشوانی سێکانیانی خاڵم بوو. بەشداریی شەڕی بەرگریکردنی سەرکردایەتیم کرد لە قەرەتیتان. مانگی ١٩٨٨/٦ بەشداریی شەڕی گەرووی مەنجەڵ و گوندی گوڵانم کرد. ڕۆژی ٨٨/٨/٣٠ بەشداریی شەڕی بناری چیای قەندیلم کرد. کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ چووینە ئێران و مقەڕمان لە بلەکێ دانا. ٩٠/٨/٢٠ لە گومرگی بەرەی کوردستانی بووم. لەوێ وەک پێشمەرگە لە گوندی خەزێنە و ماونانی باڵەییان لەگەڵ ڕژێم تووشی شەڕ بووین و شەڕەکە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام بوو. ئەم شەڕە بە سەرپەرشتی خەتاب دیبەگەیی بوو کە لێپرسراوی گومرگی قەندیل بوو. دوو شەهیدمان دا.

مانگی ١٩٩١/١ چوومە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان کە غەریب سەعید ئامر بەتالیۆن و غەریب عەسکەری جێگری بوو. ڕابەر سیاسییەکەشمان بێستون سابوراوایی بوو. مقەڕمان لە زەڵێ بوو. دواتر وەک بەتالیۆنەکەمان هاتینە خوارەوە بۆ سنوری گەناو و بێتووش لە دەڤەری ڕاپەڕین و لێپرسراوی میحوەرەکەمان عەبدولکەریم حاجی بوو. یەکەم شەڕمان لە ١٩٩١/٣/٨دا گرتنی گەرووی لۆتەر بوو. هەر ئەو ڕۆژە موعەسکەرەکەشیمان گرت. غەریب هەڵەدنی بریندار بوو. دوای ئەوە چووینە بنگرد و پاکمان کردەوە و بەشداریی ئازادکردنی لەیلانیشمان کرد و دواتر کشاینەوە و بەردەوام بووین لەسەر چالاکی و چووین بۆ ڕزگار کردنی کەرکوک.

ساڵی ١٩٩٣ چوومە فەوجی سێی لیوای ٢٢ی دوکان. ئامر لیواکەمان غەریب هەڵەدنی بوو. مقەڕمان لە سوسێ بوو. ئەوکاتە من لێپرسراوی نووسینگەی فەوج بووم. دواتر نەقڵی لیوای تایبەتی سلێمانی بووم بە پلەی ئامر فەسیل کە ئاواتی شێخ جەناب ئامر لیوا و جێگرەکەی ئەکبەر یەناخی بوو.

ساڵی ١٩٩٤ بووم بە جێگری فەرماندەی سریە. ١٩٩٤/٥/١٠ لە بەرزایی زەرگەت و باخەکۆن لە شەڕی داسەپێنراوی بزوتنەوەی ئیسلامیدا بە گوللە



سالح مەحمود (ڕەوەند سەرگەڵویی).

قاچ و دەستی چەپم بریندار بوون. بردیانم بۆ هەڵەبجە و دواتر ڕەوانەی خەستەخانەی جامیعەکەی سلێمانیان کردم و عەمەلیاتی دەستیان بۆ کردم و فیشەکیان لە قاچم دەرکرد و مانگێک لە خەستەخانە کەوتم و تا مانگی ١٩٩٤/٨ لە ماڵەوە کەوتم.

شەوی ٢٢ لەسەر ١٩٩٤/٨/٢٣ بەشداریی شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامیم کرد و توانیمان کانی سپیکە و سەراوی سوبحاناغا و سەیدسادقیان لێ پاک بکەینەوە. لەو شەڕەدا ستار سێکانیانی کە فەرماندەی سریەی فەوجەکەمان بوو شەهید بوو.

مانگی ١٩٩٥/٢ گوازراینەوە بۆ گوندی قەسرێی سەر بە چۆمان. بە ناچاریی بەشداریی شەڕی ناوخۆمان کرد.

شەوی ٢١ لەسەر ١٩٩٦/٨/٢٢ کاتی گرتنی رەبیەی گردی مام ئەوڕەحمان سەعات دە و چارەکی شەو لوغم لەژێر پێما تەقییەوە کە پێشتر رژێم خۆی دەوری رەبیەکانی مینرێژ کردبوو. قاچی راستم پەڕی. لەو شەڕەدا چوار شەهید و ١٣ بریندارمان هەبوو. شەهیدەکانمان (مەغدید خالید سەلیم کوێرەکانی و ئەحمەد هەنجیرەیی فەرماندەی تیپی لەشکری ٧ی دوکان و عەلی جاسەنەیی و جەمال پێسپیانی بناری کۆسرەت کە ئامر کەرت بوو). من سەرتیپ بووم. چالاکییەکەمان سەرکەوتوو بوو. برادەرەکانم بە میکزەمینی لەشکری ٧ی دوکان منیان برد بۆ دوکان و لەوێوە بە سەیارەی ئیدارە گەیاندمیانە نەخۆشخانەی رانیە. سەعات ١١ی نیوەڕۆی ٩٦/٨/٢٣ دکتۆر ئیسماعیل بابا رەسوڵ نەشتەرگەری بۆ کردم. دوو رۆژ دواتر و لە ٩٦/٨/٢٥ دا نەشتەرگەرییەکی تری بۆ کردم. ئەمجارە قاچمی تا خوار ئەژنۆم بڕییەوە. ٩٦/٨/٢٨ لە خەستەخانە ئیزنیان دام و چوومە ماڵی خاڵێکم لە دوکان و ئینجا بردیانم بۆ سەرگەڵو. عیلاجیشیان دابوومێ. لە سەرگەڵووەوە بە پشتی وڵاخ بردیانم بۆ گوندی ئەشکان لە ئێران و لەوێوە بۆ خەستەخانەی سەردەشت و پێنج رۆژ لەوێ بووم و ئینجا تەقەڵیان بۆ دەرهێنام و دوای ئەوە چوومە ئۆردوگای ئەشکان کە تەها سێکانیانی بەرپرسی ئۆردوگاکە بوو. لەوێ مامەوە تا گەردەلولی تۆڵە و دواتر چوومەوە بۆ شارۆچکەی پیرەمەگرون.

ساڵی ١٩٩٧ رێکخراوی هاندیکاپ قاچی سەناعییان بۆ دروست کردم. تا ئێستا سێ چوار جار قاچە دەستکردەکەیان بۆ گۆڕیوم. ئێستا بە پلەی عەقید لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەرم.



**سامان نەریمان حەمە ئەمین**

شەممە ٢٠٢٥/٢/١٥

کاک سامان، ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی لەدایک بووە و هەشت سەر خێزانن و باری ژیان و گوزەرانیان ئاسایی بووە و دەرچووی بەشی پەرستیاریی پەیمانگەی تەکنیکی کەلارە و دەڵێت:

من پێشمەرگە بووم لای لیوا ئەیووب لیوای ٣ و وەکو تیمی پزیشکی لەگەڵ دوو معاون توبی تردا (تارق عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی و هێرش محەمەد کەلاری) خەریکی کار بووین.

ئێمەیان لەگەڵ برا پێشمەرگەکانماندا نارد بۆ کۆباشی و لە شەڕی رزگارکردنی جەلەولا و سەعدیە هاوکاریمان کردن. ئێمە سێ رۆژ بەر لە هجومەکەی داعش لەوێ بوین و کە شەڕ دەستی پێکرد توانیمان چارەسەری خێرا بۆ بریندارەکان بکەین و بە پەلە رەوانەی نەخۆشخانەی خانەقینیان بکەین. لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندارمان هەبوو.

دوایین ڕۆژی شەڕ، ئازاد کردنەوەی شاری موسڵ بوو، لیواکەمان لە کەرکوکەوە چوینە پردێ و لەوێوە بۆ موسڵ.

هەر ئەو شەوە من و دوو معاون توبییەکە چوینە خەستەخانەی شار لە سلێمانی و هەموو پێداویستییەکی پزیشکییان بە ئیسعافەوە داینێ. شەو گەیشتینە خەرابە سوڵتان و بۆ بەیانیەکەی شەڕێکی سەخت لەوێ و دەوروبەری رووی دا.

جیهازیان بۆ کردین، وتیان دوو پێشمەرگەمان بە سەختی بریندارن و ئێمەش بە پەلە گەیشتینە لایان و هەموو چارەسەرە خێراکانمان بۆ کردن و هەڵمان گرتن و ناو ئیسعافەکە شەش کەسی تیا بوو، دوو بریندارەکە و من و دوو معاون توبییەکە و سایەقی ئیسعافەکە. لە کاتی بەگ داناندا ئیسعافەکە چووە سەر بۆمبێکی چێنراو و تەقییەوە، ئەو ڕۆژە ٢٠١٦/١٠/١٦ بوو. من هەستم کرد بە ئاسماندا دەخولێمەوە و دواتر دنیا کش و مات بوو. پرسیم ئەوە چی بوو، کەس جوابی نەبوو. هەرچۆنێک بوو هێزم دایە بەر خۆم و تەماشای دەوروبەرم کرد، معاون توبیەکەی تەنیشتم لەشی بووبوو بە دوو کەرتەوە، کەلاریەکە و دوو بریندارەکە و سایەقەکەش شەهید بووبوون.

تەماشام کرد ئیسعافەکە پڕبووە لە خوێن و بەشێکی ئیسعافەکە گڕی گرتووە. ڕۆح خۆشەویستە، هەوڵم دا هەرچۆنێک بووە راکەمە دەرەوەی ئیسعافەکە، سەیرەکەم قاچێکم پەڕیوە، هەرچۆنێک بوو دابەزیم و هەندێک لە ئیسعافەکە دورکەوتمەوە و ئیسعافەکە ناڵەی کرد و دنیا بوو بە گڕ.

پێشتر ئێمە کە بریندارەکانمان کردە ناو ئیسعافەکەوە باندجێکم گرت بە دەستمەوە و دەمووت نەکا لەپڕ دیسان خوێن لە قاچ و دەستی بریندارێکیان بەربێت، کە دابەزیم باندجەکەم هەر بەدەستەوە بوو.

لە قاچمەوە خوێن فوارەی دەکرد و سنگ و قۆڵیشم بریندار بووبوون، دەمویست بە دەستە ساغەکەم هیچ نەبێت باندجەکە لە قاچم بئاڵێنم بەڵام




سامان نەریمان، کۆباشی - پاکردنەوەی جەلەولا و سەعدیە.



سامان نەریمان بە برینداری.

لەبەر ئازار هێزم لەبەر بڕرابوو. زۆری پێ نەچوو پێشمەرگە گەیشتە سەرم و باندجیان لەلای رانمەوە بەست و بێ هۆش بووم. دواتر زانیم منیان بە هەلیکۆپتەر بردۆتە خەستەخانەی هەولێر و لەوێ هەشت بوتڵ خوێنیان تێ کردبووم و پارچەکانی لەشمیان بۆ دەرهێنابووم و کاری پێویستیان بۆ دەستیشم کردبوو.

دوای ئەوەی هۆشم هاتەوە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ چوار بریندار تردا ناردیانینە نەخۆشخانەی ئەڵمانیا و لەوێ عەمەلیاتیان بۆکردم و قاچی دەستکردیان بۆ دروست کردم و زەرعی بۆری میزەڵدانیان بۆکردم و وتیان لەمەودوا هەفتانە دەبێت بچیتە خەستەخانە و سۆندەکەت بۆ بگۆڕن.

بۆ ئەم سەفەرە دکتۆر دانا هەولێرییان وەکو موتەرجیم لەگەڵدا ناردین و زۆر یارمەتی داین و پاش چوار مانەوە مانگ هەمووومان گەڕاینەوە.

لە خەستەخانەی سمارت زەرعێکی تریان بۆکردم، بەڵام چارەسەر نەکراو دەڵێن دەبێت بچیت بۆ هیندستان.

ئێستا بە پلەی نایب زابتی مومتاز خانەنشینم لەسەر یەکەی حەفتا.



**ستار ڕەحیم ئەکبەر مەحمود (ستار سەنگاوی)**

دووشەممە ٢٠٢٥/٢/٢٤

کاک ستار، زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٦٣ لە سەنگاو لەدایک بووە، یانزە سەر خێزان بون و ئاستی ژیان و گوزەرانیان مام ناوەند بووە و تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە، دەڵێت: ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیم کرد بە مەلا نوری کەرکوکییەوە (١٩٨٠/١١/١٧ لە شاخی شۆڕاو شەهید بوو). بۆ ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە کەرتی ٤ـی جەباری هەرێمی ٥ـی قەرەداغ، ئامر کەرتەکەمان هێمنە ڕەش (قەیسەر) بوو.

ئەوکاتە مقەڕ نەبوو بە زۆری جەولەکردن و خۆناساندن و شەڕی پارتیزانی و کۆبونەوە و کەمین دانان بوو. لەو شەڕە دیارانەی کە بەشداریم کردووە،

مانگی ١٩٨٢/٤ داستانی ژاڵەی دەربەند، کە یەکەم شەڕی بەرگری هێزی پێشمەرگە بوو لە سنورەکەدا. ئێمە ١٧ پێشمەرگە بوین بە سەرپەرشتی مام رۆستەم و شێخ جەعفەر و حەمەڕەش (شەهید) لە پایزی ١٩٨٢دا توانیمان یەکەمین رەبیەی کوردستان لە شۆڕشی نوێ دا لە سەر رێگەی سەنگاو - چەمچەماڵ نزیک گوندی کەلەرەشی بگرین بە سەرپەرشتی حەمەرەش (شەهید).

دەستکەوتمان لەو شەڕەدا ١٤ پارچە چەک بوو، کە بۆ ئەوکاتەی شۆڕش زۆر گرنگ بوو.

دوای دروست بوونی تیپەکان و نەمانی هەرێمەکان، کاک وەهاب بوو بە سەرتیپی ٥٧ی سەگرمە و دوای کاک وەهاب کاک ئازادی سەگرمە بوو بە سەرتیپمان. هاوینی ساڵی ١٩٨٣ توانیمان مەرکەزی ناحیەی سەنگاو بگرین، بە سەرپەرشتی کاک ئازاد و هیوا باڕۆیی (شەهید) و حەمەرەش (شەهید). لەو شەڕەدا شوانە رەوف شەهید بوو. دەستکەوتمان ٣٦ پارچە چەک و چەندین دەمانچە و رەشاش بوو، لەگەڵ چەندین سندوقە فیشەک و کەلوپەلی عەسکەری. ١٩٨٥/٢/١٤ بەشداری شەڕی دابان هەلاج-مان کرد.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ کەرتی ٣-ی هەمەوەند و کەرتی ٥-ی باسەرە هێرشمان کردە سەر رەبیەی عالیاوا لە قادر کەرەم لە ئەنجامدا حەوت پێشمەرگە بریندار بووین (هیوا باڕۆیی، بەرزان قورەتەیی، ساڵح کچانی، عوسمان بانگۆڵی و عارف گوڵەمەیی و سیروان دێ رەشەیی و خۆم).

لە کۆی نۆ کەس بۆ هجوم حەوتمان بریندار بووین.

من بە پارچەی رومانە لە شەڕی دەستەویەخەدا ملم و سنگم و پشتم بریندار بوو. مودەرەعە و ناقیلە و جەیشێکی زۆر لە قادر کەرەمەوە هاتنە سەرمان و نەمانتوانی بە تەواوی رەبایەکە بگرین.

من و کاک هیوایان بەکۆڵ برد بۆ گوندی گۆڵەمە. هەندێک چارەسەری سەرەتاییمان بۆکرا لەلایەن موزەمیدێکی عەسکەری فیرارەوە رۆژی دوای ئەوە گوێزراینەوە بۆ گوندی مێوڵی بۆ مقەڕی تیپی ٥٧-ی سەگرمە. لە مقەڕەکە د. ساجید و دکتۆر دارا چارەسەری پێویستیان بۆ کردین. چەند مانگێک لەوێ مامەوە. دوای ئەوە گوێزرامەوە بۆ نەخۆشخانەی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵو. لەوکاتەدا مام جەلال و کاک قادری حاجی عەلی ئێمەیان بینی و مام پرسی، ئەمە کێیە؟ وتیان: پێشمەرگەیەکی گەرمیانیی بریندارە و برینەکەی سەختە. مام جەلال کاغەزێکی بۆ نوسیم و مەبلەغێک پارەی دامێ، کاغەزەکەی نووسی بۆ حسێن بابە رەسوڵی گەورە لە حیزبی دیموکراتی ئێران کە لە خەستەخانەی گەڕەدێ بوو. ئنجا منیان گواستەوە بۆ گەرەدێ. لەو خەستەخانەیەدا چەند دکتۆرێکی فەرەنسی و چریکی فیدائی خەلقی لێ بوو، چارەسەریان بۆکردم و عەمەلیاتی ملیان کردم.

مانگێک لەو خەستەخانەیە مامەوە و دواتر گەڕامەوە سەرگەڵو، کە باشتر بووم چوومەوە بۆ تیپەکەمان دوای چەند مانگێک باری تەندروستیم تێک چوو، من و ساڵح کچانی و عومەر چۆڵمەکی (لە شەڕی زینانە بریندار بووبوو) نێردراین بۆ نەخۆشخانەی سەرگەڵو. گەیشتینە نزیک مەعمەلی شەکرەکەی سلێمانی ئێمە لە سەیارەیەک دابوین و دەستڕێژی گوللەمان لێ کراو عومەر و ساڵح شەهید بوون و منیش گوللەیەک سەرسنگی تیغ کردم. منیان گرت. ناوی خۆم گۆڕی بە ئەحمەد فەتاحی خەڵکی گوندی پارەزان لە ناحیەی ناوپارێز، بردیانم بۆ هەیئەی خاسەی کەرکوک و لەوێ حوکمی ئیعدام کردنیان بەسەردا دام. دواتر ناردیانم بۆ بەغدا. دوای نۆ رۆژ حوکمەکەیان دابەزاندم بۆ ئەبەدی.

لە کۆتایی ١٩٨٨دا بە عەفواتی عام ئازاد کرام و گەڕامەوە و لە تەینال پەیوەندیم کردەوە بە حەمەڕەش (شەهید)ەوە. لە راپەڕین دا کرام بە جێگری

بەتالیۆنی سەگرمە و ماوەیەک جێگری بەتالیۆنی سەنگاو و دواتر بووم بە مەسئولی کۆمیتەی سەنگاو و بە کارگێڕی مەڵبەندی کەرکوک و کە مەڵبەندی کەرکوک لە ساڵی ٢٠٠٥دا کرایە دوو مەڵبەند (مەڵبەندی کەرکوک و مەڵبەندی چەمچەماڵ). سیروانی کوێخا نەجم بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی چەمچەماڵ و منیش بە جێگری مەڵبەند) ماوەی ٢٠ بیست ساڵ جێگری مەڵبەند بووم.

لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر بە پلەی لیوا خانەنشینم.



**ستار ساڵح عەبدولقادر**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/٢٦

کاک ستار ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی کونەقەل/ مەیدان لەدایکبووە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٨ عەسکەر غوڵام عەلی (شەهید) بردمی بۆ دێی باریکە و چووینە ماڵێک و بە پیاوێکی ناساندم و وتی: ئەمە دکتۆر چیایە و لێپرسراوی ناوچەی شارەزوورە و وتی: ئەمە ئەو پیاوەیە کە ئێمە پێویستمان ئەبێت بۆ کردنی بە خەتمائیلی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سەوری کوردستان. وەری گرتم و کەوتمە چالاکی و بەیانییەک لەکاتی گەڕانەوەمدا لە چالاکییەک دەستگیر کرام و ماوەی چوار مانگ دەستبەسەریان کردم و ئازاد کرام. دواتر تا ساڵی ٨١ لەناو حزبی سەوری-دا مامەوە.

ماوەیەکی پێ چوو، ئەمنێکی ناسیاومان وتی: کەشف بوویت و ئەمجارە بتگرن ئیعدامت ئەکەن. چوومە گوندی سیارە بۆ لای حەمە قاشتی.

ئەو وەریگرتم و من وتم: دوو کلاشنکۆف لە مقەڕی حزبی سەوری هەیە و حەرەسێکی پیری لێیە و ئەچم ئەیانهێنم و ئەگەڕێمەوە. ئەو رازی نەبوو. وتم هەر ئەچم و بۆ بەیانی زوو چووم تەبەقێک هێلکەم کڕی و چوومە مقەڕ و پاش ئەحواڵپرسین بە حەرەسە پیرەمێردەکەم وت: من ئەم هێلکەیەم کڕیوە و دکتۆر وتویەتی لەمەودوا نابێت هێلکە بخۆیت. بڕۆ بیبەرەوە بۆ ماڵی خۆتان و زوو بگەڕێرەوە. کابرا رۆیشت و منیش بەپەلە دوو کلاشنکۆف و هەشت مەخزەنم کردە ناو بەتانییەکەوە و پێچامەوە و چوومە گەڕاجی زەڕایەن و پیکابێکم بە کرێ گرت و وتم: بە خسوسی بمبە. بەیانی زوو بوو. کابرا وتی: ئاخر سەد فلست لێ دەسێنم. وتم: باشە بەڵام من لەبەر ئەوەی ئەڕشێمەوە لە دواوە دائەنیشم.

گەیشتینە سیارە و دابەزیم و بەتانییەکەم لە چەکەکان کردەوە و سایەقەکە کە ئەمەی بینی زۆر ترسا و بەپەلە بۆی دەرچوو.

لەسەر جادەکە عەسکەرێکم بینی کە قەناسێکی پێ بوو. خۆم تێک نەدا و وای ئەزانی من جاشم. رۆیشتم بۆ لای حەمە قاشتی و دەستخۆشی لێ کردم و باسی عەسکەرەکەم بۆ کرد و وتی: با بچین بۆی. رۆیشتین و ئەو لەوێ نەمابوو. دواتر وتی: با کەمینێک لەسەر جادەکە دانێین. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا کەمینێکمان دانا و جێب قیادەیەک هات. حەمە قاشتی ئاوڕی دایەوە و بە حەفتاوپێنجییەکەی دەستڕێژی لێ کرد و سەربازەکانی بە ئامر فەوجەکەیانەوە بە سزا گەیاند.

بریندارێکمان هەبوو. دەرمانکرد و بردمانە بنکەی تەندروستی گوندی عازەبان و معاون توبییەکی لێ بوو. وتی: من ناتوانم ئەو گوللەیە دەربهێنم. حەمە قاشتی وتی: کەلوپەلی پێویستم بدەرێ خۆم چارەسەری ئەکەم. گوللەکەی دەرهێنا و ئینجا بردمان بۆ حاجی مامەند و خۆمان گەڕاینەوە بۆ ناوچەی شارەزوور.

ئیتر من تا ساڵی ٨٢ له كەرتی وارماوا مامەوه كه حەمه قاشتی ئامر كەرتی بوو. دواتر خۆم نەقڵی تیپی ٥٥ی قەرەداغ كرد بۆ لای كاك حامی حاجی غالی و ئینجا بۆ كەرتی ٣ی مەحمودی مامه عەزه.

له گوندی كانی سارد مەحمودی مامه عەزه و سەلامی كوێخا عەزیز كۆمەڵێك پێشمەرگەیان هەڵبژارد بۆ لێدانی سەربازەكانی (گەڕاوەكەی بانیخێڵان). ڕۆیشتین و كەشف بووین و گەڕاینەوه. باش بوو سەربازەكان لەوێ نەبوون. پاش مانگێك چووینەوه و پێشمەرگەیەكمان بەناوی باقی لەسەر دارێك دانا و وتمان: گەر سەیاره هات ئاگادارمان كه و خۆشمان دابەش كرد بەسەر سێ قۆڵدا.

پاش كەمێك باقی هاواری كرد. ئیڤایەك هات و لێمان دا و هەموویانمان به سزا گەیاند و چەكەكانیانمان برد و یەكێكیانمان به دیل گرت. ئێمه هەر خەریكی مقاوەمه بووین و دواتر ناقیلەیەك هات و (تەنیا) به بیكەیسی لێی دا و سەربازەكه و مولازمەكه كوژران و سەیارەكەیان سوتێنرا.

دوای ئەوه چەند جارێك دوژمن هێرشی هێنا بۆ ناو دێكه و تێك شكا. ئێواره ئامر فەوجەكه خەڵكی نارد بۆ لای موختاری دێكه بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەكان. مەسئول ڕازی بوون و دیلەكەشیان دانەوه و ئێمەش بەرەو قەرەداغ ڕۆیشتین.

ساڵی ١٩٨٥، دوای تێكچوونی مفاوەزات و دەستپێكردنەوەی شەڕ خۆم نەقڵی لای حەمه قاشتی كردەوه كه مقەڕی له گوندی ئەحمەد بڕنەو بوو. پاشان مقەڕمان گواستەوه بۆ كانی هەنجیر و تا ئەوكاته سەر به تیپی ١٥ی شارەزوور بووین و له مانگی ٥/٨٦دا كەرتەكەمان گواسترایەوه بۆ سەر تیپی مەڵبەندی یەك كه دكتۆر كەمال شاكر سەرتیپی بوو. مقەڕمان له گوندی دێوانه دانا بەناوی كەرتی یەكی وارماوا.



ستار ساڵح عەبدولقادر.

بەشداریی هەموو چالاکییەکانم کردووە لە سنورەکەی خۆماندا وەک دانانی کەمین لەسەر جادەی دەربەندیخان - سلێمانی و وەک فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی حەمە قاشتی بەشداریی شەڕی گرتنی سەنگاو و قادر کەرەممان کردووە و مانگی ١٩٨٦/٦ بە مەفرەزەیەک چووین بۆ ئالان و حاسڵ بۆ مارەبڕینی کچێک بۆ ئەنوەر ئالانی. جاش کەمینیان لەسەر جادەی زەڕایەن - میرەدێ بۆ دانابووین و بەداخەوە لەو شەڕەدا ئەنوەر ئالانی شەهید بوو، دوو برینداریشمان هەبوو.

١٩٨٦/٩/١٦ بروسکەمان بۆ کرا و بە سەرپەرشتی حەمە قاشتی چووینە سەرکردایەتی و لەوێوە ناردیانین بۆ سنوری گەڵاڵە و سەفرە و دواتر بۆ گوندی باساوێ و گردە ڕەشیان بە ئێمە سپارد. لەوێ تووشی شەڕێکی زۆر

سەخت بووین چونکە رژێم هێرشی کردە سەر برزود و بالوسە لە هەموو سنورەکانی ماوەت و چوارتا و سوورەقەڵات و کەڵکی قەیوان. شەڕەکە ١٠٢ رۆژی خایاند و دواتر تیپەکان گەڕاینەوە بۆ سنورەکانی خۆمان.

ئێمە گەڕاینەوە بۆ گوندی دێوانە. زۆری پێ نەچوو جەنابی مام جەلال ناردی بەشوێن حەمە قاشتی دا و بەڵێنی پێ دا بیکات بە جێگری تیپ. دوای چەند رۆژێک گەڕاینەوە بۆ گوندی دێوانە.

شەوی ١٨ لەسەر ١٩٨٧/٢/١٩ رژێمی بەعس بە چاوساغیی جاشە خۆفرۆشەکان هێرشیان کردە سەر زنجیرە شاخی زەردە و توانیان تاکو شاخی گوڵان کۆنترۆڵ بکەن کە زۆری نامێنێت بۆ لوتکەی شاخەکە. خۆشبەختانە سەلامی کوێخا عەزیز و مەحمودی مامە عەزە و حاجی عەبدوڵا و سدیقی سۆفی مەجید فریا کەوتبوون و بەرپەرچی هێرشەکەیان دابووەوە و نەیانهێشتبوو هێزەکەی دوژمن زیادەڕەوی بکەن و حەمە قاشتی ١٨ پێشمەرگەی جیا کردەوە و بە سەرپەرشتیی من ناردینی بۆ سەر شاخی زەردە.

تا ئێمە گەیشتینە سەر شاخ رۆژ بووەوە و ئێمە یەکەمین هێز بووین کە گەیشتینە لای کاک سەلام و برادەرانی.

حەمە قاشتی خۆشی هات و وردە وردە ژمارەی هێزی پێشمەرگە زیادی کرد و هێزی پشتیوانیش فریامان کەوت و شاخەکە لە دوژمن پاککرایەوە. لەو شەڕەدا هێزی لایەنەکانی تر بە مەفرەزەی بچوک بەشدار بوون وەک حزبی شیوعی بە سەرپەرشتیی مام ئەسکەندەر و پارتیش لە شەڕەکەدا بەشدار بوون. ٢٢ سەرباز کوژرا و پێنج دیلیش هەبوو. زیانی ئێمەش شەهید بوونی شێخ ئەحمەدی گوندی بەڵخەی هەورامان بوو کە فەرماندەی مەفرەزەکەی پارتی بوو، ژمارەیەک پێشمەرگەشمان بریندار بوون.

کۆتایی مانگی ١٩٨٧/٣ بروسکەمان بۆ هات بچین بۆ سەرکردایەتی. بە سەرپەرشتی حەمە قاشتی رۆیشتین و گەیشتینە گوندی شەدەڵە و ١٣ رۆژ

لەوێ ماینەوە و هێزێکی زۆر کۆکرایەوە و شەوی ١٤ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٥ داستانی رزگارییمان تۆمار کرد بە هاوبەشی هەموو تیپەکانی یەکێتی.

دواتر هێرشمان کردە سەر موعەسکەری گۆپیتە و گوندی سەدوبیست. لەو شەڕەدا دلێر جافی سەرتیپمان شەهید بوو. هەر لەو ماوەیەدا، چەندین چالاکیی ترمان کرد لەوانە رزگار کردنی ناحیەی قەرەداغ و سنورەکەی و هەر لە هەمان ساڵدا شەوی ٢٤ لەسەر ١٩٨٧/٧/٢٥ پەلاماری موعەسکەری دوودارەمان دا. بەداخەوە کەشف بووبووین و ١٢ شەهیدمان دا کە حەوت شەهیدیان لە کەرتەکەی خۆمان بوو.

دوای چەند مانگێک بۆ تۆڵەکردنەوەی شەهیدەکانمان چالاکییەکی گەورەمان کرد. لەو شەڕەدا مام هێرشی فەرماندەی تیپی ١٧ی زمناکۆ شەهید بوو.

شەوی ٢٠ لەسەر ٨٧/١٠/٢١ رژێم هێرشی کردە سەر چەمەرگە و نەژوێنی و بەرەو گوندی ئیمام قادر و باوە خۆشین ویستی پێشڕەوی بکات بەڵام لەلایەن هێزی پێشمەرگە و هێزی پشتگیریی قارەمانەوە هێزەکان تێک شکێنران و رژێم پاشەکشێی کرد و بەداخەوە لەو شەڕەدا فەرماندەیەکی کەرتەکەمان هادی حامید ساڵحی خەڵکی کانی سارد شەهید بوو.

دوای چەند رۆژێک رژێم هێرشی کردەوە و دووبارە هێزەکەی تێک شکێنرا و لەو شەڕەشدا والی رۆستەمی پێشمەرگەی کەرتەکەمان شەهید کرا.

مانگی ٨٧/١٢ تەشکیلات کرا و حەمە قاشتی کرا بە جێگری تیپی ٥٥ی قەرەداغ کە ئەوکات مەلا ئەحمەدی گەرمیان سەرتیپی بوو، مەلا ئەحمەدی دسکەرەش کرا بە جێگری تیپی ١٧ی زمناکۆ و جەمیل هەورامی فەرماندەی تیپ بوو. نامیق عەلی تۆفیق (شەهید) کرا بە فەرماندەی کەرتی ئێمە و بەندەش کرا بە جێگری کەرت.

٨٨/١/٨ بروسکەمان بۆ کرا بچینە سەرکردایەتی. ئێمە بە سێ کەرت لەگەڵ کەرتێکی تیپی ٥٥ی قەرەداغ رۆیشتین. ئەم هێزە مەلا ئەحمەدی دسکەرە

کە جێگری تیپی ١٧ی زمناکۆ بوو سەرپەرشتی کردین. بە چەند رۆژێک گەیشتینە سەرکردایەتی و ئێمەیان لە سەرگەڵو و بەرگەڵو جێگیر کرد. پاش چەند رۆژێک ناردیانین بۆ گوندی قەرەهەنگوێ و دوای چەند رۆژی تر ناردیانینە دۆڵ مازەڵە و لەوێ ماینەوە.

رژێمی بەعس خۆی ئامادە کردبوو بۆ هێرشێکی سەرتاسەری بەناوی ئەنفالی یەک. ٨٨/٢/٢٦ رژێم لە زۆربەی قۆڵەکانەوە هێرشی دەستپێکرد و لە شەڕێکی سەخت و دەستەویەخەدا نامیق عەلی تۆفیقی فەرماندەی کەرتەکەمان و سەلام حەمە ئەمینی کانی ساردی شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەکمان بریندار بوون لەوانە: خواڕەحم ناسراو بە هیوا و عەبدوڵای حاجی محەمەد و عەبدولکەریم کانی ساردی. کاک خواڕەحم بەهۆی برینداربوونەکەیەوە کەمئەندام بووە. کە زانرا شەهید نامیق بەجێ ماوە، بە فەرمانی مەحمودی مامە عەزە هێرشمان کردەوە بۆ هەمان شوێنی کە تێکەڵ بووبووین لەگەڵ دوژمن. بەڵام دیار بوو ئەوان تەرمەکەیان گواستبووەوە و لە ئەنجامی هێرشەکەماندا چەند برینداریکی ترمان دا لەوانە فایەقی مەحمودی مامە عەزە

لەو شەڕەدا هێزی پشتگیریی گوندی دۆڵ مازەڵە رۆڵێکی زۆر باشیان گێڕا. رژێم زۆر بە چڕی بۆردومانی کردین. ئەیویست بە هەر شێوەیەک بێت سنورەکە کۆنترۆڵ بکات چونکە سەر شاخی قەڵەم پاشا و کڵاوە سپی و کێلە دوو کون بۆ هێزی دوژمن زۆر گرنگ بوو. هەروەها بۆ ئێمەش زۆر گرنگ بوو. هێرشەکان بەردەوام بوون. ژمارەیەکی زۆری دوژمن کوژرا و بریندارێشیان هەبوو کە لە مەیدانی شەڕدا بەجێمان.

دیسان رژێم هێرشی کردەوە بۆ سەر کڵاوە سپی و قەڵەم پاشا و ئەمجارە سەرکەوت. ئێمە لەناو گوندی دۆڵمازەڵە و کێلە دوو کون بووین و کەوتینە پاشەکشە و من بە سەختی بریندار بووم و فیشەک و پارچە بەر سەرم کەوتن و محەمەد عەبدوڵا و شەهاب فەتاح و حەسەن عەبدولقادر و مام

وریا و عەتای حاجی حەمەئەمین و رۆبیتەن عەلی حارس و ستاری ناسراو بە ئازاد منیان دەرکرد بەرەو گوندی قەرەهەنگوێ و قومرغان و لەوێوە گەیاندمیانە نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵو.

سەرەتا کە فەحسیان کردم وایان دەزانی فیشەکەکە تەنها رووومەتی پێکاوم، بەڵام لەکاتی برینپێچی دا بۆیان دەرکەوت فیشەکەکە لە پشتی سەری داوم و تا خوارووی چاوی راستم رۆیشتووە. هاوڕێکانم رۆیشتنەوە و رابەر سیاسی کەرتەکەمان لام مایەوە هەتا ناردمیانە ئێران بۆ خەستەخانەی تەبرێز و دواتر گواستیانمەوە بۆ خەستەخانەی ئیمام خومەینی لە تاران و ماوەی ٤١ رۆژ لەو خەستەخانەیە کەوتم. دوای ئەوە ناردیانم بۆ نەقاهەتگای سەقز کە کاک حەمەجەزای حاجی عەلی سەرپەرشتی ئەکرد.

دوای دوو مانگ گەڕامەوە ناو هێزەکانمان لە دزڵی. لەوێ تەشکیلات کرا و من کرامە فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٥٣ی شێروانە تاکو راپەڕین. کە راپەڕین دەستی پێکرد لەگەڵ هێزەکاندا گەڕاینەوە و بەشدار بووین لە پاککردنەوەی سنووری باوەنوور و کەلار.

لە کۆڕەودا هێزەکانمان پاشەکشێی کرد بۆ سنووری بناری شاخی بەمۆ.

پلەکەم لیوایە لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر – لقی گەرمیان و بە رێژەی ٨٥٪ کەمئەندامم. من گوێیەکم نابیستە و گوللەیەک و چوار پارچە لە سەرمایە و لە رێگەی حەمە قاشتییەوە نێردرام بۆ هیندستان و لەوێ چارەسەرم نەبوو. دواتر لە رێگەی عەدنانی حەمەی میناوە ناردیانم بۆ تورکیا و لەوێش چارەسەرم نەبوو.



ستار ساڵح عەبدولقادر، خەستەخانەی تەبرێز، ١٩٨٨.



ستار ساڵح عەبدولقادر و پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ، خەستەخانەی تەبرێز، ١٩٨٨.





ستار سالّح عەبدولقادر و پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ، خەستەخانەی تەبرێز، ١٩٨٨.





ستار ساڵح عەبدولقادر و پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ، خەستەخانەی تەبرێز، ١٩٨٨.



**سەباح ئەمین عوسمان**

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/٩

کاک سەباح، ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کەرکوک لەدایک بووە و بارودۆخی ژیانیان خراپ نەبووە و دەرچووی قۆناغی ناوەندییە و دەڵێت:

مانگی ١٩٨٢/١٠ لە ڕێگەی مەلا بەکر گراوی (لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو) پەیوەندیم کرد بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە.

١٩٨٥/٥/٥ پەیوەندیم بە تیپی ٥٧ی سەگرمەوە کرد و ناردیانم بۆ کەرتی ٥ی باسەرە و ئامرکەرتەکەمان حەمەڕەش (شەهید) بوو، و فەرماندەی کەرتەکەمان هیوا چیمەنی بوو.

بەشداری شەڕەکانی قوتەی حەسەن بەگ-مان کرد، وەک دوو مەفرەزەی تیپی ٢١ی کەرکوک لە ١٩٨٦/١١/١٥دا کە سابیر خلەگەری (لە شەڕی سەرکردایەتیدا ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوو)، لەگەڵ دلێر حەسەن ناسراو بە (دلێرە قەڵەو) سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد.

شەڕەکە زۆر سەخت و جەبهەکە زۆر گەورە بوو. بەشێک لە مەفرەزەکان کشانەوە و ئێمە دواهەمین مەفرەزە بوین کە بەرەو سەفرە کشاینەوە. بریندارمان زۆر بوو بۆ بەیانیەکەی بریندارەکان رەوانەی خەستەخانەکانی ئێران کران.

بەشێک لە هێزی پێشمەرگەیان بۆ پارێزگاری کردن لە سنوری مەڵبەندی دوو دانا و ئێمەشیان بۆ ئیسراحەت ناردەوە سنورەکانی خۆمان. دوای پشودانێکی کورت ناردیان بەشوێنماندا بۆ لێدانی رەبیەکانی کەلکەسماق. بۆ ئەو نەبەردییە لە سنوری ئێمە تیپەکانی ٢٥ی خاڵخالان و ٢١ی کەرکوک بەشدار بووین. لە ماوەی یەک سەعاتدا توانیمان دەست بەسەر هەموو رەبیەکاندا بگرین لە ١٩٨٧/١/١١دا توانیمان مقەڕی سریەکە بگرین و دەبابەیەکمان سوتاند و دوو موزەلی و دیکتارۆفێکیشمان دەستکەوت بوو. لە تیپی ٢١ی کەرکوک دکتۆر دەریا و ئیسماعیل چیمەنی شەهید بوون.

هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا بوو بەشداری شەڕی بیرە نەوتەکانی کەرکوکمان کرد و فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوک مەلا ئاراس بوو (دواتر بە قەسفی تەیارە لە مەرزیخە شەهید بوو) فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخالان سیروانی کوێخا نەجم بوو. فەرماندەی کەرتەکەمان هیوا چیمەنی بوو، وەستا سابیریش فەرماندەی مەفرەزە بوو. جوندی رەبیەکان مقاوەمەیان پێ نەکراو بیرە نەوتەکان گڕیان گرت و ئێمە گەڕاینەوە.

دوای ئەوە حکومەت حیزامی ئەمنی لە دەوری کەرکوک دا دروستکرد. لە سنوری سورەدێ سێ رەبیەیان دانا، زۆری پێ نەچوو بە سەرپەرشتی هیوا چیمەنی لە رەبیەکانمان دا و هەرسێ رەبایەکەمان گرتەوە و سەیارەیەک و کلاشنکۆفێکی موزەلی دەستکەوتمان بوون. دوو پێشمەرگەی قارەمانمان بریندار بوون سەرکەوت گوڵمکەوەیی و سەنگەر.

هەر لەو ساڵەدا شەڕی دوو ڕەبیەکەی سەر قەرەهەنجیرمان کرد، ڕەتڵی یەکەم بە سەرپەرشتی حاجی هەڵمەت و وەستا سابیر لەو ڕەبایانەدا جەیشی شەعبی لێ بوون و دامان لە ڕەبیەی یەکەم ئەوان رایان کرد و قەناسێکمان گرت ڕەتڵی دوو بە سەرپەرشتی هیوا چیمەنی و حەمەسور دووشیوانی بوو. ڕەبیەکەیان گرت و بەداخەوە هیوا چیمەنی و سوارە کەرکوکی شەهید بوون و چەند برینداریێکیشیان هەبوو. لەوانە شوانەی مام ساڵح، کە ڕێژەی کەمئەندامییەکەی لە ١٠٠٪-ە و بە تەواوی توانای قسەکردنیشی نەماوە هەروەها فەرهاد غەفار شەهید بوو.

دوای ئەوە بەشداری شەڕی مەعمەلی قیری چەمچەماڵیشمان کرد و چەند جوندییەکمان لێ بەدیل گرت و پاشان هاواریان کرد مەمانکوژن ئێمە کوردین و دواتر بێ تەقە تەسلیم بوون.

لە شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤دا بەشداری داستانی رزگاریمان کرد لە شاخی دووبرا و بەشداری دووەم شەڕی تۆمار و گورگانمان لە ناوچەی شوان کرد. حکومەت هەموو هێزی خۆی لەوێ تاقی کردەوە و شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو ئێوارە جەیشەکە سەحبی کردەوە و پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو.

هەر لەو ساڵەدا بەشداری گرتنی ڕەبیەی سەرجادەی کەرکوک - چیمەن مان کرد و پێنج جاشمان بەدیل گرت و پێنج موزەلی دەستکەوتمان بوو. ڕەبیەکە بە ناوی زەوی عەزەوە بوو.

ساڵی ١٩٨٨ بەشدارییی شەڕەکانی سەرکردایەتیمان کرد و دواتر چوینە ئێران و زۆری نەخایاند، گەڕاینەوە بۆ سنوری مەڵبەندی سێ، کە تا ئەوکاتە تەنها ناوچەی ئازاد بوو. لەوێوە پەڕینەوە بۆ شێخ بزێنی خواروو، هەفتەیەک مۆڵەتیان داینێ بۆ پشوودان و هەر کەرتە سنوری خۆمانیان بۆ دیاری کردین، کە دوای پشوو لێی کۆبینەوە. من و سۆرانی هاوخەباتم لە مۆڵەتەکەدا چوینە گوندی حەفتا چەشمە. بە گرمەی تۆپ بەئاگا هاتین و وتیان لە کوڵەبان



لەڕاستەوە: نەناسراوەتەوە، چەتۆ کاکەخان، سەلاح چیمەنی، نەناسراوەتەوە، هەوراز فەخرەدین گلی، شێرکۆ، سەباح ئەمین عوسمان.
دانیشتووەکان لەڕاستەوە: شەهید کاروان، حەمید کەرکوکی.
کەرتی ٣-ی شەهیدانی چیمەن/ تیپی ٢١ی کەرکوك.
شەڕی سەرکردایەتی ١٩٨٨.



سەباح ئەمین عوسمان و خێزانەکەی، نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی، ٢٠٠١.



سەباح ئەمین عوسمان، نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی.

لە بان جەباری شەڕە. من و سۆران چوین بۆ ئەو شەڕە و بەشداریمان کرد. وەکو کەرتی چواری جەباری رزگاری حاجی کایل فەرماندەی شەڕەکە بوو. بۆ ئەو شەڕە مەفرەزەیەکی حیزبی سۆشیالیست و هێزی پشتگیریی ناوچەکەش بەشدار بوون. شەڕەکە زۆر سەخت بوو. من فیشەک بەر قۆڵم کەوت و بریندار بووم. دەوری نیوەڕۆ جەیش کەوتە نزیک دێکە و وردە وردە سەحبیان بە پێشمەرگە کرد.

پێشمەرگەیەکی کەرتی چواری جەباری، کە ناوی عەلی تەپەلویی بوو، برینەکەی بۆ پاک کردمەوە و حەبی ئازاری دامێ.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا تەسلیم بووینەوە، و لە راپەڕین دا پەیوەندیمان کردەوە بە تیپی ٢١ی کەرکوکەوە.

١٩٩٤/٨/٢٠ لە سنوری قەڵادزێ فیشەکێک دای لە سەرم (هێشتا فیشەکەکە دەرنەهاتووە) دەستی چەپم فیشەک لێی دا و دوو پەنجەی بردم و سێ پەنجەکەی تریشم گۆج بوون. بردیانمە خەستەخانەی رانیە و برینداریێکی زۆری لێ بوو، بەشێکمان شوێنمان نەبوو. بە ئیسعاف ناردیانین بۆ سلێمانی و لەوێ عەمەلیاتیان بۆکردم.

با بێمەوە سەر فیشەکەکەی دای لەسەرم. ئێستا فیشەکەکە لەپشت چاومەوەیە. عەمەلیاتیان بۆکردم و توشی نەزیف بووم و بە پەلە بۆیان دوریمەوە و نەیانتوانی فیشەکەکە دەربهێننەوە.

ماوەیەکی پێ چوو کەوتمە سەرپێ و چومەوە هێزەکەی خۆم کە ئەوکاتە لە فەوجی ٢ ی چەمچەماڵ بوون و من کرام بە فەرماندەی سریە لە فەوجی ٢ی چەمچەماڵ.

ساڵی ٢٠٠٠ لە ماخوبزنان لە گوندی زەرنەکێو بۆ جاری سێیەم بریندار بوومەوە. فیشەکێکی قەناس لە ملمی دا و فەقەرەی شەشمی شکاند و بووە هۆی ئیفلیج بوونی بەشێک لە جەستەم.

دكتۆر یاسینی خەستەخانەی ئیمێرجنسی عەمەلیاتی فەقەراتی بۆکردم بەڵام ناجیح نەبوو. هەر لەسەرەتاوە دکتۆرەکان پێیان وتم ئەگەر ئەم عەمەلیاتەت بۆبکەین، دەتوانین تەنها زەمانەتی بە زیندوێتی هێشتنەوەت بکەین، بەڵام زەمانەتی چاک بوونەوەی تەواوت پێ نادەین.

وتیشیان بۆ ژیانت ئێمە ٢٤ بیست و چوار سەعاتت دوای عەمەلیاتەکە بۆ دادەنێین. بەڵام من هەر پێداگر بووم لەسەر عەمەلیات کردنەکەم. چونکە وەزعم زۆر زۆر خراپ بوو، ئازاریشم زۆر زۆر بوو. عەمەلیاتەکەیان بۆکردم. راستیان کرد، من هەر بەناو ماوم و وەزعم هەر خراپە و رێژەی کەمئەندامێتییەکەم لە ١٠٠٪ە هەواڵی چالاکییەکە لە ئیزاعەکە درەنگ خوێنرایەوە، چونکە نەیاندەزانی من شەهید بووم یان ماوم.

پلەکەم عەمیدە لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەر/ لقی کەرکوک.



## سەباح شەمسوڵڵا فەتحوڵڵا

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٩

کاک سەباح ساڵی ١٩٦٣ لە خانەقین لەدایکبووە و دوانزە سەرخێزانن و گوزەران و باری ژیانیان سەخت بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم بە حزبی سۆشیالیستی کوردستانەوە کرد لە ڕێگەی مامۆستا عەلی ئەکبەر، ناسراو بە مامۆستا دڵشاد. دوای ئەوەی سۆشیالیست جیابووەوە لە یەکێتی ئێمە پەیوەندییمان کرد بە یەکێتییەوە.

ماڵی براکەم لە سلێمانی بوو، منیش چووم بۆ ئەوێ و لەگەڵ دوو سێ برادەردا چووینە سەر مەزاری ١٧ شەهیدەکەی قڕگە و دواتر لە لایەن مەفرەزەیەکی ئەو مقەڕەی پێیان ئەوت شەهید عوسمان -ەوە سجن کراین بۆ ماوەی یەک مانگ و شەش ڕۆژ. ئەمە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بوو. پاشان لە ڕێگەی لبژنەی تەنسیقەوە ئازاد کراین. دوای تێکچوونەوەی مفاوەزات من و

عەبدوڵا تەنگیسەریی هاوڕێم کە پێکەوە سجن کرابووین چووینە دەرەوە بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە و لە قەرەداغ بووینە پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند. ماوەیەکی پێچوو ناردیانین بۆ دەورە بۆ مالومە کە حاجی یونس مەسئولی دەورەکە بوو.

ساڵی ١٩٨٨ ناردیانین بۆ رزگارکردنی هەڵەبجە، ئێمە لە بیارە بووین، تەیارە قەسفی کردین بە گازی خەردەل و من حاڵی چاو و دەست و ناوسکم زۆر خراپ بوو. ئێستا شێرپەنجەی ریخۆڵەم هەیە.

بریندار زۆر زۆر بوون. من و سەباح مەولود و حەمە سۆرانی کفری پێکەوە بووین کە ناردیانینە نەخۆشخانەی پاوە و لەپاش چارەسەری سەرەتایی رەوانەی نەخۆشخانەی کرماشان و پاشان ئەراکیان کردین.

من ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ چاوم هیچی نەئەبینی. لەوێ عیلاجیان کردین و ئیزنیان داین ئێمەش چووینە ماڵە کەسوکار و ئەوان هاوکارییان ئەکردین.

پاش دوو مانگ گەڕاینەوە و چووینە تیپی ٣٣ی سورێن کە کەمال شاکر سەرتیپی بوو. دوای تەواو بوونی شەڕی عێراق - ئێران چووینە دزڵی و مەرگاوان و دواتر چووینە تیپی ٥٣ی شیروانە کە سالاری حاجی قادر سەرتیپی بوو.

لەکاتی راپەڕین دا وەکو هێزی خانەقین لەگەڵ کاک عەلی شاماردا چووین بۆ رزگارکردنی خانەقین.

ساڵی ١٩٩٢ من کرام بە مەسئولی عەسکەری خانەقین، کە مەسئولەکەمان مامۆستا پشتیوان بوو و حسێن مەنسوریش جێگری بوو، جارجار حکومەت هجومی ئەکرد و ئێمەش ئەچووین بۆ بەرگری کردن لە سەرتەکی بەمۆ. لەوێ بە گوللەی ئارپیجی قاچی راستم شکا و سووتا.

حسێن مەنسور و حەسەن جیهاد (ئەبو فەلاح) منیان برد بۆ خەستەخانەی تەواری لە سلێمانی. لەوێ دکتۆر نەجیب محەمەد بایە عەمەلیاتی بۆ کردم و

دوای ئەویش دکتۆر وەرزێر شاڵی عەمەلیاتێکی تری بۆ کردم لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە وەکو ئێستا جیهاز و ئامرازی پێشکەوتووی پزیشکی نەبوو بۆیە چوار جار عەمەلیاتم بۆ کراوە. ئێستا بە پلەی عەمید خانەنشین کراوم.



سەباح شەمسوڵڵا، نەخۆشخانەی هیوا



سەباح شەمسوڵڵا، نەخۆشخانەی ئەنوەر شێخە



سەباح شەمسوڵڵا، نەخۆشخانەی ئەنوەر شێخە



سەباح شەمسوڵڵا، هەڵکەوت (شەهید)، دزڵی، ساڵی ١٩٨٩.



لەڕاستەوە: سەباح مەولود، سەباح شەمسوڵڵا، هەڵکەوت (شەهید).
پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٣٣ی سورێن، دزڵی، ساڵی ١٩٨٩.



لەڕاستەوە: حەسەن جیهاد، ئیبراهیم مەتحەت، حەقی محەمەد، مام سەمەد، سەباح شەمسوڵلا، پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٣٣ی سورێن، دزلی، ساڵی ١٩٨٩.



**سەروەر سەلیم حەمەئەمین**

سێ شەممە ٢٠٢٥/١/٢٨

کاک سەروەر ساڵی ١٩٧٧ لە گوندی یاخیان/ ناحیەی بنگرد لەدایکبووە و هەشت سەرخێزانن و گوزەرانی ژیانیان سادە بووە و باوکی بە رەنجی شان بەخێوی کردوون و خوێندەواری هەیە و ئەڵێت:

لە کۆڕەودا چووینە میاندواو لە ئێران و دواتر گەڕاینەوە و چووینە پیرەمەگرون.

بە حەڤدە ساڵی بووم بە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان لای عوسمان سیدەری. دواتر تەشکیلات کرا و لیوای هاوبەشیان دروست کرد. کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا لیوا بوو بە فەرماندەیی دوکان و ئیتر هەر لەوێ بووم

دوای ساڵی ٢٠٠٤ چوومە هێزەکانی پشتیوانیی دوو لای لیوا حسێن مەنسور. لەو لیوایە بەشداریی هەموو شەڕەکانی دژ بە داعشم کردووە لە خانەقینەوە بەرەو کۆبانی.

ئێمە وەکو هێزەکانی پشتیوانیی دوو لە گوندی وەحدە کەوتینە شەڕەوە لەگەڵ داعش و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون هەندێکیشی بەدیل گیران. من لە ٢٠١٥/٣/١٦ لەو شەڕەدا بە گڕ و ئاگری تۆپ هەردوو چاوم لەدەست دا. ئیسعافیان هێنا و لە خەلفی خەستەخانەیەکی بچوکی لێ بوو. تەداوییەکی خێرایان بۆ کردم و بردیانم بۆ خەستەخانەی ئازادی لە کەرکوک. ئاکۆی برام لە دژەتیرۆر بوو کە ئەوانیش لە شەڕەکە بوون. ئەو هات لەگەڵم و تەلەفونی کرد بۆ ماڵی باوکم و ئەوان وتبوویان بیهێنەرەوە بۆ سلێمانی. یەکسەر بە ئیسعاف منیان بردە خەستەخانەی تەواری لە سلێمانی. لەوێ تەماشای چاویان کردم و ناردیانین بۆ خەستەخانەی شەهید ئاسۆ و دوو شەو لەوێ بووم و ٣/١٨ رەوانەی تارانیان کردم و سەرداری برام و شێرزادی ئامۆزام هاتن لەگەڵم.

ئەو رۆژەی کە ئێمە گەیشتین لەبەر خۆئامادەکردن بۆ جەژنی نەورۆز خەستەخانەکە چۆڵ بوو. لەوێ قەرەنیەی چاوی راستیان بۆ گۆڕیم، بەڵام کێشەی چاوم لەوە گەورەتر بوو، چاوی چەپیشم هیچی تیا نەمابوو.

ئیسعافی ئەهلیمان گرت و لەسەر حسابی خۆمان گەڕاینەوە و گەیشتینە باشماخ و لە سلێمانیشەوە ئیسعافیان ناردبوو بۆ مەرزەکە و ئێمەی گەیاندەوە ماڵەوە.

سەرەتای مانگی ٤ حکومەت ناردمی بۆ هیندستان. سەرداری برام هات لەگەڵما. دە رۆژ لەوێ بووین بەحساب شەبەکەی چاویان بۆ دانام و وتیان ئەبێت ٤٠ شەو لەسەر دەم بکەویت بۆ ئەوەی شەبەکەکە نەجولێت و شەش مانگی تر وەرەوە بۆ لامان.

گەڕاینەوە ماڵەوە و زۆری پێ نەچوو شەبەکەکە تەقی. دیسان مانگی شەش لەگەڵ سەردار چووینەوە بۆ هیندستان. تەماشایان کرد و وتیان نەجاحەتی نەهێناوە و ئێستاش هەرچیت بۆ بکەین سوودی نیە.

حکومەت مانگی ۲۰۱۵/۱۲ لەگەڵ هیوای ئامۆزامدا ناردیانم بۆ ئەڵمانیا و لە خەستەخانە فەحسی چاویان بۆ کردم و کچێکی کورد موتەرجیم بوو. لەلاوە بە هیوای ئامۆزامیان وتبوو هیچ ئەمەلێک نیە بۆ چاکبوونەوەی چاوی. بەڵام لەبەر دڵی من وتیان دکتۆر وتوویەتی ئەگەر عەمەلیاتی بۆ بکەین ئەتوانێت بۆ دووری ۲۰-۳۰ سانتیمەتر ببینێت. وتم ئینجا ئەوە هیچ ئەمەلێک نیە. بە کوڕەکەی ئامۆزام وت راستیم پێ بڵێن بە ناچاریی وتی: ئەڵێن لای ئێمە هیچ چارەسەرێکی نیە.

ئینجا چووین بۆ خەستەخانەی شاری میونشن و لەوێش هەمان وەڵاممان دەستکەوت و سوودمان وەرنەگرت و گەڕاینەوە. من سەر و چاوم بەسترابوو تەنها کونی لوت و دەمم بەدەرەوە بوو. بە ماڵەوەم نەوت حاڵەکەم وایە، وتم وتوویانە سێ مانگی تر سەردانمان بکەرەوە. نزیک دەبووەوە لە سێ مانگەکە، پێیان ئەوتم بۆ خۆت کۆناکەیتەوە و وا وەختی رۆیشتنت هاتووە؟ وتم خۆتان سەغڵەت مەکەن چاوم هیچ چارێکی نیە. دوای ئەوە هەرکەس ئەیوت فڵان دکتۆر باشە و ئەتوانێت چارەسەرت بکات بە زۆر ئەیانبردم بۆ لای. بەڵام من خۆم دڵنیا بووم کە هیچم بۆ ناکرێت.

من کە لە ماڵەوە دەبووم قەمسەڵەیەکم لەبەر ئەکرد و قەمسەڵەی دەوامیشمان جیاواز بوو. رۆژی شەڕەکە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان راستەوخۆ شەڕەکەی نیشان دابوو. کوڕە گەورەکەم کە ئەوکات چوار ساڵان بوو وتبووی ئەوە باوکمە و بریندار بووە. ژنەکەم نەیناسیبوومەوە بە قەمسەڵەکەمەوە. بە خۆیدا کێشابوو وتبووی ئەو نیە و ئاخۆ ماڵی کێ کوێر بوونەتەوە.

خەڵکیی هەموو زانیبوویان بەڵام بە خێزانەکەمیان نەوتبوو. خێزانەکەشم زۆر شپرزە بووبوو وتبووی نازانم چی بکەم. سەروەر بۆ جوابی تەلەفونەکەی ناداتەوە، من تەلەفونەکەم پەڕیبوو. کەسوکار وتبوویان لەوێ شەبەکە نیە. تا

دواجار وتبوویان بریندارە و وەرە با بچین بۆ خەستەخانە. کە هاتبوون و لە ڕێگە گەیشتبوونە نزیک سلێمانییەوە، تەلەفونیان بۆ کردبوون، وتبوویان وەرن بۆ خەستەخانەی شەهید ئاسۆ. ژنەکەم هەر ترسابوو وتبووی دیارە نەماوە و بە من نالێن. هاتن و منی بە سەروچاوی بەستراوەوە بینی.

من خۆم بە کەمئەندام نازانم. ژیان بەس چاو نیە. خوای گەورە بەهرەی پێ داوم. من بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کە دەستیان نیە و قاچیان نیە. لەخوا بەزیاد بێت قەناعەتم هەیە بەوەی ئەوەی کە چاوی هەیە و چاویشی نیە ئەم دنیا کاتییە بەجێ دەهێڵێت. من خۆم بە نابینا نازانم. ئەوانە بە نابینا ئەزانم کە دڵیان ڕەشە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوونی ئێمە. ئەو کەسانە نابینان کە ڕەنجی ئێمە نابینن.

سێ کوڕ و سێ کچم هەیە. گەورەکەیان لە دوا قۆناغی خوێندنی پەیمانگەیە. دانەیەکم بە حەوت مانگی لەدایکبوو. بیست و سێ ڕۆژی تر ئەگاتە پانزەساڵی ڕێک کە من هەردوو چاوم لەدەست دا. تا ئەو کوڕەم بوو بە چوار ساڵ نەمهێشت سەری بۆ بتاشن هەمیشە دەستم بەناو قژیا ئەگێڕا.

حەمد و سەنا بۆ خوا من زۆر شوکور و سابیرم. دەرگای ڕەحمەتی خوا گەورەیە و لەم دنیا بەسەری کردووینەتەوە و ئیشەڵڵا لەودنیاش دەرگای خێرمان لەسەر ئەکاتەوە.

نایب زابتی مومتازم لە کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر و ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دوو جار د.ئارام جەمال قەستەرەی دڵی بۆکردم و باڵۆنی بۆداناوم.



سەروەر سەلیم، نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ



**سەلاح محەمەد ئەمین (سەلاح گۆڵدەرەیی)**

هەینی ٢٠٢٥/٢/٢١

کاک سەلاح زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی گۆڵدەرە - ئاڵتون کۆپری لەدایک بووە و یانزە سەر خێزانن و تا پۆلی سێی ناوەندی خوێندووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێگەی ڕێباز کڵاوقوتی (شەهید)ەوە پەیوەندیم بە کەرتی ڕێکخستنی دوکانەوە کرد.

ساڵی ١٩٨٤ کردیانمە عەسکەر لە کەرکوک، من و عەدنان حەساری و نەجاتە زەعیف لە وەحدەکەمان سێ چەکمان هێنا و چوینە کەرتی یەکی تیپی ٢١ی کەرکوک، کە سیروانی کوێخا نەجم فەرماندەی کەرت بوو.

ساڵی ١٩٨٥ بەشداری شەڕەکانی دۆڵە ڕەقە، شیوە سور و لێدانی ڕەبایەکانی دەوروبەری کەرکوک - قەرەهەنجیرم کردووە.

چوینە ناو کەرکوک، هێشتا جسرە تازەکە تەواو نەکرابوو، لە سەیتەرەکەمان دا و سێ شەهیدمان دا، رزگار محەمەد و چالاک حەسەن قەباغ و رەحیم و زیاتر لە ٣٠ جوندیمان کوشت.

وەکو تیپی ٢١ی کەرکوک شەڕی نەبیاوامان کرد لە نێوان کەرکوک - پردێ لای کەڵور، بە سەرپەرشتی حاجی هەڵمەت و حەمە سور دوشیوانی. کەمینمان لەسەر جادەکە دانا و هێزێکی زۆری رژێم بە دەبابە و مودەرەعەوە هاتنە سەرمان. دوو مودەرەعە و دوو ئیڤا و موسەلەحەیەکمان سوتاند. سێ سەیارە و وازێکمان گرت، کە تۆپێکی (١٠٦)ی بەسەرەوە بوو. ئەم تۆپە یەکەمین تۆپ بوو، کە لەو ناوچەیە گرتمان و من و ئەنوەر دوبزی بردمان بۆ گوندی بیبانی بچوک. لەو شەڕەدا لە قۆڵی کەمینەکە بریندار و شەهیدمان نەبوو. بەڵام لەناو دێکە چوار شەهیدمان دا (دارای مامە قالەی جێگر تیپ و نیزام کۆچەکی و پێشڕەو کاکەیی و حەمە شوکور) ئاوات رەشیدیش بریندار بوو (ئەو دواتر لە شەڕی ناوخۆدا لە سورێن شەهید بوو) هەروەها رەحمان بچکۆلی سمایل بەگییش بریندار بوو (لە راپەڕین لەناو کەرکوکدا شەهید بوو)

مانگی ١٩٨٦/٢ وەکو کەرتی یەکی ساڵەیی چوین بۆدانانی کەمین لە شیوەسور بە سەرپەرشتی حاجی هەڵمەت. قافڵەیەکی عەسکەری هات و بڕیار درا لە قافڵەکە بدەین و کراین بە دوو مەفرەزە، مەفرەزەی پاڵە و مەفرەزەی ئاسۆ سور.

من لە مەفرەزەی پاڵە بووم. لە قافڵەکەمان دا و زیاتر لە ٢٣ جوندیمان کوشت و ١٨ جوندیمان بەدیل گرت و وازێکمان گرت و چەند کلاشنکۆفێکمان دەست کەوت. ئەو شەڕانەی تێیدا بەشدار بووم: شەڕی قەرەهەنجیر و شەڕی سورەدێ و قوتەی حەسەن بەگ و بالوسە و کەڵکی قەیوان و خەجە لەرزۆک و شەڕی ناوسۆر کەل (شوان - کەرکوک) و شەڕی تەقتەق و شەڕی تۆمار و گورگان.

مانگی ١٩٨٦/٩ ئێمە لە سنوری شێخ بزێنی بوین بروسکە هات کە بچین بۆ سەرکردایەتی و ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندی قەیوان. سەعات ٤ی دوای نیوەشەو کەسێک هات وتی حاجی هەڵمەت کێیە، من نامەم بۆ هێناوە. حاجی هەڵمەت نامەکەی خوێندەوە و وتی خۆتان کۆبکەنەوە و بەرەو شاخی دوو برا بەڕێکەوتین. ئێمە هەر لە مەفرەزەکەی پاڵە بوین و سەعات حەوتی بەیانی گەیشتینە شاخەکە و خەلیل بێدەری سەرتیپی ٢٣ی سورداشمان لەوێ بەدل کرد. ڕژێم تۆپ بارانێکی چڕی کردین و کەریم دوبزی شەهید بوو، ئازاد دووبزی و حاجی هەڵمەت و مام ڕەشی خەڵکی شەوگێڕیش بریندار بوون. مام برایمە سوری جێگری فەرماندەی تیپ و هیوا چیمەنی فەرماندەی کەرت دواتر (لە قەرەهەنجیر شەهید بوو) ڕومانەیەکیان خستە ناو هێزی دوژمن و حەوت جوندی کوژران. کاک برایم هاواری کرد نەچن بۆ چەکەکانیان لێتان دەدەن. مام برایم چووە پەنای ئەو بەردەی کە حاجی هەڵمەتی لێ بریندار بوو، هاوارم کرد مام برایم مەچۆ، وتی هیچ نییە و بە دەم تەقەکردنەوە بە پشتا کەوت و شەهید بوو.

ئێمە ئەومان بردە خوارەوە و نەمان هێشت پێشمەرگەکان بە شەهیدبوونی مام برایم بزانن بۆ ئەوەی ورەیان نەڕوخێت.

تۆپ باران بەردەوام بوو، گوللەیەک دای لە قۆڵی پاڵە و بریندار بوو، من چوم بە هانایەوە تا بینێرمە خوارەوە. لەو کاتەدا هاوەنێک دای بە زەوی دا و منیش پارچەی هاوەنەکە پشت و ملمی تیغ کرد و هەردوکمان بەو برینדارییە تاکو سەعات سێی سەرلەبەیانی لە بەرگری دا بووین.

مام هەژاریش هەردوو گوێی بە پارچەی تۆپ تەقی (ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی تۆراخ شەهید بوو).

من و هیوا چیمەنی ماینەوە و چوینە گوندی قەیوان کە ئەوکاتە صەلاح چاوشین فەرماندەی ئەو میحوەرە بوو.

ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال بوو، ئێمە لە سنوری خاڵخاڵان بوین کە هێزەکەی بارق هات بۆ داگیرکردن و خاپور کردنی گوندەکانی سنورەکە، کەرتەکانی تیپی ٢١ کۆبوونەوە بە مەبەستی لێدانی دوژمن، بارق گەیشتە گوندی تەلی سور (لای گوندی کارێزەی خاڵخاڵان) لەو شەڕەدا نەسرەدین پیرجانی، بە برینداری دەستگیر و بێ سەرو شوێن کراو سەیفەدین برێفبانی شەهید بوو.

بۆ بەیانی بە گوندی کارێزەدا چوینە شیوەکانی ئەو سنورە و لەوێ ماینەوە. دوای ئەوە هێزێکی موعارەزەی عەرەبیش گەیشتنە لامان.

چەند رۆژێک ماینەوە و لەبەر تۆپ و تەیارە نەماندەتوانی بجولێین. دوای ماوەیەک چوینەوە شێخ بزەینی و لە زێی بچوک پەڕینەوە و چوینە بەستی قەمەر

مام رۆستەم و سیروانی کوێخا نەجم کۆبونەوەیان کرد، وتیان ژمارەمان زۆرە و ناتوانین بەم شێوەیە لەم ناوچەیەدا بمێنینەوە و بڕیاریان دا جیهاز بۆ کاک نەوشیروان بکەن و رای ئەو وەربگرن. جیهازیان کرد و کاک نەوشیروان وتی لە ئێستا بەدواوە پێشمەرگە ئازادە و کێ تەسلیم دەبێتەوە با تەسلیم بێتەوە بە مەرجێک خیانەت نەکات. هەندێکمان چوینە هەولێر و تەسلیم بوینەوە.

من لە دارەتوو دەستگیرکرام، چونکە کاتی خۆی سەرباز بووم و چەکم فڕاندبوو. منیان بردە فەیلەقی حەوتی کەرکوک و مەحکوم بووم بە ئیعدام رەمیەن بیلرەساس شەش مانگ و شانزە رۆژ سجن بووم و دوای ئەوە بە عەفوات بەربووم و ناردیانم بۆ تانجەرۆ بۆ ئەو وەحدەیەی کە پێشتر سەرباز بووم لێی. لەوێ بە بڕی ٢٧٢٠ دیناری سویسری ئازاد کرام.

لە ساڵی ١٩٩١ دا لە ئۆردوگای دارەتوو بوین حاجی هەڵمەت و حەمە حەساری خەریکی رێکخستنی شانە چەکدارییەکانی بروسک بوون و منیش بەشدار بووم لەگەڵیان و چەکمان کۆکردەوە. بەشداری راپەڕینمان کرد و ٣/١١ دارەتومان ئازاد کرد و دواتر چوین بۆ ئازادکردنی کەرکوک، حاجی هەڵمەت





پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی ساڵەیی - تیپی ٢١ی کەرکوك.
بولقامیش کلیسە - دەشتی کۆیە - زێی بچوك، ١٩٨٧/٦/٣.

که مەسئولی هێزەکەی بروسکی ئەو ناوچەیە بوو شەوی ١٩٩١/٣/٢١\٢٠ دوای پێنج جار بریندار بوون شەهید بوو.

تا ساڵی ١٩٩٤ لە سوپای یەکگرتووی کوردستان بوین. لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە بەشداری شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆمان کردووە.

لە دەڤەری رانیە فەوجێک دروست کراو وەستا رەسوڵ کرا بە ئامر فەوج، کاک نەقیب بوو بە جێگری و منیش کرام بە فەرماندەی سریە.

١٩٩٤/١٢/٢١ وەکو فەرماندەی فەوجی ئاوارەی کەرکوک بە سەرپەرشتی کاک مولازم عومەر و مستەفای سەید قادر و وەستا رەسوڵی فەرماندەی فەوجی ئاوارەکانی کەرکوک بەرەو دۆڵی بالیسان چوین بۆ لێدان لە رەبایەی (أم عباس) کە بە پاڵ گوندی بنەباوێ وە بوو. توانیمان ئەو سیلسیلەیە پاک بکەینەوە.

دوژمن دووبارە هێرشی کردەوە و بوو بە شەڕی دەستەو یەخە و رومانەیەکیان تێگرتین و عەبدولخالقی رابەر سیاسی شەهید بوو. منیش ٢٧ پارچە بەر سەرو دەمم کەوت و گوللەیەکیش بەر قۆڵم کەوت و بە برینداریی بەجێ مام و بە سکەخشکی رۆیشتم و سەعدونی پێشمەرگەی خۆمانم دی و وتم برۆ جەنازەی عەبدولخالق دەرباز بکە، وتی فیشەکم پێ نەماوە. وتم مەخزەنەکەی من بەرەو تۆزێک رۆیشت و گەڕایەوە، وتی دوژمن لەسەر جەنازەکەیە. ئەو زۆر گەنج بوو. منیش شارەزا بووم. من چاوێکم باش نەیدەبینی رۆیشتین و دوژمن هەستیان پێکردین و تەقەیان لێ کردین و خۆمان دایە پەنایەکەوە و تەقە وەستاو ئنجا چوینە سەر جادە. لە رێگا جەماعەتێکمان بینی سەردەکەوتن بەرەو لای ئێمە، هاوارمان کرد ئێوە کێن؟ رەفعەتە سوری هاوڕێم کە مەسئولی ئیدارەی فەوجەکە بوو، وتی خۆمانین. بردمی بۆ رانیە و لەوێ د. کاترین عەمەلیاتی بۆ کردم و چی پارچەی قابیلی دەرهێنان هەبوو دەری دەهێنا.

دوای حەوت رۆژ گەڕامەوەماڵەوە بۆ دارەتوو تائێستاش بەدەست ئازارەوە دەناڵێنم و بەردەوامم لەسەر وەرگرتنی عیلاج و تا ئێستا پارچە لەسەرمایە. دەم و چاویشم تێک چووە.

ئێستا کارگێڕی سکرتارییەتی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم لە سلێمانی بە پلەی لیوا.



**سەلاح محەمەد محێدین خدر (مامۆستا سەلاح دوزی)**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/٢/١٣

کاک سەلاح، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی قوم پەلک/ ناوچەی داودە/ نەوجول لەدایکبووە و یانزە سەرخێزانن و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیی شاری تکریتە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٠ - ١٩٨١ و ئەڵێت:

مانگی ١٩٨١/٣ پەیوەندیم بە ریزەکانی ڕێکخستنی یەکێتییەوە کرد لە ڕێگەی ئیحسان تاڵەبانییەوە ناسراو بە هوشیار و دواتر بوومە مەسئولی شانە و بەناوی ڕێکخراوی حەمرین کار و چالاکیی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی نهێنیم لە سنوری ناوچەکە و قەزای خورماتو و شاری تکریتدا کرد.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندییم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد لە ناوچەی شۆڕشگێڕانی گەرمیان لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان و ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی یەکێتیم و بەشداریی شەڕەکانی

هێزی پێشمەرگەم لە زوربەی سنورەکاندا کردووە وەکو شەڕی جادەی نەوجول - خورماتو، شەڕی دێی سەید خەلیل، شەڕی جادەی قادر کەرەم - کانی شیرین و گاوبازە، شەڕی دێی چەچان و بەشداری شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی و قەیوان - ماوەت و شەڕەکانی داستانی رزگاری و گرتنی رەبیەکان و شەڕی قوتەی حەسەن بەگ - شاخی گۆجاڕ و شەڕی چەرمەگا و گرتنی فەوج و رەبیەکان و زۆر شەڕی تر.

ساڵی ١٩٨٦ رژێمی بەعس بەرنامەی وابوو لە سنوری هەموو ناحیەکانی خۆیانەوە هێرش و پەلامار بۆسەر دێهاتەکانی دەوروبەری خۆیان بدەن بۆ بەرتەسک کردنەوەی چالاکیی پێشمەرگە و ترساندنی خەڵکی سنورەکە. لەو چوارچێوەیەدا لە سنوری ناحیەی نەوجول چەند جارێک دوژمن بە پاڵپشتی و هاوکاری جەیش و جاش و تۆپی دوورهاوێژ هێرشیان هێنا بۆ ناوچەی داودە و بەتایبەتی دێهاتەکانی چەچان و گەرگەرەکان و باش تەپە. خۆشبەختانە هەموو هێرشەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری سنورەکە تێک ئەشکێنران. ئەگەرچی نابەرابەری هەبوو لە ژمارەی هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری لە چاو هێزی زەبەلاحی دوژمن و چەک و تەقەمەنییەکانیان بەڵام لوتیان ئەشکێنرا و ژمارەیەک کوژراویان دەبوو، جگە لە سوتاندنی شۆڤڵ و دەبابە و سەیارەیان و هەندێکیشیان بەدیل دەگیران.

یەکێک لەو شەڕانە مانگی ١٩٨٦/٦ بوو کە دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان هێنا بۆ سەر دێی چەچان بەنیازی خاپور کردن و سوتاندنی دێکە. گەرچی ئێمەی پێشمەرگە و هێزی بەرگری بە ژمارە کەم بووین، بەڵام ورەمان پۆڵایین بوو، خۆشەویستیی نیشتمان هاندەرمان بوو، توانیمان ١٢ جوندی و جاش بکوژین و سەیارە بسوتێنین و شۆڤڵێک و ژمارەیەک چەکمان دەست کەوێت و دوژمن بە سەرشۆڕی پاشەکشە بکەن.

لەو شەڕەدا بەهۆی تەقینەوەی ئارپیجییەکەوە کە لە شوێنی بەرگریی



**لەڕاستەوە: کەمال شێخ لەنگەر (شەهید)، سەلاح دوزی، ئەحمەد دەکەیی، جاسم وەستا شەریف (شەهید). گوێزێ - قەندیل، ساڵی ١٩٨٨.**

ئێمەی دا من هەردوو گوێم و چاوم پارچەی بەرکەوت و بریندار بووم و ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون.

که بریندار بووم هەڤاڵەکانم بە ماتۆڕ منیان بردە بناری گل کە دکتۆر جاسمی لێ بوو. ئەو موزەمید بوو بەڵام ئەوان لە پێشمەرگایەتیدا بە دکتۆر ناوئەبران. ئەو چارەسەری سەرەتایی بۆ کردم. پاش چەند مانگێک سەرکردایەتی لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە رەوانەی شاری تەبرێزیان کردم و لەوێ نەشتەرگەریی گوێیان بۆ کردم.

دوای گەڕانەوەم لە خەبات دانەبڕاوم و لە ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانی یەکێتیدا خەبات دەکەم و پلەکەم لیوایە لە سەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەر و راوێژکاری باڵای مەکتەبی رێکخستنم.



وەستاوەکان لەڕاستەوە: شەهاب خانەقینی، قانیع مەحمود کفری (شەهید)، وریا ئەحمەد حسنی کفری، جەمیل حسێن شێخ لەنگەری، ئازادی خوشکەزای کاك نەوشیروان.
ریزی پێشەوە لەڕاستەوە: سەلاح دوزی، ئارام وەستا شەریف، هیدایەت ئۆمەربلیی.
دزڵی - ئێران، ساڵی ١٩٨٨.



**شوان شەریف کەریم محەمەد (شوان موغاغی)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٩

کاک شوان، برای شەهیدان فاتیح و قارەمان و ئەنوەر و ئامۆزای شەهید کاروان چالاخی یە و خوشکەکەشی لە شەڕی دەستەویەخەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس لە گوندی موغاغ قاچێکی لەدەست داوە.

کاک شوان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی موغاغ لەدایک بووە و ئاستی بارو گوزەرانی ژیانیان مام ناوەند بووە و تاکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨١ لەڕێی بێستون سابوراواییەوە پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە.

١٩٨٢/١١/٢٠ لە رێی کاک بێستوونەوە بووم بە پێشمەرگە لە رێکخراوی کۆمەڵە لە هەڵەدن، کە کاک جەبار فەرمان سەرپەرشتی دەکرد و کاک

فەرهادیش جێگری بوو. من لە بارەگا پێشمەرگە بووم، کاری ڕێکخستنیشم دەکرد، دوای شەش مانگ نەقڵ بووم بۆ تیپی ٢٣ی سورداش.

لە ساڵی ١٩٨٤دا کە مفاوەزە بوو چومە تیپی مەڵبەند لە سەرگەڵو کە فاتیح شوانی سەرتیپ بوو. ١٩٨٣ بەشداری شەڕەکانی بێتواتە و گرتنی مەخفەری شورتەی کانی ماران و داستانی سەر جادەی دوکان - سلێمانی و ساڵی ١٩٨٥ بەشداری شەڕەکانی دابان - هەلاج و گرتنی رەبیەکانی قوڵە سەوز و قوڵە پوشینە و سپیک و گرتنی مەخفەرەکانی کارێزە و گرتنی فەوجەکەی تەوەکەڵ و گرتنی ناحیەی ئاغجەلەر و بەشداری شەڕی کەرکوک و گرتنی رەبیەکانی تەقتەق و گرتنی کۆمەڵێک چەکدار لەسەر جادەی کانی خان و گرتنی سەیارەیەکی عەسکەری و گرتنی رەبیە و فەوجەکەی کانی خان و رەبایەی شاخی سارا و داستانی رزگاریم کردووە و بەشداری شەڕەکانی سەرکردایەتیشم کردووە.

١٩٨٨/٣/١ حکومەت بە هەموو توانایەوە پەلاماری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دا دوای چەندین رۆژ شەڕکردن، پەلاماری گوندەکانی سورداش و هۆمەر قەوم و شەدەڵەی دا.

لە شەوی ١٩٨٨/٣/٢\١ دا بە چەند تیپێک (تیپەکانی ٦٣ی جوتیاران، و مەڵبەندی ٢، و ٢٩ی کەلکەسماق، و ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان). پەلاماری هێزەکانی سەر شەدەڵەمان دایەوە. من لەو شەڕەدا بە سەختی بریندار بووم و توانیمان زوربەی شوێنەکان بگرینەوە.

بەڵام لەبەرئەوەی شەهید و برینداریکی زۆرمان دا نەمانتوانی تیا بمێنینەوە. بە داخەوە لەو شەڕەدا چەند پێشمەرگەیەکمان ئاو بردی. ئەوکاتە غەریب عەسکەری فەرماندەی تیپ بوو، مستەفا سەرگەڵویی جێگری تیپ بوو، منیش فەرماندەی کەرت بووم، تیپی مەڵبەند پێکهاتبوو لە ١٢ دوانزە کەرت چونکە جوگرافیای سنورەکەمان فراوان بوو لە قەمچۆغەوە بۆ قزلەر، لە

دابان – هەلاجەوە بۆ چالاوا، لە چالاواوە بۆ دۆڵ مازەڵە و جوبلاغ و قەڵەم پاشا و سەرمۆرد.

وەک وتم نەمانتوانی لە شەدەڵە بمێنینەوە، یەکەم لەبەر سەختی شەڕەکە، کە چەندین شەهیدی وەکو فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران و چەندین فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانی تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخالان و ٢٩ی کەڵکە سماق و تیپی مەڵبەند شەهید بوون و برینداریکی زۆریشمان هەبوو. شەڕەکەی دەستەو یەخە بوو. سەعات دووی شەو بوو رومانەیەکیان بۆ هەڵدام قاچی راستم زۆر بە سەختی بریندار بوو، بە برینداری بردیانم بەرەو مێرگەپان و دانیشتوانی شەدەڵە دکتۆرێکیان بۆ هێنام و عیلاجی سەرەتاییان بۆکردم. پاش ئەوە دوو پێشمەرگەکەی لەگەڵ خۆم بوون بە ولاخ سەریان خستم بۆ سەر شاخ. لەبەرئەوەی بەفرێکی زۆر بارببوو بە هەڵیژگێکی دار بەسەر بەفرەکەدا بەرەو گوندی هەڵەدن رایانکێشام. لە گوندی هەڵەدنەوە چوار پێنج فیشەکیان تەقاند، ئەمە ئاماژەبوو کە بریندارمان هەیە، دانیشتوانی گوندی هەڵەدن ولاخە بەرزەیان بۆ هێنام و بردیانم بۆ خەستەخانەی شۆڕش لە بەرگەڵو.



شەهید ئەنوەر شەریف

بریندار‌ی هەموو شەڕەکانی سەرکردایەتی لەوێ کۆکرابووەوە کە ژمارەیان زیاد لە ١٠٠ سەد پێشمەرگە دەبوو. کۆمەڵێک دکتۆری شۆڕشگێڕ و ماندوونەناس خەریکی چارەسەری بریندارەکان بوون. دوای چەن رۆژێک

سێ کۆپتەری ئێرانی هاتن بردیانینە خەستەخانەی فاتمەزەهرا لە شاناخسێ و لەوێش چارەسەرێکی سەرەتاییان بۆکردینەوە و بە پاس بردیانین بۆ خەستەخانەی عەسکەری بانە.

تەداوییان بۆکردین و دواتر نەقڵیان کردین بۆ خەستەخانەی ٥٥٢ی ئەرتەش لە شاری تەبرێز.

ماوەی دوو مانگ لە خەستەخانەی ئیمام خومەینی و نەقاهەتگاماینەوە.

دوای چەند رۆژێک لە خەستەخانە من قاچم ئیلتیهابێکی زۆری کردبوو لەبەرئەوەی بە باشی پاک نەکرابووەوە و ماوەیەکی زۆریشم پێ چووبوو تا گەیشتمە شوێنی مەبەست و بۆیە بڕیاریان دا عەمەلیاتی قاچم بۆبکەن، عەمەلیاتەکەم سەرکەوتوو بوو.

ئێستا پەنجە گەورەی قاچم سەقەت بووە و برینەکەی هەرماوە. دوای ئەوە گەڕامەوە سنوری تیپەکەی خۆمان، تیپی مەڵبەندی دوو.

ساڵی ١٩٨٨ حکومەت کە پەلاماری هەموو سنوورەکانی دا ئێمەیان گواستەوە بۆ گوندی بادیناوا لە سنوری خانێ. یەکێتی هەموو هێزەکانی هێنایە گوندی بادیناوا و ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی بچین بۆ پشتیوانی هێزەکانی مەڵبەندی ٣ سێ، کە تا ئەوکاتە هێشتا نەگیرابوو. کاک نەوشیروان ئەوکاتە لە گوندی باداوا بوو هێزەکانی رێک دەخستەوە. بۆ چونە پشتیوانیی مەڵبەندی ٣ی هەولێر قاچم هێشتا چاک نەبووبووەوە غەریب عەسکەری زۆری لەگەڵ کردم، کە من نەچم و بەکەڵکی چونە مەڵبەندی سێ نایەم. من ١٠ دە پێشمەرگەم لەگەڵدا بوون و بەشێک لە پێشمەرگەکانیشم برینداری کیمیاوی و شەڕ بوون. کاک غەریب تەکلیفی لێ کردم کە حیمایەی کاک نەوشیروان بکەین، چونکە ئەوکاتە تا رادەیەک دەوری چۆڵ بووبوو. چەند رۆژێک دوای مانەوەمان لە گوندی بادیناوا هێزەکانمان رێکخستەوە و کاک نەوشیروان بڕیاری دا بچینە چیای قەندیل لە شێخ ئایش بۆ ئەوەی نزیک بینەوە لە سنوری مەڵبەندی ٣



پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش، ١٩٨٩.



شوان موغاغی، شەهید بەکر سێوێی، ١٩٨٩.

سیّ، چەند مانگێک لەویّ ماینەوە تا مەڵبەندی ٣ سیّ ئینسیحابی کرد. میوان خانەیەکمان دانا بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە مەڵبەندی ٣ سیّ وە دەهاتن کە بریندار بوون یان ئەو پێشمەرگانەی کە بەدل دەکران.

لە کۆتایی ئینسیحابی مەڵبەندەکە ئێمەش گەڕاینەوە بۆ قاسمەڕەش تا ساڵی ١٩٨٩ لەویّ ماینەوە. من گەڕامەوە تیپی مەڵبەندی دوو، کە مقەڕەکەمان لە بلەکیّ بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩دا بە پارتیزانی لەگەڵ غەریب هەڵەدنی هاتینە خوارەوە بۆ سنوری دۆڵی جافایەتی و سورداش ماوەی سیّ مانگ لەویّ بووین. دوای سیّ مانگەکە چوومەوە بۆ بلەکیّ بۆ ئیسراحەت.

ساڵی ١٩٩٠ جارێکی تر بە مەفرەزەیەکی هەشت پێشمەرگەیی پارتیزانەوە لەگەڵ چەندین مەفرەزەی تر تەوزیع بووین بەسەر سنورەکانی دۆڵی جافایەتی و ئاسۆس و سورداشدا. بەردەوام چالاکی پارتیزانیمان دەکرد، چالاکیەکانیشمان بریتی بوون لە نامە ناردن، کە بە بروسکە لەلایەن کاک نەوشیروانەوە دەهات بۆ ئێمە و ئێمەش لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی پیرەمەگرونەوە دەماننارد بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشار، چونکە ئەوسەردەمە سیقەو متمانە کەم بووبوو، ڕێکخستنەکان لێک دابڕابوون ٩٥٪ی ئەرکی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و شۆڕشگێڕان لە ڕێگەی پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداشەوە بوو.

من هیمەتی ڕەتڵی پارتیزانەکانی تری کەرکوک، گەرمیان، بادینان و هەولێر کەم ناکەمەوە و ئەوە ڕاستیە کە دەیڵێم، زوربەی چالاکیی مەفرەزەکانی ڕەتڵی سورداش و دۆڵی جافایەتی بە سەرپەرشتی غەریب هەڵەدنی بوو. سنورەکەمان زۆر نزیک بوو لە شاری سلێمانییەوە. مەفرەزە پارتیزانەکانی شاخی پیرەمەگرون هەموو شەوێک یان شەوە ناشەوێک نامەکانی کە دەگەیشتنە ڕەتڵی سورداش دەگەیەنرانە ڕێکحستنەکانی ناو شاری سلێمانی.



شوان موغاغی، لەگەڵ دکتۆری تایبەتی چاو. نەخۆشخانەی ئەڵمانیا، ٢٠٠٢.



شوان موغاغی، نەشتەرگەری چاوی لە نەخۆشخانەی ئەڵمانیا، ٢٠٠٢.

بۆیە ئەو هەقە بە رەتڵەکەی غەریب هەڵەدنی ئەدەم، کە رێکخستنەوەی تەنزیماتی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان زوربەی زۆری لە رێگەی ئەم رەتڵەوە بووە

لەگەڵ دروستبوونی شەڕی کوێت، ئەرکێکی قورستر کەوتە سەر شانی پارتیزانەکان، ئەویش پەیوەندی کردن بوو بە رێکخستنەکانی ناو شار بۆ خۆئامادەکردن بۆ راپەڕین و پەیوەندی کردن بە ئامر فەوجی خەفیفە و ئامر سریەکانەوە. لەمەیاندا پشکی شێر بەر پارتیزانەکانی هەموو سنورەکان دەکەوێت کە هەوێنی راپەڕین لەسەر دەستی بەرنامە و پڕۆگرامی یەکێتی بووە و بە تایبەتی لەسەر دەستی پێشمەرگە پارتیزانەکان بووە. کە شەوانە لەگەڵ ئامر فەوج و ئامرسریەکاندا کۆبونەوەیان دەکرد و نامەی سەرکردایەتییان پێ دەگەیاندن. هەر بۆیەش جەماوەر و چەکدارەکانی ئەو سەردەمەی رژێم زانییان کە پشت و پەنایەکیان هەیە ئەویش هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.



**شوان موغاغی پاش نەشتەرگەری چاوی، نەخۆشخانەی ئەڵمانیا، ٢٠٠٢.**

بۆیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشکی شێری بەرکەوتووە، ئەگەر هێزەکانی یەکێتی نەبووایە کە راپەڕین نەدەبوو.

کاتێک من مەسئولی مەفرەزەیەکی پارتیزانیی بووم لە سورداش لەوکاتەدا لە سەرکردایەتی تەشکیلاتی بەتالیۆنەکانیان کردبوو. کاک غەریب عەسکەرییان

کردبوو بە ئامر بەتالیۆنی ١٥ پانزەی چەمی ڕێزان و منیش کرابووم بە فەرماندەی تیپی ١٥٢ی بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان. بەکر سێوی کرابوو بە فەرماندەی تیپی ١٥٣ و ئاکۆ سوریش (شەهید) کرابوو بە فەرماندەی تیپی ١٥١ لە بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان. لەگەڵ ڕاپەڕیندا هەرسێکمان پەیوەندیمان کرد بە بەتالیۆنەکەمانەوە، ئەوکاتە بەتالیۆن لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕیندا لە ئێرانەوە هاتبوون بەرەو ئاسۆس و دوکان و پیرەمەگرون بەر لە گەیشتنی ئەوان ئێمە وەکو پارتیزانەکان و جەماوەر کۆنترۆڵی قەزای دوکان و دۆڵی جافایەتی و شارۆچکەی پیرەمەگرونمان کردبوو، بەڵام بەتالیۆنەکەمان کە گەیشتبووە سنوری مەرگە و بنگرد و ئاسۆس، کاک غەریب هەڵەدنی لەوێ بریندار بوو. بۆیە ڕەتڵەکە دواکەوت.

دوای یەکگرتنەوەی بەتالیۆنەکان لە پیرەمەگرون بەرەو بازیان و چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر ڕۆیشتین، هەتا ئەو ڕۆژەی حکومەت کەرکوکی گرتەوە، ئێمە لەوێ ماینەوە. بۆ یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینی سلێمانی لە ٣/٧ دا پەیوەندیمان کرد بە هەموو موستەشار و دانیشتوانی پیرەمەگرونەوە و داوامان لێ کردن با خوێن نەڕێژرێت.

دوای ئەوە پەلاماری هەموو سریە و ڕەبایەکانی ناوچەکەمان دا. گرتنی ڕەبایەکانی قەرەچەتان و قەڵای سوسێ و موعەسکەری سوسێ و لیوای دوکان و دامودەزگا حیزبی و حکومیەکان و تا عەسر هەموو شوێنەکانمان پاک کردەوە و توانیمان بیانپارێزین.

لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەم پلە عەسکەریانەم بڕیوە وەکو فەرماندەی بەتالیۆن، جێگری لەشکری دوکان، جێگری لیوای شارەزوور، ئەندامی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە، لێپرسراوی زەوی و زاری هێزەکانی ٧٠ حەفتا دواجار دوو خول سکرتێری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر بووم. بە داخەوە لەدوای ئینتیفازەوە چوار جار بە سەختی بریندار بووم.

لە ساڵی ١٩٩٢دا لە شەڕی ناوخۆ لە خواکورک چاوێکم لەدەست دا و ناردیانم بۆ نەمسا بۆ عیلاج و چاویان بۆ دەرکردم و چاوی شوشەیان بۆ دانام وەکو جوانکاری.

ساڵی ١٩٩٤ هەر لە شەڕی ناوخۆدا فیشەکێکی قەنناس بەر ورگم کەوت و لە سلێمانی عەمەلیاتیان بۆ کردم و ماوەی مانگێک لە خەستەخانە کەوتم.

٣١ی ئاب لە بنەباوێ مل و دەستم بریندار بوون، بردیانم بۆ رانیە و دوای چاک بوونەوەم گەڕامەوە بۆ لەشکرەکەم. لەشکری دوکان.

٢٠١٤/١٠/١٢ لە شەڕی داعش لە قەرەتەپە وەکو کەم ئەندامی سەنگەر بەشداریمان کرد، بەداخەوە لەو شەڕەدا شەمشەمە کوێرەکانی بەناو ئیسلام بە سێ بۆمبی بۆمبرێژکراوی سەیارە پەلاماری بارەگاکەیان داین، کە بۆ ئیسراحەت چوبوینە ناو قەرەتەپە. دوانزە شەهید و ٢٤ بیست و چوار بریندارمان دا، کە یەکێک لەو بریندارانە خۆم بووم، کە کەوتمە ژێر داروپەردوی بیناکەوە و بە سەختی بریندار بووم و ناردیانم بۆ ئەڵمانیا، بە داخەوە گوێم لە تەقینەوەکەدا حاڵەتێکی خراپی بەسەرهات. نەمدەبیست و بەداخەوە عەمەلیاتەکەشم سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە گوێیەکم توانای بیستنی نەماوە.

ئێستا بە پلەی لیوا موچە وەردەگرم و بەردەوامم لەسەر خەبات و تێکۆشان و لێپرسراوی بەشی خانەنشینیم لە هێزی یەدەک.



شوان موغاغی، کاتی گەیشتنی بە نە نەخۆشخانەی فریاکەوتی سلێمانی دوای تەقینەوەکەی قەرەتەپە، ٢٠١٤.



شوان موغاغی، دوای
تەقینەوەکەی قەرەتەپە،
نەخۆشخانەی شۆڕش -
سلێمانی، ٢٠١٤.





شوان موغاغی، نەخۆشخانەی شاری لودڤیگسهافن، ٢٠١٧.



شوان موغاغی، چارەسەری گوێچکەی، کە لەئەنجامی تەقینەوەی قەرەتەپە لەدەستی دا، نەخۆشخانەی شاری لودڤیگسهافن، ٢٠١٧.



**شێرزاد سەمەد شەریف (گۆران)**

دووشەممە ٢٠٢٥/٢/١٠

کاک شێرزاد رێکەوتی ١٩٦٧/١/٩ لە پردێ (ئاڵتون کۆپری) لەدایکبووە و ١٢ سەرخێزان بوون و باوکی فەرمانبەر بووە و باری گوزەرانی ژیانیان خراپ نەبووە و دوای پێشمەرگایەتی ئامادەیی پیشەسازیی هەولێری تەواو کردووە و ئەڵێت:

ماڵی ئێمە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و کۆڵنەدەر بووین، ئەبو زەیدی برام ناسراو بە (سامانی خوێندکاران) ساڵی ١٩٧٧ بوو بە پێشمەرگە و ئازادی براشم ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد.

ئەوکاتە من خوێندکاری ئامادەیی پیشەسازیی تەئمیم بووم لە بەشی ئەلکترۆن. ساڵی ١٩٨٣ بە تەزکیەی ئەحمەد کرێکار چوومە مەفرەزەی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوک لە گۆپتەپە کە مام رۆستەم سەرتیپی بوو. مەسئولی کەرتەکەمان عوبێد نەجم بوو. دواتر گوازرامەوە بۆ کەرتی ١ی ساڵەیی لە

سنوری پردێ - شوان، کە پۆلای موهەندیس ئامر کەرتی بوو.

ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی شەڕی گۆپتەپە و چیمەن و باوەفەتی-م کردووە و لە سنوری کەرتی ١ی ساڵەیی چەندین چالاکیمان کردووە. گەورەترینیان شەڕی بێتواتە بوو.

رژێمی بەعس بۆ یەکەمجار لە بێتواتەوە ویستی عەشایەرە کوردەکان چەکدار بکات و فەوجی بۆ دروست کردن. بە بڕیاری بەڕێز مام جەلال ١٩٨٣/١٠/٢٣ چووینە بێتواتە بۆ شەڕی فەوجەکان تاکو رێگە لە دروستکردنی جاش بگرین.

بەشداربووانی هێرشەکە پێکهاتبوون لە تیپەکانی ٢١ی کەرکوک و ٥١ی گەرمیان و ٥٧ی سەگرمە و مامەڕیشەمان لەگەڵ بوو. بەڕێز مام جەلال لە



**فەرهەنگ بیرەسپانی (شەهید)، شێرزاد سەمەد، حاجی هەڵمەت (شەهید).**

پلینگانەوە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد و دادە هێرۆخانیش بە کامێراکەی لە سەر شاخ بەشدار بوو لەگەڵمان. شەڕەکە ماوەی هەفتەیەکی خایاند و ١٢ شەهیدمان لە شەڕی رزگارکردنی بێتواتە دا کە دوو شەهیدیان لە کەرتەکەی ئێمە بوو: شەهید کاکۆ دوبزی و شەهید فوئادی برای رەنجەی موهەندیس.

لەو شەڕەدا سەدان چەکی نوێ کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە. دوای ئەو شەڕە بەشداریی سەرجەم چالاکییەکانی سنوری تیپەکەم کردووە. ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو. ساڵی ١٩٨٥ بەشداریی شەڕی تۆڵەکردنەوەی شەهید کردنی مامەڕیشە و هاوڕێکانیمان کرد لە سەر جادەی چەمچەماڵ - کەرکوک و بەشداریی شەڕەکانی حەسار و شێخ بزێنی و شوان و چیمەن و شیوەسوورم کردووە.



**لەڕاستەوە: رەحمان حەمید جۆلا، شێرزاد سەمەد، دکتۆر بەختیار، نورەدین (ئامۆزای شێرزاد سەمەد)، ئەبوزەید (برای شێرزاد سەمەد)، بالیسان ١٩٨٣.**

ساڵی ١٩٨٨ کە هێزەکان چوونە سەرکردایەتی بۆ پارێزگاریکردن بەشێکمانیان لە ناوچەکانی خۆماندا دانایین. پاش ئەوەی زوربەی هێزی پێشمەرگە و دانیشتوانی ناوچەکان ئەنفال کران لە سەرکردایەتییەوە بڕیار هات پێشمەرگە ئازادە دەچێتە ئێران یان تەسلیم دەبێتەوە، بە مەرجێک خیانەت لە یەکێتی نەکات. ئێمەش دابڕابووین و من تەسلیم بوومەوە.

ئێمە ماڵەکانمان رووخێنرا بوو، تەهجیریان کردبوون بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی بنەسڵاوە لە سنوری هەولێر. لە سەروبەندی راپەڕیندا شانە چەکدارەکانی بروسک دروست کرا. من لەگەڵ حاجی هەڵمەتدا لە هێزەکانی بروسک بووم لە ئۆردوگای بنەسڵاوە.

ئێمە دوانزە کەس بووین: حاجی هەڵمەت، محەمەد حەساری، تەحسین یاسین ناسراو بە ئاڵا کەڵوڕی، ئەبوزەید ناسراو بە دلێرە قەڵەو و ئەبو زەیدی برام ناسراو بە سامانی خوێندکاران و ئەوانەی تریش خەڵکی تر بوون کە بە تازەیی پەیوەندییان پێوە کردبووین و هەندێکیشی تیابوو کە چەکداری فەوجە سوکەکان بوون.

یەکەمین چالاکیمان بەرەبەیانی ٣/١١ بوو لە ئازادکردنی هەولێردا ئێمە ئۆردوگای بنەسڵاوەمان ئازاد کرد. لە دارەتوو وەک شانەی بروسک شەهیدێکمان دا بەناوی لوقمان رۆژبەیانی ناسراو بە وریا سوور و نەبەز عەبدولڕەحمانیش بریندار بوو. بەردەوام بووین لەسەر ئازاد کردنی ناوچەکانی سنورەکە و بەشداریی ئازادکردنی کەرکوکیشمان کرد و لەو شەوەدا ١٨ لەسەر ١٩٩١/٣/١٩ حاجی هەڵمەت شەهید بوو، منیش بە پارچەیەک فیشەک بریندار بووم و برینەکەم سووک بوو. جەنازەی حاجی هەڵمەتم بردەوە بۆ ئۆردوگای بنەسڵاوە. دوای ئەوە چوومە بواری کاری رێکخستنەوە لە بنەسڵاوە و بووم بە ئەندامی کۆمیتە و رزگاری عەلی مەسئولی کۆمیتە بوو. دواتر بووم بە رابەر سیاسی لەشکری بابەگوڕگوڕ کە فەقێ عەبدوڵا سەرلەشکر بوو.

پاش ئەوە بووم بە رابەر سیاسیی تیپ کە جەلال دووشیوانی سەرتیپ بوو لە شەڕی بەرگری کردن لە ساڵی ١٩٩٦ دا لە ئۆردوگای بنەسڵاوە دوو جار بە سەختی بریندار بووم.

بەیانییەک پارچە گوللە تۆپێک دای لە قۆڵی راستم. دوای نیوەڕۆش لەگەڵ جەوهەری برای شەهید حاجی هەڵمەت بە گوللە تۆپێکی دەبابەکان پێکراین، من پارچەکان بەر هەموو لەشم کەوت، قاچی چەپم شکا و سێ دیسکی پشتم تەقی. تا ئێستاش بەڕێی دکتۆر و خەستەخانەوەم، ژمارەیەکی زۆری پارچەی گوللە تۆپەکە لە بەشی لای چەپی لەشمدا ماوە.

ئەوکاتەی من و جەوهەر بریندار بووین هێشتا پارتی و رژێم بنەسڵاوەیان داگیر نەکردبوو، بۆیە منیان بردە ماڵی مام رەحمانی حاجی بەیخان کە سەر بە حزبی شیوعی بوون و گومانیان نەئەکرایە سەر.

دوای هەفتەیەک ئیختیفا کردن بە نهێنی لە دۆڵە بەکرەوە بردیانم بۆ تەقتەق و لەوێوە بۆ خەستەخانەی ئیمێرجێنسی لە سلێمانی. دکتۆر جینۆ ئیتاڵی بوو کە تەماشای ئەشیعەکەی بۆ کردم زۆری پێ سەیر بوو کە من نەمردووم. خەستەخانەکە زیاتر لە ١٨٠ برینداری تیا بوو.

دواتر رژێم لە گرتنەوەی سلێمانیدا بوو، بە بڕیاری جەنابی مام جەلال پاسمان بۆ ئامادە کرا و ئێمەی بریندار بە موغەزییەوە کراینە ناو پاسەوە بۆ پێنجوین. لە پێنجوین قاعەیەکیان بۆکردین بە خەستەخانە و هەندێک دکتۆر گەیشتنە سەرمان و دوای چەند سەعاتێک پارتی گەیشتە ملەکەوە.

ئێمەیان برد بۆ باشماخ و بەرەبەیان ئیسعافی ئێرانی هاتن و بردیانین بۆ خەستەخانەی ئەڵڵاهو ئەکبەر لە مەریوان.

ئەو بریندارنەی لەگەڵ من بوون و کەرکوکی بوون: رەشید رەوف (رەشە کۆپتەر)، مەلا ئەحمەدی جێگری کەرتی چواری جەباری (مەلا ئەحمەد گۆگجەیی)، شۆڕش جەوە جەوە و سەمین ئەمین خەڵکی کەڵوڕ.

من عەسەبی قاچم قرتابوو بە دارشەق ئەڕۆیشتم.

گەردەلولی تۆڵە دەستی پێکرد و ئێمەیان هێنایەوە بۆ بنکەی حەوانەوەی بریندارەکان لە ئەبو سەنا. دوو ساڵ لەوێ مامەوە. من هەر لە ڕێکخستن درێژەم بە خەبات دا. ئێستا لێپرسراوی بەشی هەڵبژاردنی مەڵبەندی کەرکوکم. پێشتریش ١٢ ساڵ مەسئولی کۆمیتەی ٨ی موسەڵلا بووم. بەشداریی کۆنگرەکانی ٣ و ٤ و ٥ م کردووە و پلەکەم عەمیدە.



**شێرکۆ نوری رەشید**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/٢٣

کاک شێرکۆ پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی هەڤاڵ مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٧ لە قەڵادزێ لەدایکبووە و ئاستی بژێوی و گوزەرانی ژیانیان خراپ نەبووە و هەشت سەرخێزانن و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی کاک مولازم عومەرەوە کە خزمایەتیمان هەبوو تەنزیم کرام،ماڵیشمان بوو بوو بە سەر ڕێگەی ئەو کەسانەی دەهاتنە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و ئەوانەشی دەچوون بۆ سەردانی پێشمەرگەکان.

من منداڵ بووم و کاک مولازم عومەر ئامۆژگاری ئەکردم کە خوێندن تەواو بکەم و دواتر فریای پێشمەرگایەتیش ئەکەوم. ساڵی ١٩٨١ بووم بە پێشمەرگە لە سنوری پشدەر لە مەرگە کە ئەوکاتە لیژنەیەک سەرپەرشتییان ئەکرد. مەرکەزەکەی لەسەر سنور بوو، چونکە ئەوکاتە ژمارەی پێشمەرگە

زۆر نەبوو بۆیە وەک پێویستە نەیاندەتواتی نزیکی شارەکان بکەونەوە

من لەسەر بڕیاری کاک مولازم عومەر کە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو گوازرامەوە بۆ زەڵێ بۆ مەکتەبی عەسکەری. بۆ یادی بۆردومان کردنی قەڵادزێ رۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ جەماوەری قەڵادزێ خۆپیشاندانیان کرد و بەداخەوە دوو شێرەژنی قەڵادزێ (دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر) شەهید کران. ئەم کارەساتە هانی خەڵکی دا بۆ خەبات و تێکۆشان. من لە تۆڵەی ئەو دوو شەهیدەدا ویستم چالاکییەک بکەم. ئەوە بوو لە رۆژی ١٩٨٢/٦/٢٦ کە مانگی رەمەزان بوو بە دەمانچەیەکی خوازراوەوە چوومە قەڵادزێ و لەوێ خۆم کرد بە چایخانەیەکدا و سێ قوە خاصە هاتن و پاش چا خواردنەوە دوانیان رۆیشتن و یەکێکیان کە کلاشینکۆفێکی موزەڵی پێ بوو مایەوە و بە سزای گەل و شۆڕشم گەیاند و گەڕامەوە. دوای ئەوە بە یەکجاری متمانەیان پێ کردم و تا راپەڕین بەردەوام بووم لەسەر خەباتی پێشمەرگایەتی.

من لە دەستەکەی کاک مولازم عومەر بووم. لە تۆڵەی شەهید مامەڕیشە و پێشمەرگەکانیدا ١٩٨٥/٢/١٤ داستانی دابان - هەلاجمان تۆمار کرد. لەو داستانەدا دەوری بەرچاوم بینی. کاک مولازم عومەر بە نامەیەکەوە منی رەوانەی لای کاک نەوشیروان کرد. رۆیشتم و نامەکەم دایە و داوای چەک و تەقەمەنی کردبوو. مقەڕی کاک نەوشیروان لە ئاوەژێ بوو سەر بە مەرگە

تەقەمەنیمان بار کرد و شەو چووینە مەرگە و لەوێ ماینەوە و بەرەبەیان هاتینە ناو بنگرد. جاش لە کەمین ئەگەڕانەوە. گەیشتینە سەیتەرەکە پاکەتێک شیرینیم دانێ و رێگەی رۆیشتنیان داین. تا سێدەر رێگەی سەیارە هەبوو. بەر لە گەیشتنمان بە سێدەر سەیارەکەمان چەقی چونکە بەفر و باران بوو ناچار گەڕاینەوە بەرەو گوندی شارستێن. زۆرینەی خەڵکەکەی پێشمەرگە بوون و ١٥-٢٠ وڵاخیان بۆ پەیدا کردین و بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە مقەڕی مەڵبەندی ٢ لە بەرگەڵو کە ئەوکاتە قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بوو. مولازم

عومەر وای بۆ دانابووم کە ئەبێت لە ماوەی ٧٢ سەعاتدا بگەڕێمەوە بۆ لای بەڵام من بە ٢٤ سەعات گەیشتمەوە لای. کاک مولازم عومەر کە منی بینی وتی: ئەوە جەنابت چی ئەکەیت لێرە؟ وتم من رۆیشتووم و هاتووشمەتەوە، وتی ئەوە بەجددیتە؟ وتم ئەوەش نامەی کاک نەوشیروان و لەولاتریش تەماشای چەک و تەقەمەنییەکان بکە.

بۆ داستانی رزگاری کاک مولازم عومەر نامەیەکی دامێ بیگەیەنمە لای هەڤاڵ مام جەلال کە ئەوکات لە یاخسەمەر بوو. نامەکەم دایە و پاش نیو سەعات وەڵامی نامەکەی دامەوە و لەسەر زەرفەکەی بە خەتێکی سوور نوسیبووی، کاک هۆمەری خۆشەویست. دوو بەستە پارەشی دامێ کە بۆی بەرم و پێی وتم برۆ بۆ ئەو دێیە (دێیەکە لە بناری شاخی ژیلواندا بوو بەداخەوە ناوەکەیم لەیاد نەماوە) و بەو نامەیە چەک و تەقەمەنی وەرگرە و بیگوازەرەوە. سەرم لێ هاتەوە یەک چۆن ئەو چەک و تەقەمەنیانە بگوازمەوە. بیرم کردەوە کاک ئازاد هەورامی لە هەڵەدنە. چوومە لای و وەزعەکەم بۆ باس کرد ئەویش بانگی یاسینە رەش و ئەکرەمی مالیەی کرد و دوو تراکتۆریان بۆ پەیدا کردم و بەرەو شوێنی دیاریکراو رۆیشتین. لەسەر رێگە خۆڵەکە تراکتۆرەکەمان وەرگەڕا. بازگەیەکی خۆمانی لێ بوو، چووم بۆ لایان و هاتن پێکەوە عەرەبانەکەمان راستکردەوە و بە درێژایی شەو بە رێگەوە بووین. بەرەبەیان گەیشتینە گوندی شارستێن.

سەعات شەش و نیوی ١٩٨٧/٤/١٢ کاک عومەریش بە هێزێکەوە گەیشتە ئەوێ. کاک عومەر دیسان هەمان پرسیاری لێ کردم و ئەمجارە زۆری پێ سەیر بوو، زۆریشی پێ خۆش بوو.

تەقەمەنیمان لە وڵاخ بار کرد و بردمانە نزیک شوێنی چالاکییەکە، کە پێیان ئەوت شاخی گۆجار کە درێژاییەکەی ٣-٤ کیلۆمەترە. شەڕ دەستی پێکرد و شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤ شاخەکە لە رەبایەکان و هێزی دوژمن پاککرایەوە

بەشداریی جاری دووەمی داستانی زینۆی سپیم کرد کە دەکەویتە سەر چیای ئاسۆس و بەسەر قەلادزێ و قامیش و دڕی و بێتووش دا دەڕوانێت. ئەم داستانە لە ڕێکەوتی ٢٣ لەسەر ١٩٨٧/١١/٢٤ بوو. وادانرا کە ئێمە بچینە ئەو شەڕە و ناوچەکە رزگار بکەین. بەداخەوە چەند شەهیدێکمان دا و ژمارەیەکی زۆر برینداریشمان هەبوو. ئێمە لە دیفاعدا بووین و هجومێکی خەستمان لەسەر بوو. ئەم داستانەش هەر کاک مولازم عومەر سەرپەرشتی دەکرد و تیپەکانی ٤٣ی ئاسۆس و ٥١ی گەرمیانیش بەشدار بوون. سەردار عەبدوڵای (برای هاوڕێ جەبار و هاوڕێ حەیدەر) کە لە دەستەکەی کاک عومەر پێکەوە بووین شەهید بوو.

من تەرمی سەردارم بە کۆڵ هەڵگرت و ئەمویست لە شاخەکە دایبگرم و بیبەم بۆ مقەڕەکەی خۆمان لە ئاوەژێ و بە ئەمانەت بینێژن و جواب بۆ کەسوکاری بنێرین. لە لایەکیشەوە دڵم نەئەهات کاک مولازم عومەر بەجێ بهێڵم. کاک نەبەز کەوتە بەینەوە و منی لەگەڵ تەرمەکەدا ناردە خوارەوە و ناشتمان.

با لەیادم نەچێت شەوی ١٩٨٥/٧/٣ بەشداریی شەڕی دۆڵی گەرەوانم کرد، کە بە قیادەی کاک نەوشیروان و مام رۆستەم بوو، کۆمەڵێک فەرماندەی ئازاش بەشدارییان تیا کرد. داستانێکی سەرکەوتوو بوو. لەو داستانەدا مەحمودی حاجی فەرەج کە فەرماندەی تیپ بوو شەهید بوو.

لە راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا من بۆ یەکەمجار لە موعەسکەر خالید رۆژی ١٩٩١/٣/٢٣ بریندار بووم. پارچەی ئارپیجی بەر دەستی راستم کەوت و پەنجە گەورەی دەستمی برد. دکتۆر محەمەد نوری کەرکوکی لە خەستەخانەی سەدام کە ئێستا ناوەکەی گۆڕراوە بە رزگاری عەمەلیاتی بۆ کردم و لێرەوە زۆر سوپاسی ئەکەم.

لە شەڕێکدا لە چیای شەکی لە دەڤەری لۆلان دا بەشدار بووم. لەو شەڕەدا ئەنوەر دۆلانی بریندار بوو. منیان لەگەڵ بەکر عەبدوڵا نانەوای قەلادزێدا

نارد بەلایەوە. لە ڕێگە کەوتینە کەمینەوە. وتیان چەک فڕێدەن و تەسلیم بن تەقەیان لێ کردین و ئێمەش کەوتینە شەڕ و لە نیو سەعاتی یەکەمی شەڕەکەدا بەکر عەبدوڵا بریندار بوو. من خەریکی ئەو بووم و جارجارەش تەقەم لێ ئەکردن. بەکرم هەستان و ویستم بچمە ژێر باڵی بەکر و هەندێک دووری بخەمەوە، پارچە ئارپیجییەک دای لە دەموچاوم و فیشەکێکیش بەر قۆڵی چەپم کەوت. خۆشبەختانە فیشەکەکە ئیسقانی نەگرت. هەنگاوێک ڕۆیشتین و مینێک تەقییەوە (دواتر زانیمان مینەکە ناوی ڤاڵمارایە) ئیتر نە من بەکرم دییەوە نە بەکر منی بینییەوە. ئەوەندەم پێ کرا چاوم بە جامانەکەم توند توند بەست و خۆم فڕێدایە خوارەوە بۆ خۆ شەهید کردن چونکە نەمئەویست بە دیلی دەستی ئەوان بکەوم. ئێمەیان دەست بکەوتایە بێحورمەتییان پێ ئەکردین. خوا خۆشی ویستم کەوتبوومە ناو چەمی لۆلانەوە و بە پەلەقاژە کەوتم بەسەر تاشەبەردێکدا و لە هۆش خۆم چووم. هەستم بە تینی گەرما کرد زانیم ڕۆژ بووەتەوە. جامانەکەم کردەوە هیچم نەئەدی. هاوارم ئەکرد جگە لە هاژەی ئاو دەنگی هیچی ترم نەئەبیست. سێ شەو و سێ ڕۆژ لەسەر ئەو تاشە بەردە مامەوە. بە گەرمی تینی خۆرەکە هەستم بە ڕۆژبوونەوە ئەکرد. سێیەم شەو خەبەرم بووەوە تەماشام کرد لەسەر پشت کەوتووم و چاوی ڕاستم ڕووناکی مانگی بینی. باوەڕم بە چاوی خۆم نەئەکرد. ئەو شەوە لە شوێنی خۆم نەجووڵام تا سبەینێ بەیانی، تەماشایەکی خۆمم کرد سەیرم کرد پێڵاوم لە پیا نەماوە و بە دەستە ڕاستەکەم و بە دەم و ددانم پشتێنەکەم دادڕی و لە قاچم ئاڵان لەبری پێڵاو. من لەو کاتەی کە بریندار بووم و خۆم فڕێ دا تا ئەو کاتەی بەهۆش هاتمەوە نەمئەزانی لە کوێم. تاشە بەردەکە نزیک قەراغی ئاوەکە بوو. شاخێک لە پشتمەوە بوو، ئەبوایە بەسەر شاخەکە سەرکەوتمایە بۆ نەگبەتی لە ئاخر نوقتەی گەیشتنە سەر شاخەکەدا تلۆر بوومەوە بۆ قەراغ ئاوەکە. دۆعام ئەکرد خوایە گیان مەمکوژە

تا کەسێک ئەگاتە لام با حەیوان نەمخوات و خەڵک خەمم بۆ بخوات. دیسان ویستم سەرکەومەوە. کاک کۆسرەت سەرپەرشتیاری شەڕەکە بوو، منیش لێپرسراوی دەستەکەی کاک مستەفا بووم. کاک کۆسرەت وەک دوایی بۆیان گێڕامەوە بە دووربین تەماشای دەوروبەری کردبوو. وتبووی کەسێک لە خوارەوە ئەبینم و کەسەکە شێرکۆی شێخ نورییە.

زۆری پێ نەچوو گوێم لە دەنگی سەیارە بوو. کاک مستەفا سێ پێشمەرگەی بە سەیارە شۆفرلێتەکەی نارد بە شوێنما و سواری سەیارەیان کردم و کاک کۆسرەت بەرەو پیرم هات.

دکتۆر هاتە سەرم و پێشمەرگەکان هەموویان بێتاقەت بوون بۆم، منیش کەوتمە گۆرانی وتن. گۆرانییەکەی حەسەن زیرەکم بۆ وتن: ئەمان دکتۆر عەمرم دکتۆر...

دکتۆرەکە وتی ئەم کوڕە یان تێکچووە یان بەرازە. ئەوا من شیشەکەی بەبێ بەنج بۆ ئەکەمە قۆڵی و ناڵێت ئاخ. ئینجا بە چاوی بەستراو و قۆڵی پێچراوەوە رەوانەی سلێمانییان کردم بە سەیارەکەی کاک کۆسرەت. حیمایەکەی کاک کۆسرەت ناوی کاکۆ بوو، ئەو شارەزا نەبوو، سایەقەکەشی شارەزا نەبوو. من ئەمپرسی لە کوێین، کە تابلۆکەیان ئەخوێندەوە ئەموت وا برۆ و وا پێچ بکەرەوە. لە سلێمانی بردیانمە ماڵی کاک مەحمودی مامی کاک مولازم عومەر. لە دەرگایان دا شانسی من کاک مولازم عومەر دەرگای کردەوە. وتم کاک عومەر بمنێرە بۆ ماڵی سەید عومەری برام لە گەڕەکی گۆزە و دیزەکانە (سەرکارێز). کاک عومەر هات لەگەڵمان و گەیشتینە ماڵی کاکم. ئەو شەوە کاک مولازم عومەر رۆیشتەوە و ئێمە لە ماڵی کاکمماینەوە و بەیانی بردیانم بۆ خەستەخانەی چاوەکە. دکتۆرە هوما و دکتۆر سەلاحی پسپۆڕی چاوی لێ بوو. بەپەلە عەمەلیاتی چاویان بۆ کردم. چاوێکم لە دەست دا و پارچەیان لە چاوەکەی ترم دەرهێنا و هەفتەیەک لە خەستەخانە مامەوە. لەو

ماوەیەدا تەداوی قۆڵیشیان بۆ ئەکردم. کاک کۆسرەت و کاک مولازم عومەر بڕیاریان دا لە ڕێگەی زاخۆوە کە سەرچڵ قەزازی لێ بوو بمنێرنە ئەنقەرە و ناردیانم و هەفتەیەک لە ئەنقەرە مامەوە و نێردرام بۆ نەمسا و لە شاری ڤیەننا دابەزێنرام.

لە مەتارەکە خەباتی حاجی مارف پێشوازی لێ کردم و زۆر خزمەتی کردم و من زۆر قەرزاریم. شوقەیان بۆ دابین کردم و کاک خەبات دکتۆری بۆ دابین کردم. خۆشبەختانە ئەوکاتە پێشمەرگە زۆر خۆشەویست بوو، خەڵک حەزی لە یارمەتیدانمان بوو. مەجید و ئەمین خزمی کاک عومەر شێخموس بوون، ژنی مەجید نەمساوی بوو زۆر موراعاتی ئەکردم. دارۆی حاجی عەبدوڵای خەڵکی سلێمانی، شوقەکەی خۆی بۆ چۆڵکردم. سێ مانگ و دە شەو لە نەمسا مامەوە.

ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٩ گەڕامەوە و بۆ نەورۆز گەیشتمە سلێمانی بۆ ماڵی کاکم

هەر لە ساڵی ١٩٩٣ دا شەڕی ئیسلامی هەڵگیرسا. لەو شەڕەدا بەشدارییم کرد. دیسان چاوم عەزێتی گەیشت و ناردیانمەوە بۆ نەمسا. کاک خەبات دکتۆرێکی بۆ دۆزیمەوە ناوی یوخی بوو بە ڕەگەز جولەکە بوو. کە باسی خۆمیان بۆ تەرجەمە کرد وتی، ئەم خەستەخانەیە زۆر گرانە بەڵام خەمتان نەبێت و ئەڵێم ئەم جۆرە نەخۆشیەی چاوی ئەم کوڕە زۆر دەگمەنە و وەکو تاقیکردنەوە نەشتەرگەری بۆ ئەکەم. ئەوکاتە نەشتەرگەرییەکە ئەکەوێتە بەلاش و ئەشتوانێت داوای قەرەبوو بکات. نەشتەرگەری بۆ کردم. پاش سێ ڕۆژ چاوی بۆ کردمەوە و چاوم زۆر باش بوو. دکتۆرەکە لە خۆشیدا کەوتە فیکە لێدان. من تەسبیحێکی چاکی قەزوانم پێ بوو کردم بە دیاری بۆی. ئەمجارە منیان بردە ماڵی دلاوەری ئەحمەد مەجید کە خۆی و سوهەیلە خانی خێزانی خزمەتی زۆریان کردم. مانگێک لەوێ مامەوە. کاک شازاد سائیب لە هۆڵەندا بوو، وتی مادام بە ڤیزە هاتووە بە قاچاغ بۆم ڕەوانە بکەن بۆ هۆڵەندا.

دواتر ڕەوانەی ئەڵمانیایان کردم و ماجیدی حەپسەی برای ئەکرەمی حەپسە (کە لە موسڵ ئیعدام کرا) منی بردە ماڵی خۆیان و لەگەڵ خێزانەکەی ماوەی هەفتەیەک خزمەتی باشیان کردم. ماجید هەردوو قاچی بڕدرابووەوە چونکە لەکاتی مفاوەزاتدا لوغمی لەژێر پێدا تەقیبووەوە.

ڕەوانەی هۆڵەندایان کردم و بردیانم بۆ ماڵی خالید عەباسی پێشمەرگەی دێرین و خاڵۆزای مستەفا چاوڕەش کە لەگەڵ ئەختەر خانی ژنیدا خزمەتی زۆریان کردم. تا هەفتەیەک لەوێ بووم و چیا عەباس هات بۆ لام و بردمی بۆ ئەمستردام و ئینجا ناردمی بۆ کەمپ و پارەی دامێ و لە ڕێگەی عومەر مارفەوە کە هات لەگەڵما خۆم لە کەمپەکە تەسلیم کرد، بەڵام وەریان نەگرتم و نەقڵی کەمپێکی تریان کردم و لجوئی سیاسیم وەرگرت تا ساڵی ٢٠٠٣ لەوێ مامەوە و ئیتر بە یەکجاری هاتمەوە و بووم بە ئەفسەری ئاسایش، ئینجا بووم بە بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی دەزگای کاروباری پێشمەرگە و دواتر بووم بە مەسئولی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر. سیانزە ساڵ خزمەتی کەمئەندامانی سەنگەرم کردووە و ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینم.



**عارف سەلیم محەمەد**

پێنجشەممە ٢٠٢٥/٢/١٣

کاک عارف برای شەهید موشیرە کە لە ١٩٨٣/٩/٢٤ لە بناری قەرەچوغ شەهید بووە و برای سێ کەمئەندامی سەنگەرە کە دوانیان زیندانی سیاسین و هەویەیان هەیە. (شیت) لە هەولێر دەستگیر کراوە و دواتر بە بیست ساڵ حوکم دراوە و بە عەفواتی ساڵی ١٩٨٨ لە ئەبوغرێب ئازاد کراوە و لە شەڕی داعشدا کەمئەندام بووە و لە کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەرە و پلەکەی مولازمە و (ئیدریس) لە ناحیەی گوێڕ دەستگیر کراوە و ئەویش بە بیست ساڵ حوکم دراوە و دواتر بە عەفواتی ساڵی ١٩٨٨ لە زیندانی ئەبوغرێب ئازاد کراوە و ئەم برایەی لە سجندا سێ فەقەرەی پشتی شکێنراوە و بە پلەی عەمیدە لە کەمئەندامانی سەنگەر خانەنشین کراوە و (مەعروف) یش ساڵی ١٩٩١ لە گوندی باجوان نزیکی مەتاری کەیوان قاچێکی پەڕیوە و بە پلەی عەقید لەسەر کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەرە و فازیل ئەکرەمی

خوشکەزاشی لە گرتنی رەبیەکانی دێگەڵەدا پەردەی گوێی راستی تەقیوە و پلەکەی مولازمە و ئەڵێت:

من ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی عەلیاوا / مەخمور لەدایکبووم و دە سەرخێزان بووین لە دایکی خۆم و گوزەرانمان زۆرباش بوو تا نەبووبووین بە پێشمەرگە و دواتر هیچمان بەسەر هیچەوە نەما.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندییم کرد بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە لە رێگەی عەبدولکەریم حسێن ناسراو بە (کاوە مەخموری) یەوە. لە رێکەوتی ١٩٨٣/٨/١٠دا چوومە بالیسان بۆ لای دکتۆر کەمال خۆشناو و سەید کەریم هاودیانی و منیان نارد بۆ کەرتی سجن لە گوندی شێخ وەسانان کە ئامر کەرتەکەمان مەجید میرخان بوو. هەروەها چەندین مەفرەزەمان کردووە بۆ ناو شاری هەولێر و دەوروبەری.



شەهید موشیر سەلیم

ساڵی ١٩٨٣ رژێم کەوتە چەکدار کردنی خەڵکی ناوچەکان. ١٩٨٣/١٠/٢٣ بە بڕیاری جەنابی مام جەلال بەشداریی شەڕی گرتنی بێتواتەمان کرد کە ئەو شەڕە یەکەمین شەڕی چەککردنی جاشەکان بوو تاکو رژێم دەست لە چەکدار کردنی دانیشتووان هەڵگرێت. مام جەلال لە پڵنگانەوە خۆی سەرپەرشتی شەڕەکەی ئەکرد و بەڕێز هێرۆخانیش بە کامێراکەی سەر شانیەوە لەگەڵماندا بوو.



عەمید ئیدریس سەلیم



مولازم شیت سەلیم

ئێمە لە قۆڵی خۆمانەوە هێرشمان کردە سەر گوندی مێرگەسەر و مەشجەبێکمان گرت و پڕبوو لە فیشەکی بیکەیسی و دوو کلاشینکۆفمان گرت کە بۆ ئەوکاتە زۆر گرنگ بوو.

مفاوەزاتی بەسەردا هات و بە بڕیاری جەنابی مام جەلال تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دروستکرا و شاخەوان عەباس کرا بە سەرتیپ و بەکرە قیت کرا بە فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپەکە و من نەقلی لای ئەو بووم.

ساڵی ١٩٨٥ کە مفاوەزات تێکچوو بە فەرمانی سەرکردایەتی وەکو کەرتی ٢- تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی مامە غەفە چووینە گوندی ئاشۆکان کە جەیشی شەعبی لێ بوو، هەموویانمان بەبێ تەقە چەک کرد و گەڕاینەوە. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ فەتاح ناسراو بە سەردار داڵ داغان چووینە گوندی قەریتاغ



مولازم فازیل ئەکرەم ئۆمەر



عەقید مەعروف سەلیم

و لاندکرۆزەرێکی  مۆدیل ٨٢ی حکومەتمان هێنا و لەگەڵ لوقمان رەحمانی بێریان چووینە نزیک قەبرستانی پیرداود و تۆیۆتایەکی حکومیمان هێنا.

دوای ئەوە و لە ساڵی ١٩٨٧ دا وەک تیپەکانی ٩١ی سەفین و ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٧ی قەرەچوغ و ٨٦ی دەشتی هەولێر دە دوانزە هێرشمان کردە سەر ناحیەی دێگەڵە و ناحیەکەمان گرت.

لەو چالاکییەدا ئێمە وەکو تیپی ٩١ی سەفین، دوو رەبیەمان بۆ دانرا لەمبەر و ئەوبەری بەرزاییەکانی دێگەڵە. لە رەبایەکەی ئێمە شەهیدمان نەبوو، لە رەبایەکەی ئەوبەر ئیسماعیل ونکە شەهید بوو، ٩ کلاشنکۆف دەستکەوتمان بوو. بەڵام دوو پێشمەرگەمان بەسەر ئەلغامدا کەوتن کە یەکێکیان فازیل ئەکرەمی خوشکەزام بوو پەردەی گوێی راستی تەقی و ئەوی تریان سەلامەت بوو.

ساڵی ١٩٨٧ نەقڵی کەرتی ٢ی تیپی ٩١ی سەفین بووم. هێرشمان کردە سەر فەوجەکەی جەمیل کۆرێ کە لە مەسیف بوو، کەوتبووە گوندی ئارماوان. بۆ ئەم چالاکییە هەموو کەرتەکانی تیپەکە بەشدار بووین. شەهید و برینداریشمان هەبوو.

دوای ئەوە شەڕی هیران و شەڕی دوانزە رۆژەی سەفینیشمان کرد. لەو شەڕەدا ئێمە وەک تیپی ٩١-ی سەفین لە قۆپی گەروتە بوین و رژێم لە سێ قۆڵەوە لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشی کردە سەرمان. قۆڵی یەکەم لە دەربەندی گۆمەسپانەوە و قۆڵی دووەم لەسەر چیا و سەرچیای سەفین و قۆڵی سێیەم، جادە و جادەی هیران شەقڵاوە بوو. لەو شەڕەدا رێباز بیرکۆتی و وەستا عەلی هەولێری بریندار بوون (وەستا عەلی ساڵی ١٩٩٧ لە گوندی پونگینە شەهید بوو). ئێمەش وردە پارچەمان بەرکەوت. ئەوکاتە گەنج بووین و برینداریيەکانمان لا سەخت نەبوو. قۆڵەکەمان لۆرییەکی ئەلبی ئەڵمانیمان دەست کەوت و لە قۆپی شیلانە عیتاد و گوللەی دەبابە و موعەلەباتێکی زۆر دەستکەوتمان بوو.

توانیمان دەست بەسەر هەموو رەبیەکاندا بگرین. رۆژی ١٩٨٨/٦/٦ لەسەر چیای جوانەگا بووین بەرامبەر چیای کۆڕەنگ وەکو تیپی ٩١ی سەفین و تیپەکانی تریش بەشدار بوون و لەو شەڕەدا رژێم هێزێکی زۆر گەورەی لە قوات خاصە و جاش هێنابووە سەرمان و من لەو شەڕەدا حەوت گوللە بەر دەستی راستم کەوت و دوو گوللەش بەر کلاشنکۆفەکەم کەوت.

فازیل ئەکرەمی خوشکەزام و پرشنگ (ناوی کوڕە) شەقڵاوەیی بە جەمەدانییەکەم دەستیان بۆ پێچام و سواری گوێدرێژیان کردم و بردیانم بۆ خەستەخانەی مەلەکان کە شەش کیلۆمەتر رێگە بوو.

لەو خەستەخانەیە دکتۆر رێبوار شەقڵاوەیی عیلاجی بۆ کردم و برینەکانی بۆ دووریمەوە و رۆژی دواتر لەگەڵ یانزە برینداری تردا بە ولاخ ناردیانین



**عارف سەلیم**

بۆ گوندی ئینزێ و لە شاخی سێوسێوەکانەوە بردیانینە دۆڵە رەقە و لەوێوە بۆ شاخی بێرمکە و بە دوو رۆژ گەیشتینە گوندی ئینزێ و من لەوێ لە بریندارەکان جیا بوومەوە و چوومە گوندی بۆڵێ کە حزبی دیموکراتی لێ بوو. عیلاجیان کردم و پلاتینیان بۆ دەست و پەنجەم دانا و هەفتەیەک لە خەستەخانەکە مامەوە و دواتر بریندارێکی تریان لەگەڵ ناردم بەناوی سەید عەلی کە لە کەرتەکەی ئێمە نەبوو و بردیانین بۆ قەندیل و لەوێوە بۆ گوندی بادیناوا لە ئێران. لە بادیناوا (بەرگە)یان بۆ کردین و ناردیانین بۆ خەستەخانەی تەبرێز. لەوێ منیان بردە خەستەخانەی شوهەدا کە تایبەت بوو بە ئێسک و شکاوی و سەید عەلیشیان ناردە خەستەخانەی ئیمام خومەینی.

سێ مانگ دەستیان بۆ عیلاج کردم و وتیان دوای ئەوە دەبێت عەمەلیاتت بۆ بکەین. بیستم کە حکومەت خەریکە ڕێگای دۆڵی خانەقا ئەگرێت و خێزانەکەم لە هەولێر بوو، ئەویان بۆ هێنام و چووینە بادیناوا و دواتر چووینە شاری نەغەدە و لەوێ نیشتەجێ بووین و وازم لە عەمەلیاتەکە هێنا، تا ئێستاش دەستی ڕاستم هەر خوارە.

پاش ڕاپەڕین وەکو مەفرەزەی تایبەتی مەکتەب سیاسی بەشداریی شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆمان کرد و ڕۆژی ١٩٩٥/١/١٣ لە هەولێر بەرامبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری گوللەیەک لە شانی چەپی دام و بەر حەبلی شەوکیم کەوت و قاچی ئیفلیج کردم و تووشی نەزیفی داخلی کردم و بردیانم بۆ خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر و هەندێک عیلاجیان بۆ کردم و بەرگەیان بۆ کردم بۆ خەستەخانەی عەسکەری کرماشان. لەو خەستەخانەیە شتێکی وایان بۆ نەکردم. گەڕامەوە بۆ هەولێر. دواتر ساڵی ٢٠٠٢ مەکتەبی سیاسی منیان نارد بۆ سوید و لە خەستەخانە فەحسیان کردم و وتیان برینەکەت کۆن بووە و هیچمان بۆ ناکرێت.

منیش ٢٠٠٤/٤/٨ گەڕامەوە و ئێستا لەسەر عەرەبانەم و بە پلەی لیوا خانەنشین بووم لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووانی سەنگەر.



**عەباس حەمە ئەمین حەمە کەریم (عەباس رەشانی)،**

**(عەباس پێنجوینی)**

٣ شەممە ٢٠٢٥/٢/٤

کاک عەباس پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای رێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی رەشان – پێنجوین لەدایکبووە و چواردە سەرخێزانن لە بەرەی دوو ژن و ماڵی باوکی سەرقاڵی فەلاحەت بوون و دەرچووی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییە و ئەڵێت:

من هەر زوو تێکەڵاوی سیاسەت بووم و ساڵی ٩٨٠ پەیوەندییم بە هەڤاڵانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کرد و من کەسێکی زۆر چالاک بووم و لە مانگی ١٩٨٢/٢دا پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە کەرتی ٤ ت ٣١ی سلێمانی لای حەمەومینی خەجێ لە شارباژێر. لەو ماوەیەدا مانگانە سێ بۆ چوار جار مەفرەزەی ناوشارمان ئەکرد جگە لە بەشداربوون لە شەڕی جەبهەییدا.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دا دەنگۆی مفاوەزات بڵاو بووەوە. من لەگەڵ ٥٣ پێشمەرگەدا بە وەرەقەی لیژنەی تەنسیق گەڕاینەوە ناو شارەکان. رۆژێک لەبەر مزگەوتی خانەقا بووم و قوات خاصە منیان گرت و بردیانم بۆ مقەڕەکەی عوسمان کە شوێنی جەیشی شەعبییەکان بوو، سجنیشی تیا بوو. ئەوان تەحقیقیان لێ نەکردم چونکە خۆیان ئەیانزانی کە پێشمەرگەم بەڵام لێدان و تەعزیبمان هەبوو. شەوی وا هەبوو یەک دوانێکیان ئەبرد و گەڕانەوەیان نەئەبوو.

فایەق چاوشین گەرمکی کە ئێستا لیوایە و لە کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەرە لەگەڵ تایەر (نەژاد ریشە) ئەویش هەر لە کەرتی چوار بوو شایەتی راستی و دروستیی قسەکانمن. کە ئەوان لەگەڵ من گیرابوون، باش بوو لەسەر داوای بەڕێز مام جەلال رۆژی ١٩٨٤/٩/١ بە گۆڕینەوە ئازاد کراین. دوای ئازاد کردنمان یەکسەر چووینەوە مقەڕەکانی خۆمان.

ساڵی ١٩٨٥ مفاوەزاتەکە تێکچوو. لە هەموو لایەکەوە شەڕی جەبهەیی دەستی پێکرد. ئەوکاتە عێراق هێزێکی زۆر گەورەی هەبوو. ساڵی ١٩٨٦ حکومەت بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر و تۆپخانەکانی لە قەڵاچوالان و سلێمانی هجومی کرد بۆ قەیوان – ماوەت. ئێمە وەکو ت ٣١ی سلێمانی لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە جوابمان بۆ هات تا کۆتایی شەڕەکە لە شوێنی خۆمان نەجوڵێین لەبەرئەوەی ئێمە شارەزای شەڕی جەبهەیی و شارەزای ناوچەکەش بووین و هەر وامان کرد.

بۆ ئەم شەڕە وەکو ت ٣١ی سلێمانی شاخی قەیوانی گەورە و بچوکمان پێ سپێردرا. جەمالی حەمە کەریمی نادر ئامر کەرتمان بوو، دلاوەری حاجی عوسمان کە لە کەڵکەکەی قەیوان لەگەڵمان بوو جێگری کەرت بوو، فایەق چاوشین ئامر مەفرەزە بوو، مەحمود بناوەسوتەیی هەر ئامر مەفرەزە بوو.

لەو داستانەدا حکومەت بە هەموو هێزییەوە نەیتوانی بستێک بێتە پێشەوە.

بەر لە کۆتایی جەیش هجومێکی سەرتاسەریی چڕی لە هەموو قۆڵەکانەوە کردە سەرمان ئەم داستانە سێ مانگ و ١٢ ڕۆژی خایاند و ئێمە سەرکەوتین

بەداخەوە تەمەن هەڵکشاوە و ناوی هەموو پێشمەرگەکانم لە یاد نەماوە و ئەوانەی لە یادم مابن، مەحمودی بناوەسووتە، کاوەی کوێخا مەجید پێنجوینی، لەتیف کە تاقانەی حەوت خوشک بوو و ماوەیەکی زۆرکەم بوو هاتبووە دەرەوە، لە پشتی منەوە بوو، لە کاتی سەر بەرز کردنەوەیدا بۆ تەقەکردن فیشەکێک دای لە سەری و کەوت. کاوە بە منی وت تەقەمان لەسەر بکە تا لەتیف دەرئەکەین بۆ ناودێ، من هەستام تەقە بکەم لەگەڵ یەکەمین سەڵیەم تەقاند، سەلیەیەکی کلاشینکۆفیان پێوەنام و بەر سنگ و شانی ڕاستم کەوت و یەکسەر لە شوێنی خۆمدا کەوتم. ئەمە مانگی ١٩٨٦/١٠ بوو. جەمالی حەمە کەریمی نادر لەگەڵ مەحمودی بناوەسووتەیی و تایەر حاجی سەعید و مام ڕۆستەم قولەرەیسی و جەلال سیرەمێرگی منیان ڕاکێشایە خوارەوە و گەیشتینە تەختاییەکە. لەو ڕاکێشانەدا من هەشت ددانی پێشەوەم کەوتە ناودەمم. ئێستاش هەرچەندە تاقمی دانم لە دەمدایە بەڵام باش قسەم بۆ ناکرێت. هێشتا نەگەیشتبووینە پیرکە کۆپتەر هاتە سەرمان و لەوکاتەدا من بە کۆڵی مەحمودی بناوەسووتەییەوە بووم بە شەستیرەکە جارێکی تر بریندار بوومەوە و مەحمودیش هەر بریندار بوو. بەخوا زیاتر لە سەد پارچە شەستیر و وردە بەرد بەر گیانم کەوت و سنگم سوتا و خوێنم



عەباس حەمە ئەمین حەمە کەریم

لێ ئەچۆڕا و لەبەر بۆنی ناخۆشی گۆشت و پێستی سوتاوم حەزم نەئەکرد کەس نزیکم ببێتەوە.

بە هاوڕێکانم وت بەجێم بهێڵن، بەڵام ئەوکاتە پێشمەرگە پێشمەرگە بوو. دڵسۆزی هاوڕێ و نیشتمانی بوو، داواکەیان رەت کردمەوە و بە هیچ شێوەیەک رازی نەبوون جێم بهێڵن و منیان گەیاندە گوندی پیرکە.

لە بەردەرگای ماڵێکدا تراکتۆرێک وەستابوو. دلاوەری حاجی عوسمان رۆیشتبووە بەر ماڵەکە و پرسیاری خاوەن تراکتۆرەکەی کردبوو. وتبوویان تراکتۆری ئێمە نیە و ئیتر زۆر گەڕابوون بەدوای خاوەنەکەیدا کەس وەڵامی پێ نەبوو. دلاوەر خۆی هەرچۆنێک بووبوو تراکتۆرەکەی خستبووە گەڕ و منیان برد بۆ خەستەخانەی سەرگەڵو. لەوێ ئەوەندە وەزعم خراپ بوو بوو کەس بەتەمای ژیانم نەمابوو. دکتۆر شوان بڕیاری ئەوەی دا کە جەنابی مام جەلال ئاگادار بکات تا رەوانەی ئێرانم بکەن. لەوێ عیلاجیان بۆ کردم و دەمارەکانی دەستیان بۆ بەستم و وڵاخیان بۆ گرتم و لەسەر وڵاخ دایانبەستم و فایەق چاوشین لەگەڵم هات و رۆیشتین بۆ وڵاغلوو، لەوێوە بۆ سەفرە و بەرەو سەردەشت. لە سەردەشت بە ئیسعاف بردیانم بۆ کرماشان و پاش چوار رۆژ لە تەداوی کردن من و جەزا پوشێنیان بە تەیارە برد بۆ خەستەخانەی دکتۆر سپیر لە تاران. من زۆر بێحاڵ بووم و توانای قسەکردنم نەبوو. بە ئیشارەت وتیان باسکت دەبڕینەوە. وتم نەء.. رۆیشتن و بۆ بەیانییەکەی دکتۆرەکان هاتنەوە سەرم و بەخوا نزیکەی روبعە کیلۆیەک گۆشتی سوتاوی سەر سنگ و قۆڵیان بۆ لێ کردمەوە و زیاتر لە ٦٠ پارچە وردەی شەستیر و زیخ و بەردیان لێ دەرهێنام و خستیانە شوشەوە و دوو فیشەکیان لە پشتم دەرهێنا کە دەرنەچووبوون. سێ مانگ لەو خەستەخانەیە چارەسەریان بۆ کردم و عەمەلیاتی دەستمیان بۆ کردم. مودیری خەستەخانەکە هاتە لام و لەو ماوەیەدا هیچ کەس سەردانی نەکردم.



**عەباس حەمە ئەمین حەمە کەریم، نەخۆشخانەی**
**د. سپیر لە تاران، ١٩٨٧/١٢/١.**

لەو خەستەخانەیەدا لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ مواجەهە هەبوو. من لە ژووریٚکدا بووم چوار برینداری لیٚ بوو، ئەوانی تر مواجەهە ئەکران و چی خواردنیان بۆ ئەهیٚنرا بەشی منیشیان ئەدا و خزمەتیشیان ئەکردم.

لە ماوەی ئەو سیٚ مانگەدا، کە لە خەستەخانەی دکتۆر سپیر بووم سیٚ عەمەلیاتیان بۆ کردم و دواتر گواستیانمەوە بۆ خەستەخانەی ئیمام خومەینی و لەویٚش دوو عەمەلیاتی شانیان بۆ کردم. چوار مانگ لەویٚش خزمەتیان کردم. دەستمیان بە سنگ و پشتمەوە بەستبوو. لەگەڵ ئەو هەموو عەمەلیات و تەداویەدا دەستم هەر جوڵەی تیٚ نەکەوت. ئینجا بردیانمە ئوتیٚلی تایبەتی



**عەباس حەمە ئەمین حەمە کەریم، خەستەخانەی ئیمام خومەینی - تاران ١٩٨٧/٣/١٥.**

کەمئەندامانی سەنگەر و پاش هەفتەیەک بردیانمە نەقاهەتگای شاری کرماشان و دواتر بردمیان بۆ تەبرێز. لەوێ عیلاجی تەبیعییان بۆ کردم و وردە وردە پەنجەکانم جوڵەی تێ کەوت. مانگ و نیوێکیش لەوێ مامەوە و دەستم تۆزێک چاک بووەوە. ئێستا بە ژمارە شەست تەقەڵ بە گیانمەوەیە. دوای ئەوە منیان ناردە نەقاهەتگای سەقز کە کاک حەمە جەزای حاجی عەلی بەرپرسی بوو، وردە وردە چاک بوومەوە.

لە راپەڕیندا لەگەڵ جەمالی حاجی محەمەدی ئامر بەتالیۆن و ئازاد دەرەمیانەیی جێگری وەک بەتالیۆنی حەوت رۆژی ٣/٧ هاتینە سلێمانی و دوای ئازادکردنی ناوچەکان گەڕاینەوە تەگەران. لە تەگەران منیان کرد بە جێگری لێپرسراوی ئیدارەی بەتالیۆن کە مامۆستا عەلی سۆفی لێپرسراوی بوو.

کە بەتالیۆن نەما و کرا بە هێز من لە هێزی پێنجی سلێمانی بووم کە ئامر هێزەکەمان مامۆستا جەمال بوو منیش وەکو نوێنەری یەکێتی ئەندامی

کۆمیتەی باڵا بووم و دواتر کرام بە ئامر سریە لای کاک مەحمود سەنگاوی و ساڵی ٢٠١٢ کرام بە لێپرسراوی (٢) نوسینگەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. دواتر بەشدارییم لە شەڕی دژ بە داعش دا کرد و بە سێ وەجبە لە کۆباشی و خانەقین و سەعدیە.

پلەکەم عەمیدە و لە بەڕێوەبەرایەتی کەمئەندامانی سەنگەر و جێگری لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر و ئەندامی لقی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی شارباژێر و دوکان و پێنجوینم

ئێستاش ٤٠ پارچەی شەست تیری تەیارە بە ئەشیعەی ملەوەن لەسەر سنگم و پشتم و قۆڵم دەرکەوتووە.



**عەبدوڵا هەمزە ڕەش حەمە**

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/١٦

کاک عەبدوڵا، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی بێناسەی سەر بە ناحیەی هێرۆ لەدایکبووە و نۆ سەرخێزانن وماڵێکی زەحمەتکێش و ماندوو بوون و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٦ لای مام عەلی سۆفی ئەحمەد بووم بە پێشمەرگە و ئەوکاتە شەوانە بەناو وڵاتدا ئەگەڕاین و مەسئول کۆبوونەوەی بە خەڵکی دەکرد و هانی ئەدان بۆ بوون بە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی چوونە هەکاریم کردووە و لە ئێران دەستگیر کراین و دووریان خستینەوە بۆ ئۆردوگای یەزد. تەزاهورات دەستی پێکرد و شای ئێران هەڵات و ئێمەش لەگەڵ چەند برادەرێکدا گەڕاینەوە مەهاباد و سەردەشت و پاشان چووینەوە نێوزەنگ. کە ئێمە گەیشتین، دوو ڕۆژ بوو شەڕە گەورەکەی مامەندە تەواو بووبوو. چوومەوە مقەڕی خۆم کە محەمەد

وەتمان مەسئولی بوو، برنەویان دامێ و حیمایەی مقەڕ و دۆشکەکەم دەکرد.

هەرێم دروستکرا و هەرێم بوو بە تیپ و محەمەد رازانی بوو بە سەرتیپی ٦٣ی جوتیاران. ئەوکاتە من ئامر کەرت بووم و مقەڕم لە سەرشیو و باوزێ دانا. ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی شەڕی گەورەی گردە بێناس-مان کرد و کۆتایی ١٩٨٣ هاتینە کانی توو. ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزات بوو، ئێمە لەسەر چیای ئاسۆس حەراسەتمان ئەگرت.

ساڵی ١٩٨٥ مفاوەزات تێکچوو، شەڕ دەستی پێکردەوە. بەشداریی شەڕی چیای ئاسۆسمان کرد، دواتر رێکەوتی ١٣\١٤/٤/١٩٨٧ بەشداریی شەڕی داستانی رزگاری و دواتر شەڕی زینۆی سپیمان کرد. ئەنفال هات و شەڕەکە لە بەری مەرگە زۆر گەرم بوو، حکومەت لە هەموو لایەکەوە هجومی دەکرد

تیپەکەیان کردین بە دوو بەش: بەشێک بۆ سەرگەڵو ئەوی تریان بۆ سەر چیای ئاسۆس.

محەمەد رازانی و هێزەکەی رۆیشتن بۆ سەرگەڵو، لەوێ ناردبوویانن بۆ شەدەڵە هجوم بکەن، دەلیلەکەیان بەجێی هێشتبوون. محەمەد رازانی و چەند پێشمەرگەیەک لەوێ شەهید بوون. ئێمە لەسەر چیای ئاسۆس بووین، هەر لە شوێنی خۆمان، هەمووی گیرا و ئێمە دابڕاین و ناچار بە دیوی سەرتەنگ و دۆڵە گۆماندا چووینە دۆڵی سەفرە و گەڵاڵە. لەو سەر چیایە تیپی ١٢ی سۆرانیشمان لەگەڵ بوو. کە گەیشتینە دۆڵەکە کاک نەوشیروان لەوێ بوو. وتی ئەبێت بچن بۆ خورخورە و یاخیان و شەڕ بکەن، چووین و شەڕێکی زۆر سەخت بوو. بەو شەڕە ئەڵێن شەڕی داری زکریان.

لە کەرتەکەی من دوو پێشمەرگە، برایمە سوور و مام سمایل شەهید بوون و هەمزە عەبدوڵای بێناس بریندار بوو، کۆپتەری ئێران ئەوی برد بۆ خەستەخانەی تەبرێز. جەبهەکەمان شکا و چووینەوە دۆڵی سەفرە و گەڵاڵە و حکومەت نیوەشەو کیمیابارانی کرد و وتیان سەرکەون بۆ سەر شاخ. ئەو شەوە ئەبوبەکر قەڵادزێی شەهید بوو.



**عەبدوڵڵا هەمزە ڕەش حەمە، هەڤاڵ مام جەلال. قەڵاچوالان.**

من نە چاوم ئەیبینی و نە ئەمتوانی بڕۆم، دەرزییان لێ داین و هەندێک چارەسەریان کردین و ڤیناعیان داینێ و بردیانینە بانە و بۆ خەستەخانەی پاسداران و لەوێ ناردیانین بۆ خۆشتن و جل گۆڕین و هەندێک باش بووین و بۆ بەیانی چووینە سەردەشت و وتیان ئەوەی بەر کیمیاوی کەوتووە ئەیاننێرینە سەقز و ڕۆیشتین و ٢٤ سەعات لەوێ بووین و دیسان چووینەوە دۆڵە کۆگە و مقەڕمان دانا و پاش ئەوە گواستیانینەوە بۆ بێتووش. ساڵێک لەوێ ماینەوە و ئینجا هاتینە زەڵێ تا ساڵی ١٩٩١ من لە بەتالیۆنی هەشت بووم و مەلا سلێمان (شەهید) ئامر بەتالیۆن بوو.

لە ئینتیفازە لەگەڵ ڕەتڵی کاک کۆسرەت چووینە دەشتی هەولێر.

دوای ئەوە و پاش ڕێکەوتن و دانانی حکومەت، دواتر شەڕی ناوخۆ داسەپێنراو و لە پشتی ژاراوە بە پارچەی هاوەن لاقی ڕاستی شکاندم و سەروو ڕانم و حەوزەکەمی بریندار کرد. بردیانمە خەستەخانەی قەڵادزێ. لەوێ لە سەیارەی تۆیۆتایان خستم و بردیانم بۆ خەستەخانەی شۆڕش و د.بەختیار ڕەسوڵ عەمەلیاتی بۆ کردم و پلاتینیان بۆ دانام و لە خەستەخانەکە پێشمەرگە و براکەم لەگەڵا بوون. خەستەخانەکە خزمەتیان باش بوو.

دوای شەش ڕۆژ ئیزنیان دام و گەڕاینەوە. دواتر شوێنی عەمەلیاتەکەم تووشی ئیلتیهابات بوو. سێ ساڵم بە ئازارەوە ناڵاند. ئینجا لە ڕێگەی خاچی سوورەوە بە ئیسعافی خەستەخانەی شۆڕش بردیانم بۆ خەستەخانەی بەغدا و ئەحمەدی براشم لەگەڵم بوو. لەوێ پلاتینەکەیان بۆ دەرهێنام و ساڵێک دوای ئەوە چوومەوە بۆ بەغدا و پلاتینیان بۆ دانام و گەڕامەوە و بەداخەوە کە ٣١ی ئابی بەسەردا هات وێنەکانم لە کانی توو بەجێمان.

تا ئێستاش بەدەست ئازاری چاومەوە ئەناڵێنم ئازاری کیمیاوییەکە کە سەد هێندەی لاق شکانەکەم زیاترە. دەبوایە لەگەڵ عەمەلیاتی قاچم دا عیلاجی کیمیاوییەکەشم بۆ بکرایە و یەک روبعی لەشم باش نیە و قوربانێک گوێم لێ ناگرێت و بەپەلە خانەنیشینیان کردم و خۆ هەر کیمیاوی و لاق شکانەکەم نەبوونە مایەی دەرد و ئازارم. ماندوو بوونی کاتی شەڕەکان و شەهید بوونی هاوڕێ و کەسوکار بێچارەی کردووم.

ئێستا لاقەکەم ترم لە لاقە شکاوەکەم خراپترە و بە گۆچان ئەڕۆم. ئەنواعی نەخۆشیم هەیە و تورەکەیەک دەرمانم هەیە. هەفتەی پێشوو لە خەستەخانەی ئەنوەر شێخە دکتۆر گۆران عەمەلیاتی پرۆستاتی بۆ کردم بە سێ ملیۆن و نیو و کەس لێی نەپرسیومەتەوە.

پلەکەم لیوایە.



**عەبدولکەریم مەحمود سەمین خەلیل (مەلا کەریم)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٢

کاک عەبدولکەریم ساڵی ١٩٥٩ لە شارۆچکەی سەعدییەی سەر بە خانەقین لەدایکبووە و پێنج سەرخێزان بوون و دەرچووی پەیمانگەی زراعەی فەننی دیالەیە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨١-١٩٨٢. سێ کچی هەیە دوانیان دەرچووی کۆلێجی ئەندازیاری و زانست و کچێکیشی خوێندکاری کۆلێجی دەرمانسازییە لە زانکۆی کۆمار.

ساڵی ١٩٨٠ لە ڕێگەی عەزیز لەتیف زەنگنەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ بە تەزکیەی ڕێکخستن براوەتە سەرگەڵو بۆ لای کاک مستەفا چاوڕەش کە ئەو کاتە ئەو بەرپرسی عەسکەریی مەڵبەندی ٢ بووە و ئەو ناردویەتی بۆ کەرتی ئێزگە لە بەرگەڵو. پاش شەش مانگ نەقڵ بووە بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان کە سامان گەرمیانی سەرتیپی بووە و عادل شکور جێگر بووە و مامۆستا عەلی پەرلەمان ڕابەری سیاسیی

تیپەکە بووە. دواتر چووەتە کەرتی ٢ی تیپەکە، کە عەدنانی حەمەی مینا مەسئولی کەرتەکە بووە و بەشداریی هەموو چالاکییەکانی ئەو سەردەمەی کردووە. لە سەرگەڵو بە ناوی تیپی گەرمیانەوە بەشداریی دەورەی فێربوونی بەکارهێنانی کاتیۆشا و هاوەنی ١٢٠ ملم ی کردووە. جارێکی تر لەگەڵ عەدنانی حەمەی مینا و سامی ئاسایش و مامۆستا جەلالی شێخ کەریم و کۆمەڵێک پێشمەرگەی مەڵبەندی یەک چوونەتە دەورەی ساروخی مالۆتکە لە ئەهواز کە دژە دەبابە و زرێپۆش بووە. بەشداربووانی ئەم خولە بە گشتی ٢٠ پێشمەرگە بووە. دواتر بەشداریی دەورەیەکی عامی کردووە لە گەیلان غەرب.

کاک عەبدولکەریم ئەڵێت: من بەر لە ئەنفال ئامر مەفرەزە بووم. لەگەڵ دەستپێکردنی حەملەی ئەنفالدا کرامە جێگری کەرت کە مەسئولەکەمان عەدنانی حەمەی مینا بوو.

لە راپەڕیندا شەوێک لە کەلاری کۆن لە ماڵی خزمێکی سامی ئاسایش کۆکراینەوە و شەوی دواتر براینە ماڵێک لە کوڵەجۆ و خۆمان ئامادە کرد بۆ شەڕی کوڵەجۆ. ئەوەی لە یادم مابن و لەگەڵما بوون مامۆستا نەجم عەبودی خەڵکی جەلەولا و سامی ئاسایش و بورهانی حەمەی مینا (لەو شەڕەدا شەهید بوو) و تەیب بورهانی مەسئولی رێکخستن و جومعە حسێن رەشید ناسراو بە جومعە رەش و فاتیح شێخ لەنگەری (دواتر شەهید بوو). ئەمە سەرەتای مانگی ٣ی ١٩٩١ بوو. بەرەبەیان شەڕ دەستی پێکرد لەگەڵ لیوایەکی مودەڕەعەی حەرەس جمهوری. هەموو هێزەکە بە دەبابە هاتبوون. ئێمە یەکەم گوژمەمان لێیان دا و ئینجا پێشمەرگە هاتن بە هانامانەوە. لەو شەڕەدا مامۆستا غازی خەڵکی کوڵەجۆ هاوەن لێی دا و دەست و قاچی پەڕی و هەر لەوێدا شەهید بوو. چەندین شەهید و بریندارى تریشمان هەبوون. لەو شەڕەدا گوللە بەر دەست و قاچ و سمت و پەراسووم کەوت. شێرە، هاووڵاتییەکی ناوچەکە بوو. هاتە سەرم و وتم دوور کەوەرەوە و من ناتوانم

برۆم، سەیارەیەکم بۆ بهێنە. رۆیشت و لاندکرۆزەرێکی بۆ هێنام و بردیانم بۆ سەر گردەکەی گردە گۆزینە کە مەفرەزەیەکی توببی هێزەکانی بەدری لێ بوو. عیلاجی سەرەتاییان بۆ کردم و رەوانەی کەلاریان کردم. دوای ئەوە ناردیانم بۆ سلێمانی.

ئەو دکتۆرەی لە سلێمانی سەرپەرشتی چارەسەر کردنی منی دەکرد ناردیان بۆ شەڕی کەرکوک. ئینجا معاون توببی هاتن بۆ چارەسەر کردنم. پاش چەند رۆژێک دکتۆرەکەم هاتەوە و تەماشای کردم و وتی قاچت تووشی گانگرین بووە و ئەبێت بیبڕینەوە. دواتر وتی با هەندێک چاوەڕێ بکەین بەڵکو باشتر ببێت. پاش دوو رۆژی تر هاتەوە و قاچی بۆ بڕیمەوە و دواتر ناردیانم بۆ ئێران بۆ شاری سنە و قاچێکی دەستکریان بۆ دروستکردم. پارچەکەی



**هەیاس حەسەن، حاجی عوسمان، سامی ئاسایش، ئەحمەدڕەش (شەهید)، مامە قالە، مەلا کەریم. دزلی ١٩٨٩.**

دابووی لە سمتم شوێنەکەی هەر چاک نەبووەوە. دواتر ناردیانمە لای د.وەرزێر و عەمەلیاتی بۆ کردم. پاشان ناردیانم بۆ تاران لەوێش عەمەلیاتی دەستیان بۆ کردم.

بەر لە کۆڕەو ئێوارەیەک بەرزانی حەمەی مینا منی برد بۆ پاوە و خۆی گەڕایەوە. لەوێ ژمارەیەکی زۆری بریندار لێ بوو بە پاس بردیانین بۆ نەخۆشخانەی بەقیەتوڵڵا لە تاران و عەمەلیاتی قاچە بڕاوەکەیان بۆ کردمەوە. دکتۆرەکە ناوی شوجاعی بوو. عەباسی مام وەلی پێشمەرگە بوو خەڵکی کەلاری کۆن بوو. ئەو سێ چوار مانگە هەر لەگەڵما بوو لە تاران. مەلا سەعیدی گەرمیانیش هەر لە تاران بوو، ئەو پارچە بەر چاوی کەوتبوو. دوای منیش جومعە رەشیان بە بریندارى هێنا بۆ تاران. دوای ئەوە منیان ناردەوە بۆ پێنجوین. لەوێش بەردەوام هەر خەریکی تیمارکردنی زامەکەم بوون.

ساڵی ١٩٩٢ گەڕاینەوە گەرمیان و لەگەڵ کاک عەدنانی حەمەی مینا هێزی گەرمیانمان دروست کرد. ئەو مەسئولی هێزەکە بوو، منیش مەسئولی ئیدارەکەی بووم. لەتیف حەسەن حامید (حەمە لەتیف)ی خەڵکی دەربەندیخان رابەر سیاسیی هێزەکە بوو. ئەو کاتە هێزەکەمان لە سمود بوو کە ئێستا ناونراوە رزگاری. مەفرەزەمان دەکرد لە کوڵەجۆ و کفری و قەرەتەپە و جەبارە. هێزەکانمان بەرامبەر رەبایەکانی حکومەت بوو. لەبەر ئەوەی بڕیاری نێودەوڵەتیی ناوچەی ئارام هەبوو، رژێم نەیدەتوانی شەڕمان بکات. دوای ئەوە مەڵبەندەکەمان هاتە دەربەندیخان. کوردۆ قاسم مەسئولی مەڵبەند بوو. من بووم بە ئەندام مەڵبەند. دوای ئەو کاک عیماد ئەحمەد بوو بە بەرپرسی مەڵبەند و دواتریش کاک عەدنان حەمەی مینا.

لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤دا من بە هەڵبژاردن بووم بە کارگێڕی مەڵبەند. دوای ٣١ی ئاب مەڵبەند گواستییەوە بۆ کەلار و کوردۆ قاسم بووەوە بە مەسئولی مەڵبەند.

ساڵی ٢٠٠٣ ئێمە وەکو مەڵبەند دابەش بووین بەسەر جەلەولا و سەعدییە و سنوری خانەقین. من بەر سەعدییە کەوتم. دوای دوو مانگ گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

ئیتر من تا ساڵی ٢٠٠٦ توانیم بەردەوام بم لەسەر کارکردن. خۆم خانەنشین کرد و پلەکەم لیوایە. من سوپاسی نازەنین خانی خێزانم دەکەم کە توانی منالّەکانم باش پەروەردە بکات.



**عەلی ئەحمەد مەجید رەسوڵ (عەلی کۆڵی پێنجوێن)**

دووشەممە ٢٠٢٥/٢/٣

کاک عەلی پێشمەرگەی دانەبڕاوە. خاوەنی مەدالیای رێزلێنانی جەنابی مام جەلالە. رێکەوتی ١٩٦٤/٢/٥ لە پێنجوێن لەدایک بووە و دوانزە سەر خێزان بوون و باروگوزەرانی ژیانیان زۆر باش بووە و دەرچوی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییە و دکتۆرای لە خەبات و پێشمەرگایەتیدا هێناوە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ لە رێگەی مەلا برایم محەمەدەوە (١٩٨٢ لەسەر شەستییەکەی سلێمانی شەهید کرا) پەیوەندیم کرد بە ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەوە و مەسئولی شانەکەمان سدیقی سەعید زۆراب بوو.

مانگی ١٩٧٩/٩ چومە دەرەوە بۆ لای فەرەیدون حەمە ساڵحی پوررزام، وەری نەگرتم و وتی جارێ مناڵیت. مانگی ١٩٧٩/١١ دوبارە رۆیشتمەوە بۆلایان و وتیان برۆ لە سلێمانی چالاکییەک بکە. چالاکیەکم کرد و پاشان لەگەڵ پێشمەرگەدا گەڕامەوە پێنجوێن.

١٩٧٩/١٢/٣١ لە کاتی چالاکیدا هەردوو قاچم سەرمابردی و پەنجەکانی پێم داکەوت. لەوەوە ناوم نرا (عەلی کۆڵ). ئازارم زۆر بوو، بە پەلە دەمانچەکەم لە شوێنێکی بلکیان شاردەوە و دواتر مەفرەزەکەی کاکە حەمەی حاجی سابیر چوون هێنایانەوە، چومەوە بۆماڵێ، هێشتا کەس نەیدەزانی بوومەتە پێشمەرگە، مانگی ١٩٨٠/٣ لەرێی دکتۆر عەلی ئیحسانەوە کە خزممان بوو بردیانم بۆ تەوارییەکە، دوو دکتۆری کوبی لێ بوو، بە ناوەکانی ئەدواردۆ و روبارتۆ. دکتۆر دارا ئەحمەدیش لەوێ بوو. وتی دەبێت پێیەکانی ببڕینەوە. دکتۆر ئەدواردۆ وتی تەنها پەنجەکانی قاچی پێویستیان بە بڕینەوەیە و عەمەلیاتی بۆ کردم و پێنج پەنجەی قاچی راستی بۆ بڕیمەوە. دواتریش دکتۆر ئازاد ئیسماعیل حەقی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤دا پەنجەی ناوەڕاستی قاچی چەپمی لە خەستەخانەی تەوارییەکە بۆ بڕیمەوە و عەمەلیاتی بۆ کردم

من لە مانگی ١٩٨١/٣دا چومەوە دەرەوە بۆ هەرێمی (٣) بۆ لای جەمالی حەمەی خواکەرەم. دواتر ناردیانمە لای ئاوات عەبدولغەفور بۆ بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی یەک و پاشان چومە هەڵەدن بۆ مەکتەبی عەسکەری کە کاک سەلاح چاوشینی لێ بوو.

ساڵی ١٩٨٣ بەشداری هجومەکانی سەر ناوپارێز و شەڕە داسەپێنراوەکانی ناوخۆم کرد و چەندین جار مەفرەزەمان کردووە بۆ ناو شاری سلێمانی و بەشداری شەڕەکانی دۆڵەڕوتم کردووە.

مانگی ١٩٨٥/٥ لە پشتی کانی گۆران بوین و تەیارە قەسفی کردین و بریندار بووم و هەموو گیانم پارچەی شەست تیری بەرکەوت. ئاسۆی برای حەمە عەلی بەرخانەقا (شەهید) منی هەڵگرتەوە و بە پیکابێک گەیاندمیە قزلەر و لەوێ دکتۆر نەورۆز (مانگر) چارەسەری سەرەتایی بۆ کردم و پاشان حەمە جەزای حاجی عەلی بە بەرازیلیەک منی بردە خەستەخانەی سەرگەڵو، لەوێ دکتۆر حەسەن و دکتۆر حسێن تەداوییان کردم.



**عەلی ئەحمەد مەجید، سەردار، کامەران،**
**تیپی ٥٣ی شێروانە - باڵخ ١٩٨٦/٤/١٣.**

مانگی ١٩٨٧/٨ لەگەڵ مەفرەزەیەکدا ئەمانویست بپەڕینەوە بۆ بەری قەرەداغ بۆ تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو، لە نێوان دێی حاجیاوا و حەسەن تەپەی لای پیرەمەگرون بە فیشەکی جاشەکان رانم بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٧ کە من لە تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو بوم و حەمە مۆریاسی سەرتیپ بوو. هاوڕێ کامەرانیش جێگری بوو، مقەڕمان لە دزڵی بوو، بەشداری هەموو شەڕە گەورەکانی سنورەکەم کردووە.

لە رێکەوتی ١٩٩٧/٤/٣ لە کۆتا شەڕی حەرەکەی ئیسلامی لە مەنتیقەی عامورەی خورماڵ خۆمان ئامادە دەکرد بۆ شەڕ، چوم بۆ سەر مەرقەدی پیر جومعە، بە لوغمێک هەردوو قاچم لەدەست دا.

حەمە رەشی کاک فەتحوڵڵای پورزام گەیشتە سەرم و منی گەیاندە ئیمێرجنسی. دکتۆر عوسمان هەورامی و دکتۆر جینۆی ئیتالی عەمەلیاتی



لە بریندارەکانی شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆ، سێیەم کەس لەڕاستەوە: عەلی ئەحمەد مەجید، نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی ٢١/٩/١٩٩٧.



عەلی ئەحمەد مەجید، نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی ١٩٩٧.



**عەلی ئەحمەد مەجید**

هەردوو قاچیان بۆ کردم، قاچی راستم خوار ئەژنۆم و قاچی چەپم سەرو ئەژنۆم و ٢٥ بیست و پێنج رۆژ لە ئیمێرجنسییەکە مامەوە و لە مانگی ١٩٩٧/٨دا هەر لە ئیمێرجنسی قاچی دەستکردیان بۆ دروست کردم.

لە کۆنگرەی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەردا من بە کارگێڕی لقی شارباژێڕ دەرچووم و ساڵی ٢٠١١ بووم بە سەرۆکی لقی شارباژێڕ - دوکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەم ئەندامبووەکانی سەنگەر. بەشداری کۆنگرەی چوارم کردو دواتر لەسەر خواستی خۆم و بەهۆی باری خراپی تەندروستیمەوە بە پلەی لیوا خانەنشین کرام و تا دەمێنم هەر یەکێتیم



**عەلی ئەمین ڕەسوڵ شەریف (عەلی بناوەسوتەیی)**

شەممە ٢٠٢٥/١/٤

کاک عەلی پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٥ لە بناوەسوتە - پێنجوێن لەدایک بووە و شەش سەر خێزانن و گوزەرانی ژیانیان خراپ نەبووە و خوێندەواریی هەیە و دەڵێت ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم کرد بە کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێنەوە لای مامۆستا بەکری نزارە. ١٩٨٣/٨/٨ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی یەکەوە، کە فەرەیدون حەمە ساڵح سەرتیپی مەڵبەند بوو. ساڵی ١٩٨٥ کە مەڵبەندی یەک گوازرایەوە بۆ قەرەداغ، منیش چومە تیپی ٥٥ی قەرەداغ و بارەگای مەڵبەند لە بەلەک جاڕ بوو.

بەشداری سەرجەم چالاکیەکانی سنوری مەڵبەندی یەکم کردووە، لەوانە هەردوو جاری گرتنی سەنگاو دوو جاری گرتنی موعەسکەری باریکە و



لەڕاستەوە: عەلی بناوەسوتەیی، رزگاری حەمەی کاشی.
گوندی چنگیان دوای ئەنفال.



عەلی بناوەسوتەیی



**لەچەپەوە: نەوزادی برای ئازادە ڕەش، بەڕێز هێرۆ خان، دوو پێشمەرگەی گەرمیان. کۆبونەوەی مەڵبەندی یەك لە دزڵی، ١٩٨٩.**

شەڕی سەر جادەی سلێمانی - عەربەت و بەشداری داستانی رزگاری و شەڕەکانی گڵەزەردەم کردووە. ئێمە وەکو تیپی ٥٥ی قەرەداغ چوینە سەرگەڵو و بەرگەڵو. دوای ئەوە حکومەتی بەعس دەستی کرد بە ئەنفال، مەڵبەندی یەک بەر یەکەم ئەنفال کەوت.

ئەوکاتەی ئەنفال هات من ئامر مەفرەزە بووم و سیانزە پێشمەرگە بووین. بە هاوکاری تیپەکانی ١٥ی هەورامان و ٣٧ی شارباژێڕ سەرجەم هەڵەبجە و سیروان پاککرایەوە و دواتر رژێم کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد.

ئەو مەفرەزانەی چوینەوە مەڵبەندی یەک، پێیان وتین، خۆتان ببەستن و بچنە دەورەی شەمە و وێڵەکە. شەوەکەی من و مەفرەزەکەم لەگەڵ تیپی ١٥ی هەورامان پەڕینەوە بۆ بناری سورێن. حیزبی سۆشیالیست لە بناری سورێن بون و پێکەوە چوینە دزڵی و لەوێوە بردیانین بۆ کرماشان، لە

کرماشان بوین تیپی ٣٧ی شارباژێڕ هاتن و هەمووومان ١٥ ڕۆژ ماینەوە و دەورەیان پێ بینین، دەورەکە بە مەبەستی شارەزابوونمان بوو لە دیسپلینی سەربازی و چۆنێتی گرتنی ناوشارەکان و بردیانین بۆ پاوە. شەوکەتی حاجی موشیر (شەهید) و حامی حاجی غالی و کاکە حەمەی حاجی مەحمود لەوێ بوون و هەر هێزێک سنوری کاری خۆمانیان بۆ دیاری کردین.

شەوی یەکەم هجوممان کرد بۆ هەڵەبجە و عەمەلیەکە سەری نەگرت. بۆ شەوی دووەم هجوممان کردەوە و دەستمان بە سەر تەواوی ناو شاری هەڵەبجە تاکو سیروان دا گرت و پاکمان کردەوە.

ئێمە ئەو هێرشانەمان بەو مەبەستە کرد، کە فشاری بەعس لەسەر سەرکردایەتی و هەڵمەتی ئەنفال کەم بکەینەوە.

حکومەت لە تۆڵەی دەستکەوتەکەمان کیمیابارانی هەڵەبجەی کرد و خاس و خراپی پێکەوە سوتاند. ١٩٨٨/٣/١٦ ئێمە لە هەڵەبجە بوین و بۆ ماوەی دوو مانگ لەوێ ماینەوە و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەمان لێ شەهید بوو. ئێرانیش عیتاد و پێداویستیی تەندروستی و خواردن و کۆڵە پشتیان بۆ ئامادە کردین.

ئێمە لە هەڵەبجەوە تا پردی زەڵمان بەدەستەوە بوو جیهازیان بۆ کردین و ئاگاداریان کردین کە مەڵبەندی یەک ئەنفال کراوە و ئەنفال گەرمیانیشی گرتۆتەوە.

ئێمە وەک تیپەکانی ٥٥-ی قەرەداغ و ٣٧-ی شارباژێڕ و ١٥-ی هەورامان چوینە قاسمەڕەش و دواتر چوینە زەڵێ و ناوزەنگ. تەماشامان کرد هەموو مەنتیقەکان گیرابوون و خەڵکەکانیان ئەنفال کردبوون.

ئیتر هەمووومان بەرەو مەڵبەندی سێی هەولێر بەڕێکەوتین، لەوکاتەدا کۆمەڵێک فەرماندەی پارتیزان وەک عوسمانی حاجی مەحمود و حەمەڕەش و مەلا ئەحمەدی گەرمیان و مەحمودی مامە عەزە لە سنوری مەڵبەندی یەک مابونەوە و مەحمود سەنگاوی و سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی لە گەرمیان

بوون. ئێمە لە سنوری مەڵبەندی سێ بوین، ئەنفال گەیشتە ئەوێ. هێزی پێشمەرگە شپرزە بوو. تیپی ٥٥ی قەرەداغ ١٥٠ پێشمەرگە دەبوو تا گەیشتنە قرناقا و پشتاشان ٣٠ پێشمەرگەیان نەمابوو، هەموویان تەسلیم بووبوونەوە. ئێمەی پارتیزانەکانی کە لە هەڵەبجە بووین لە قاسمەڕەشەوە بردیانین بۆ قرناقا و پشتاشان، کاک عومەر فەتاح و قادری حاجی عەلی و جەماعەتی مەڵبەندی یەک لەوێ بون و مقەڕیان لە سورەدێ دانابوو.

کە مەڵبەندی سێ ئەنفال کرا تیپەکان هەمووی پەڕینەوە بۆ سنوری قڕناقا و پشتاشان، ئێمەیان نارد بۆ کونە کۆتر بۆ پشتی سلێ و ئێنزێ. ئەوکاتە وەکو تیپی ٥٥ی قەرەداغ تەنها ٣٠ پێشمەرگە مابووینەوە. مقەڕمان لە ماونان بوو. ئێمە لەسەر شاخ لە واجیب دا بووین. رژێم لە سەنگەسەرەوە سەرکەوت بۆ کورتەک و جەیشێکی گەورە و زەبەلاحی هێنابوو. شەڕ دەستی پێکرد. ئێمە وەکو تیپەکەی خۆمان نۆ شەهیدمان دا و برینداریشمان هەبوو. یەکێک لەو بریندارانە من بووم کە فیشەکی قەناس دای لە سنگم و لە پشتمەوە دەرچوو

فەرماندەی کەرتەکەمان حەمە فەرەج هەورامی (شەهید) بوو. ئەو فەرماندەیەکی نموونەیی بوو پشکی شێری لە ئازایەتی و هیممەت و جوامێری دا بەردەکەوت.

کە من بریندار بووم، جەلال شەمەیی منی دا بە کۆڵیدا و بردمیە خوارەوە و دکتۆر هێمن لە خەلفیەکە بوو. ئەو عیلاجی سەرەتایی بۆ کردم و وتی دەبێت خۆت بگریت و بەبێ بەنج عەمەلیاتت بۆ دەکەم. بن باڵمی هەڵدڕی و کیسەیەکی بۆ دانام بۆ ئەوەی خوێنی نەزیفەکەی ناو سکمی تێ بچێت. لەوێوە وڵاخیان بۆ گرتین و چوینە ئێران. هەڵۆی خەڵکی راوگان کە پێشمەرگەی کەرتەکەمان بوو لەگەڵما هات تا تاتی دۆ. لەوێوە سەیارەیان بۆ حازر کردین و بردیانین بۆ خەستەخانەی رەزائیە و لەوێوە بۆ خەستەخانەی تەبریز، دکتۆرێکی فارس عیلاجێکی زۆر باشی بۆ کردم و نزیکەی دوو مانگ زیاتر

لەوێ مامەوە. بریندارەکان گەڕاینەوە. ئەوکاتە مەڵبەندی یەک چووبوونە دزڵی و لەوێ بارەگایان دانابوو. دوای ئەوە ناویان نوسین بۆ بینینی دەورە لە گەیلان غەرب.

ئێمە وەکو مەڵبەندی یەک و تیپەکانی ١٥ی هەورامان و ٣ی شێروانە و ٥١ی گەرمیان و ٥٩ی حەمرین و ٥٥ی قەرەداغ و ٣٥ی کوڕەکاژاو و ١٧ی زمناکۆ بارەگامان لە دزڵی بوو.

شەست پێشمەرگە چوینە گەیلان غەرب. بەر لە چوونمان بۆ دەورەکە مام جەلال و کاک نەوشیروان هاتن و کۆبونەوەیان بە مەڵبەندەکان کرد و وتیان ئەوانەی سەڵتن دەیانکەین بە پێشمەرگەی پارتیزانی.

دەورەکەمان تەواو کرد و چوینەوە بۆ قاسمەڕەش. لەوێ نەقیب خەلیل هەبوو، زابتێکی عەسکەریی عێراقی بوو، هاتبووە دەرەوە و ئەویش لە زەڵێ دەورەی بۆ کردینەوە و دواتر ناردیانینە خوارەوە بۆ پارتیزانی. لێپرسراوەکەمان سەرکەوتی کوبە بوو.

چوار مانگ لەوێ بووم و لە شەڕی بەرگریی لە ئەنفالدا، ئەمجارە قاچی راستم قرتا و بەداخەوە نەمتوانی بەشداری راپەڕین بکەم. دواتر ناردیانم بۆ سنە و قاچیان بڕیمەوە و قاچی دەستکردیان بۆ دروستکردم. دواتر چومە بانە و خانوویان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تری بریندارردا بۆ گرتین و تا دوای راپەڕین لەوێ ماینەوە و کە گەڕاینەوە و من کرام بە سەرتیپ لە هێزی چواری پێنجوێن. لە ساڵی ٢٠١٠دا خۆم خانەنشین کرد.

لە جەلەولا وەکو کەمئەندامانی سەنگەر بەشداری شەڕی دژ بە داعشم کردووە.

ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینم هەیە.



لەچەپەوە: عەلی بناوەسوتەیی، سەرکەوتی کوبە، جەزا پۆشینی، سەلاّحی لیوا عشرین، خالّە سمە، دلێر دەرەویانی.

لەپشتەوە: کاک هەلّۆ، دلێر ئالّیاوا.

شارباژێڕ، مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال.



**عەلی ئیبراهیم محەمەد رەسوڵ**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/٢٨

کاک عەلی، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی خەڵاتی رێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٥٧ لە قەڵادزێ لەدایک بووە و شەش سەر خێزان بوون و ئاستی گوزەرانی ژیانیان خراپ نەبووە و دەڵێت:

سەردەمی ئێمە هەستی کوردایەتیمان زۆر بەهێز بوو، بۆیە ساڵی ١٩٧٦ چومە دەرەوە بۆلای د. خالید سەعید، کە لە مەنتیقەکانی ورتە و قەڵا توکان و سورەدێ بوو.

لە ساڵی ١٩٧٧دا حکومەت هجومی کرد و شوێنەکانی پێ چۆڵ کردین و من چومە سەردەشت بۆ ماڵی مامم تاکو مانگی ١٩٧٨/٤ لەوێ مامەوە.

گەڕامەوە و لە زەڵێ پەیوەندیم کرد بە بارەگای جەنابی مام جەلالەوە. مەسیرەی هەکاری دەستی پێکردبوو، ئێمە لەگەڵ مام جەلال دا چوینە دۆڵەنێ.

ئەوکاتە سەردەمی شا بوو، هەلیکۆپتەری ئێران و مەترسیی عێراقیشمان لەسەربوو. من لەگەڵ مەلا عیسا (ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی ناوخۆ لە پشدەر شەهید بوو) دەچوین بۆ بادیناوا و گرد شەیتان و کەوپەر (ئەم دێیانە سەر بە شاری خانە بوون) و لە رێگەی بایزە بۆر کە بەینی لەگەڵ مام جەلال دا هەبوو بە کۆڵ ئازوقەمان بە شەو دەهێنا و لە مانگی شەشدا هەوا خۆش بوو، چوینە چۆمە، عێڵەکانی باب رەسو، مەنگور و ئەوانی تر سەرکەوتن بۆ کوێستانەکان. دوای ئەوە چوینە گورگان و بەرخلیسک و بەرتەنگی سێمان.



عەلی ئیبراهیم محەمەد رەسوڵ

مەڕدارەکان خزمەتیان دەکردین و تا مانگی نۆی هەمان ساڵ لەوێ ماینەوە و ئنجا چوین بۆ گوێزێ و دواتر بۆ ناوزەنگ.

ساڵی ١٩٧٩ شەڕی سەرکردایەتی لە سەری مامەندە کرا (جەنەڕاڵی بەفر) و من بەشداربووم تیایدا، لە شەڕەکانی ١٩٨٢دا بەشداری پشتیوانی کوردانی رۆژهەڵاتم کرد، لە مەنتیقەی خانێ-وە تا سەردەشت. ئەوکاتە جێگری کەرت بووم لە تیپی ٦١ی شێنێ، فەرماندەی تیپەکەمان محەمەد وەتمان بوو. ساڵی ١٩٨٧ من ئامرکەرتی تیپی ٥ی گەڵاڵە بووم، حکومەت هجومی کرد بۆ سنوری مەڵبەندی سێ بۆ سورەدێ و ورتە و قەڵاتوکان و گوێزێ و رەزگە، هجومەکە هەفتەیەکی خایاند، مورادی برام بریندار بوو و مەلا عەولای عەشیرەتی باب رەسو شەهید بوو.

دوای ئەوەی شەڕی عێراق – ئێران راوەستا، عێراق کەوتە هجوم بۆ سەر ئێمە لەو هجومانەدا سنوری قەڵا توکانمان لەدەست دا و ئینسیحابمان کرد بۆ دۆڵە کۆگە. لە ١٩٨٨دا سنورەکانمان بەرتەسک بووەوە و ئەنفال دەستی پێکرد

ساڵی ١٩٩٤ بزوتنەوەی ئیسلامی شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند و دەستیان بەسەر هەندێک شوێندا گرت و هەفتەی پێ نەچوو هەمویمان گرتەوە و توانیشمان سەرکردایەتیەکەشیان لە بێتواتە پێ چۆڵ بکەین.

ساڵی ١٩٩٥ شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆ دەستی پێکرد. واجیباتی من لە بنەسڵاوا بوو، هەولێریش بەدەست کاک کۆسرەتەوە بوو. پارتی شەقڵاوە و کەسنەزانی بەدەستەوە بوو.

مام جەلال منی داواکرد بچم بۆ قەڵاچوالان و گەیشتم و ناردمی بۆ دۆڵی خۆشناوەتی، کە مەسئولی میحوەری دۆڵەکە مەلا نەجم بوو، مستەفای سەید قادریش مەسئولی فەرماندەیی گشتی بوو. ئەوکاتە من جێگر لەشکر بووم و قوەتێکی ١٢٠ پێشمەرگەییم لەگەڵ بوو. لە کڵاوقاسم، جێگیر کرام و چەند شەڕێکمان کرد. ١٩٩٦/٨/٢٠ مەحمود سەنگاوی هات بۆلام کە لە بن کڵاو قاسم، لە حەسەن بەگ بووم. لەگەڵ کاک مەحمود قسەمان دەکرد، فیشەک بەر سنگم کەوت و قاچیشم بریندار بوو، کەوتم، هەرچۆنێک بوو لەسەر گردەکەوە بردیانمە خوارێ و گەیاندمیانە سەیارەکەی کاک مەحمود سەنگاوی و بردیانمە تۆتمە. من هۆشم نەمابوو بردبوویانمە رانیە و عەمەلیاتیان کردبووم. وەک دواتر زانیم گوللەکان چووبوونە ناو جگەرم و ٤٠٪ی جگەرمیان بڕیبوو. ئەو عەمەلیاتە دکتۆر رەمەزان بۆی کردم. نۆ بوتڵ خوێنیان تێکردبووم. دەماری قاچیشم بڕابوو. ئێستا قاچم سڕەو قاچێکم شەلە. بیست و پێنج شەو لە خەستەخانەکە مامەوە. من وەک وتم کە بریندار بووم پاش چەند سەعاتێک بێ هۆش بووبووم، کە بەئاگا هاتمەوە خۆم لە خەستەخانە بینی و عومەری برام و دایکم و خزمەکانیشم بینی، کە لە سەر سەرم وەستابوون.

٣١ی ئاب هات بەسەردا، هەولێر گیرا، رانیەش بەدوایدا، خزمان منیان برد بۆ قەڵادزێ، قەڵادزێ گیرا و بردیانم بۆ هەڵشۆ، هەڵشۆش گیرا. من سەیارەیەکم هەبوو سەیارەکەشم گیرا و وڵاخیان بۆ پەیداکردم و کەسوکار بردیانم بۆ ئێران.

له هەڵشۆوە گەیەنرامە (کانی زەرد) و لەوێ خەستەخانەیەکی لێ بوو، منیان بە ئیسعاف بردە سەردەشت تەداوییان بۆ کردم و ماوەی مانگێک لەوێ مامەوە. برینێکیش لە قۆڵی راستمدا بوو، برینەکە تەشەنەی کردبوو گۆشت و پێستی پێوە نەمابوو تەنها ئیسقان و دەمارەکانم بەدەرەوە بوون، سێ مانگی پێ چوو تا برینەکەم خۆش بووەوە. دوای ئەوە گەڕامەوە زەڵێ. مام جەلال لەوێ بوو، پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و وتی لە سەعاتی سفردا هجوم دەکەین، کاتی هجوم کردنەکە رانیە و سلێمانی و تا سنوری دێگەڵەمان پاککردەوە. ئەوکاتە من جێگری سەرلەشکری ئاسۆس بووم سەرلەشکرەکەمان محەمەد حاجی قادری بەردەشان بوو.

دوای ٣١ی ئاب برینەکانم سەریان هەڵدایەوە، چونکە وەکو پێویست تەداویم بۆ نەکرابوو خۆشم ماوەی پێویست نەمامەوە. جگەرم چاک نەبووبووەوە، ساڵی ٢٠٠٧ چومە هیندستان و جگەریان بۆ چاندمەوە (بیزا)ی کچم تەمەنی بیست ساڵان بوو پارچەیەک لە جگەری خۆی دامێ، توبای خێزانم و هەردی کوڕم و عومەری براشم هاتن لەگەڵم، ساڵی پاریش چوومەوە بۆ هیندستان و گرێی میزەڵدانیان بۆ عەمەلیات کردم. تا ئێستاش هەر بە رێگەی خەستەخانەوەم، تازە لە هەولێر گەڕاومەتەوە کە دکتۆر پشتیوان هاشم نازوری میزەڵدانی بۆ کردم. چوشمە خەستەخانەی ئەنوەر شێخە لای دکتۆر هاژەی پسپۆڕی شێرپەنجە. بەین بەینیش دەچمە لای دکتۆر هیوا ئەبوبەکر لە سلێمانی بۆ فەحسی جگەرم. هەموو لەشم برینە، برینی ساڵی هەشتاکانم هەر هەیە کە گوللەم بەرکەوتووە و دەرمانم نەکردووە.

برینەکانم لە شەڕەکانی سەرکردایەتی، قەڵا توکان، کونە کۆتر، ڕەزگە و دۆڵە کۆگە بە فیشەک دروست بووە. ئەوکاتە گەنج و بەتوانا بووم، خۆم بە (گیا) برینەکانم خاوێن دەکردەوە بە پارچەی پشتێنەکەم برینەکانم دەبەست. قادر خەباتی ڕەحمەتییش سێ جار برینی گوللەی بۆ پاک کردومەتەوە. ئەو هەمیشە دەرمانی گیایی پێ بوو. وەک دکتۆری گیایی خزمەتی پێشمەرگەی دەکرد، بەشداری شەڕی داعشیشم کردووە. ئێستا بە پلەی عەمید کەمئەندامی سەنگەرم و پێشمەرگەی دانەبڕاوم.



**عوسمان حەسەن محەمەد میرە (عوسمان بێ ڕەشکە)**

دووشەممە ٢٠٢٥/١/٢٧

کاک عوسمان ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی بێ ڕەشکە لە سەید سادق لەدایکبووە و نۆ سەرخێزان بوون و ماڵی باوکی سەرقاڵی کاری فەلاحەت و ئاژەڵداری بوون و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٣ عوسمان عەلی بێ ڕەشکە منی تەنزیم کرد بۆ ریزەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٩ چوومە تیپی ١٥ی شارەزوور و بووم بە پێشمەرگەی بەشی ڕێکخستن و وەک تیپی ١٥ی شارەزوور بەشداریی شەڕەکانی گردەنازێم کرد، کە دلێر جاف سەرتیپمان بوو و دواتر لە ١٩٨٥/١٠/١٠دا بەشداریی شەڕی ناوگردانم کرد و ٣٥ جاش و عەسکەرمان چەک کرد و ئێمە زیانمان نەبوو.

ساڵی ١٩٨٨ من لە دەستەکەی کاک جەمیل هەورامی بووم لە تیپی ١٧ی زمناکۆ و مەڵبەندی ١ لە بەلەکجاڕ بوو، کە کاک جەبار فەرمان مەسئولی

مەڵبەند بوو. ئێمە مقەڕمان لە ئاوەکەڵە و کۆرەی دوو ماڵە بوو لە پشتی زەڕاینەوە. لە مانگی ١٩٨٨/٨دا لە سەرکردایەتییەوە جوابمان بۆ هات بڕۆین بۆ ئەوێ، ئێمە چووینە سورە دێ لە مەنتیقەی قەندیل، مەڵبەندەکەمان ٤٠٠ – ٥٠٠ پێشمەرگە دەبووین و لەو کاتەدا هێرشەکانی رژێم زۆر چڕ بوو شاخ بە شاخ و دێ بە دێ بەدوامانەوە بوون، لەو ماوانەدا خەڵکێکی زۆر گیرا هەندێکیش دابڕان، دوای ئەوەی کاک ئازاد هەورامی لە کونەکۆتر بریندار بوو، لە شێخ ئاییش شەهید بوو، لە مانگی ١٠ی هەمان ساڵدا قەراری سەرکردایەتی هات بچین بۆ ئێران. ئێمە وەک مەڵبەندی ١ بارەگامان بردە دزلێ. هێزەکە کرا بە سێ رەتڵ: رەتڵی یەک رەتڵی پارتیزانەکان بوو، من لەو رەتڵەدا بووم. رەتڵی دوو، دوو بەتالیۆن بوون کە جەمیل هەورامی و مەحمود سەنگاوی ئامر بەتالیۆنیان بوون. رەتڵی سێ عائیلەدارەکان بوون و ناردیاننەوە بۆ ماڵێ کە لە ئێران بوو، هەر کات پێویستیان پێیان بوایە ئاگاداریان دەکردن. وەکو عامی هێزەکە کاک شێخ جەعفەر مەسئولی بوو.

رەتڵی ئێمە (پارتیزانەکان) لەگەڵ پارتیزانی تیپەکانی تردا بانگ کراین بۆ زەڵێ و لەوێ دەورەی پارتیزانییان بۆ کردینەوە کە کاک نەوشیروان و عوسمان حاجی مەحمود دەرسیان پێ ئەوتین و ماوەی مانگێک لەوێ بووین، دواتر هەر لایەکمان نێردراینەوە بۆ مەنتیقەکانی خۆمان. ئێمەیان نارد بۆ قەرەداغ کە رەئیس مەسئولمان بوو. لە گەڕانەوەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی گەرمیاندا بووین و ژمارەمان ١٥ پێشمەرگە بوو. ئەوان ئەحمەد زەرداوێ مەسئولیان بوو. دلاوەری حاجی عوسمان چاوساغمان بوو تا گەیاندینیە پوشێن لە شارباژێر و دواتر خۆی گەڕایەوە.

شەو کەوتینە رێگە و رێگەمان لێ تێک چوو. زۆرمان تینوو بوو، لە یەخی ماڵی چووینە سەر جۆگەیەک پشوومان دا و بەردەوام بووین لەسەر رۆیشتن بەرەو شەمە و وێڵەکە و کە گەیشتینە ئەوێ رۆژمان لێ بووەوە و ئەو

ڕۆژە لەوێ ماینەوە. بەهادین مەجیدی خەڵکی بەلەکجاڕ زۆر نەخۆش کەوت. ڕەئیس وتی بەهادینمان بۆ ناڕوات نەخۆشە و زۆر بەخۆوەیە با عوسمان و فەریقە سووری خەڵکی سلێمانی لا بمێننەوە.

ئێمە ماینەوە و ئەوان ڕۆیشتن بۆ قەرەداغ تاکو عوسمانی حاجی مەحمود بدۆزنەوە. کە چووبوونە سەر شاخ ڕێگەیان لێ تێکچووبوو. بەرەبەیان عەدالەت ڕەفعەتی خەڵکی سێوسێنان حەرەس بووبوو. خێرا هەموویانی لە خەو هەستاندبوو، وتبووی ئێمە لە ژێر ڕەبایەدا خەوتووین. ئەوان گەڕانەوە بۆ لای ئێمە بۆ هەرەسەکە، کە لە پشتی شەمە و وێڵەکەوە بوو.

ڕەئیس من و ئەحمەدەسووری گەرمیانی نارد بۆ باریکە و نەسر تا خواردن پەیدا بکەین. ئێمەش تا خەڵکی متمانە پێکراومان دۆزییەوە سێ ڕۆژمان پێ چوو. دوای سێ ڕۆژەکە هەردووکمان نەخۆش کەوتین و ناچار ناردمان بەشوێن کەسوکارماندا و من لە باریکە تەسلیم بوومەوە و ئەحمەدە سووریش لە کەلار خۆی تەسلیم کردەوە.

لە ڕاپەڕیندا پەیوەندییم کردەوە بە کاک جەمیل هەورامییەوە و بەشداریی ئازادکردنی شاری کفری و شەڕی دووەمی ڕاپەڕینم کرد.

لە ١٩٩١/١٠/٧دا و لە سێیەمین جاری ڕاپەڕیندا لە هوانە بریندار بووم و فیشەکێک دای لە ملم (تا ئێستاش بەو دەردەوە ئەناڵێنم و سەوتم باش نیە). لە جادە کۆنەکەی قڕگەوە بردیانمە خەستەخانەی جامیعەکە لە سلێمانی. لەوێ برینداریکی زۆری لێ بوو. ڕزگار ناوێکم بینی کە پێشمەرگەی لای کاک نەوشیروان بوو، ماڵی ئاوا بێت فریام کەوت و بردمیە لای دکتۆر و خستمیانە ژێر ئۆکسجینەوە. دوای ئەوە منیان نارد بۆ خەستەخانەی جمهورییەکە وتیان دکتۆری قوڕگ لەوبەرە. ڕزگار بەجێی نەهێشتم و دکتۆر حەمە جەزا عەمەلیاتی قوڕگی بۆ کردم.

ئێوارە ناوم لە ئیزاعەکە خوێندرابووەوە کە بریندارم و لە خەستەخانەم

و بۆ سبەینێ ماڵی باوکم هاتن بۆلام. دوو هەفتە لە خەستەخانە مامەوە و دکتۆرەکان (د.وەرزێر و د.شوان و د.فایەق گوڵپی و د.تایەر هەورامی) لیجنەیان لەسەر گرتم و وتیان لێرە چارت نیە و تا ٤٠ رۆژی تر فریای خۆت نەکەویت برینەکانت ئەتکوژن.

راپۆرتی لیجنەکەم برد بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ لای د.کەمال فوئاد، ئەو دڵی دامەوە و وتی چیت پێویست بێت بۆت جێبەجێ ئەکەم. منی نارد بۆ تاران بۆ لای بەکر فەتاح کە لە عیلاقات بوو. کاک بەکر ئێمەی بردە ئوتێل کاج (رزگاری شێخ حسێن هات لەگەڵما). لە تاران نیشانی پێنج دکتۆری پسپۆڕیان دام، هەموویان ئەیانووت ئەم عەمەلیاتە لێرە ناکرێت. بە بێئومێدی هاتمەوە و ئەوە بوو خوا نەیکوشتم.

رۆژێک د.تایەر بە جەمیل هەورامی وتبوو عوسمانم بۆ بنێرە، دکتۆرێکی یابانی هاتووە با پیشانی بدەم. چوومە خەستەخانەی جامیعەکە و لەوێ داوای خوێنیان کرد و لە ئیزاعەکەوە ئاگاداری بڵاو کرایەوە بۆ پەیداکردنی خوێن. خوێنم لەلایەن رێکخستنەکانی مەڵبەندی سلێمانییەوە بۆ دابین کرا کە ئەوکات کاک عومەری سەید عەلی مەسئولی مەڵبەند بوو.

عەمەلیاتیان بۆ کردم و حەوت بوتڵ خوێنیان تێ کردم بەڵام عەمەلیاتەکەم نەجاحەتێکی وای نەهێنا و دە رۆژیش لە خەستەخانە مامەوە.

لە ١٩٩٤/٥/١٥ لە شەڕی ناوخۆدا لە چەناخچیان بریندار بووم. ئەمجارە قاچی راستم دەماری بڕدرا. د.وەرزێر لە خەستەخانەی جامیعەکە عەمەلیاتی بۆ کردم.

ئێستا بە پلەی عەمید لە کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم



**عومەر حاجی ئەمین مستەفا (عومەر کانی هەنجیری)**

هەینی ٢٠٢٥/٢/١٤

کاک عومەر (ئامۆزای شەهید رەسول حەمەسوری پێشمەرگەی ت٤٧ی پیرەمەگرونە کە لە شەڕی قەیوان-ماوەت دا لە چیای شێخ حەسەن شەهید بووە). ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی کانی هەنجیری پشت گەرمکان/ بناری ئاسۆس لەدایکبووە و سەردەمی خۆیان جوتیار بوون و حاڵیان باش بووە و ١٢ سەرخێزان بوون و خوێندەواریی هەیە و ئەڵێت:

هاوینی ساڵی ١٩٨٠ لە گەرمکان پەیوەندیم بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کرد لە رێگەی کوردە چاوشینەوە.

١٩٨٢/٤/٢٤ لە ئەنجامی چالاکییەکانم لە رێکخستندا کەشف بووم و بووم بە پێشمەرگە لە قواتی مەرگە لای عەبدولڕەحیم سەنگەسەری (لە شەڕی گرتنی تەقتەق شەهید بوو).

کە قوات گۆڕا بە تیپی ٤٣ی ئاسۆس من چوومە کەرتی عەلی ئەحمەدی

مەمەنداویێ (ساڵی ١٩٨٧ لە مەرگە شەهید بوو). ساڵی ١٩٨٢ وەک هێزی پشتیوانیی یەکێتی یارمەتی کوردانی ڕۆژهەڵاتمان دا.

ساڵی ١٩٨٣ بەشداریی شەڕی گردە بێناسەم کرد لەگەڵ عەلی وەیسی (ساڵی ١٩٩٢ لە شاخی گارا شەهید بوو). ئەو رابەر سیاسیی تیپی ٤٣-ی ئاسۆس بوو. لەو شەڕەدا قاچی شکا. وەک پێشمەرگەی ت٤٣ی ئاسۆس بەشداریی گرتنی گەورەقەڵای مەرگەمان کرد و بەشداریی شەڕی داری گردیم کردووە.

لە خڕی سەراو بەشداریی دانانی کەمینم کرد بۆ ئیڤایەکی عەسکەری و ١٣ جوندی کوژرا و دەستکەوتمان ٥ کلاشنکۆف و ئارپیجییەک و ئاربیکەیەک بوو. ئەم شەڕ و چالاکییانە هەمووی بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحیم سەنگەسەری بوو.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو.

١٩٨٥/٢/١٤ بەشداری شەڕی دابان-هەلاجمان کردووە وەک تیپی ٤٣ی ئاسۆس و ٤٧ی پیرەمەگرون و ٥٧ی سەگرمە و بەشێکیش لە پێشمەرگەکانی ت٥٥ی قەرەداغ کە والی قادر باریکەیی جێگری تیپ تیا شەهید بوو.

حکومەت هجومی کردەوە بۆ گرتنەوەی گەورەقەڵا و دەوڵەتیار، ئەو شەڕە بە سەرپەرشتی عەبدولڕەحیم و عەلی ئەحمەد بوو. لەو شەڕەدا سەرکەوتین و من و سەرتیپەکەم بریندار بووین. عەبدولڕەحیم هەردوو قاچی شکا و یەک ساڵ و شەش مانگ لەسەر جێگە کەوت و کە سەر پێ کەوتەوە کرا بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری، کە کاک مولازم عومەر مەسئولی مەکتەبی عەسکەری بوو.

ئەو شەوە پارچە تۆپێک بەر پشتم و باسکم کەوت و برینەکەم سەخت نەبوو. ئێمەیان برد بۆ کانی توو بۆ لای دکتۆر.

ئەو شەوە عیلاجیان بۆ کردم و یەکسەر چوومەوە سەر شاخی گەورەقەڵا، ئەوکاتە گەنج بووین، نیشتمان خۆشەویست بوو، باکمان بە شەهید بوون

نەبوو. هێزی حکومەتمان شکاند و ویستمان پشوو بدەین، هەواڵمان پێ گەیشت کە عەسکەریە دێنەوە و هجوم دەکەنەوە چونکە ئەو دوو شوێنە کلیلی مەنتیقەی مەرگەن. ئەو شەڕە لە مانگی ٩ تا مانگی ١٠ی ١٩٨٥ بەردەوام بوو. بەڵام حکومەت نەیتوانی بیگرێتەوە. شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٦/١٠/١٤ حکومەت کۆڵی نەدا و ویستی شاخی گەورەقەڵا بگرێتەوە. لەو شەڕەدا تیپەکەی خۆمان و ١٥ پێشمەرگەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ بەشدار بوون. ئەو شوێنەی ئێمە گرتبوومان کۆنە رەبیەی حکومەتی لێ بوو. لەکاتی شەڕەکەدا من کەوتم بەسەر ئەلغامدا و قاچی راستمی فڕێدا و هەر نەمبینییەوە. دوو پێشمەرگەی کەرتی ٤ی ت٤٣ و دوو پێشمەرگەی ت٥٥ی قەرەداغ بە جامانەکەی خۆم و شێخ رەوفی هاوڕێم قاچیان بەستمەوە و بە کۆڵ منیان بردە زینۆی مەرگە و لەوێوە بە تراکتۆر منیان بەرەو کانی توو برد. گەیشتینە ئاوەژێ پیاوێکی لێ بوو ناوی کاکەڕەش بوو. رایگرتین و وتی کاکە ئەم پێشمەرگەیە بەم تراکتۆرە حاڵی ئەوەندەی تر خراپ بووە، ئەو منی دابەزاند و بە پیکابەکەی خۆی منی بردە کانی توو. لەوێ دکتۆر خالید و دکتۆر بۆتان بەبێ بەنج قاچیان بۆ بڕیمەوە. جەمالی خاوەر لە کاتی بڕینەوەکەدا قاچی بۆ گرتم و شێخ رەوفی خەڵکی گوندی پەڵکۆی لای دوکانیشم لەگەڵ بوو. دەمارەکانیان بەستم و بردیانم بۆ مەکتەبی عەسکەری لە گوندی سێروانە و بە سەیارەکەی کاک مولازم عومەر منیان برد بۆ خەستەخانەی بەرگەڵو، لەوێ دووبارە قاچیان بۆ بڕیمەوە و وتیان با تووشی گانگرین نەبێت. ئەمجارە دکتۆر شوان و دکتۆر هادی (شەهید) قاچیان بەنج کردم و بۆیان بڕیمەوە و ماوەی ٢٠ رۆژ لەو خەستەخانەیە کەوتم. ئەو ماوەیە محەمەد عەبدوڵا قەڵادزێیی بەدیارمەوە بوو.

هەموو رۆژێک تۆپباران بوو بەڵام خەستەخانەکە لە بن شاخێکدا بوو، بەردەمەکەی دارستان بوو.

دکتۆر شوان بادینی بوو، ئەو یەکێکە لەو کەڵەپیاوانەی کە شایانی وەرگرتنی مەدالیای شۆڕشگێڕە ماندوونەناسەکانە و درێغی نەکرد لە خزمەتکردنی پێشمەرگە.

دوای ٢٠ رۆژ تەقەڵەکانیان بۆ دەرهێنام و عەلی مام ئەحمەدی ئامر کەرتم سەری لێدام.



شەهید رەسوڵ حەمە سور (ئامۆزای عومەر کانی هەنجیری)

مەرگە شەڕێکی گەورەی لێ بوو، بەردەوام قەسفی لەسەر بوو. منیش قاچێکم نەمابوو. منیان برد بۆ سەفرە و زەرون کە ناوچەکە ئازاد بوو. من تا ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی زەرون بووم.

ئەوکاتە جەنابی مام جەلال لە یاخسەمەر بوو، ناردی بەدوامدا و وەرەقەیەکی بۆ فەرمانداری سەردەشت بۆ نووسیم کە قاچێکی دەستکردم بۆ دروست بکەن.

چوومە سەردەشت و لەوێوە ناردیانم بۆ خەستەخانەی هیلالی ئەحمەر لە تەبرێز.

لەوێ قاچیان بۆ دروستکردمەوە و پێنج مانگ لەو خەستەخانەیە مامەوە و دواتر ئیزنیان دام و گەڕامەوە سەردەشت و لەوێوە چوومەوە زەڵێ و شێنێ

لە زەڵێ لەگەڵ مەفرەزەیەکدا چوومە مەنتیقەی سندۆڵان و لە چۆمەکە بە وڵاخ پەڕیمەوە و ئینجا چوومە گوندی گەرمکان کەماڵی دایکم و براکانمی لێ بوو.

عوسمانی برام مناڵ بوو. بانگم کرد وتم وەرە ئەسپەکەم بۆ بگرە تا دائەبەزم. ئەو زۆری پێ سەیر بوو، منی نەناسیەوە. دواتر وتم من عومەرم.

ئیتر دایک و خوشک و برا و کەسوکار لێم کۆبوونەوە و وەکو ئەوە وابوو تازە لەدایک بووبێتمەوە و کرا بە جەژن.

من بەو حاڵەوە دڵم هەر لای پێشمەرگەکان بوو. جارجار ئەچووم سەردانی ئامر کەرتەکەمانم ئەکرد کە ئەو کاتە کرابوو بە جێگری تیپی مەڵبەندی دوو

ئێستا بە پلەی عەمید لە کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم.



**عومەر محێدین خزر (عومەر گورگانی)**

دووشەممە ٢٠٢٥/٢/١٠

کاک عومەر، پێشمەرگەی دێرینە و ڕێکەوتی ١٩٦٠/٣/٨ لە شوان- کەرکوک لەدایک بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی چەمچەماڵەوە کرد لە ڕێگەی وریا ئاغجەلەرییەوە و ساڵی ١٩٨٤ بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی دووی شوان/ تیپی ٢١ی کەرکوک و بە چەکی خۆم و من عەسکەری فیرار نەبووم. بەشداری زوربەی شەڕ و چالاکییەکانی تیپەکەم کردووە. لەوانە لێدانی سەیتەرەی کەرکوک و گرتنی ڕەبایەکانی سەرکەل و سێکانیان و لێدانی بیرە نەوتەکان لە ساڵی ١٩٨٦ و لێدانی حیزام ئەمنیەکان لە ئۆمەربەگ و گرتنی ڕەبایەکانی سورەدێ و شیوە سور، بەشداریم کردووە لە شەڕەکانی وڵاغلو و کە تیایدا عەلی شوانی خاڵم شەهید بوو، منیش بریندار بووم پارچە بەر

دەم و چاوم کەوت و لە ساڵی ١٩٨٨دا بەشداری لێدانی هێزەکەی بارقم کرد لە کارێزەی خاڵخاڵان، لەو شەڕەدا ئێمە وەک کەرتەکەمان شەهیدێکمان دا بە ناوی نەسرەدین پیرجانی لای کاک فەرمانیش سەیفەدین شەهید بوو. دوای ئەوە گەڕاینەوە گوندی شێخان و کۆپتەر هاتە سەرمان و دوو پێشمەرگەی حیزبی شیوعی شەهید کرد. لە ١٩٨٨/٣/٧دا لە گرتنی شاخی گەرەدێ دا من بریندار بووم، فیشەک لەلاسەر و رانی دام.

کەرتی دوو کراین بە دوو بەش، بەشێکیان نێردران بۆ شارستێن و دۆڵ مازەڵە و ئێمەشیان نارد بۆ گەرەدێ. ئازاد چەڵتوکە ئامر مەفرەزەی کەرتی دووی شوانی لێ بوو، بەرەبەیان هێرش کرایە سەرمان و سابیر خلەگەری شەهید بوو، من و ژمارەیەک پێشمەرگە بریندار بووین، هێرش مام رەش منی بە کۆڵ هێنایە خوارەوە. ئیتر لەگەڵ بریندارەکانی کەرتی ٢-ی شوان براین بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو دوو شەو ماینەوە و دواتر بردیانین بۆ دۆڵی کەرکەر و گۆمەزەل، کۆپتەری ئێرانی هاتن و سەرتیپ حەساری و سەلمانیان برد و لەبەرئەوەی ئێمە چەکمان پێ بوو نەیان بردین. بۆ بەیانی بە وڵاخ چوینە سیرەمێرگ و لەوێوە بۆ گەلاڵەی شارباژێڕ. لە دۆڵی شێخ محەمەد بە کیمیاوی بۆردومان کراین. ئەوەی توانی بەسەر شاخەکەدا سەرکەوێت سەرکەوت. من و ئازاد چەڵتوکە بریندار بوین و کیمیاویەکەش لێی دابوین نەمانتوانی سەرکەوین، عومەر کوچک نەخشینە بەتانیەکی تەڕکرد و ئێمەی داپۆشی و خۆشی لامان مایەوە تا تیمی فریاگوزاریی ئێران هاتن و چارەسەری سەرەتاییان بۆکردین. وتیان رەوانەی ئێرانتان دەکەین لە شاناخسێ چەکەکانمان لای تیپی ٣٧ی شارباژێڕ دانا بە وەسڵ بۆ ئەوەی دوای گەڕانەوە وەری بگرینەوە. بەرگەیان بۆ کردین و چوینە نەخۆشخانەی بانە، نەخۆشخانەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، وەریان نەگرتین، نوێنەری یەکێتی لە بانە، ئێمەی بردە مزگەوتێک تا بەرگەی بۆ کردین بۆ چونە نەخۆشخانەی

سەربازیی لە سەقز و چەند رۆژێک لەوێ عیلاج کراین و رەوانەی ئوتێل ئازادی کراین و لەوێ لەلایەن دکتۆرەکانی خۆمانەوە رۆژانە عیلاجمان بۆدەکرا. دوای ئەوە رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمام خومەینی یان کردین لە تەبریز پاشان گەڕاینەوە بۆ سنورەکانی خۆمان.

ئەنفال دەستی پێ کرد و لە کەرت و تیپ دابڕاین، جاش هاتە سەرمان و بە شەڕە تەقە دەرچوم و دوایی لەگەڵ سەباح و عومەر کوچک نەخشینە و چەند پێشمەرگەیەک چوین بۆ مەڵبەندی ٣-ی هەولێر و لەگەڵ هێزەکەی خۆمان یەکمان گرتەوە. لەوێ هێزەکەمانیان کرد بە دوو بەشەوە، ئێمە لە دۆڵی مەلەکان واجبمان لەسەر شاخی کەژوەست بوو، پاش ماوەیەک چوینە دێی گەرەوان و ئێوارەکەی کیمیاباران کراین و گەڕاینەوە مەلەکان. پاش ماوەیەک هێرشی سەرتاسەری لەلایەن


عومەر گورگانی.

رژێمەوە دەستی پێکرد و بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگەکان دراو فەرمانیان کرد بپەڕینەوە بۆ بناری قەندیل.

ئێمە وەکو تیپی ٢١ی کەرکوک بە فەرماندەیی کاک کۆسرەت ماینەوە تا هەموو پێشمەرگە پەڕینەوە و ئێمە رێگەی پەڕینەوەمان لێ گیرا. کۆپتەر هاتن و تۆپبارانیان کردین و قالە قومبەلە بریندار بوو. بە جیهاز پەیوەندی کرا بە کاک نەوشیروانەوە، چونکە هیچ دەرفەتی رۆیشتن نەمابوو. وتی بڕۆن پەیوەندی بکەن بە فلانەوە بۆ دەربازکردنتان. ئەویش رۆژانە بە شوانەکانیان دا نان و خواردنی بۆ دەناردین. پاش چەند رۆژێک جوابیان نارد کە هەموو رێگاکان گیراون و ناتوانن بچن بۆ قەندیل، بردیانین بۆ بناری کۆسرەت. بۆ



**لە ڕاستەوە وەستاوەکان: عومەر کوچك نەخشینە، ئازاد چیمەنی، حەمە شکور کلاوقوتی (شەهید)، رزگار چیمەنی (شەهید)، عومەر گورگانی.**
**دانیشتووەکان لەڕاستەوە: خورشید برایم زانە (شەهید)، ئازاد چەڵتووکە، خەلیل برایم زانە. تەبرێز، ١٩٨٨/٣.**

چەند رۆژێک لە بناری کۆسرەتماینەوە. پێشمەرگەیەک تەسلیم بووەوە و ئێمە بە ناچاریی شوێنەکەمان جێ هێشت و پەڕینەوە بۆ دەشتی کۆیە، تا گەیشتینە گوندی شێخ بزەینی. لەوێ مام رۆستەم و کاک سیروانی کوێخا نەجم لەبەر بێ شوێنی پەیوەندییان بە کاک نەوشیروانەوە کرد. ئەویش بڕیاری تەسلیم بوونەوەی داین، بەرەو بنەسلاوا چوین و تەسلیم بووینەوە.

لە ساڵی ١٩٩١دا کاک رەوەندی مەلا مەحمود لەگەڵ حاجی هەڵمەت هاتنە لامان بۆ بنەسلاواو رێکیان خستین بۆ راپەڕین و بەشداری راپەڕینی بنەسلاوامان کرد و بەرەو هەولێر بەڕێکەوتین، سەیارەیەکی ئیڤا و چەند

پارچە کڵاشنکۆف و ئاربیجیمان برد و بەڕێکەوتین بۆ پردێ. مەلا ستار قەمەری و سوعاد شێخەشمان لەگەڵ بوو. لەوێ پەیوەندیمان بە سەربازی مام حسێنەوە کرد و چوینە کەرکوک.



عومەر گورگانی، هەڤاڵ مام جەلال.

لە ١٩٩١/١٠/٤ لەسەر داوای مەڵبەندی دوو، کە ئێمە عایدی ئەوان بووین، کاک رەفعەت عەبدوڵڵا ٤٠ پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوکی ناردین بۆ سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال لە هەولێر و لەوێ بەشداری هەموو شەڕەکانی ئەوکاتەمان کرد و لە ١٩٩٤/١٢/٢٧ لە کاتی گرتنی نەخۆشخانەی رزگاریی هەولێر بریندار بووم و لەتێک لە جگەرم فڕێ درا و سیەکان و سپڵم بەرکەوتن و لەلایەن دکتۆر جەلالەوە نەشتەرگەریم بۆکراو ماوەی شەش مانگ لە ماڵەوە کەوتم و دواتر گەڕامەوە و کرام بە فەرماندەی کەرت لە سکرتارییەت، لە ٣١ی ئاب، دابڕاین و چوینە کێلێ و سەیران بەند  و لەوێ یەکمان گرتەوە و لە گەردەلولی تۆڵەدا گەڕاینەوە لە باروت خانەی تاسلوجە هاشم کۆیی سەرلەشکرمان بوو. دوای گەردەلولی تۆڵەی دوو خانەنشین کرام، بە پلەی عەمید لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەمئەندام بووانی سەنگەر و ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم.

ئێستاش بە ئازاری لەشمەوە دەناڵێنم و بەردەوام سەردانی دکتۆر و نەخۆشخانە دەکەم. رۆژی ٢٠٢٣/١١/٢٣ جەڵتە لێی دام و ٢٠٢٣/١٢/٤ عەمەلیاتی صەمامی ئەبهەریان لە سەنتەری بوژانەوەی دڵ لە هەولێر بۆکردم و ئێستا ماڵمان لە سلێمانیە و دوو مانگ جارێک دەبێت بچمە لای دکتۆر سورکێو بۆ چارەسەر.

بۆ کیمیاوییەکەشم مانگی جارێک دەچمە لای دکتۆر کۆسار لە سلێمانی و شەش مانگ جارێک دەچمە تاران بۆلای دکتۆر مستەفا قانعی کە چارەسەری بەرکەوتووانی کیمیاوی هەڵەبجە دەکات.



عومەر گورگانی، لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی رێزلێنانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان.





**فایەق سابیر ساڵح ئەحمەد (فایەق چاوشین)**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/٢/١٣

کاک فایەق ساڵی ١٩٦٤ لە ناحیەی گەرمک لەدایک بووە و شەش سەر خێزانن و بارودۆخی گوزەرانی ژیانیان زۆر خراپ بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییە و دەڵێت:

دوای ڕێکەوتنی شومی جەزائیر بڕیارێک دەرچوو دێهاتیەکانیان تەرحیل کرد و ئێمەیان نارد بۆ موجەمەعی ناوپارێز، من لە ڕێکخستندا بووم لای مامۆستا جەمالی حەمە کەریمی هەڵەبجە.

ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێگەی سالار قادر نزارەیی (ساڵی ١٩٨٥ لە شاخی کەتو شەهید بوو) پەیوەندیم کرد بە کەرتی چواری تیپی ٣١ی سلێمانییەوە کە حەمەومین ئامر کەرتمان بوو (ئەو ساڵی ١٩٨٨ لە ئەنفالدا لە شاناخسێ شەهید بوو) دانای ئەحمەد مەجید سەرتیپمان بوو.

چی چالاکی سنورەکە هەبوو بەپێی ڕێنماییەکان بەشدارییم کردووە. وەک شەڕەکانی شارباژێڕ و شەڕی پیری شەوکێڵ ساڵی ١٩٨٥. من لەو شەڕەدا بریندار بووم، کە حکومەت هجومی هێنا بۆ گرتنی شارباژێڕ. قۆڵم بە فیشەک بریندار بوو، کە تائێستا پلاتینی تیایە. منیان بردە بەرگەڵو دکتۆر شوانی لێ بوو. حیزبی دیموکراتیش لەو ناوە بوون. ساماڵ شێخە مەسئولی عیلاقات بوو، منی بردە لایان و دکتۆری فەرەنسییان لابوو، وتیان قۆڵت ئەبڕینەوە. کاک ساماڵ بردمی بۆ خەستەخانەی کارێزە، کە دکتۆرێکی چریکی لێ بوو ناوی دکتۆر ئارش بوو، ناوی منیان گۆڕی بە عەلی ساڵح، گوایە برینداری حیزبی دیموکراتم. ئەو عەمەلیاتی بۆکردم و پلاتینی بۆدانام و تا سێ ڕۆژ لەوێ هێشتمیانەوە و دواتر بردیانمە گەورەدێ بۆ خەستەخانەکەی حیزبی دیموکرات و ٢٥ بیست و پێنج ڕۆژ لەوێ بووم. دوای عەمەلیاتەکە من دەستم



**لەڕاستەوە: عەباس چنگیانی، هیوا نوری (مام هیوا)، فایەق سابیر ساڵح. مالومە، ١٩٨٦.**

هەر باش نەبوو. لەو ماوانەدا تەیارەیەکی ئێران کەوتە خوارەوە و کاپتنەکەی ناوی عەباس رەمەزانی بوو گیرا و تەسلیمی سەرکردایەتی و بەڕێز مام جەلال کرا. کاپتنەکە، کە بە پەڕەشوت خۆی هەڵدا من و جەمالی حەمە کەریم قادری پێنجوێنی (لە داستانی رزگاریدا شەهید بوو) لەگەڵ مەحمود بناوەسوتەیی (شەهید) و حاجی عوسمان پێنجوێنی کابرامان لە قەیوان گرت. مام جەلال کاپتنی تەیارەکەی تەسلیمی ئێران کردەوە و بەمە بەبینمان خۆش بووەوە لەگەڵ ئێراندا. لە بەرگەڵو ١٥٠ سەدو پەنجا دیناریان دامێ، من و عوسمان جەریدە (شەهید) و نەژاد هەولێری پێکەوە رۆیشتین بۆ کرماشان و چوم بۆ خەستەخانە و بە ١٨٠ سەدو هەشتا هەزار تمەن عەمەلیاتیان بۆ کردم. لەو خەستەخانەیە ئەنوەرە سوری تیپی ٣٧ی شارباژێڕیشم بینی. پانزە رۆژ لە خەستەخانە مامەوە و دواتر گەڕامەوە بۆ دۆڵی جافایەتی بۆ کەرتەکەی خۆم کەرتی ٤-ی تیپی ٣١ی سلێمانی کە سەرتیپەکەمان جەلالی حەمەی محە بوو. من کرام بە ئامر مەفرەزە تا ئەنفال. کە سەرکردایەتی چۆڵی کرد لە شاخی ئاسۆسەوە چوینە سەفرە و زەرون و شاناخسێ. ئەوکاتە ئەو ناوە ئازاد بوو. دوای ئەوە چوینە بانە و مەڵبەند چووە بلەکێ. منیش لەگەڵ کەرتەکەم چوم. و لە ڕێگەی بلەکێ من ئەلغامێکم پیا تەقی. دەست و قاچم ئیفلیج بوو. یەکێتی منی ناردە بانە و دواتر بۆ خەستەخانەی بەقیەتوڵڵای تاران و عەمەلیاتیان بۆکردم و سێ مانگ لەوێ مامەوە و دواتر گەڕامەوە بانە، و جارجار سەردانی مەڵبەندم دەکرد. بەڵام تفەنگم باش بۆ هەڵنەئەگیرا

لە راپەڕاین دا وەکو هەمووان گەڕاینەوە و باشتر بووبوومەوە چەکم هەڵگرتەوە. لە فەرماندەیی حەوت کە ئەوکاتە کاک جەبار فەرمان فەرماندەی بوو. دواتر بە قەراری ماددەی ٣٤ و ٣٦ی کەمئەندامان خانەنشین کرام بە پلەی لیوا.



## فەرهەنگ تۆفیق عەلی

شەممە ٢٠٢٥/١/٢٥

کاک فەرهەنگ پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی لەدایک بووە و برای شەهید سالارە کە لە ئازادکردنی دۆڵی جافایەتی ساڵی ١٩٨٦ لە کارێزە شەهید بووە و بارو گوزەرانی ژیانیان باش بووەوە و دەرچووی مەعهەدی وڵاتی نەمسایە بۆ ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ و دەڵێت:

ئێمە گروپێک بووین، من و نوری حاجی عەبدوڵڵا و کەمال ئیسماعیل ماوەتی و شێخ حەسەنی شێخ قادری گاپیلۆن لە ڕێگەی شێخ حەسەنەوە پەیوەندیمان بە کاک نەوشیروانەوە هەبوو لە سەرکردایەتی.

ساڵی ١٩٨٠ من و نوری حاجی عەبدوڵڵا کانێسکانی پێکەوە چوینە دەرەوە بۆ هەرێمی چوار کە جەمالی عەلی باپیر (شەهید) ئامر هەرێم بوو. دوای ساڵێک کەمال ئیسماعیلیش کەشف بوو، هاتە لامان. کە ژمارەی پێشمەرگە

زیادی کرد کەرت دروست کرا و ئێمە کەوتینە کەرتی یەکی دۆڵەڕووت و ئامرکەرتەکەمان دانای ئەحمەد مەجید بوو. ئێمە لە دۆڵە رووت بووین، ئەوکاتە چالاکیەکانمان بریتی بوون لە جەولەکردن و لێدانی رەبایە و دانانی کەمین و مەفرەزە کردن بۆ سلێمانی و سەرچنار و گەڕەکەکانی تری سلێمانی

جارێکیان بە مەفرەزە چوینە سەر ماڵێکی جەیشی شەعبی لە (دور الأمن) گەڕەکی ئاشتی ئێستا و مەبەستمان پێکا و جەیشی شەعبیەکەمان لەگەڵ خۆمان برد.

جاری دووەم چوینە زەرگەتە و دنیا زۆر سارد بوو، ویستمان بچینە ئەو ماڵەی بۆیان دیاری کردبووین، کە دوو جەیشی شەعبی تیابوو. نەوالی سەیدەلی کە ئێمەی لە حەوشەکەی خۆیانەوە بینی هاواری کرد بۆچی خۆتان بە کوشت دەدەن، مەکتەبەکە پڕە لە قوەخاصە. کە وای وت بە پەلە چوینە دیوی ئەودیوی دیواری قوتابخانەکە بە نیاز بووین بەو ئاربیجییەی کە پێمان بوو لێیان بدەین بەڵام ئەوان موسەیتر بوون و زووتر ئێمەیان بینی و تەقەیان لێ کردین و ئێمەش بە دەم تەقەکردنەوە کشاینەوە. دوای ئەوە نەقڵ کراین بۆ تیپی ٣٣-ی شاربازێڕ، من کرام بە جێگری فەرماندەی کەرت، دانای ئەحمەد مەجید بوو سەرتیپ.

بەردەوام بووین لەسەر چالاکی، جارێکیان لەسەرجادەی چوارتا کەمینمان دانا و دوو پیکابی قوات خاصە هاتن و کوژراویان هەبوو. بەڵام رەبایەیەک بەسەر جادەکەدا دەیڕوانی و بە تەقەکردن نەیانهێشت بچین چەکەکان هەڵگرین. ئەوان بەردەوام بوون لەسەر تەقە لێ کردنمان و ئێمەش بە دەم تەقەکردنەوە کشاینەوە.

نەقڵی تیپی ٩٣ی کۆیە بووم. ئەوکاتە سەردەمی شەڕی داسەپێنراوی براکوژیی بوو. دیسان نەقڵ بوین بۆ تیپی ٢٣ی سورداش. لە مفاوەزاتدا شەڕ وەستاو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤دا نەقڵی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوین. من بووم بە فەرماندەی کەرتی ٣ی چەمچەماڵ.

جارێک چوین بۆ چالاکی گرتنی ڕەبایەیەک لە دەوروبەری موجەمەعێک سەرەتا هەندێکمان چوین بۆ کێومالْکردنی ناوچەکە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتین، من و عادل کەرکوکی و وریا سوری کەرکوکی (جێگری تیپ بوو ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تردا دەرمانخوارد کران) چوینە سەر ڕەبایەکان. دەوری ڕەبایەکان مینڕێژ کرابوون پێشمەرگەیەکمان بریندار بوو خەڵکی دێی جەلەمۆرد بوو، هەڵمان گرت و هەندێک دورمان خستەوە و بە داخەوە شەهید بوو. دوو جاش پەیوەندییان پێوە کردین و کردمانن بە چاوساغ، گرمە گرمی تۆپ پەیدا بوو. شەو بوو تاریک بوو ئەو ڕەبایەیەی کە تەقەی لێ دەکردین نەماندەزانی لە کوێوەیە، وریا سور ملی جاشەکەی گرت و وتی ڕەبایەکەمان بۆ نەدۆزیتەوە دەتکوژم. دواتر کشاینەوە.



فەرهەنگ تۆفیق عەلی

دوای ئەوە نەقڵی تیپی ٤٧-ی پیرەمەگرون بووم کە شۆڕش ئیسماعیل سەرتیپ بوو، ساڵی ١٩٨٥ ئەوڕەحمانی حەمەی فەرەج جێگری بوو. ئەوڕەحمانی حەمەی فەرەج لە چالاکیەکی ناوشاری سلێمانی دا شەهید بوو.

من کرام بە ئامر کەرتی ٢ی دۆڵەڕووت و لەوێ مامەوە و زوو زوو مەفرەزەمان دەکرد بۆ ناو سلێمانی و دەچوینە سەرچنار. ڕژێم ناچار بوو لەسەر ئەو ڕێگەیە ڕەبایە دابنێت، شوێنەکە ئێستا بووە بە شەستییەکە.

ئێمەش وەک تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ڕەبایەکانمان بەسەر خۆماندا دابەش

کرد. هەمووی هەفتەیەک بوو ڕەبایەیان دانابوو. وتمان کاتی چالاکییەکە زۆر لە بارە چونکە هێشتا بە تەواوی دانەمەزراون.

کاک شۆڕش ئیسمایل وتی من و تۆ پێکەوە دەبین بۆ چونە سەرفڵان ڕەبیە. ڕۆیشتین و هجوممان کرد. لە پەنا ڕەبایەکەدا بریندار بووم و چاوێکم لەدەست دا و گیانیشم هەمووی پارچەی فیشەک بوو. ئازادی حاجی عەبدوڵڵای خەڵکی سلێمانی فەرماندەی مەفرەزە و عەتای وەستا مەحمودیش جێگرم بوو، هەردوکیان بریندار بوون. برینی ئەو دووانە سوکتر بوو.



شەهید سالار تۆفیق عەلی

منیان لە ڕەبایەکە دورخستەوە و بردیانمە دۆڵەڕوت و ئەو شەوە لەوێ مامەوە. معاون توبییەکمان لەگەڵ بوو، ئەو تەنها لەفافی پێ بوو برینەکانی بۆ پێچام. بۆ بەیانیەکەی سالاری برام و ئەکرەم (ناسراو بە ئیمام-ی خەڵکی سلێمانی کە لە دوا شەڕەکانی یەکێتی لە کونەکۆتر شەهید بوو) لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تر هاتنە لام و بردیانم بۆ ماڵی شێخ حەسەنی شێخ قادری گاپیلۆن. لەوێوە بردیانم بۆ خەستەخانەی حیزبی دیموکرات لە گەورەدێ. منیان بە گوێدرێژ برد. لەڕێگا هێرۆ خانمان بینی. لە سەیارەکە دابەزی و کە زانی من بریندارم، وتی ئێوە کاک فەرهەنگ بەرن و من بەپێ دەڕۆم. لە خەستەخانەکە دکتۆری فەرەنسی لێ بوو، وتیان ناتوانین عەمەلیاتی چاوت بکەین چونکە کەلوپەلی پێویستمان

نییە، بەڵام دەتوانین چاوت بۆ دەرهێنین. رازی نەبوین. بردیانمە یاخسەمەر بۆماڵی سەلاح چاوشین. کاک سەلاح دەستێک جلی خۆی دامێ و بردیانم بۆلای جەنابی مام جەلال. کە چوین خاڵە حاجی لەوێ بوو. خاڵە خاجی بە ناوی حیزبەکەی خۆیانەوە وەرەقەی بۆکردم بۆ چوونە ئێران. چونکە ئەوکاتە پەیوەندی نێوان ئێران و یەکێتی خراپ بوو. ئەمە مانگی ١٩٨٦/٥ بوو.

یاسینی ناسراو بە (رەئیس) لەگەڵم هات و ناردیانم بۆ رەزائیە لەوێ تەلەفونم کرد بۆ سلێمان قەساب، ئەو حسک بوو، وتی من لە مەهابادم و دێمە لات بۆ رەزائیە.

بردیانمە عیادەی دکتۆرێک و فەحسی کردم و وتی بەیانی وەرە بۆ خەستەخانە. من بە فیشەکەکە پێڵوی خوارەوەی چاوم نەمابوو. رەشێنەی چاویشم بریندار بووبوو. ئەو رۆژە ژمارەیەکی زۆری پاسداری برینداریان هێنا، چونکە ئەوکاتە گەرمەی شەڕی عێراق – ئێران بوو، بۆیە منیان وەرنەگرت و وتیان برۆ بۆ تاران.

من و یاسین بەهیممەتی سلێمان قەساب گەیشتینە لای مەلا ناصیح و ئەو وەرەقەی بۆ کردین، ئێمەش پاش چوار رۆژ چوین بۆ تاران.

لە تاران دلاوەری ئەحمەد مەجید و حاکم عومەر هەر لەگەڵمان بوون. چوین بۆ خەستەخانەیەک ئەوانیش وتیان چاوت دەردەهێنین. رۆیشتین بۆ خەستەخانەیەکی تر، دکتۆرە خانمی رەحیمی لەوێ بوو، فەحسی چاوی کردم و وتی چاوت زۆر ئیلتیهابی کردووە و دەبێت پاکی بکەینەوە و دەری بهێنین. ئیتر عەمەلیاتیان بۆ کردم و سێ رۆژ لەو خەستەخانەیە مامەوە. پاش سێ چوار رۆژ هەستم کرد چاوی چەپم زەعیف بووە و باش نابینم. رۆژێک لەگەڵ دلاوەری ئەحمەد مەجید و حاکم عومەر عەزیز چوین بۆ پارکێک دانیشین، وتم کاک عومەر هەست ئەکەم چاوی چەپیشم باش نابینێت، وتی کاکە گیان ئەوە نەفسییە. وتم نەوەڵڵا راستییە. ئنجا سێ چوار دکتۆریان پێ کردم و




فەرهەنگ تۆفیق، عوسمانی حاجی عەبدوڵڵا.



فەرهەنگ تۆفیق، نەخۆشخانەی نەمسا، ١٩٨٧.

گەڕامەوە بۆ رەزائیە و لەگەڵ حاکم عومەردا چوینە ئوتێلێک بۆلای خاڵەی حاجی و رەئیسم ناردەوە و وتم با لە سلێمانی پاسپۆرتێکم بۆ دروست کەن و دەچمە دەرەوە.

گەڕامەوە و چومەوە گاپیلۆن بۆ ماڵی شێخ حەسەن. لەوێ من و شۆڕش ئیسماعیل و دانای ئەحمەد مەجید و ئەبو شەهاب چوینە لای مام جەلال. مام جەلال بە وەزعی منی دەزانی و وتی دەزانم وەزعت زۆر خراپە. تائێستا دوو جار ئێرانیەکان هاتوون لە کاتی وتووێژدا بە شەڕ هاتوون. ئەگەر ئەمجارە هاتنەوە و رێک کەوتین. من لە رێگەی ئەوانەوە دەتنێرم بۆ ئەوروپا. ئەگەر ئەوانیش نەبوون من هەر لە رێگەیەکی ترەوە دەتنێرم. گەڕامەوە بۆ گاپیلۆن بۆ ماڵی شێخ حەسەن. پاش دوو رۆژ کاک نەوشیروان ناردی بە شوێنما. لەگەڵ دانادا چوینە لای بۆ بەرگەلو. کاک نەوشیروان وتی من بە زەمانەت دەتوانم بتنێرم بۆ خەستەخانەی شاری موسڵ یان بەغدا. وتم کاک نەوشیروان مام جەلال بەڵێنی ناردنە دەرەوەمی داوە بۆ ئەوروپا. وتی باشە و من مەسرەفەکەت بۆ خەرج دەکەم.

زۆری پێ نەچوو لای مام جەلالەوە بروسکەم بۆ کرا بۆ تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. تیا نوسرابوو کە بچمە لای مام جەلال و داوای لە ئێرانیەکان کردووە و ئەوان رەزامەند بوون لەسەر ناردنم.

پەساپۆرتێکیان بۆ حازر کردبوم و رەسمی خۆمیان خستەسەر بە ناوی کەمالەوە. منیان بردە کرماشان و خزمەتی زۆریان کردم. من لای ئەوان ناوم کەمال بوو، کە بە ناوی خۆمەوە بانگیان دەکردم، دەموت فەرهەنگ ناوە خوازراوەکەمە و خۆم ناوم کەمالە. بردیانم بۆ ئوتێل دەماوەند و دلاوەر و حاکم عومەر هەر لەگەڵم بوون.

کاتێک کە لای مام جەلال بوین، نامەیەکی بۆ دکتۆر کەمال فوئاد بۆ نوسیم کە ئەو لە ئەڵمانیا بوو. ژمارەی تەلەفونەکەشی دابوومێ. لە تارانەوە تەلەفۆنم

بۆ کرد و وتم کاک نەوشیروان مەسرەفەکەی بۆ خەرج کردوم و چومەتە لای کاک نازم کە نوێنەری یەکێتی بوو لە تاران و وەرم گرتووە. کاک دکتۆر کەمال وتی نامەکەی مام جەلالم بۆ پۆست بکە و رەوانەم کرد. پاش سێ هەفتە ئێرانیەکان پاسپۆرتەکەیان بردم و زۆری پێ نەچوو پاسدارەکە هاتەوە و وتی پاسپۆرتەکەت تەزویرە. ئێمە دەتوانین بتبەینە سەفارەتی خۆمان لە ئەڵمانیا و عیلاجت بۆ بکەن و بتگەڕێننەوە.

دواتر لیزەپاسیان بۆ کردم. دوو مانگ بوو دلاوەر رۆیشتبوو بۆ نەمسا. تەلەفونم کرد بۆ دکتۆر کەمال، وتم با بێم بۆ ئەڵمانیا. وتی هیچم پێ ناکرێت. لە داخا تەلەفونەکەم بەسەریا داخستەوە.

رێکەوتی عوسمان بەگ لەگەڵ دلاوەر دا قسەی کردبوو. دواتر دلاوەر وتی رێکەوت و خێزانەکەی دێن بۆ نەمسا تۆش لەگەڵ ئەوان بە لیزەپاسەکە وەرە، رۆیشتین و سەردار دەلۆیی لە مەتاری ڤیەننا چاوەڕێی دەکردم و منی بردە ماڵی خۆیان و لەوێ مامەوە. عەمەلیاتی یەکەمیان بە پارەی یەکێتی بۆ کردم و وتیان عەمەلیاتێکی ترت پێویستە و پارەی زۆری دەوێت. بۆیە داوای پەنابەرێتی بکە.

من ئەو ماوەیە لە ماڵی دلاوەر و سوهەیلەی خێزانی و سەرداری برای و نەسرینی خوشکی مامەوە و زۆر سوپاسیان دەکەم.

بۆ عەمەلیاتی یەکەم بەر لە گەیشتنی پارەکە خەباتی حاجی مارف لەسەر حسابی خۆی ٣٣ سی و سێ هەزار شلنگی لە خەستەخانەی (ئاکاها) بۆ دانام و لەوێ عەمەلیاتی تەجمیلی چاویان بۆ کردم.

عەمەلیاتی دووەم عەمەلیاتی پێڵوی خوارەوەی چاویان بۆ کردم. عەمەلیاتی دووەمم زۆری پێ چوو.

زۆر سوپاسی خەباتی حاجی مارف و دکتۆرە سۆزانای خێزانی فازیلی مەلا مەحمود دەکەم، دکتۆرە نەمساوی بوو، ئەو دکتۆرێکی باشی بۆ دۆزیمەوە.





فەرهەنگ تۆفیق، مامۆستا جەزا فەریق (پورزای کاك فەرهەنگ).
نەخۆشخانەی نەمسا، ١٩٨٧.

ساڵی ١٩٩٢ بە هەڵبژاردن دەنگی یەکەمم هێنابووم بە مەسئولی یەکێتی لە نەمسا و مەعهەدیشم تەواو کرد.

ساڵی ١٩٩٦ خێزانم دروستکرد و بردم بۆ نەمسا. تا ساڵی ٢٠٠٥ لەوێ مابنەوە و ئینجا گەڕاینەوە و ئێستا لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانم بە پلەی لیوا.



**فەرەیدون عەبدولقادر تالب (فەرەیدون تاڵەبانی)**

شەممە ٢٠٢٥/٢/١

کاک فەرەیدون ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی قەرەحەسەن لە کەرکوک لە دایکبووە و دە سەرخێزان بوون و خاوەن موڵکێکی زۆر بوون و ئیسڵاحی زەراعی بردوونی، ئیتر وایان لێ هاتووە مەمرە و مەژی ژیاون. ئەو کۆلێجی عەسکەریی عێراقی لە ٦ی کانونی ١٩٧٥دا تەواو کردووە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨١ لە رێگەی ئەشرەف تاڵەبانییەوە چوومە ناوزەنگ و کرام بە سەرتیپی حیمایەکانی جەنابی مام جەلال تا حەوت مانگ. موکەڕەم تاڵەبانی خاڵۆزای باوکم بوو، ئەو عەفوی لە عەدنان خەیروڵای وەزیری دیفاعی ئەو کات بۆ وەرگرتم و گەڕامەوە ناو جەیشی عێراقی. لە ساڵی ١٩٨٤دا بتوڵەی هەموو عێراقم لە نیشانە شکێنیدا بە دەمانچە بەدەست هێنا بۆ ماوەی چوار ساڵی یەک لە دوای یەک هەر یەکەم بووم و رەقەمەکەم -٥٥٥-ە و تا ئێستا نەشکێنراوە. لە راپەڕیندا هاتمەوە کوردستان و بەردی بناغەی یەکەمین

کولیەی عەسکەریم لەگەڵ کاک نەوشیروان فوئاد مەستیدا لە قەڵاچوالان داناوە و سێ مانگ بەر لە تەخەڕوجی خوێندکاران دەرسی (مەشات)م پێ ئەوتنەوە.

لە ٢٠٠٦ دا کرام بە ئامر لیوا لەسەر لیستی یەکێتی لە شاری بێجی. ئەو کاتە لیواکە پارەی لێ ئەباری. لە بری دزی کردن کەوتمە دز گرتن. ساڵی ٢٠٠٦ سێ تەقینەوەی یەک لەسەر یەکیان بۆ دانام. ئەوکاتە لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوک و تا بگات بە تکریت عایدی فیرقەی ٤ بوو.

تەقینەوەی یەکەم لەلایەن ئامر فەوجێکی خۆمەوە بوو، ئەو ناوی ١٠٠ کەسی وەهمی دانابوو هەموو مانگێک ٧٥ ملیۆن دیناری ئەدزی. لە ڕێگا تەقینەوەکەی بۆ دانابووم. پارچەیەک بەر لای دەموچاوم کەوت و دانێکیشمی شکاند. لە خیلالی سێ ڕۆژدا کەسەکانم کەشف کرد و هەموویانم نارد بۆ ئاسایشی گشتی و لای لیوا ناسر لەوێ حوکم دران.

تەقینەوەی دووەم لە ٢٠٠٦/٨/٣١ دا بوو، خۆشبەختانە سەلامەت دەرچووم. وام لێ هاتبوو لە سەیارەکەی خۆمدا سەر نەئەکەوتم و ئەچوومە ناو پیکابی حیمایەکانەوە.

تەقینەوەی سێیەم لە ٢٠٠٦/١١/٢٤ دا لە بێجی بۆیان دانام. لەگەڵ قائید فیرقەکەم لە دەورەی عەسکەریدا پێکەوە بووین. ئەو شەش مانگ پێش من بوو. هەتا ئاخر کاسەی بەعسی نەلێسایەوە نەهاتەوە. منیش لە ساڵی ١٩٩١-ەوە لە بەغدا حوکمی ئیعدامم بۆ دەرچووبوو.

دزێکم گرت مقاولی لیوا بوو. دوو دەفتەر و ٦٧ وەرەقەی ناو دۆلابی ئەمریکییەکانی بۆ قائید فیرقە دزی بوو. قائید فیرقە تەلەفونی بۆ کردم وتی ئەو کەسەی گرتووتە بە پارەکەیەوە بەری بدە. وتم سەیدی من موستەعید نیم حەیای خۆم ببەم کە کوردم و موستەعیدیش نیم ناوی جەنابی مام جەلال لەکەدار بکەم کە ئێستا سەرۆک کۆمارە. موئتەمەرێکیان بۆ مقەڕ فرقە

دروستکرد، هەموو ئامر لیواکان حازر بوون. من بە شەش سەیارەی درعەوە لە بێجییەوە چووم بۆ بەشداری کردنی موئتەمەرەکە بۆ تکریت کە مقەڕی فرقەکە لە چوار قەسرەکەی سەدام حسێندا بوو.

لەوێ هاتنە شوێن حیمایەکانم وتیان سەیارەکانتان لەگەڵ سەیارەی ئەمریکی و سەیارەکانی قائد فرقە دانراوە و شوێنەکانیان ئەمینە و دواتر وتیان فەرموون نان بخۆن و جوندییەکانیشیان نارد بۆ نان خواردن.

ئا لەو کاتەدا لوغمێکیان لەناو سەیارەکەدا بۆ دانابووم بە کۆنترۆڵ. کۆنترۆڵەکەشیان دابووە دەست نەقیب فلان کە ئەمری نەقڵیان بۆ دەرکردبوو بۆ لیواکەی من. کە موئتەمەرەکە تەواو بوو، فلان هاتە لام و وتی سەیدی من ئەمری نەقڵەکەم دەرچووە بۆ لیواکەتان و وەرەقەی نەقڵەکەی بەدەستەوە بوو. وتم برۆ لە سەیارەکەدا سەرکەوە. ئەو لە سەیارەکەی دوای مندا سەر کەوتبوو. لە نزیک قاعیدەی ئەمریکییەکان بە کۆنترۆڵەکەی دەستی سەیارەکەی منی تەقاندبووەوە.

من سێ کەسم لەگەڵدا بوو. عیسا کوڕی شێخێکی عەرەب بوو لەگەڵ یوسف ناوێکیش خەڵکی کەرکوک بوو، ئەو دوانە شەهید بوون. سەمەد ناوێکیش چاوێکی دەرچوو و دواتر قاچێکیشیان بڕییەوە و ئەویش هەر کەرکوکییە. سەیارەکەم گڕی گرت. سودفەی کرد رەتڵی ئەمریکییەکان گەیشتنە سەر حادیسەکە و منیان دابەزاند و ئەوان یەکسەر جیهازیان کردبوو بۆ قاعیدەی ئەمریکییەکان و تەیارەیەکیان هێنا و منیان گەیاندە موستەشفای ئەمریکی (ئەوان سەیارەکەی منیان دەناسی).

قائید فیرقە ١٠ رۆژ چاوەڕێی کردبوو بزانێت فلان ماوە یان نا. دوای ١٠ رۆژ خۆی گەیاندە قاعیدە ئەمریکییەکە. بە دکتۆرەکەمی وتبوو کە ناوی Jafy بوو، کەسوکاری فەرەیدون ناتوانن بێنە بەلەد. فەرەیدون بنێرە بۆ موستەشفای تکریت. دکتۆرە ئەمریکییەکە سێ جار لە کاوەی برامی پرسیبوو



بۆ داوای گواستنەوەی فەرەیدون ئەکەیت بۆ موستەشفای تکریت؟ ئەم برایەت نیوە مردووە، هەر جیهازەکەی لێ بکەینەوە یەکسەر ئەمرێت. کاوە جوابی ئەداتەوە و ئەڵێت: ئێمە داوای وامان نەکردووە. ئەوە نیە من لێرەم و ڕێگەتان داوم؟ ئینجا دەرکەوت قائید فرقە بەناوی کەسوکارمەوە داواکەی کردووە ویستوویەتی بمکوژێت.

نەقیب فلان ساڵی ٢٠١٩ مرد و قائید فرقەش دوو حوکمی غیابیی دراوە هەریەکەیان بە ١٥ ساڵ زیندانی و قەزیەکەی منیشی لەسەر ئیسپات بووە. من سەرم هەلا هەلا بوو بوو، قاچ و دەستی راستم سەقەت بوو. ئێستا کەمئەندامم. قاچ و دەستیان بۆ عەمەلیات کردم، سەرم بوو بوو بە دوو لەتەوە. سەریشیان بۆ عەمەلیات کردم و فەتح سەدریشیان بۆ کردم چونکە لە تەقینەوەکەدا ١٦ پەراسووم شکابوو.

مانگێک لە موستەشفای ئەمریکییەکان لە بەلەد مامەوە و دواتر بردیانمە خەستەخانەی خۆیان لە شاری هەولێر و دوای ئەوە منیان بە ئیسعاف بردە خەستەخانەی شۆڕش لە سلێمانی و مانگێکیش لەوێ مامەوە.

تەلەفونم کرد بۆ قائید فرقە و وتم بە ئینتەرپول دەتهێنمەوە. من چاک بوومەوە و نەمردم بەڵام دەبێت سزای خۆت لەسەر شەهیدە بێ تاوانەکان و بریندارەکە وەربگریت لە ڕێگەی مەحکەمەوە.



**فەرەیدون عەبدولقادر تالیب، نەخۆشخانەی قاعیدەی ئەمریکی لەناو فڕۆکەخانەی بەلەد**



**فوئاد عەبابەکر کەریم**

سێشەممە، ٢٠٢٥/٢/١٨

کاک فوئاد، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و برای شەهیدان خۆشەوی و محەمەد قودسییە کە بە دەستی پارتی ساڵی ١٩٩٦ لە دارولسەلام بە دیلی گوللەباران کراون و زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٦٥ لە دەربەندی رایات/ باڵەکایەتی لەدایکبووە و گوزەرانی ژیانیان باش بووە و ئەڵێت:

- مانگی ١٩٧٨/١١ لە ڕێگەی سەید ساڵح دەربەندییەوە پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنی خەتی گشتییەوە لە دەربەندی رایات، بە لیجنەی ناوچەی بارزین. باوکم مەسئولی ناوچەی بارزین بوو. ١٩٨٠/١٢/١٦ من و باوکم و مەحمود خانە شەریف دەربەندی و جەمیل سەعید رەشید و ئازاد بەکر چۆمانی پێکەوە گیراین و براین بۆ هەیئەی کەرکوک و دواتر رەوانەی ئەمنی عامە کراین و من ١٩٨١/١١/١٨ ئازاد کرام.

- ١٩٨٢/٣/٢٣ بە تەزکیەی لیجنە پەیوەندیم کرد بە کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتییەوە و لە وەرتێ بووم بە پێشمەرگە لای سەید مەجید و تا ئێستاش بەردەوامم لە خزمەت و تێکۆشان.

- ساڵی ١٩٨٣ چوومە لیجنەی ناوچەی خۆشناوەتی وەکو کادری شۆڕشگێڕان دەستبەکار بووم.

- ١٩٨٤ مفاوەزە بوو، گواسترامەوە بۆ لیجنەی ناوچەی باڵەکایەتی و هەروەها کرام بە کارگێڕی ناوچەی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان.

- ١٩٨٥ مقەڕی مەڵبەندی ٣ی هەولێر لە بۆتێ بوو، من وەک سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە بەشی ئیدارە بووم لای مامۆستا عەزیز حەسەن

- ١٩٨٦ گوازرامەوە بۆ مەکتەبی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان لە کانی بەرد کە مەلا نەوزاد سەرپەرشتیار بوو. تا ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێکخستن مامەوە.

- ١٩٨٨/٢/٢٦ ڕژێم هێرشی کردە سەر دۆڵی بالیسان و سەر مەڵبەندی ٣ لە چیای مۆتە، چوار شەهیدمان دا، دووی مەکتەبی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان و دووی ڕێکخراوی کۆمەڵە. لە تەنگی ئالانە بە گرادی شۆڕش قائید فیرقە و زیاد لە ٣٠ کەس بە جوندی و مولازمەوە بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنران و بەمە هێرشەکانی سەر مەڵبەندی ٣ فەشەلیان هێنا. لەم هێرشانەدا ١٢ شەهیدمان دا و عەبدوڵا بۆر و دوو پێشمەرگەی بریندار بوون.

- مانگی ١٩٨٨/٦ بە بڕیاری سەرکردایەتی سەرجەم پێشمەرگە خێزاندارەکان ئاگادار کرانەوە بپەڕنەوە بۆ بناری قەندیل و لەوێشەوە بچنە ئێران بۆ بادیناوا.

- مانگی ١٩٨٨/٨ ئێمە لەسەر بستوو (لوتکە)ی شاخی شێخ شەڕۆ بووین، گەورەترین هێرش کرایە سەر چیای کونەکۆتر و شەڕەکە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ڕۆژ درێژەی کێشا و ٣٨ شەهیدمان دا و برینداریشمان هەبوو. دواتر ئینسحابمان کرد و بە بڕیاری سەرکردایەتی بەسەر ئۆردوگاکاندا دابەش



شەهید محەمەد قودسی عەبابەکر



شەهید خۆشەوی عەبابەکر

کراین و ئێمە وەکو بنەماڵەی حاجی عەبابەکر کە دۆست و هاوڕێی جەنابی مام جەلال بووین، بڕیار درا لە پیرانشار بمێنینەوە.

- ساڵی ١٩٨٩ هێزەکان رێکخرانەوە و کران بە بەتالیۆن. من وەکو خۆم لە ناوەندی شۆڕشگێڕان لە قاسمەڕەش لای دکتۆر کەمال فوئاد و چەتۆ حەوێزی و مامۆستا عەبدوڵا مامەوە تا راپەڕین.

- ١٩٩١/٣/٥ ئێمە قۆڵی بادینان بووین بە سەرپەرشتی مامۆستا نازم غەفور بەرەو ئازادکردنی بادینان رۆیشتین و تا رۆژی ١٩٩١/٣/٢٥ لە بادینان ماینەوە و دوای ئەوە گەڕاینەوە بەرەو سۆران.

- ساڵی ١٩٩٢ لە رێگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە کە شەوکەتی حاجی موشیر لێپرسراوی مەڵبەندی بادینان بوو، داوای کرد کە من بگەڕێمەوە بادینان و پەیوەندی پێوە بکەم بۆ سەرپەرشتی کردنی ئۆردوگای کۆرێ گاڤان و باگێڕان. لە ئۆردوگای کۆڕێ گاڤان سەد ماڵی سنوری باڵەکایەتی لێ بوو.



**هەڤاڵ مام جەلال، فوئاد عەبابەکر.**

- ساڵی ١٩٩٢ - ١٩٩٧ لێپرسراوی دەزگای باڵای پێشمەرگایەتی بووم لە سۆران کە سەر بە مەکتەبی عەسکەری بوو، کاک جەبار فەرمان بەرپرسی بوو

- ساڵی ١٩٩٧ بە بڕیاری جەنابی مام جەلال بووم بە لێپرسراوی قۆڵی نەغەدەی پەیوەندییەکانی یەکێتی و ئێران کە دکتۆر کەمال فوئاد بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بوو.

- مانگی ١٩٩٧/١٢ قۆڵی نەغەدە داخرا و گەڕامەوە سلێمانی و لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ یاسینە رەش و مەلا بەهادین و سەرکەوت حەسەنی خەڵکی سلێمانیدا کارمان دەکرد.

- مانگی ١٩٩٨/٣ بە فەرمانی کاک کۆسرەت کە ئەوکاتە سەرۆکی حکومەت بوو بڕیاری دامەزراندم درا وەک بەڕێوەبەری ئاسایشی رۆژهەڵاتی شاری هەولێر بە پلەی نەقیب لە معاونیەتی ئاسایشی چۆمان.

- مانگی ۱۹۹۸/۸ بەشداریی خولی ۲ی ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆم لە قەڵاچوالان کرد کە شەش مانگی خایاند و ساڵی ۱۹۹۹ تەخەروجمان کرد تا ساڵی ۲۰۱۰ لە بەشی میرەی ئاسایشی گشتی بووم. لە ۲۰۱۰ بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی کرام بە ئەندامی مەکتەبی خزمەتی پێشمەرگە تێکۆشەرەکان تا کۆنگرەی پێنج.

- لە ۲۰۲۲/۹/۲٥ەوە سکرتێری کۆمەڵەی کەمئەندامانی سەنگەرم لە سلێمانی و بە پلەی لیوا خانەنشینم.

برینداربوونەکانم:

۱۹۹۱/۳/۲٤ لە شەڕی فایدە کە رژێم هێرشی کردەوە بۆ داگیرکردنی دهۆک، گوللەی بیکەیسی دای لە قۆڵم. ئەم شەڕە بە سەرپەرشتی لیوا خەلیل دۆسکی بوو، شەڕەکە شەش سەعاتی خایاند.

بەپەلە برینەکەیان بۆ پێچام و عەلی میر و رەشید حەسەن و کەریم عەبابەکری برام منیان گەیاندە نەخۆشخانەی رزگاریی لە دهۆک. برینەکەیان بۆ پاککردمەوە و دورییانەوە و سیانزە رۆژ لە کۆرێ گاڤان لە مقەڕ مامەوە

۱۹۹۸/۲/۱۸ لە سلێمانی بریندار بووم. ئێمە لە بارەگای پەیوەندییەکانی دەرەوە بووین کە سەعدی ئەحمەد پیرە مەسئولی بوو، بیناکە بەرامبەر مەڵبەندی یەکی رێکخستنی سلێمانی بوو.

جەماعەتێک بەدوای ئەندامانی حزبی دیموکراتی ئێرانەوە بوون. ئەوان هاتبوون بۆ سەردانی کاک سەعدی و سەیارە و حیمایەکان لە بەردەمی مەکتەبەکەدا وەستابوون.

من و سەرکەوت حەسەنی خەڵکی سلێمانی لە قاتی خوارەوەی بیناکە دانیشتبووین. جەماعەتەکە دەستڕێژی گوللەیان لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات کرد و من و کاک سەرکەوت حەسەن بریندار بووین و من بە سەختی و سەرکەوت بە سووکی.

من دوو گوللەم بەرکەوت و ٧٥٪ی جگەرمی بڕیبوو. بردیانم بۆ خەستەخانەی ئیمێرجێنسی و تووشی نەزیفی داخلی بووم و حەوت ڕۆژ لەژێر چاودێریی چڕدا بووم.

دکتۆرەکان لەبەر نەزیفەکە نەیان ئەویست نەشتەرگەرییم بۆ بکەن چونکە حالّم زۆر خراپ بوو. بەلاّم بە گەیشتنی کاک عومەری سەید عەلی و کاک کۆسرەت قسەیان لەگەڵ ستافی خەستەخانەکە کرد و وتیان ئەبێت هەرچۆنێک بێت چارەسەری بکەن بۆمان، چونکە دوو برای شەهید کراون با ئەمیش شەهید نەبێت.

دکتۆرێکی سویدی و دکتۆر حەسەنی خەڵکی سلێمانی نەشتەرگەرییان بۆ کردم.



**کارمەند هوشیار محەمەد**

هەینی ٢٠٢٥/٢/٢١

کاک کارمەند ساڵی ١٩٩٧ لە گوندی ئالیقەی سەروو- چوارقوڕنە لەدایک بووە و هەشت سەر خێزانن و خوێندەواریی هەیە و دەڵێت:

ساڵی ٢٠١٦ بووم بە پێشمەرگە لە فەوجی ٤ی لیوای ١٠٢، کە عەقید عەزیز پێنجوێنی ئامر فەوج و تەها کانی بەردینەیی ئامر لیوا بوو.

ئەو ساڵەی من دامەزرام دوو ساڵ بوو شەڕی داعش دەستی پێکردبوو. بەشداریی شەڕەکانی خورماتوو، داقوق و بەشیریشم کردووە.

لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا چوینە کەرکوک و ئەمر هات بچینە پێشەوە بۆ ڕێگەگرتن لە پێشڕەوی لە داعش. چوینە گوندی چارداغلو پشتی صناعەی کەرکوک. سەعات چوار و دە دەقیقەی دوای نیوەشەو شەڕ دروست بوو، پارچە تۆپی دەبابە بەر لاسەری چەپم کەوت، یەکسەر بورامەوە و کە توانای جوڵەم پەیدا کرد بەرەو کەرکوک رامکرد، نازانم چۆن خوا ئەو توانایەی

 

دابوومێ، لیوایەکی کاک کۆسرەت لەسەر پردی حەی صناعە بوون و بردیانم بۆ خەستەخانەی ئازادی کەرکوک و لەوێ سەریان پێچام و منیان نارد بۆ خەستەخانەی شار لە سلێمانی و دوو بوتڵ خوێنیان تێکردم و سەرمیان لە پارچەکان پاک کردەوە و رەوانەی ماڵەوەیان کردم و وتیان مانگێکی تر وەرەوە. دوای مانگەکە رۆیشتمەوە و عەمەلیاتی دووەمیان بۆ کردم و لەوکاتەوە مانگی دوو سێ جار سەرم دەسوورێت و ئاگام لە خۆم نامێنێت. شەهید نەبوونی من موعجیزەی خوای گەورە بوو بۆ دایکم. چونکە هەر کە باوکم چاوی بە من کەوت رێک مانگێک دوای ئەوە لە خەفەتا وەفاتی کرد.

ئێستا من و دایکم پێکەوە دەژین و کاک کاروانی برا گەورەم سەرپەرشتیمان دەکات. ئەو مولازمە لە لیوای -٩- لە ڕانیە.

بە پلەی نایب زابت خانەنشینم لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر/ لقی راپەڕین.

کارمەند هوشیار.





کارمەند هوشیار.



**کامیل نوری محەمەد ئەمین**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/٢/٢٥

کاک کامیل، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و پارتیزانە و ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی موبڕە/ چوارتا لەدایکبووە و هەشت سەرخێزانن و گوزەرانی ژیانیان زۆر باش نەبووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٠ کەمال تاماس لە موبڕە مامۆستا بوو، ئەو منی ڕێکخست، ئەو پەیوەندیی بە عەلی چوارتایی (شەهید)ەوە هەبوو. ساڵی ١٩٨٣ چوومە دەرەوە و پەیوەندیم کرد بە کەرتی ٣ی تیپی ٣١ی پێنجوینەوە کە عیزەت شەمساوایی فەرماندەی کەرت بوو، دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە تیپی ٣١ی سلێمانی.لە مانگی ١٩٨٣/١١دا دەنگۆی مفاوەزات بڵاو بووەوە و مفاوەزات تا کۆتایی ١٩٨٤ بەردەوام بوو. یەکەم شەڕی دوای مفاوەزات شەڕی دابان –

هەلاج بوو لە ١٩٨٥/٢/١٥ کە لە تۆڵەی شەهید مامەڕیشە و هاوڕێکانیدا بوو بۆ من یەکەمجاری بەشداریکردنم بوو لە شەڕدا. هێزی پێشمەرگە لەو داستانەدا سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستهێنا و ١٧ رەبیە و سێ مقەڕ سریە ئازاد کرا و باس لە کوشتنی سەدان جوندی دەکرا و ئەوکاتە بارەگای سەرکردایەتی لە یاخسەمەر بوو. تیپی مەڵبەند لە سەرگەڵو بوون، لە بەرگەڵوش کاک نەوشیروان و دەزگای راگەیاندن و خەستەخانەی شۆڕشی لێ بوو.

بارەگای کەرتەکەمان لە کانی سارد بوو، ناوچەکە پشێوی تێکەوت و رژێم هێرشی دەهێنا و ئێمە تێکمان دەشکاند. حکومەت هێزێکی گەورەی لە قەڵاچوالان کۆکردەوە و نیازی هێرشی هەبوو، ئێمەش وەک کەرتی ٣ی ت ٣١ی سلێمانی بە سەرپەرشتی مەلا عەتاری کەناروێیی فەرماندەی مەفرەزە و مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ی ت ٣١ی سلێمانی بە فەرماندەیی حەمەومینی خەجێ و مەفرەزەی کەرتی یەکی تیپی ٣١ی سلێمانی بە فەرماندەیی ئازاد دەرەمیانەیی ئامادەکراین بۆ شەڕ کردن، دوژمن بە چەندین تانک و دەبابەوە هێرشیان کرد و مەفرەزەکانی پێشمەرگەش بە ئارپیجی لێیان دان و دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت و چەندین دەبابە سوتێنران.

من و عوسمانی سەعە پیرێژن (لە شەڕی قەیوان - ماوەت لە گوندی باڵخ شەهید کرا) و مەولود عەبدوڵا و پێشمەرگەیەکی تر دانرابووین بە بیکەیسی و ژێرسێ تەقە لە کۆپتەرەکان بکەین بۆ ئەوەی مەشغوڵیان بکەین و نەگەنە لای پێشمەرگە.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی جەمال مەولود کەناروێی بە نارنجۆک هەڵیکوتایە سەر دەبابەکە و ویستی لە تەنورەکەوە نارنجۆکەکە بخاتە ناو دەبابەکەوە. عەسکەرێکی بریندار لەژێر دەبابەکەدا بوو، فیشەکی نا بەسەر دڵییەوە و شەهیدی کرد. چەند برینداریکیشمان هەبوو لەوانە حەمەومینی

خەجێ فیشەک دای لە رانی و رەحیم کەناروێی فیشەک دای لە باڵی و هێزی دوژمن شکستی هێنا و قوە خاصەکانی دوژمن سەدان کەلاکیان لەبەردەست هێزی پێشمەرگەدا کەوت بە چەک و دەمانچەیانەوە، بەڵام رەبایەیەک موسەیتر بوو کە دۆشکەیەکی چوارلوولەی لەسەر بوو ناو مەیتەکانی بە دۆشکەکە ئەبێژا بۆ ئەوەی ئێمە سوود لە چەکەکانیان وەرنەگرین.

١٩٨٦/٩/١ داستانی قەیوان - ماوەت دەستی پێکرد. ئەوکاتە بارەگای کەرتی ٣ و ٤ی ت ٣١ی سلێمانی لە قەیوانی گەورە بووین. حکومەت لە هەموو لایەکەوە لە ماوەت و شاخی برزود و بالۆسەوە و بەرەو بەرزاییەکانی پشتی ولاغلوو لەوێوە بەرەو قامیش و دڕی هێرشی بەرفراوانی دەستپێکرد

یەکەمجار لە دۆڵبێشکەوە هێرشی کردە سەر قەیوان، ئەو ئەیویست ئەو دەرگایە بکاتەوە و بەرەو سەرکردایەتی بچێت. هەر لەو ساڵەدا شارباژێڕ چۆڵی کرد، تیپەکەمان هاتە قەیوان. لە شاخی کەڵکی قەیوان هێرشەکە توند بوو بۆ ئەوەی بەرزاییەکان بگرێت. ئێمە وەک تیپەکەی خۆمان بەرەنگارییەکی باشمان کرد و شەڕەکە سێ مانگ و ١٢ رۆژ بەردەوام بوو. کاک مولازم عومەر و قادری حاجی عەلی و سەلاح چاوشین سەرپەرشتی شەڕەکانیان ئەکرد. لە سەرجەم جەبهەکاندا ٩٠ شەهیدمان هەبوو. کەرتەکەی ئێمە دوو شەهیدمان هەبوو یاسین و ئیسماعیل کە بە نەورۆز ناسرابوو. لە کەرتی چواریش لەتیف کەناروێی شەهید بوو.

هێزی دوژمن تێکشکێنرا و پێشمەرگە لە قەیوان لە شوێنی خۆیان مانەوە

رۆژی ٨٧/٥/٧ بەرەی کوردستانی دروست بوو، هێزێکی یەکێتیی نیشتمانی لە هەڵەدنەوە بە فەرماندەیی ئازاد هەورامی چوونە بادینان و مەڵبەندی بادینانی دامەزراند.

بۆ دامەزراندنی ئەم هێزە لە هەر مەڵبەندەی ١٥-١٦ پێشمەرگەیان لەگەڵ کاک ئازاد نارد و ژمارەیان بوو بە ١٢٠ پێشمەرگە. من بە فەرمانی کاک

شۆڕش ئیسماعیل وەک پێشمەرگەیەکی تیپی ۳۱ی سلێمانی نێردرام بۆ بادینان. کاک شۆڕش وتی من بۆیە حەز ئەکەم کە تۆ بچیت چونکە تۆ کادر و پێشمەرگەیت. بە ۱۷ رۆژ گەیشتینە بادینان، لەوێ هێزەکە دابەشکرا بەسەر سێ کۆمیتەدا، ئامێدی و دهۆک و شێخان. من بەر کۆمیتەی ئامێدی کەوتم و هەموو کۆمیتەیەک کەرتێکی عەسکەریی هەبوو. مانگی ۱۱ی ۱۹۸۷ وەک کەرتی عەسکەریی کۆمیتەی ئامێدی دامان لە دوو رەبیە. لەو شەڕەدا (پاڵە) ی پێشمەرگەی تیپی ۲۵ی خاڵخالان و خەیری بادینی شەهید بوون و منیش بە قورسی بریندار بووم. سێ پارچەی نارنجۆک دای لە پشتم و تا ئێستا پارچەکان لە پشتما ماون.

خەستەخانەیەکی مەرکەزیمان لە پشتی بازێ-وە هەبوو. دکتۆر هێمن خەڵکی سلێمانی جەڕاح بوو، (هێمن ناوی خوازراوی بوو). چەند معاون توبییەکیشی لێ بوو، شەماڵ و وریا. ئەوان تەماشایان کردم و وتیان پارچەکان قووڵن و ناتوانین دەریان بهێنین. بیست رۆژ لە خەستەخانە کەوتم.

وەزعم زۆر خراپ بوو. کاک ئازاد وتی: حاکم عومەر عەزیز چەند رۆژێکی تر لەگەڵ مەفرەزەیەکدا ئەڕواتەوە و تۆش لەگەڵ ئەو بڕۆرەوە. ۱۹۸۸/۳/۱۳ بەڕێ کەوتین، من فەرماندەی مەفرەزە بووم. لە رێگا قەرەقۆل و جەندرمە رێگەیان پێ گرتین، ئێمە نەخۆشێکمان لەگەڵ بوو پێنج پێشمەرگەیان لەگەڵ ناردبوو. گەیشتینە سەر ئاوی کەتینە لە ناوچەی شەمزینان. قەرەقۆل پێنج پێشمەرگە و نەخۆشەکەیان بەدیل گرت و بە کۆپتەر هەڵیانگرتن و ئێمە دورتربوین لێیانەوە لە ئاوەکە پەڕینەوە. شەو رادیۆمان کردەوە و وتیان ئەمڕۆ ۱۹۸۸/۳/۱٦ عێراق بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەی داوە.

ئێمە لە خواکورکەوە چووینە شنۆ و لەوێوە بۆ سەردەشت و قاسمەڕەش. ئەنفال بەتەواوی دەستی پێکرد و هێزی پێشمەرگە کشانەوە وتیان تیپەکەی ئێمە لە مەنتیقەی قۆجەلەر و گۆپتەپەیە. ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا



**هەڤاڵ مام جەلال مەدالیای ڕێزلێنان دەبەخشێت بە کامیل نوری، قەلاچوالان ١٩٩٤/١٠/١٤.**

بە سەرپەرشتی حامی حاجی غالی ڕۆیشتین بۆ کۆیە و تەقتەق بەڵام وتیان قوەتەکە وەجبە وەجبە تەسلیم ئەبێتەوە. من و چەند پێشمەرگەیەک گەیشتینە تەقتەق. ١٩٨٨/٥/٢٥ من لەسەر ئاوەکەی گۆپتەپە بووم. تەیارەکە هات و بۆمبێک کەوتە ئاوەکە و کیمیاوی لە جەستەی دام. هاتینەوە بۆ سەردەشت و لەوێوە بۆ قاسمەڕەش.

ماوەیەک لە تیپی ٧٩ی سادر بووم و ساڵی ١٩٨٩ چوومەوە تیپی ٣١ لە گوندی بلەکێ.

ساڵی ١٩٩٠ بە فەرمانی کاک نەوشیروان بووم بە پارتیزان و چوومە شارباژێڕ و لە ڕاپەڕیندا بەشدار بووم لە ئازادکردنی شار و دێهاتەکاندا و تا گەیشتینە کەرکوک. لە کەرکوک بریندار بووم و قاچی چەپم لە بن ڕانمەوە

لەدەست دا. بردیانم بۆ خەستەخانەی جامیعەکە و دکتۆر بەختیار رەسوڵ عەمەلیاتی بۆ کردم. لە کۆڕەوەکەدا بە نەقالە بردیانم بۆ سنوری ئێران و دواتر رەوانەی خەستەخانەی تەبریزیان کردم و لەوێ چارەسەری برینەکانیان بۆ کردم. کە گەڕاینەوە لە خەستەخانەی ئیمێرجێنسی دکتۆر ستار هەورامی قاچی دەستکردی بۆ دروست کردم و ئێستا بە پلەی لیوا خانەنشینم.



**کاوە حەمە ساڵح**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٢

کاک کاوە زیندانی سیاسی و کەمئەندامی سەنگەرە و ساڵی ١٩٦٠ لە پێنجوین لەدایکبووە و ساڵی ١٩٦١ باوکی کراوە بە مودیری بەلەدیەی سلێمانی و ئەوانیش بە ماڵەوە هاتونەتە شاری سلێمانی بۆ گەڕەکی سەرکارێز و دواتر بۆ گەڕەکەکانی تووی مەلیک و سەیوان و دەرچووی قۆناغی ئامادەییە و ئەڵێت

کاک فەرەیدونم ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کرد بە کۆمەڵەی مارکسی – لینینییەوە و لەهەمان ساڵدا چووە دەرەوە بۆ لای کاک بەکری حاجی سەفەر و جەمالی حەمەی خواکەرەم کە بوون بە یەکەمین مەفرەزەی پێشمەرگەی ناوچەکە.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ من و ئامینە قادری دایکم و کامەرانی برام لەسەر کاک فەرەیدونم سجن کراین و براین بۆ سجنی سەرەوە لە سلێمانی کە ئێستا

پارکی دایکە و پاش چوار مانگ ڕەوانەی سجنی سەماوەیان کردین و پاش ساڵێک و مانگێک بە عەفواتی سەدام ئازاد کراین.

هەر لەگەڵ ئازادکردنماندا کامەرانی برام یەکسەر چووە دەرەوە و من چوومەوە بەر خوێندن. کامەرانی برام چوو بۆ شارباژێر بۆ لای تایەری حاجی عەزیز (کە لە دەرەمیانە شەهید بوو). پاش هەفتەیەک بە جەولە چوو بوو بۆ شلێر و لە حدودی سەیرانبەن عەسکەرییە ئەچێتە سەریان و کامەران بریندار ئەبێت و پێشمەرگەکان وائەزانن شەهید بووە و ئەو جێدێڵن و خۆیان ڕزگار ئەکەن. بۆ بەیانییەکەی عەسکەرییە گرتبوویان و بردبوویان بۆ حامیە و تەعزیبێکی زۆریان دابوو و ناردبوویانە خەستەخانە و زۆری پێ ناچێت کامەران ئەبیستێت کە حکومەت بەنیازە پاش حوکمدانیان بە ئیعدام ڕەوانەی سجنی موسڵیان بکەن. بەپەلە کامەران و مام هێرش (شەهید) و مەلا حسێن هۆنەرێنی و حەسەن ناوێک لە سجن ڕائەکەن.

ئەوکاتە من لە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم. لە ڕێگەی چوونە ئامادەییەکە زوربەی بەیانیان لە چایخانەکەی بەرامبەر سینەما سیروان بەرچاییم ئەخوارد. کابرایەک هات و بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی: کامەرانی برات بەربووە و بەس هەویەی پێ نیە و پێویستیان پێیەتی. منیش لە خۆشیدا نانم بەجێ هێشت و کابرام لەگەڵ خۆم بردەماڵەوە و دایکم دەرگای کردەوە و وتی: نەوەڵڵا نەهاتووەتەوە و کابرا ماڵەوماڵی خزمانی پێ کردم و هەموو بێ ئاگایی خۆیان دەربڕی و منی لەگەڵ خۆی برد بۆ فیرقە و لەوێ لە ئیستعلاماتەکە منی دانا. لەودیوەوە زابتێکی بینی و بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە باوەشی پیاکرد و من زۆر ترسام و یەکسەر ڕامکردە دەرەوە و تەکسییەکم گرت چوومە دەرەوە. ئەو ڕۆژە ١٩٧٩/٩/١١ بوو. فەرەیدونی برام ئەوکاتە ئامر کەرتی هەرێمی ١ی شارەزور بوو لای کاکە حەمەی حاجی مەحمود (ئەوکاتە حسک جیا نەبووبوونەوە).



**لە ڕاستەوە وەستاوەکان: حاجیەکی هەورامی، غەفار هەورامی، غەفار بیارەیی، سەلاح قەڵادزێی، کامەران حەمە ساڵح، لەتیف حەمە ساڵح، سەعید مەلا عەلی وەڵەسمتی، کاوە عەبدولڕەحمان.**

**دانیشتوەکان لەڕاستەوە: مەحمودی ساڵح میرزا، ئازادی عەلی نەجاڕ، کاوە حەمە ساڵح، ئاسۆی عەلی نەجاڕ.**

**زیندانی سەماوە ساڵی ١٩٧٧.**

شەوی ١٩٨١/١٠/١٩ چووینە دێی قاجر و لە ئالان و حاسڵ و موان تووشی شەڕ بووین. ژمارەی پێشمەرگەی هەرێمەکەمان ١٠٠ کەس ئەبووین و کردیانین بە سێ بەشەوە. کەرتەکەی ئێمە کە کەرتی ٤ی هەرێمی ١ بوو چووینە قاجر لەسەر جادەی هەڵەبجە - خورماڵ و چەمی زەڵم بەناو ئەو دێیەدا ئەڕوات. حەرەسیاتیان دانا و من حەرەسیاتەکەم بەر سەعات ٤ تا ٥ی بەرەبەیان کەوت و کە تەواو بووم کەمینەکەم خەبەر کردەوە کە کاک فەرەیدونم و پێشمەرگەیەکی تر بوون. بە کاک فەرەیدونم وت لەسەر جادەکە گوێم لە

سەگوەڕێکی زۆر بووە، جادەکە زۆر دوور نەبوو لە دێکەوە. کاکم وتی: بڕۆ بنوو هیچ نیە. چووم پاڵکەوتم. ئەوەندەم زانی گوێم لە دەنگی دەستڕێژی گوللە بوو. رامکردە دەرەوە. تەماشام کرد عەسکەرییە و جاش بەرەو دێکە دێن و مودەرەعە و دەبابەش بەڕێوەن. هێزەکەیان زۆر گەورە بوو. تەماشامان کرد بەشێکیان بەرەو ناوگردان و گردی شەریفە دەڕۆن کە حامی حاجی غالی و شەوکەتی حاجی موشیری لێ بوون. خۆم گەیاندە لای کاکم. تەماشام کرد حسێن ئاڵیاوایی کە ئەو شەوە پێکەوە لەگەڵ کاکم چووبوون بۆ کەمین دەستی بریندار بووبوو کاکم کلاشینکۆفێکی خوێناویی گرتبوو، چونکە وەک دواتر زانیمان ٤٠ جاش کوژرابوون و چەکەکانیشیان دەست کەوتبوو. خەڵکی دێکە هاتن و وتیان دوور کەونەوە با شەهید نەکرێن و جەماعەت بەرەو چەمی زەڵم رۆیشتن و من لە پەنا دیوارێکدا خەریکی پاککردنەوەی ئەو چەکە خوێناوییە بووم کە کاکم گرتبووی و پێی وتبووم پاکی بکەرەوە.

پێشمەرگەکان گەیشتبوونە ناو چەمەکە و هاواریان کرد راکە ناو چەمەکە تەیارە هات. تەماشای خوارەوەم کرد چوار هەلیکۆپتەرم بینی و بەپەلە چەکم کردە شانم و بەرەو چەمەکە رامکرد و هێشتا قاچێکم کردبووە ئاوەکە هەلیکۆپتەرەکە رەمی کرد و هەستم بە ئازارێکی زۆر کرد و قاچم نەئەجولا. بانگم کرد پێکرام. کەس نەیوێرا نزیک ببێتەوە و جارێکی تر هەلیکۆپتەرەکە هاتەوە و قەسفی کرد و ئەمجارە پارچە بەر دەست و گوێشم کەوت. ماوەیەکی زۆر بەو چەشنە مامەوە و کاک فەرەیدونم و مامۆستا شاهۆ لە ئاوەکە دەریانهێنام و بە نۆرە لەکۆڵیان کردم و دووریان خستمەوە و لە پەنا دارێکدا دایاننام و خۆشیان حەشاردا. من بورابوومەوە و کە چاوم کردەوە زانیم بووەتە شەو. پێشمەرگەکان منیان بە تراکتۆر برد بۆ ناوگردان و دکتۆر ساجد لەوێ بوو. هات و گۆرانی بۆ وتم و کۆمەڵێک نوکتەی گێڕایەوە و بەدەمیەوە برینەکانی بۆ پێچام و وتی هیچم پێ ناکرێت. دارەمەیتێکیان هێنا و

دکتۆر ساجد و کامەرانی برام و چەند پێشمەرگەیەک من و حسێن ئاڵیاواییان لە جادەی لای سەرای سوبحاناغاوە برد بۆ دێی قەویلە و لەوێوە بەرەو شاربازێر و دواتر گەیشتینە بلەکێ. ئەم سەفەرەمان چوار ڕۆژی پێ چوو. من بێهۆش بووبووم. دواتر کامەرانی برام بۆی گێڕامەوە کە منیان بردووەتە ماڵی جەمال جەلال و دکتۆر هەژار عیلاجێکی سەرەتایی بۆ کردووم و کامەران و دوو پێشمەرگەی تر بە سەیارە گەیاندبوومیانە سەردەشت و لەوێ دوو پێشمەرگەکە گەڕابوونەوە و ئەوانیش منیان بردبوو بۆ خەستەخانەی سەقز و لەوێ هۆشم هاتەوە و ئازارێکی زۆرم هەبوو. دکتۆرەکان وتیان هیچمان بۆ ناکرێت و ئەتنێرین بۆ تاران. کە سەرکەوتینە ناو تەیارەکە کاپتنەکە بە کامەرانی وتبوو دەبوایە بمانبردنایە بۆ تاران بەڵام ناتوانین بتانبەین و ئەتانبەین بۆ ورمێ. لەوێ دایانبەزاندین و کۆمەڵێک پاسدار و قیادە موەقەتە وەستابوون و هاتن چاوی کامەرانیان بەست و بردیان. جێبێکیان هێنا و منیان فڕێدایە پشتی جێبەکە و بردیانم بۆ خەستەخانەی شیر و خورشید تەنها و بێکەس لەسەر قەرەوێڵەیەک دایاننام.

بەیانی کوڕێکی قاچ بڕاو هات بۆ لام و وتی من سۆشیالیستم و لە شەڕدا قاچێکم پەڕیوە. بەو حاڵەی خۆیەوە خزمەتی کردم و نانی دامێ و وتی کاکە گیان ئێمە لێرە سجنین و من جوابم ناردووە بۆ قادر جەباری و ئەو هەوڵی ئازادکردنی داوم و ئەگەر هیچم بۆت کرا درێغی ناکەم. بۆ سبەی بەیانی ئەو دیار نەما.

من ١٨ ڕۆژ بەبێ ئەوەی دکتۆرێک بێت بەلامەوە لەو شوێنە مامەوە و نە زمانی تورکی و نە فارسیشم ئەزانی و تەنیا خواردنیان بۆ ئەهێنام کە بە زەحمەت لەبەر ئازاری لەشم بۆم ئەخورا.

ڕۆژێکیان کوڕێک هات و وتی من سایەقی ئەمبولانسم و ناوم ساڵحە و کامەرانی برات لە سوپای پاسداران سجنە و من کەرکوکیم و لە ئاشبەتاڵەوە

نەگەڕاومەتەوە و لێرە ژنم هێناوە و تۆ وەزعت خراپە و بەم شێوەیە بمێنیتەوە ئەمریت. چیت بۆ بکەم؟

وتم: مامۆستا موحسین عەلی ئەکبەر نمایندەمانە و لە ئوتێل پارسی تارانە. گەر ئەتوانیت بمبەرە ئەوێ. ساڵح وتی: من لەسەر مەسئولیەتی خۆم تۆ ئەبەم. ئەو کاتە عاشورا بوو. من دوو پاسداریش حەرەسم بوون. ساڵح وتی: پاسدارەکان بۆ سەیر کردن ئەچن بۆ سەر جادەکە. بەیانی زوو لەگەڵ فەڕاشێکدا نەقالەیەکیان هێنا و بردیانمە ژێر زەمینەکە و کردیانمە ئەمبولانسەکەوە و بە ١٤ سەعات گەیاندمیە تاران و ئوتێل پارس. ساڵح چووە ئوتێلەکە بۆ لای مامۆستا موحسین و گوێم لە شەڕە قسەی ساڵح بوو لەگەڵ مامۆستا موحسین دا و مامۆستا ئەیوت من چی لێ بکەم و هیچم پێ ناکرێت و بەینمان لەگەڵ ئێران باش نەماوە (لەکاتێکدا ئوتێلەکە ئێران تەرخانی کردبوو بۆ یەکێتی و هێشتا بەینەکەیان بەجارێ ئاڵۆز نەبووبوو).

ئەو رۆژە ساڵح منی بردە چەند خەستەخانەیەک و هیچیان وەریان نەگرتم چونکە (بەرگە)م پێ نەبوو. مامۆستا موحسین لە رووا دامابوو، لەگەڵما هات. کوڕەکە بردمی بۆ خەستەخانەی شوهەدا لە تەجریش. وتی: من پەرستارێک ئەناسم بەناوی خانم حوسێنی. پەرستارەکەی بانگ کرد و ئەو نەقالەیەکی هێنا و ساڵح ١٠٠٠ تمەنی دامێ و مامۆستا موحسین جوڵەی نەکرد و بردیانم و منیان لەناو قاوشێکدا دانا. سەعاتێکی پێ چوو دوو پاسدار هاتن و داوای وەرەقە و کیتابیان کرد. هیچم پێ نەبوو. چوون کوڕێکی عەرەبیان هێنا کە سەر بە مەجلیسی ئەعلا بوو. منیش کەمێک عەرەبیم ئەزانی و وتی خەڵکی کوێیت؟ وتم عێراق. پاسدارەکە تفێکی لێ کردم. عەرەبەکە پرسی: جەماعەتی کێیت؟ وتم جەماعەتی لەشکری ئیسلامیم کە تازە دروست کرابوو مقەڕەکەشیان وەک دواتر زانیم تەنیشت خەستەخانەکە بوو. دیاربوو پاسدارەکان پرسیبوویان ئەم کوڕە لەگەڵ ئێوەیە؟ ئەو وتبووی نەخێر. بە

عەرەبییە شەق و شڕەکەی خۆم زۆری لێ پاڕامەوە وتم وەزعم زۆر خراپە و بڵێ ئەندامی ئێمەیە. کابرا وتی نایڵێم و ئەوە مەسئولیەتێکی گەورەیە. ئەوان ڕۆیشتن و خانمی حوسێنی وتی وەک ئەبینیت خەستەخانەکە ژمارەیەکی زۆری بریندار لێیە و هەوڵ ئەدەم بتبەمە ژوورێکەوە.

بۆ بەیانی کەسێک هات و منی بردە ژوورێکی زۆر بچوکەوە و تەماشام کرد تەوالێتە و سەریان گرتووە. بۆ سبەینێی ئەو ڕۆژە مامۆستا جەعفەر هات و وتی هاتووم سەرێکت لێ بدەم و من ئەچم بۆ ئەڵمانیا و ڕۆیشت. من لەو ژوورەدا مامەوە و فەڕاشەکە نانی بۆ ئەهێنام و بە کەوچک ئەیکرد بە دەمما چونکە من توانای جوڵەم نەمابوو.

مانگێک لەو ژوورە مامەوە و جگە لە فەڕاشەکە هیچ کەسێک نەهات بە لامدا. دوای مانگەکە منیان بردە ژوورێکەوە چوار قەرەوێڵەی لێ بوو. دوو سستەر هاتن کە خۆبەخش بوون و لە بونیادی شەهیدەوە هاتبوون و جلەکانیان داکەندم. کە قاچمیان بەرز کردەوە هەردوو پاژنەی پێم بە چەرچەفەکەوە بەجێما و تا ئێستاش شوێنەکەی دیارە و لەشیان پاک کردمەوە و کراسی خەستەخانەیان لەبەر کردم و بەتانییەکیان پیا دام و جێیان هێشتم

مانگێکی تر بەو چەشنە مامەوە و کەس نەهات بە لامەوە. مورافیقی یەکێک لە نەخۆشەکانی ژوورەکە نانی ئەکرد بە دەممەوە. ڕۆژێک هاتن ویستیان چەرچەفەکەم بگۆڕن. پێست و گۆشت بە سمتمەوە نەمابوو. دکتۆرێکیان بانگ کرد و هات، وتی ئیلتیهابەکەی زۆرە و ئەبێت پاک بکرێتەوە. منیان بردە ژووری عەمەلیات و بەبێ بەنج کەوتنە بڕینی پێست و گۆشتەکەم و دکتۆرەکە ئەیوت هاوار مەکە غیرەتت هەبێ تۆ موبارز بوویت.

دوای ئەوە منیان بردەوە ژوورەکەی خۆم و یەک دەرمان و دەرزیی ئازارشکێنیان نەدامێ. زۆری نەبرد ئەو کوڕەی لای براکەی مورافیق بوو هاواری کرد و سستەرەکانی بانگ کرد. من خەریک بوو لە هۆش خۆم

ئەچووم. سستەرەکان هاتن و تەماشایان کرد لەو نایلۆنەی لەژێر پشتما رایانخستبوو خوێن رژاوەتە سەر زەوییەکە. خوێنیان تێ کردم و خوێنەکەم وەستایەوە. حاکم قاسم هەولێری هاتبووە سەردانی دکتۆر مەجید هەولێری کە بە قەسفی تەیارە لە سەرکردایەتی بریندار بووبوو. لەوێ بیستبووی من لەو خەستەخانەیەم. هات و سێ رۆژ لە خەستەخانەکە بەدیارمەوە بوو بەڵام جێگایان بەو نەدا و لەسەر زەوییەکە ئەنوست و پاش سێ رۆژەکە ئەویان دەرکرد.

حاکم قاسم چووبووەوە ئوتێل و هەواڵی منی بە برادەران دابوو. عەبدوڵا بچکۆل کە هاتبوو بۆ عیلاجی دەستی هات بۆ لام. رۆژێکی تر عەبدوڵا بچکۆل هاتەوە بۆ لام، کوڕێکی ریشن و قژ درێژ و چڵکنی لەگەڵدا بوو. وتی ئەم کوڕە ئەناسیت وتم نەوەڵا. وتی ئەوە کامەرانی براتە و لە سجنی پاسدارانی تاران رایکردووە و بەو فارسییەی کە فێری بووە منی دۆزیوەتەوە و وا هێناومە بۆ لات و ئێستا خەریکین بەپەلە رەوانەی لای خۆمانی بکەینەوە.

دلێری سەید مەجیدیش هات بۆ لام و وردە وردە کوردەکانی لای خۆمان سەردانیان دەکردم. رۆژێک کاک دلێرم لابوو. سستەرەکە هات بمگۆڕێت. کاک دلێر کە منی بینی وتی مردووت مرێ خۆ بە قەدەر هەرێمێک بریندار بوویت، ئەبێت ڤیزەی سوریات بۆ بکەم. ئەمە چوار مانگ بوو من لەو خەستەخانەیە بووم. ئەبوایە لەسەر لا و لەسەر ئەژنۆ بکەوم و هەموو لەشم بووبوو بە برین و برینەکانم قووڵ بووبوون. کاک دلێر لیزەپاسێکی بۆ دروست کردم کە یەک سەرە بوو، بۆ یەک مانگیش ئەیخوارد.

منیان بە نەقالە برد بۆ مەتار و دکتۆری مەتار هات و فەحسی کردم و وتی ناتوانم رێگەی بدەم سواری تەیارە بێت چونکە وەزعی زۆر خراپە. منیان بردەوە خەستەخانەکە و سێ هەفتە لەوێ مامەوە. رۆژێک کاک دلێرم لابوو، هیوا کاردۆیی هات. ئێمە لە پێشمەرگایەتیدا یەکتریمان ناسیبوو. پرسی

بۆ وا بێتاقەتن؟ کاک دلێر مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە و هیوا وتی ئەوە کەی موشکیلەیە؟ من زەمالەیان بۆ وەرگرتووم بۆ ئەڵمانیا و کاک دلێر ڤیزەیەکم بۆ سوریا بۆ بکە و لەسەر مەسئولیەتی خۆم ئەیبەم.

ڕۆیشتین و لەناو مەتاری تاران شۆڕشی کاک عەلی عەسکەری و ئەحمەد سەرگەڵوی لێ بوو. ئەوانیش وتیان ئێمەش زەمانەتت ئەکەین. سواری تەیارە کرام و لە مەتاری سوریا کاک دارۆ و مەنسوری حەفید و عەبدولڕەزاق کۆیی کە لە عیلاقات بوون منیان برد بۆ خەستەخانەیەکی عەسکەری. خەستەخانەکە زۆر پەرپوت بوو. کەسیش نەهات بەلامەوە. بۆ سبەی بەیانی کوڕێک هات



**لە ڕاستە: شێخ ئەحمەد سەرگەڵوی، جەبار ئەمین، ئەمیری برای شەهید سەلاحی موهەندیس.**

**ڕاکشاوەکە: کاوە حەمە ساڵح، لەپێشەوە هیوا کاردۆیی.**

**نەخۆشخانەی دیمەشق.**

و وتی من ناوم ئەمیر-ە و برای سەلاحی موهەندیسم و هاتووم بۆ خوێندن. دوو مانگ لام مایەوە و خزمەتی کردم. لەوێش هیچ عیلاجێکیان بۆ نەکردم. ئەمە بوو بە شەش مانگ کە بە عیلاج نەکراوی مامەوە.

رۆژێک کاک دارۆ هات و وتی کاک عومەری سەید عەلی وتویەتی بینێرن بۆ سوید. شۆڕشی کاک عەلی عەسکەری و جەبار ئەمین هاتن لەگەڵما و گەیشتینە سوید و لە مەتار دکتۆر حەمەسابیر و کاک حەمە چاوشین و مەحمودی مەلا عیزەتی لێ بوو. لەناو مەتارەکە تەحقیقیان لێ کردم. برادەران بە جەماعەتی سویدییەکانیان وتبوو ئەم کوڕە بریندارى ئێمەیە و منیان برد بۆ خەستەخانەی ئەکادیمیسکا لە ئۆپسالا. ئێمە شەو گەیشتین و یەکسەر دکتۆر هات و فەحسی کردم. وتبووی ئەمە سجن بووە؟ وتبوویان شەش مانگ لە خەستەخانەکان بووە. هەر ئەو شەوە بردیانم و دەرمانیان کردم و دەرزی خەویان لێ دابووم و بردبوویانم بۆ رەدهەی ئیلتیهابات کە کەس بۆی نەبوو سەردانم بکات. بەیانی کە خەبەرم بووەوە تەماشام کرد دکتۆر و سستەرم بەسەرەوەیە و موتەرجیمێکیان لەگەڵ بوو ناوی ساڵح فەیلی بوو. ئەو وتی: دکتۆرەکان وتوویانە تا ئیلتیهابەکەی تەواو نەبێت ناتوانین عەمەلیاتی بۆ بکەین.

من کە بریندار بووبووم دکتۆر هەژار لە بلەکێ ئامێرێکی لە میزەڵدانمدا بۆ دانابووم چونکە میزم بۆ نەئەکرا. دەبوایە ئەو ئامێرە پاش هەفتەیەک بگۆڕدرایە بەڵام من بۆم دەرنەهێنرابوو. لە سوید بەیانییەکەی عەمەلیاتی میزەڵدانیان بۆ کردم و شەش مانگ لە رەدهەی ئیلتیهابات مامەوە و دوای ئەوە گواستمیانەوە بۆ بەشی تەجمیل و پێستیان لە قاچم ئەبڕی بۆ سەر برینەکانم و ماوەی سێ مانگیش لەو قسمە لەسەر دەم کەوتم.

دوای ئەوە منیان گواستەوە بۆ بەشی عیلاج تەبیعی و برادەران کەوتنە سەردانیکردنم. بەیانییەک چاوم کردەوە شەونم خانی ژنی بارامی سەیدەلانیم



**لەراستەوە: جەبار ئەمین، كاوە حەمە ساڵح، خەباتی شێخ جەناب. نەخۆشخانەی ئۆپسالا - سوید، ١٩٨٢.**

بینی و وتی: چیت پێویستە من وەکو خوشکێکی خۆت یارمەتیت ئەدەم و ئەو زۆری خزمەت کردم و تا ئێستاش هاوڕێین. نازەنین خانی ژنی تەها باراویش زۆر خزمەتی کردم و تا ماوم قەرزاریم.

دوو ساڵ لەو خەستەخانەیە مامەوە و تا منیان وردە وردە راهێنا لەسەر عەرەبانە دانیشم و دوای ئەوە وتیان ئەتوانیت بچیتە دەرەوە. سویدییەکان هاتن بۆ لام و وتیان چۆن ئەتەوێت فێری زمانی سویدی ببیت؟ وتم حەز ئەکەم بخوێنم و مامۆستایان بۆ ناردم بۆ ماڵەوە. شەش مانگ دەرسیان پێ وتم و دواتر کردیانم بە موحاسیب و لە ساڵی ١٩٨٥-ەوە تا ٢٠١٦ ئیشم کرد و ئیجازەی سایەقیم دەرهێنا و بە ساڵێک و مانگێک ئیقامەم وەرگرت.







کاوە حەمە ساڵح، نەخۆشخانەی  سوید.

من له سلێمانی له چالاکیی قوتابخانه‌کان بووم و خالید سه‌رکار مامۆستام بوو. خالید ڕه‌شید هاوڕێی منالّیم بوو. له سوید هات بۆ لام و وتی بۆ تیپێک دانه‌مه‌زرێنین؟ ئه‌رده‌شێری زبرده‌ست فێری سه‌نتوری کردم و دواتر فێری ئامێری سێتار و ئاواز دانان و دابه‌شکردنیان کردم و ستۆدیۆیه‌کمان دامه‌زراند. ئاسۆی سه‌لّته هات بۆ سوید و له‌گه‌لّ خالید ڕه‌شید و عه‌دنان که‌ریمدا که‌وتینه کار و کاسێتی (ئه‌گه‌ر وتیان)م به ئاواز و دابه‌شکردنی خۆم دروستکرد و هه‌ر له ستۆدیۆکه‌ی خۆمان ته‌سجیلمان کرد. ئیتر که‌وتینه ئه‌وه‌ی به شاره‌کاندا بگه‌ڕێین و کۆنسێرت بکه‌ین. سالّی ١٩٩١ کۆنسێرتێکمان له یۆتۆبۆری هه‌بوو. دوای ته‌واوبوونی کۆنسێرته‌که ئافره‌تێک هات چلێک گولّی پێشکه‌ش کردم و ئه‌و باوکی کرماشانی و دایکی لوڕه. دواتر ئه‌وم هێنا و زۆر سوپاسی ئه‌که‌م که به‌رده‌وام خزمه‌تم ئه‌کات.

سالّی ٢٠١٦ وه‌زعم زۆر خراپ بوو. ئێم ئاڕ ئایان بۆ کردم و وتیان فه‌قه‌ره‌یه‌کی پشتت پوکاوه‌ته‌وه و دوو عه‌مه‌لیاتیان بۆ پشتم کرد. عه‌مه‌لیاته‌که هیچی له وه‌زعی من نه‌گۆڕی. دوای ئه‌وه شوێنه‌که‌ی تووشی برین بوو چونکه جوولّه‌م زۆر که‌م بووبوو. شه‌وێک له‌رز و تایه‌کی زۆر خراپم تووش بوو. ته‌له‌فونم بۆ ئیسعاف کرد و بردیانم و وتیان خوێنه‌که‌ت ژه‌هراوی بووه، ئه‌مه بێ هۆ نیه. ئه‌شیعه‌یان بۆ گرتم و ته‌ماشایان کرد ئیسقانی سمتم ڕه‌ش بووه‌ته‌وه و مه‌جبور کونیان کرد بۆ ده‌رکردنی ئیلتیهابه‌که. مانگێکی ڕێک خه‌ریکی ته‌داوی کردنم بوون له مالّه‌وه. ئیلتیهابه‌که نه‌ما و ٢٠٢٤/٢/٢٦ یه‌که‌م عه‌مه‌لیاتیان بۆ کردم بۆ پاککردنه‌وه‌ی ئیسقانه‌که. ٢٠٢٤/٢/٢٩ عه‌مه‌لیاتی دووه‌میان بۆ کردم. هه‌شت سه‌عاتی پێ چوو. له‌و عه‌مه‌لیاته‌دا برینه‌که‌میان داپۆشی. مانگێک له خه‌سته‌خانه مامه‌وه. دوای ئه‌وه هاتمه مالّه‌وه و له مالّیشه‌وه بۆم هه‌بوو ته‌نیا چوار نیو سه‌عات له شه‌و و ڕۆژێکدا دابنیشم.

دوای ئەوەی هاتمەماڵەوە لە هەفتەی یەکەمدا جووڵەیەکم کردبوو نەمزانیبوو چۆن بوو، حەوزم شکا. وردە وردە تووشی لەرزوتا بووم و قاچم شین بووبووەوە و ئاوسا بوو. من بە وەزعی قاچمم نەزانیبوو. خێزانم قاچمی بینی و پێی وتم کە وای بەسەر هاتووە. ئامبولانس جارێکی تر هاتەوە و منیان برد بۆ تەواری و لەوێ ئەشیعەیان بۆ گرتم و وتیان ئەبێت بە زووترین کات عەمەلیاتت بکەین. شەو بردیانم بۆ رەدهەی ئێسک و شکاوی و بۆ بەیانی عەمەلیاتیان بۆ کردم و پلاتینیان بۆ دانام و دوو هەفتە لەوێ مامەوە. دواتر هاتمە ماڵەوە. هەر لەسەر جێگەم و ئێستا باشترم ئەتوانم لە شەو و رۆژەکەدا چوار سەعات زیاتر دانیشم. چارەسەرم بەردەوامە و هەفتەی جارێک ئەچم بۆ عیلاج تەبیعی و هەندێک بەرنامەشیان لە ماڵەوە بۆ داناوم.



**کاوە مەجید محەمەد ئەمین سلێمان**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٢

کاک کاوە ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی پێنجوین لەدایکبووە و نۆ سەرخێزان بوون و بار و گوزەرانی ژیانیان مامناوەند بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و دەڵێت:

من ساڵی ١٩٨١ لە رێگەی عەباسەوە (ساڵی ١٩٨٢ لە گەڕەکی خەبات لە سلێمانی شەهید کرا) پەیوەندیم بە رێکخستنەوە کرد. کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ لە رێگەی رێکخستنەکانەوە چوومە ناوچەی شارباژێری سەخت بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی کە ئەو کات دانا ئەحمەد مەجید فەرماندەی تیپ بوو. پاش ماوەیەک چوومە کەرتی ٤ی پێنجوین کە حەمەومینی خەجێ فەرماندەی کەرت بوو (ساڵی ١٩٨٨ لە شاناخسێ بە کیمیاوی شەهید بوو).

چالاکیی ئەو کاتەمان مەفرەزە کردن بوو. شەوانە لە مۆڵگەی جاشەکانمان ئەدا و ئەگەڕاینەوە و زۆر جار چەک و کەلوپەلی سەربازییمان چنگ ئەکەوت.

ساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەمجار پێشمەرگە شەڕی جەبهەیی دەست پێکرد لە سنوری شارباژێر وناڵپارێز کە یەکێک بوو لە شەڕە هەرە قورسەکان. دوژمن کوژراوی زۆر بوو، چەک و تفاقی زۆری سەربازییمان دەست کەوت. ئێمەش بریندارمان هەبوو. مەفرەزەی پارتیزانیمان بەردەوام بوو. لە گوندی بەردەبەلە و گوڵانی ناوچەی شارباژێر شەو بۆسەیەکمان نایەوە و دوو سەیارەی سەربازیی تێکەوت. کوژراو و بریندار و دوو دیل دەستکەوتمان بوو. هەروەها شۆفرلێت و لاندکرۆزەرەکەشمان دەست کەوت و بۆ یەکەمینجار جیهازی راکاڵیشمان دەست کەوت. ئەم کەمینە بە سەرپەرشتی سالار قادری فەرماندەی مەفرەزە (لە شەڕی کەتوو شەهید بوو) و حەمەومین-ی مەسئولی کەرتمان بوو. ئیتر چالاکیمان بەردەوام بوو تا گەیشتینە ساڵی ١٩٨٤. مفاوەزات بوو. بۆ ماوەی ساڵێک چالاکیمان وەستا.

پاش تێکچوونی مفاوەزات، لە ساڵی ١٩٨٥دا شەڕ دەستی پێکردەوە. ئەمجارە شەڕی پارتیزانی کەم بووەوە و شەڕی جەبهەیی دەستی پێکردەوە کە یەکێک لە شەڕە هەرە قورسەکان شەڕی شارباژێر بوو. ئەم شەڕە بە سەرپەرشتی کاک جەبار فەرمان بوو. شەهید و برینداری زۆرمان هەبوو. یەکەم شەهید عەلی چوارتایی بوو کە فەرماندەی تیپی ٣١ی سلێمانی بوو. جەمال شارباژێری چووە سەر دەبابەکە و روممانەی تێ کرد و خۆشی شەهید بوو. بریندارێشمان هەبوو لەوانە فایەق سابیر ساڵح. هێزی پێشمەرگە بەرەو دۆڵی جافایەتی کشاینەوە بەڵام مەفرەزەمان هەر لەوێ مابوو.

ساڵی ١٩٨٥ چووینە دۆڵی جافایەتی و لە قەیوانی گەورە جێگیر بووین. وردە شەڕ هەر بەردەوام بوو. ١٩٨٦/٩/١ شەڕی قەیوان - ماوەت دەستی پێکرد و سێ مانگی خایاند. حکومەت لە کارێزە و سورەقەڵات و دۆڵەڕووت و ناوچەی شارباژێر و کارێزەوە بەردەوام هێرشی دەکرد بۆ سەر هێزی پێشمەرگە. پێشمەرگە سێ مانگ ناوچەکەی پاراست (تیپەکانی ٣٧ی شارباژێر

و ٣١ی سلێمانی و ٤٧ی پیرەمەگرون و ٥١ی گەرمیان و ٥٣ی شیروانە و ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوغ بەشدار بوون). سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی شەڕەکە کاک مولازم عومەر و قادری حاجی عەلی و شێخ دارای حەفید بوو کە خۆی مەسئولی مەڵبەندی ٢ بوو. دواتر حکومەت هەندێک شوێنی لێ گرتین. ئێمە لە ناوچەی ولاغلو و مالومە و گاپیلۆن لە دۆڵی جافایەتی جێگیر بووین.

ساڵی ١٩٨٧ بە سەرپەرشتی جەنابی مام جەلال و کاک نەوشیروان هێزی پێشمەرگە تەشکیل کرا کە پەلاماری هەموو مقەڕ و سەربازگە و هێزەکانی دوژمن درا هەر لە شارباژێرەوە تا دۆڵی جافایەتی و نزیک دوکان. شەڕەکە شەوی ١٤/١٣ی ٤ی ١٩٨٧ بوو. ئەو شەڕە ناوی لێ نرا داستانی ڕزگاری. من لەو شەڕەدا زۆر بە سەختی باڵی ڕاستم بریندار بوو. ئەو شەوە بە سەدان ڕەبیەی دوژمن گیرا. چەندین مقەڕی فەوجی دوژمن و ڕەبایە گیرا و چەک و تفاقێکی زۆری سەربازی دەست هێزی پێشمەرگە کەوت. لەو داستانەدا شەهید و برینداری زۆرمان هەبوو. کۆمەڵێک پێشمەرگە لە شارباژێر شەهید بوون و ڕژێم بە کۆپتەر هەڵی گرتنەوە و لە موعەسکەری سیتەک کردیانن بە ژێر خاکەوە. کەرتی ٤ی تیپی ٣١ی سلێمانی ئەو شەوە دوو شەهیدیان هەبوو، جەمالی حەمە کەریم پێنجوینی فەرماندەی کەرت و عەبدوڵا ڕۆستەم پێنجوینی. من کە بریندار بووم بردیانم بۆ خەستەخانەی فریاکەوتن لە گوندی پیرکە کە د.فایەق گوڵپی لەوێ بوو. ئەو تیماری کردم و دواتر ناردیانم بۆ خەستەخانەی شۆڕش لە بەرگەڵو. لەوێش هەندێک چارەسەریان بۆ کردم. دوایی چوومەوە بۆ بارەگای خۆمان تا سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی و ناوچەی سەرکردایەتی. ئەو ساڵە بەفرێکی زۆر باریبوو. حاڵم زۆر خراپ بوو. بۆ چارەسەر ناردیانم بۆ ئێران بۆ شاری سەقز و پاش هەندێک چارەسەر ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی تەبرێز. سێ مانگ لەوێ مامەوە. دوای

ئەوە هاتمەوە بلەکێ کە بارەگامان لەوێ بوو. مامۆستا جەمال محەمەد ئامر بەتالیۆن بوو، قادر حاجی عەلی سەرپەرشتی بەتالیۆنەکانی ئەوێی دەکرد و لەوێ ماینەوە تا راپەڕین.

له ١٩٩١/٣/٥ دا بەرەو کوردستانی باشوور بەڕێ کەوتین و هاتینەوە و هەر پێشمەرگە بووم. فەرماندەی بەتالیۆنی تیپی لەشکری ١ دلاوەری حاجی عوسمان بوو. کاک جەبار فەرمان فەرماندەی لەشکرەکان بوو. بەو شێوەیە لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بووم. لە ساڵی ١٩٩٣ - ١٩٩٤ کاتی شەڕی ناوخۆ لە گوندی گێلەک دەستی راستم بریندار بوو. گەیشتمە حاڵەتی مردن. رەوانەی خەستەخانەی سلێمانییان کردم و د.راژان و د.فایەق گوڵپی عەمەلیاتیان کردم. دوای ئەوە هەر بەردەوام بووم و لە فەرماندەیی شارباژێر بووم بە بەرپرسی پشکنین و بەدواداچوون تاکو پرۆسەی ئازادیی عێراق. دوای ئەوە وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و پۆلیسی کارەبا و نەوت و گاز و دارستانیان دامەزراند. سەرەتا کرام بە جێگری بەڕێوەبەری دارستان، دواتر بە بەڕێوەبەری دارستان.

لە ساڵی ٢٠٠٦ دا مەنفەزی باشماخ و سەیرانبەن کرایەوە و من کرام بە بەڕێوەبەری مەنفەزی سەیرانبەن. دواتر بە حوکمی کەمئەندامییەکەم گەڕامەوە بۆ کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر. پلەکەم لیوایە.



**کەریم عەلی محەمەد**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٩

کاک کەریم، ساڵی ١٩٦٠ لە هەڵەبجە لەدایکبووە و نۆ سەرخێزان بوون و ئاستی بار و گوزەرانی ژیانیان مامناوەندی بووە و دەرچووی خانەی مامۆستایانە بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٧٧-١٩٧٨ و دەڵێت:

من خوێندکاری پۆلی سێی خانەی مامۆستایان بووم کە مامۆستا پشکۆ نەجمەدینی پوررزام تەنزیمی کردم بۆ ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی - لینینی.

لە ١٩٧٨/١٢/٢٥دا بە تەزکیەی محەمەد ئاوات سدیق چوومە دەرەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هاوار کە مامۆستا سەرکەوت عوسمانی هەڵەبجە بەرپرسی بوو.

پاش چوار مانگ مەلا بەختیار بە جەولە هات بۆ مەنتیقەی هەورامان و پێی وتم بچۆ بۆ سەرکردایەتی بۆ بەشی ئیعلام چونکە تۆ خوێندەواریت.

ئەوکاتە مامۆستا جەعفەر بەرپرسی بوو، پشکۆ ناکام مەسئولی ئیزاعەکە بوو، ئیزاعەکە لە داوداوێ بوو. ساڵێک دواتر بووم بە رابەر سیاسیی کەرتی ٤ی هەرێمی یەک و چەندین چالاکیمان کرد.

ساڵی ١٩٨٠ کۆنفرانسی محەلی لە دۆڵپەموو کرا. منیش ئەندام بووم. ئەوکاتە کاک ئازاد هەورامی مەسئولی ئەو ناوچەیە بوو. دوای کۆنفرانسەکە من گەڕامەوە بۆ هەورامان و کرام بە ئەندامی رێکخراوی شارەزوور و سیروان کە کاک کەمال شاکر بەرپرسی رێکخراو بوو.

هێزیان کۆکردەوە بۆ بەرگری کردن لە سەرکردایەتی.

ئێمەیان لە شارەزور هێشتەوە بۆ چالاکی. ئەوکاتە حکومەت تەعویزی بۆ خەڵکی لادێ راگوێزراوەکان دەرکرد. من بووم بە لێپرسراوی کۆکردنەوەی تەعویز لە سنوری هەڵەبجە. بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتییەوە لە رۆژی ١٩٨١/٦/١ لە سەرکردایەتییەوە بڕیار درا مونەزەمەی زەمەقی بگرین.

ئەوکاتە کاک حامی ئامر هەرێمی شارەزوور بوو. ئێمە لە هەورامان دە پێشمەرگە مابووینەوە و هێزەکەی کاک حامی ٨٠ پێشمەرگە بوون. ئێمەش داوا کراین کە هاوکاریان بین. ئەو شەوە پەلاماری مونەزەمەمان دا و چووینە حەوشەی مونەزەمەکە شەش حەوت قەرەوێڵە دانرابوو. بە خۆڵ و بەرد کردبوویان بە ساتر. مونەزەمەکە جەیشی شەعبی لێ بوو. دە کەسمان چوونە سەر ساترەکان و پێنج پێشمەرگەش دیاری کران کە بچنە ناو مونەزەمەکە، کە من یەکێک بووم لەوانە. کە چووینە ژوورەوە خەبەریان بووەوە و تەقە دەستی پێکرد. من پێکرام و چوومە ژێر قەرەوێڵەیەک. جەیشی شەعبییەکان هەشت کەس بوون، پێنجیان کوژران و یەکێک بەدیل گیرا و یەکێکیش خۆی شاردبووەوە و یەکێکیشیان خەتمائیلی خۆمان بوو، هەر ئەویش ئێمەی بردە مونەزەمەکەوە.

شەڕەکە تەواو بوو. بانگی حەمە تۆفیقی پوورزام کرد (١٩٨١/١٢ لەناو

هەڵەبجەدا شەهید بوو) ئەو لەگەڵ عەریف کەریم هەڵەبجەیی و عومەری حاجی مەحمود و ساڵحی مەجیلان (١٩٨٦ لە زەڕایەن شەهید بوو) هاتن و زامەکەیان بۆ پێچام و بردیانم بۆ ناو دێی زەمەقی. لە زەمەقی تراکتۆریان بۆ گرتم و بردیانم بۆ گوندی بەشارەت و ئەو شەوە لەناو کۆمەڵێک دار و درەختا شاردمیانەوە و حەمە تۆفیق و عەریف کەریم لەلام مانەوە و هێزەکەش چوو بۆ ئالان و حاسڵ.

سەعات ٩ی بەیانی حەمە تایەر بەشارەتی هاتەوە بۆ لام و ناردم بە شوێن حەمەی حاجی شەریفی زاوام دا کە ئەویش تەنزیم بوو. سەعات ١١ی سەر لە بەیانی حەمەی زاوام، کاوەی معاون توبی هێنا برینەکەی بۆ پاککردمەوە و پێچایەوە و دەرزی لێ دام و رۆیشتنەوە.

ئێوارە کاک حامی بە جێبەکەیەوە لەگەڵ دوو پێشمەرگەی لای خۆم هاتنە لام و لەگەڵ سایەقی سەیارەکەی کاک حامید دا سەریان خستم کە ناوی عوسمان عەلی رەشید هەڵەبجەیی بوو. بردیانم بۆ دێی سۆیلەمیش. بۆ سبەی شەو بردیانم بۆ کانی سپیکەی پەرخ. لەوێ سەیارەمان نەبوو ئێستریان بۆ هێنام و حەمە تۆفیق و عەبدولی حاجی حەمە شەریف و عەریف کەریم و ساڵحی مەجیلان و هێرشی مام ساڵح لەگەڵما هاتن و چووینە هەوارەکانی پەرخ بۆ ماڵی حەمەی حاجی سابیر و ئیسراحەتمان کرد و دواتر بردیانم بۆ پاڕەزان. لە پاڕەزان بووین و بۆ ئێوارەکەی ماڵی باوکم هاتن و بردیانم بۆ بلەکێ کە کاک بەکری حاجی سەفەر (لێپرسراوی هەرێمی ٣)ی لێ بوو. کاک بەکر ١٠٠ دیناری دامێ. ئەمە ئەو رۆژە بوو کە تەقینەوەیەک لە ئێران روویدا و ٧٢ کەس لە سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تیا کوژرا. واتە ٢٨/ حوزەیرانی ١٩٨١.

کاک بەکر وەرەقەی بۆ کردم وتی بیبەن بۆ سەردەشت و لەوێ کەمال پیرۆتی لێ بوو کە نوێنەری یەکێتی بوو. منیان برد بۆ خەستەخانەی

سەردەشت و لەوێ حەمە تۆفیق و عەریف کەریم هاتن لەگەڵما. ئەوکاتە نێوان شارەکان بەدەست کۆمەڵە و دیموکراتەوە بوو. بۆیە ئیسعاف نەبوو. دوای سێ ڕۆژ مانەوە بە هەلیکۆپتەر بردیانم بۆ بانە. دوای چەند ڕۆژێک هەر بە هەلیکۆپتەر منیان برد بۆ نەخۆشخانەی نەغەدە و هێشتمیانەوە و دواتر بە قیتار بردیانم بۆ تاران و معاون توبییەکی خەستەخانەشیان لەگەڵ ناردم. لەوێ بردیانم بۆ خەستەخانەی سوپا، ئەوێ زۆر قەرەباڵغ بوو. ناچار بردیانم بۆ نەخۆشخانەی شفا یەحیاییان. کە چووین وتیان جێگە نیە. من ئازارم زۆر زۆر بوو. دکتۆرەکان تورک بوون. خوا ڕەحمی کرد دکتۆرێکی کورد هات و وتی من دکتۆری هەناوم و شوێنێکم چۆڵە و وەرە تا لە شوێنی پێویست جێگەت بۆ ئەکرێتەوە. ئەو معاون توبییەی ناردبوویان لەگەڵما خەڵکی تاران بوو کە منی تەسلیم کرد ئیمزایان پێ کرد و ئەو ڕۆیشت.

دوای دوو سەعات هاتن بەدوامدا و شوێنێک چۆڵ بوو بوو، هەمیشە دۆعای خێر بۆ دکتۆرە کوردەکە ئەکەم. لەوێ قاچی ڕاستیشیان بۆ کون کردم و شیشیان تێ کرد بۆ ئەوەی دواتر قاچم کورت نەبێتەوە و چەند کیلۆیەکیان بە قاچمەوە هەڵواسی چونکە نزیکەی مانگێک بوو من بریندار بووبووم. دوای مانگێک بردیانمەوە بۆ عەمەلیات دوو پلاتینیان بۆ دانام.

لەو نەخۆشخانەیە خزمەتی زۆریان کردم و هەر ژوورێک دوو نەخۆشی تیا بوو، ڕۆژانەش دوو پاکەت جگەرەیان ئەدامێ. دکتۆرە کوردەکەش ماڵی ئاوا بێت ڕۆژانە سەری ئەدام. ئەوکاتەی لە نەخۆشخانە بووم کاک نەوشیروان و کاک مولازم عومەر و هاووڵاتیانی لای خۆمان سەردانیان ئەکردم. ئەو کاتەی من لە خەستەخانەکە بووم بەنی سەدر و ئاغای ڕەفسەنجانی سەردانی بریندارەکانیان کرد و کۆمەکێکی باشیان کردین. دوای دوو مانگ ناردیانم بۆ ئوتێل پارس. ئێران بۆ هەر حزبێک ئوتێلێکی دابین کردبوو. سێ مانگ لە ئوتێلەکە مامەوە و مامۆستا موحسین سەرپەرشتی ئوتێلەکەی ئەکرد.

دوای سێ مانگەکە بەپێی وەرەقەکەی کە خەستەخانەکە خۆیان دابوویانمێ چوومەوە بۆ خەستەخانە و فەحسیان کردم و دەرمانیان دامێ و وتیان شەش مانگی تر وەرەوە بۆ دەرهێنانی پڵێتەکە.

کە گەڕامەوە ئوتێل، بیستم کە بەینی ئێران و یەکێتی لەسەر کۆمەڵە و دیموکرات تێک چووە و وتیان مامۆستا موحسینیان گرتووە و ئێوەش خۆتان دەرباز کەن. من خۆم دەرباز کرد و چووم بۆ ناوزەنگ ئیتر نەمتوانی دوای شەش مانگەکە بڕۆمەوە بۆ خەستەخانەکە. دکتۆر عەبدولڕەحمان هەڵەبجەیی لە ناوزەنگ بوو کە ناسرابوو بە دکتۆر هەژار. وتی ئەگەر پڵێتەکە دەرنەهێنرێت ئێسقانەکەت رەش ئەکاتەوە. لەگەڵ شێخ عەلی کەشکۆڵ چوومە خزمەت مام جەلال و تەقریرەکەی دکتۆر هەژاریشم پێ بوو. مام جەلال وتی من پارەت بۆ سەرف ئەکەم بەڵام لەسەر مەسئولیەتی خۆت بڕۆ. دواتر وتی بڕۆ بۆ لای جەماعەی حزبی بەعسی یەساری کە مقەڕەکەیان هەر لە ناوزەنگ بوو. چووین وەرەقەیان بۆ کردم و لەگەڵ کاک عەلی شامار و شێخ تالب و عومەری حاجی مەحمود چووین بۆ سەردەشت و لەوێوە بە پاس چووین بۆ تاران و من چووم بۆ خەستەخانەکە و لەوێ منیان ناسییەوە و وتیان ناتوانین هیچت بۆ بکەین و لەوانەیە دەستگیریشت بکەن و بچۆرە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی.

ئەوکاتە کاک دلێری سەید مەجید بە ناوی خوازراوەوە لە تاران بوو. چووم بۆ لای و وتی بڕۆ بۆ نەخۆشخانەکە و من پارەت بۆ سەرف ئەکەم، چووم بۆ خەستەخانەیەکی ئەهلی ناوی ئەپادانا بوو. دکتۆرەکە رووسی بوو ناوی گوشە بوو. عەمەلیاتی بۆ کردم و دوو شەو مامەوە و هاتمە دەرەوە. کاک عەلی شامار وتی با لە تاران نەبین و بچینە ئەراک. چووینە ئەراک و دە رۆژ ماینەوە. کە دکتۆرەکە عەمەلیاتەکەی بۆ کردم وتی دوای دە رۆژی تر وەرەوە. چوومەوە بۆ خەستەخانە و دکتۆرەکە وتی سێ سانتیم و نیو قاچت کورت بووەتەوە. پلاتینەکەش دەر نایەت. دوای ئەوە چوومەوە لای



کەریم عەلی محەمەد، هەڤاڵ مام جەلال، حەمەی حەمە سەعید، ١٩٩٨.

کاک عەلی و وتی وەزعەکە زۆر خراپە و با هەریەکەمان بەجیا بڕۆینەوە. من چووم بۆ قەزوین بۆ ماڵی عەلی شیعە (شەهید). میوانێکیان هەبوو وتی من مەسئولێکی حزبی ئیسلامی ئەناسم ناوی حسێن فەیلییە و ئەتبەم بۆ ماڵیان. منی برد و وەزعەکەم تێگەیاند و وەرەقەی بۆ کردم تا سەردەشت و لەوێوە بە قاچاغ گەڕامەوە بۆ ناوزەنگ و نۆ مانگ لە مقەڕی عەلی کەشکۆڵ بووم. دوای ئەوە کاک عەلی کرا بە لێپرسراوی مەڵبەندی شارەزوور و پێکەوە گەڕاینەوە بۆ شارەزوور. پاشان چوومە مەڵبەندی یەک و بووم بە ئەندامی کۆمەڵایەتی کە لێپرسراوەکەی حەمەی حاجی سابیر بوو.

ساڵی ١٩٨٣ لە رەزڵە و پاڕەزان بووین. شەڕی عێراق و ئێران تەواو گەرم بووبوو. ئێران پشتی پێنجوینی گرت و جەیشی عێراقی تێک شکاند.

شوێنەکەی ئێمە وەک خەلفیی جەبهەی لێ هاتبوو، بۆیە بڕیار درا بەرەو مەنتیقەی قەرەداغ بڕۆین. چووین و لە سێوسێنان مقەڕمان دانا. دوای ماوەیەک دەنگۆی مفاوەزات بڵاو بووەوە.

٨٤ مفاوەزات بوو چووم بۆ لای حاکم قادر لە گورگەدەر و ئاوات قارەمانی لەوێ بوو. ئەوان ناوی برینداریان ئەنووسی بۆ رەوانە کردنیان بۆ بەغدا. ناوی منیشیان نووسی. ئێمە سێ بریندار بووین من و عەبدوڵڵا پێنجوینی و مارف ناوێک چاوی کوێر بووبوو. دوای ناو نووسینەکەم بە سەیارەی دکتۆر هەژار لەگەڵ کەمال شاکر چووینە سلێمانی. لەوێ بە ئیسعاف بردیانین بۆ کەرکوک و چووینە لای شوانەی تەنسیق و ئەو وەرەقەی بۆ کردین و لەگەڵ دوو کەسی تردا (ئەنوەر پێنجوینی کە لووتی نەمابوو، خدر ناوێکی خەڵکی رانیەش کە قاچێکی پەڕیبوو) بە ئیسعاف بردیانین بۆ مەدینەی توب. کە گەیشتین وتیان ئێوارەیە و بەیانی وەرنەوە. چووینە ئوتێل عەبدوڵا خاوەنەکەی تەلەفونی بۆ ئیستخبارات کردبوو. ئەوان هاتن بمانگرن. ئێمە عەرەبیمان نەئەزانی. دوو سێ کوردی لێ بوو یارمەتیان داین و وەرەقەکەیان نیشانی ئیستخباراتەکان دا و ئەوانیش لە ساحێبی ئوتێلەکە توڕە بوون وتیان بۆچی تەلەفونت کردووە.

بۆ بەیانی چووینە خەستەخانەکە و دواتر چاوی شووشەیان بۆ مارف دروست کرد و قاچی دەستکردیشیان بۆ خدر دروست کرد.

بە من و عەبدوڵایان وت هیچمان بۆ ئێوە پێ ناکرێت. رۆیشتمەوە کەرکوک و لەوێ شوانەی تەنسیق وەرەقەی بۆ کردم بۆ سلێمانی. چوومەوە بۆ مقەڕ کە ئەوکاتە هاتبووە کانی پانکە. لەوێ ماینەوە تا ئەوکاتەی سەید کەریم و هاوڕێکانی شەهید کران و ئێمە چووینەوە هاوار و هەورامان تا ساڵی ١٩٨٨. دوای ئەنفال چوین بۆ ئێران و لە راپەڕیندا هاتینەوە و من بووم بە رابەر سیاسیی هێزی سێ کە فەلاحی حەمەبۆر ئامر هێزی بوو.

پاش ماوەیەک کاک عومەر فەتاح وتی ئەبێت ببیت بە ئەندامی کۆمیتەی هەڵەبجە. لە هەڵەبجە دەزگایەکمان دامەزراند بەناوی دەزگای پەروەردە و چەندین مەکتەبمان کردەوە، چونکە هەڵەبجە وێران بووبوو. دواتر کرام بە کارگێڕی کۆمیتە و پاشان بە مەسئولی کۆمیتە تاکو ساڵی ١٩٩٨ مەسئولی کۆمیتە بووم.

ئێستا بە پلەی عەمید خانەنشینم لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر.



**کەمال مەحمود عومەر (کەمالی حاجی مەحمودی گەڵاڵە)**

٢٠٢٥/٢/١٦

کاک کەمال پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی گەڵاڵە - شارباژێر لەدایکبووە و دوانزە سەرخێزان بوون و گوزەرانی ژیانیان باش بووە و دەرچووی قۆناغی سەرەتاییە و برای شەهیدان عومەر (ساڵی ١٩٧٨ لە دەشتێو شەهید بووە) و محەمەد (ساڵی ١٩٨٠ لە کارێزە شەهید بووە) و حەسەن ناسراو بە قارەمان (ساڵی ١٩٨١ لە سێکانیان - سەرگەڵو شەهید بووە). حەبیبەی خوشکی و خونچە محەمەدی برازای ١٩٨٨/٣/٢٣ لە سونێ ئەنفال کراون و ئەڵێت:

جگە لە سێ شەهیدەکەی برام ئەمەش ناوی برا پێشمەرگەکانی ترمە، عەلی (کەمئەندامی سەنگەر) کۆچی دوایی کردووە، و حسێن و عوسمان و جەمال

ئێمە چووینە هەرێمی چوار کە باوکیشم لەوێ پێشمەرگە بوو. کە هەرێمەکان نەمان، ئێمە بووین بە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون. ساڵی ١٩٨٥ نەقڵ

بووین بۆ تیپی مەڵبەندی دوو لە سەرگەڵوو. بەشداریی شەڕەکانی سنوری خۆمانم کردووە لەوانە شەڕی سورداش و قوڵە پوشینە و سەر جادەی دوکان – سلێمانی. لە مانگی ١٩٧٨/١١دا بەشداریی شەڕی گرتنی مقەڕ فەوجی تەوەکەڵ و گرتنی ١٢ رەبایەم کرد. بۆ ئەم شەڕە تیپەکانی مەڵبەندی ٢، ٢٥ی خاڵخاڵان، ٢١ی کەرکوک، ٢٣ی سورداش و ٣١ی سلێمانی بەشدار بوون. کاک وەهاب لێپرسراوی عەسکەریی تیپی مەڵبەندی ٢ بوو. غەریب عەسکەری سەرپەرشتی تیپی ٢٣ی سورداشی دەکرد. هەر تیپە و شوێنی دامەزراندنی کەرتەکانی بۆ دیاری کرا. کەرتەکەی ئێمە و کەرتی شوان موغاغی و کەرتی تیپ بەر شوێنی نزیکی موعەسکەرەکە کەوتین کە عەلی حاجی مەحمودی برام ئامر کەرت بوو. هەموو مقەڕ و هەر دوانزە رەبایەکەمان گرت و ١٨ جوندیمان دیل کرد.



کەمال مەحمود عومەر.

گەڕاینەوە لە کاتی رۆیشتندا بەینی هەردوو پێشمەرگەیەک دیلێکمان لەبەیندا بوو. دیلەکەی بەردەمم هەر بە فیشەکی دەستی جاشەکان خۆیان کوژرا. جاشەکان خۆیان کە شەڕی ئێمەیان دەکرد دوو جوندی و دوو جاشی تریان کوشت.

گەیشتینە گوندی عەسکەر و بۆ شەوەکەی پەڕینەوە بەرەو بارەگای خۆمان کە لە هۆمەر قەوم بوو. لە رێگەی نێوان سورداش و هۆمەر قەومدا

کەوتینە کەمینی جاشەکانی عومەر عارەب کە غەریب کونجرینی فەرماندەیان بوو. لەو کەمینەدا عەبدوڵای باوەمەندانی لە کەرتەکەی شوان موغاغی شەهید بوو. من بە فیشەکی بیکەیسی قاچی راستم لە پشتی ئەژنۆمەوە شکا و ئێستا ناتوانم قاچم بنوشتێنمەوە. کاک حەمە عەلی برام پێی بریندار بوو، و برایم جوبڵاغی چاوی لەدەست دا.

من کە بریندار بووم هەرچۆنێک بوو بە سنگەخشکێ خۆم گەیاندە قەراغ جادەکە و هەورازێک بوو کەوتمە خوارەوە.

جاشەکان هاتنەوە سەرمان و چەکەکانی شەهید عەبدوڵا و برایم جوبڵاغی بریندار و ئارپیجییەکەیان برد. کاتێک خۆیان کۆکردەوە بڕۆن، هاتنە قەراغ جادەکەی کە من لە هەورازەکەوە کەوتبوومە خوارەوە و رومانەیەکم پێ بوو ویستم تێیان گرم. بەڵام یەکێکیان قاچی نابووە سەر بەردێک و بەردەکە تلۆر بووەوە و بەر سەرم کەوت و ئیتر نەمتوانی رومانەکە هەڵدەم. ئەوان رۆیشتن. پێشمەرگەکان هاتن و منیان سەرخستە سەرەوەو بە پشتێنەکەی خۆم قاچیان بۆ پێچام و خستمیانە ناو بەتانییەکەوە و تراکتۆرێکیان هێنا و من و برایم و کاک حەمە عەلی برام و عوسمانی کاکەمینیان سەرخست و بردیانین بۆ خەستەخانەکەی بەرگەڵو. خالید گەڵاڵەیی و ئەحمەدی حاجی ساڵحی گەڵاڵەییش هاتن لەگەڵمان.

لە خەستەخانەکە دکتۆر موحسین و دکتۆر بەیان و دکتۆر ئارش و دکتۆر شوان و سێ ئافرەتی سستەری لێ بوو. بە درێلی دیوار کونکردن قاچیان بۆ کون کردم بە دوو بورغوو بەستیانەوە و چەند کیلۆیەک بەردیان بە قاچمەوە بەست.

شەش مانگ لەو خەستەخانەیە مامەوە. ئێمەی بریندار (من و کاک حەمە عەلی برام و بەکر چاوشینی خەلەکان و فاخیر و رەشیدی دەستەکەی کاک کۆسرەت و چەند بریندارێکی تر و حسێنی براشم وەک هاوکار) لەلایەن



**کەمال مەحمود عومەر، نەخۆشخانەی تەبرێز ١٩٨٨/٣/١.**

قەرارگای رەمەزانەوە براین بۆ شاناخسێ. لە شاناخسێ عیلاجیان بۆ کردین و شەوەکەی بە پاس بردیانین بۆ خەستەخانەی شوهەدا لە تەبرێز. لەوێ دکتۆر لەواسانی سەرلەنوێ عەمەلیاتی قاچی بۆ کردمەوە و بورغووەکانی بۆ دەرهێنام و پلاتینی لە شوێنی دانا.

لەو ماوانەدا دکتۆر خەسرەو کە مەسئولی عیلاقات بوو لە تەبرێز لەگەڵ دکتۆر موحسیندا چەند جارێک سەردانیان کردین. دوای ئەوە بردیانین بۆ نەقاهەتگای تەبرێز و لەوێش خزمەتی باشیان کردین. بە هەمووی شەش مانگ لە تەبرێز ماینەوە. دوای ئەوە بردیانین بۆ مقەڕی عیلاقاتی یەکێتی لە شاری سەقز.

کە ئەنفال بووبوو ماڵی باوکم هاتبوونە ئێران و لە شاری سەردەشت

بوون و دوای دوو مانگ ئێمەش چووین بۆ سەردەشت. من هەر دارشەقم پێ بوو. تا کاتی ئەوە هات پارتیزانەکان بچنەوە قولایی کوردستان.

داوام لە کاک شوان موغاغی کرد منیش لەگەڵ خۆیان بەرن. باوکم لێم عاجز بوو. وتی رۆڵە تۆ چۆن بە قاچێکەوە پارتیزانیت پێ دەکرێت و مەچۆ با نەبیت بە بار بەسەریانەوە. بەڵام من هەر سوور بووم لەسەر رۆیشتن. ئەوە بوو باوکم لای کاک نەوشیروان و کاک مولازم عومەر شکاتی لێ کردم و ئەوانیش هەمان رای باوکمیان هەبوو.

لە راپەڕیندا بەشدار بووم و بەشداریی شەڕە داسەپێنراوەکانی ناوخۆم کردووە و بەشداریی شەڕی داعشم لە قەرەتەپە لەگەڵ شوان موغاغی دا کردووە کە ١٢ شەهید و کۆمەڵێک بریندارمان هەبوو، کە یەکێک لە بریندارەکان کاک شوان موغاغی بوو.

من و کاک حەمە عەلی برام هەر بەیەکەوە بووین. ئەو سێ جار بریندار بوو. جارێکیان شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤ لە داستانی رزگای لە قۆڵی بێجار بووین فیشەک بەر دەستی کەوت، و لە کەمینی جاشەکان لە سنوری نێوان سورداش و هۆمەر قەومیش بریندار بوو کە منیش وەکو باسم کرد هەر لەوێ بریندار بووم و هەر لە ساڵی ١٩٨٧ دا بوو لە شەڕەکەی کانی خان دا کە کاک عەلی برام ئامر کەرت و شوان موغاغی ئامر کەرت و خالید کرژەیی ئامر کەرت بوون و سەرتیپەکەمان مستەفا سەرگەڵوویی بوو کاک عەلی برام زۆر بە سەختی حەوزی سەقەت بوو. بە پەلە گەیەنرایە بەرگەڵو. لەوێ عەمەلیاتیان بۆ کرد و پاشان ناردیانە تەبرێز و هەر چارەسەری نەکرا و دواتر رەوانەی نەخۆشخانەی ئیتاڵیا کرا بۆ چارەسەر. بەداخەوە کاکە عەلیم لە ساڵی ٢٠٢١ دا کۆچی دوایی کرد.



لەڕاستەوە: کەمال گەڵاڵەیی، ئەنوەر خواڕەحم، ئەحمەد ساڵح، کەمال قەرەنگۆیی، نەناسراوەتەوە، ناوەڕاست: شەریفی قورئانی، برایم، ڕێبوار چاوجوان، دانیشتوان: هەڵمەت گەڵاڵەیی، حەمیدی عەلی بەیانی.

کەرتی یەکی مەڵبەندی دوو، شاخی هەلاج - ١٩٨٥.



شەهید عومەر مەحمود

١٩٤٩ - ١٩٧٨



شەهید حەسەن مەحمود

١٩٥٧ - ١٩٨١/٨/٣٠



شەهیدی ئەنفال عایشە مەحمود عومەر

١٩٥٢ - ١٩٨٨/٣/٢٧



شەهیدی ئەنفال خونچە عەبدولڕەحمان مەحمود

١٩٧٦ - ١٩٨٨/٣/٢٧



**محەمەد خدر بازدید (محەمەد رەژوکەری)**

یەکشەممە ٢٠٢٥/٢/٢٣

کاک محەمەد ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی رەژوکەریان/ وەرتێ لەدایکبووە و نۆ سەرخێزان بوون و گوزەرانیان باش بووە و ئەڵێت:

کۆتایی مانگی ١٩٨٣/١ حەسەن کوێستانی (لە ١٩٩٤/٥/١٧ لە حاجی هۆمەران شەهید بوو) مەڵبەندی ٣ی لە بۆتێ-وە گواستەوە بۆ رەژوکەریان

من وەکو رێکخستن پەیوەندییم بە حەسەن کوێستانییەوە کرد لە کەرتی گادەر. نامەم ئەهێنا و ئەبرد و هاتوچۆی سۆرانم دەکرد و بەیاننامەم بڵاو دەکردەوە و رێنوێنیی پێشمەرگەم دەکرد. ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندییم بە کەرتی ٤ی تیپی ١٢ی سۆرانەوە کرد کە خالیدە رەش (١٩٨٧/٩/٩ لە رەژوکەریان شەهید بوو) ئامر کەرتی بوو. من بەشداریی شەڕ و چالاکییەکانی سنوری مەڵبەندەکەم کردووە.

ساڵی ١٩٨٦ وەکو تیپی ١٢ی سۆران بەشداریی شەڕی قەیوان - ماوەتمان کرد و سەرکەوتنمان بەدەستهێنا.

ساڵی ١٩٨٧ بەشداریی شەڕی دۆڵی ئاکۆیانم کرد کە لەو شەڕەدا چوار شەهید و نۆ بریندارمان هەبوو. داوای لێبوردن دەکەم چەندین ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە و هەموو ناوەکانم لەیاد نەماوە، لەوانەی یادم مابن: جەمال کەریم بنمێردی (چاوی لەدەستدا و کۆچی دوایی کردووە) و کەمال هاشم فەقێیان (پارچە هاوەن لە سنگی دا) و محەمەد شۆشۆی گەرەوان (سەری بە سەختی بریندار بوو) هەروەها عەلی بێزانی فەقێیانیش بریندار بوو.



محەمەد رەژوکەری.

ساڵی ١٩٨٨ خۆم نەقڵی کەرتی ٣ی تیپی ٧٨ی کاروخ کرد کە رەسوڵ مەولود فەرماندەی تیپ بوو.

ئەنفالی سەرکردایەتی دەستی پێکرد و داوایان لە پێشمەرگەی تیپەکانی یەکێتی کرد بچنە سەرکردایەتی و هەر تیپەی بەشێک لە هێزەکەی لە شوێنی خۆیان بهێڵێتەوە.

کەرتەکەی ئێمە لە وەرتێ مانەوە. دوای شەڕی سەرکردایەتی، حکومەت هجومی کرد بۆ سنوری مەڵبەندی ٣ کە تا ئەوکاتە تەنها ناوچەی ئازاد بوو. بەشێک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ و کەرتی ٥ کە سەلاح دیلمانی مەسئول کەرتی ٥ بوو (٢٠١٥/٥/٢ لە شەڕی دژ بە داعش لە عەتشانە شەهید بوو) نێردراین بۆ کێل دانە، بەینی کەلێتە و دەرگەلە. حکومەت هێرشی کرد و شەڕێکی زۆر سەخت بوو. ژمارەیەکی زۆری هێزی دوژمنمان کوشت و ٣٠ پارچە چەکمان دەست کەوت. شەهیدێکمان دا لە کەرتی ٥ کە ناوی ئەحمەد

ڕەسوڵی کەڵێتە بوو. لەو شەڕەدا سەرکەوتین. بە جیهازی خۆمان ئاگادار کراین هەر پێنج کەرتی تیپەکە بچنە چیای هەڵەموند. ئامر کەرتی -١- ڕەسو قەندە ناسراو بە مام ڕەسو و ئامر کەرتی -٢- مەلا مەحمود و کەرتی -٣- ڕەحمانی حاجی خدر و کەرتی -٤- عەبدوڵا و کەرتی -٥- سەڵاح دیلمانی بوو

لە هەڵەموند تووشی شەڕێکی زۆر سەخت بووین و بە مانگ لەوێ ماینەوە و تا سنوری مەڵبەندی ٣ هەمووی گیرا و کاک کۆسرەت جوابی نارد بکشێینەوە و بچینە سەر سنور بۆ مەنتیقەی زەڵێ.

مانگی ١٩٨٨/١١ من کەوتمە کاری ڕێکخستن و تەوجیهاتمان بۆ دەهات بۆ ڕێکخستنی مەفرەزەکانی بروسک و ئێمە نامەمان دەگەیاندە موستەشار و سەرۆک عەشیرەتەکان و هاووڵاتیانمان هۆشیار دەکردەوە بۆ بەشداریی کردن لە ڕاپەڕین.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٠ چەکم هەڵگرتەوە لای سیتو بنمێردی (لە شەڕی ئازادکردنی کەرکوکدا شەهید بوو). ڕەواندزمان پاککردەوە و تا کەرکوک نەوەستاین.

١٩٩١/٤/١١ گەڕاینەوە، حکومەت کەرکوکی گرتەوە و دواتر هەولێری گرتەوە و مەسئولەکان لە کۆرێ بوون، بەینی سەری ڕەش و شەقڵاوە. ئێمە ئەوکاتە لە ڕەواندز بووین و مەفرەزەیەکم برد بۆ کۆرێ و بەشداریی شەڕەکەمان کرد و نەمانهێشت هێزەکەی دوژمن پێشڕەوی بکات.

دوژمن شکا و ئێمە ماوەی دە ڕۆژ لە کۆرێ ماینەوە. دوای تەشکیل کردنی حکومەت لە ساڵی ١٩٩٢دا لیوا دروست کرا و من کرام بە ئامر فەسیلی لیوای -٢- سۆران.

بەشداریی شەڕی داسەپێنراوی ناوخۆشمان بە ناچاری کرد. ١٩٩٥/٧/١٣ لە کەڵکی باڵەییان بووین، مەنتیقەی زارگەلی، مەلا مستەفا سەکری (ئێستا کەمئەندامی سەنگەرە) جێگری میحوەر بوو. ئێوارە هاتە لامان بۆ مقەڕ لە بۆکریسکان. وتی

خەبەرمان بۆ هاتووە پارتی هجوممان بۆ دەکات، بەپەلە کەوتینە ڕێ بۆ کەڵکی باڵەییان و سەعات دووی دوای نیوەشەو شەڕەکە دەستی پێکرد.

عوسمانی مام ڕەسو فەرماندەی تیپ بوو. شەڕەکە سەخت بوو. دۆشکەیەکمان هەبوو دووجار پارتی دۆشکەکەی لێ گرتین و هەردوو جارەکە دۆشکەکەم لێ وەرگرتنەوە. شەڕەکە شەڕی دەستەویەخە بوو، گوللەی کلاشنکۆف دای لەلای ڕاستی چاوم و لە تەنیشت گوێی چەپمەوە دەرچوو. دوو گوللەش بەر قاچی چەپم کەوتن. چوار سەعات لەوناوە کەوتم. شەڕەکە هێندە قورس بوو مەجالی هەڵگرتنەوە و فریاکەوتنی کەس نەبوو. خوێنیشم لەبەر ئەڕۆیشت، بەڵام دەستم عەیبی نەبوو.

دوای چوار سەعات مستەفای برام و شێخە و جەوهەر ڕەسوی ڕەژوکەری ئامۆزام گەیشتنە سەرم هێنامیانە سەر جادەی بۆکریسکان و منیش ئەمووت کێشە نیە من تازە چاوم لەدەستداوە و گرنگ ئەوەیە یەکێتی سەرکەوتووە.

با لەیادم نەچێت لەو شەڕەدا ڕەحمان سەیدەمان لەگەڵ بوو. هاواری کرد وتی تەقە هێواش بکەنەوە هەلیکۆپتەر دێت و بە حەول و قووەتی خوا هەلیکۆپتەرەکە ئەخەمە خوارەوە. هەلیکۆپتەرەکە هات و بە ئارپیجی تەقەی لێ کرد و هەلیکۆپتەرەکە بە سووتاوی کەوتە دۆڵەڕەقە کە تاکو ئێستاش کەلاکەکەی لەوێ ماوە.

جەماعەت ولاخیان بۆ هێنام و بە جامانە و پشتێن برینەکانیان بۆ پێچام، هەرچەندە ئەوەندە خوێنم تیا نەمابوو بردیانمە ڕانیە و لەوێ تەماشایان کردم وتیان عیلاجی ئەو لە توانای ئێمەدا نیە و سواری ئیسعافیان کردم و موغەزییان بۆ هەڵواسیم و مستەفای برامیان لەگەڵ ناردم و بردیانم بۆ خەستەخانەی ڕزگاری لە هەولێر.

چاوەکانم لە کوردستان ئومێدی نەمابوو تەنها بۆیان تەداوی ئەکردم. قاچم بە سەختی شکابوو. پێنج جار عەمەلیاتی قاچیان بۆ کردم و پلاتینیان بۆ

دانام و قاچم کورت بووەوە بۆیە دواتر ئیسقانیان لەلای حەوزمەوە دەرهێنا و خستیانە سەر قاچم. تا ساڵێک من بە ڕێگەی خەستەخانەوە بووم. ئێستا بۆ ڕۆیشتن لەخوا بەزیاد بێت باشم.

چاوی ڕاستم ئەوکاتە (ڕژا) و هیچی تیا نەماوە، چاوی چەپم لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام دەمارەکانی پچڕاون. بەهۆی مانەوەی زۆرمەوە چاوی چەپم ئیلتیهابی زۆری کردووە و بەناو سەرمدا بڵاو بووتەوە. ساڵی ٢٠٢١ عەمەلیاتی چاویان بۆ کردم و ئیلتیهابەکەیان بۆ پاک کردمەوە و ئێستاش ئیلتیهابەکەی سەری هەڵداوەتەوە و لە خەستەخانەی شۆڕش ئەشیعەیان بۆ گرتم و وتیان ئیلتیهابەکە سێ کیسی لەناو سەرتدا دروست کردووە و لیجنەی پزیشکیت بۆ ئەگرین کە چۆن عەمەلیاتت بکەین و دواتر تەلەفونت بۆ دەکەین و وا من چاوەڕێی وەڵامیانم.

من لە کاتی شەڕەکەدا ئامر سریە بووم، دوای بریندار بوونەکەم کردیانم بە فەرماندەی فەرماندەیی و ئێستا پلەکەم عەمیدە.



**محەمەد رەفیق حسێن**

٢٠٢٥/١/٢٥

کاک محەمەد، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی حەساری گەورە لە کەرکوک لەدایک بووە. حەڤدە سەر خێزانن و مەرداڕبوون و کاری فەلاحەتیان کردووە و حاڵیان زۆر باش بووە.

لە پۆلی سێی ناوەندیدا دەرنەچووە و بۆتە سەرباز لە هەولێر و لەوێ هاوڕێ مەغدید هەولێری ناسیوە و ئەوی ڕێکخستووە بۆ ریزەکانی کۆمەڵە، و شەوانەش لە ناوەندیی هەولێر دەوامی کردووە و دواتر فیراری کردووە و چۆتە دەشتی پونگینە و ئیختیفا بووە و پارتی دەستگیری کردووە و لە ڕێگەی مەلای دێکە و حاجی سمایلی ئامۆزای باوکیەوە ئازاد کراوە و ساڵێک لە کەرکوک موختەفی بووە و کە سەدام هاتۆتە سەر حوکم، عەفواتێکی داوە و بەو عەفواتە تەسریح بووە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٨٣ مەلا فەرمان کە ئەوکات مەسئولی ڕێکخستن بوو تەزکیەی بۆ کردم و چومە کەرتی ٣ی شەهیدانی چیمەنی تیپی ٢١ی کەرکوک، کە

مام ڕۆستەم سەرتیپ بوو. دواتر گوازرامەوە بۆ کەرتی ٢ی شوان و لەوێ مامەوە تا ئەنفال.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو، شەڕ وەستا و ساڵی ١٩٨٥ بەشداری زوربەی چالاکیەکانی سنوری تیپەکەی خۆمانم کردووە.

ساڵی ١٩٨٦ لە شیوەسور بە سێ مەفرەزەوە لە قافڵەیەکی عەسکەریمان دا لەو شەڕەدا ٨٠ هەشتا جوندی کوژراو ٤٠ جوندی بەدیل گیراو ٥٠ پەنجا کلاشنکۆف و بیکەیسی و قەناسمان گرت.

بە سەرکەوتویی گەڕاینەوە و دیل و دەستکەوتمان بردەوە بۆ تۆمار و دواتر گەڕاینەوە بۆ مام ڕەش.

ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢ لە تۆمار شەڕ دروست بوو، لەوێ بە سەختی بریندار بوم و قۆڵی ڕاستم تا ئێستا فیشەکەکەی تیایە و قاچیشم سەقەتە. لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا پێنج جار بریندار بووم و لە نۆ لاوە ئێسکی لەشم شکاوە. دکتۆر هادی خەڵکی ڕەحیماوا (لە شاناخسێ بە کیمیاوی شەهید بوو) لەگەڵ محەمەد فەرەنسیی معاون توبی خەڵکی ئیمام قاسم تەداویان کردم. تا سبەی ئێوارە هەواڵەکە لە ئیزاعەکەوە نەخوێنرایەوە چونکە چاوەڕێی شەهید بوونی من بوون بۆ سبەی ئێوارە فەرهاد سەنگاوی هەواڵەکەی خوێندەوە.

بە داخەوە تائێستاش گوللەکانم بۆ دەرنەهاتووە، چونکە دکتۆر وتویەتی و دەڵێت، دەرهێنانیان ئاسانە بەڵام ئەنجامەکەی ئیفلیج بوونە.

هەر کە کەوتمە سەرپێ پەیوەندیم کردەوە بە کەرتەکەمانەوە. لە ئەنفالەکەدا لە بان شوان، لە مەنتیقەی قەڵا سێوکە بوین و دوو مانگ ئیختیفا بووین، دواتر دەرچووین بۆ مەڵبەندی سێی هەولێر، کە تاکە مەڵبەندی ئازاد بوو، پاش ئەنفالی ئەو ناوچەیەش بە قەندیل دا چوینە ئێران و لەوێ لە بلەکێ جێگیر بووین. ئەوکاتە سیروانی کوێخا نەجم سەرتیپ بوو تا ڕاپەڕین لەوێ ماینەوە و ئینجا گەڕاینەوە کەرکوک.

له ساڵی ١٩٩١دا له شەدەڵه حکومەت هێرشی کرده سەرمان و ئەمجاره قۆڵی راستم به فیشەک بریندار بوو، بردیانمه ماوەت و ئەوکاته مام جەلال بارەگای له ماوەت بوو. کاک قادری حاجی عەلی منی ناسی و داوای دکتۆری کرد و تەداوی بۆ کردم و ناردمی بۆ چۆمان و گەڵاڵه که (أطباء بلا حدود) ی لێ بوو، دکتۆرەکان ئەڵمانی بوون و عەمەلیاتیان بۆ کردم و دوو مانگ لەوێ بووم.

له ئینتیفازەی کەرکوک دا ئەژنۆی راستم و شانی چەپم بریندار بوون، بردیانم بۆ هەولێر و دوای هەندێک چارەسەر بردیانم بۆ خەستەخانەی ئمێرجنسی له سلێمانی که دکتۆر جنێوی ئیتالی مودیری بوو. ماوەی مانگێک له خەستەخانه کەوتم. دوای ئەوه چومەوه بنەسلاوه و له ٣١ی ئاب دا چوینه ئێران و دواتر هاتینەوه بۆ سلێمانی تا ئازاد کردنی عێراق.

له ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٢٣ بەڕێوەبەری پێشمەرگه کەم ئەندامبووەکانی سەنگەر/ لقی کەرکوک بووم.

ئێستا جێگری بەڕێوەبەری لقەکەم.

پلەکەم لیوایه لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگه کەمئەندامبووەکانی سەنگەر.



**محەمەد سەفا**

٢٠٢٥/٢/١٩

کاک محەمەد ساڵی ١٩٨٩ لە خانەقین/ دیالە لەدایکبووە و هەشت سەرخێزانن و گوزەرانیان باش نەبووە و خوێندەواری هەیە و ئەڵێت:

من ساڵی ٢٠١٣ بوومە پێشمەرگە لای لیوا حسێن مەنسور لیوای ٣ وەحدەی ٩٠٠ و واجیباتمان لە سلێمانی بوو. ساڵی ٢٠١٤ شەڕی داعش دروست بوو ئێمەیان نەقڵی جەلەولا کرد و سێ هەفتە لەوێ شەڕمان کرد.

ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٢٢ ڕۆژی جومعە بوو. من لەسەر مەدفەع بووم. سێ تۆپم تەقاند و تۆپی چوارەم دەرنەچوو. مولازم ئەوەل محەمەد چەمچەماڵی وتی دیارە تۆپەکە خراپە و مەحمود شوکری خانەقینی هات بۆ دەرهێنانەوەی تۆپە خراپەکە. ئەو کە خەریک بوو یەکسەر تۆپەکە تەقیەوە و خۆی شەهید بوو، منیش لە پەنا ئەودا کەوتم و ئاگام لە خۆم نەمابوو. دەستبەجێ تەلەفونیان کردبوو بۆ خاڵم کە بچنە خەستەخانەی خانەقین. خاڵەکانم چووبوونە خەستەخانەکە و هەواڵی منیان پرسیبوو. وتبوویان شەهید بووە و لە

سەلاجەی خەستەخانەکەدایە. خاڵەکانم دەرگای سەلاجەکەیان کردبووەوە و تەماشایان کردبوو دەستم ئەلەرزێت. خێرا دکتۆریان بانگ کردبوو, وتبوویان کاکە محەمەد شەهید نەبووە.

دکتۆرەکان وتبوویان ئەوە موعجیزەیە و ئەو جگە لە برینداربوونەکەی تووشی نەزیفی داخلیش بووە و لە سەداسەد ئەمرێت. خاڵەکانم بە ئیسعاف منیان بردبووە خەستەخانەی کەلار و ئەو دکتۆرەی لەگەڵیان ناردبووم وەک خاڵەکانم بۆیان گێڕامەوە پێی وتبووم دەستت بەرز کەرەوە. دەستم بەرز کردبووەوە و دکتۆرەکە وتبووی خەمتان نەبێت هیچی لێ نایەت.

لە خەستەخانەی کەلاریش پێیان وتبوون ناگاتە باوەنور ئەمرێ. ئیتر هەناسەپێدانی دەستکردیان بۆ کردبووم و نەزیفی خوێنەکەشیان بۆ چارەسەر کردبووم و دیسان بە ئیسعاف رەوانەی خەستەخانەی سلێمانی کرابووم و لەوێ بە شەش سەعات و نیو عەمەلیاتی سەر و مل و دەموچاویان بۆ کردبووم و حەوت بوتڵ خوێنیان تێ کردبووم.

من نە لووت و نە چاو و نە دەمی خۆمم ماوە. دواتر عەمەلیاتی تەجمیلیان بۆ کردووم.

من دوای ١٧ رۆژ بێهۆشی لە خەستەخانە بەهۆش خۆم هاتمەوە. کە بەهۆش هاتمەوە نەمئەتوانی قسە بکەم. هەموو جارێک دکتۆرەکە ئەهات و بە کەسوکارمی ئەوت ئیتر تا ماوە ناتوانێت قسە بکات. من گوێم لە قسەکانی ئەبوو، ئەوەندەی تر خەمم ئەخوارد. دوای هەفتەیەک ئینجا کەوتمە قسە کردن و دکتۆر وتی ئەوە موعجیزەیە و لە خوا بەزیاد بێت.

دوای ئەوە دکتۆری چاو وتی ئەبێت بینێرن بۆ خەستەخانەی تاران. حکومەت منیان لەگەڵ ئەحمەدی برام و حەسەنی خەزورمدا نارد بۆ تاران و لەوێ چەند خەستەخانەیەکم پێ کرا و وتیان هەردوو چاوی سووتاوە و ئەمەلی چاکبوونەوەیان نیە.

محەمەد سەفا.





محەمەد سەفا.



محەمەد سەفا.

گەڕاینەوە و تەقریریان نارد بۆ سوریا و ئەڵمانیا و تایلەند و تورکیا، ئەوانیش وەڵامیان داینەوە کە چارەسەرم نیە. ئیتر لەوە بەدوا سەردانی هیچ دکتۆرێکم نەکردووە و هەردووچاوم نابینایە. حەڤدە شوێنی گیانم شکاوە.

کچێکیشم بە قاچێکی کەمئەندامەوە لەدایکبووە و ساڵانە ئەیبەنە لای دکتۆر و ئەڵێن تا نەبێتە هەژدە ساڵ نەشتەرگەریی بۆ ناکرێت.

لەسەر کەمئەندامبووانی سەنگەری هێزەکانی ٧٠ بە پلەی عەریف خانەنشین کراوم.

سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم ماندوو بوون لەگەڵما بەتایبەتی مەروە عەلی خێزانم.



**محەمەد عەبدولکەریم محەمەد عەلی**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٩

کاک محەمەد ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی کتکە/ ناحیەی ئاڵتون کۆپری لەدایکبووە و دە سەرخێزانن و جاران گوزەرانیان باش نەبووە و خوێندەواری هەیە و ئەڵێت:

بەهاری ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم بە رەنجەی عومەر سدیق قادرەوە کرد لە گوندی تورکی شێخ بزەینی و لە کەرتی تیپ بووم بە پێشمەرگە کە مەلا ئاراس (لە مەرزیخە شەهید بوو) سەرتیپ بوو، مام برایمیش ئامر کەرت بوو

چالاکییەکانی ساڵی ١٩٨٣ بریتی بوون لە جەولەکردن بە دێهاتەکاندا و هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان و مەفرەزە کردن و دانانی کەمین. ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو.

ساڵی ١٩٨٥ بەشداریی زوربەی شەڕ و چالاکییەکانم کردووە، وەک شەڕی شیوەسوور و کەندەشین و ساڵی ١٩٨٦ چووینە سوورەکەل، نزیک شوان و

دوو کەڕەت کەمینمان دانا. جاری یەکەمیان شەش جوندیمان بەدیل گرت و شەش کلاشنکۆفی موزەلی و بەرازیلییەک و شۆفرلێتێک دەستکەوتمان بوو.

جاری دووەم کەمینمان دانا و هینۆیەکی جەیشی شەعبیمان سوتاند و سەحبمان کردەوە.

ساڵی ١٩٨٧ چووینە کەرکوک و بە تۆپ لە شەریکەی نەوتمان دا. دوا چالاکیمان لە شیوەسوور بوو. شەش نەفەرمان بەدیل گرت و بەبێ زیان گەڕاینەوە.

ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال دەستی پێکرد و هەمووومان چووینە سەرکردایەتی و شەڕی باشمان کرد، بەڵام حکومەت هەموو هێزی خۆی، زەمینی و ئاسمانی بەکارهێنا و ئێمە چووینە ئێران و زۆری پێ نەچوو لە ئێرانەوە بە بناری قەندیل دا چووینەوە بۆ مەڵبەندی -٣-ی هەولێر کە تاقە مەڵبەندی ئازاد بوو. لەوێوە گەڕاینەوە بۆ شێخ بزێنی کە هێشتا چۆڵ نەکرابوو. ماوەیەک ماینەوە و ئەنفال لەو مەنتیقەیە دەستی پێکرد و حکومەت لە هەموو قۆڵەکانەوە هجومی کرد و ئێمەش شەوەکەی ئەوەندەی پێمان کرا خەڵکمان بە بەلەم پەڕاندەوە و دوای خەڵکەکە خۆمان پەڕینەوە و چووین بۆ سێ گردکان و لەوێوە چووینەوە مەڵبەندی ٣ی هەولێر. لەوێ وەک تیپی ٢١ی کەرکوک واجیبمان لە سەر شاخ بۆ دانرا و دوو مانگ بەرگریمان کرد و دواجار تیپی ٢١ی کەرکوک تەشکیلەیەکیان دروست کرد و منیان کرد بە ئامر کەرتی ١ی ساڵەیی. سێ مەفرەزەمان دانا بۆ خوارەوە بۆ شێخ بزێنێ و شوان و شوانی بان خاسە. بەم سێ مەفرەزەیەیان ئەوت وەحدە.

چووینە شێخ بزێنی، بوونەوەری خوای تیا نەمابوو. لە مەلجەئەکاندا ئەگەڕاین بۆ خواردن. تیپی ٢١ی کەرکوک ئەو بەشەی کە لە مەڵبەندی ٣ مابوونەوە ریگەیان لێ گیرا و هاتنە خوارەوە بۆ لای بێتواتە و لەوێ داڵدەیان دابوون و پاشتر باقی تیپەکە هاتنەوە بۆ شێخ بزێنی. کەم کەم پێشمەرگەکان

هاتنەوە ژمارەمان بوو بە ٢٠٠ پێشمەرگە. ئەوکاتە مام ڕۆستەم و سیروانی کوێخا نەجم و وەستا سابیر لەگەڵمان بوون. کاک نەوشیروان مەسئولی هەمووان بوو.

حکومەت عەفواتی دا و مام ڕۆستەم جیهازی کرد بۆ کاک نەوشیروان وتی هێزەکە جێی نابێتەوە. کاک نەوشیروان وتی ڕێگە بە پێشمەرگەکان بدەن تەسلیم بنەوە بەمەرجێک خیانەتمان لێ نەکەن. وەحدەکەی ئێمە ماینەوە. دواتر لەگەڵ هەندێک برادەردا لە هەولێر خۆمان تەسلیم کردەوە.

بە کارێکی یەکێتی لە پردێ-وە لەگەڵ برایەکم و ئامۆزایەکم بەرەو کەرکوک ئەچووین بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە. دوو نەفەرم لە سایدەکەی ئەوبەرەوە بینی کە سەیارەکەی منیان بینی بە کۆنترۆڵ سەیارەکەیان تەقاندەوە. باش بوو فلاتێک لە بەینماندا بوو. هەر یەکسەر چاوێکم لەدەستدا و پارچەیەک چووە سەرمەوە و سێ چوار پارچەی تر بەر لەش و پشتم کەوتن و بردیانم بۆ خەستەخانەیەکی هەولێر و لەوێ داخڵیان کردم و ئینجا ناردیانم بۆ خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر و هەفتەیەک منیان هێشتەوە. دواتر مامۆستا جەلال جەوهەر منی نارد بۆ خەستەخانەی ئێران و ئیستفادەم نەکرد و گەڕامەوە.

ئەوکاتە ئامر هێز بووم و لەسەر کەمئەندامی مەعاشم وەرئەگرت و دواجار پلەیان بۆ دانام و کرام بە لیوا.

سێ جار عەمەلیاتی پشتم بۆ کراوە. دوو کەڕەت لە بەغدا. پاش عەمەلیاتی یەکەمی بەغدام کە گەڕامەوە چوومەوە ناو لەشکر و تیپەکان و وەزعی پشتم خراپ بووەوە و جاری دووەم لە ڕێگەی کاک ڕەفعەت عەبدوڵاوە ناردیانم بۆ بەغدا.

جارێکی تر لەسەر حسابی خۆم چووم بۆ هیندستان و هەندێک باشترم قاچێکم هێندە باریک بووەتەوە وەک تیرۆکی لێ هاتووە.



**مستەفا ئەحمەد حەمەد (مەلا مستەفا باڵەک)**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/٢/٢٧

کاک مستەفا برای شەهید حەمەدەمینە کە ساڵی ١٩٨٣ لە قەندیل شەهید بووە و پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێز لێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی سەکرانی قەزای چۆمان لەدایکبووە و هەشت سەرخێزان بوون و ئاستی گوزەرانیان مامناوەند بووە و دەرچووی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی بەشی عەرەبی زانکۆی ڕاپەڕینە و دەرچووی خوێندنی ئایینیشە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧٦ مەحمود سەیدەی خاڵم منی تەنزیم کرد بۆ ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە لە سنوری ت ٧٤ی باڵەک.

بەشداریی شەڕی دۆڵی خانەقام کردووە ساڵی ١٩٨٥ ئەوکاتە من کارگێڕی ناوچەی باڵەکی شۆڕشگێڕان بووم. لەو شەڕەدا قائیدی حەرەکاتی جەحفەل

خەفیفە لەگەڵ جوندییەکدا کوژرا و هەشت جوندی بەدیل گیران. ئێمە لەو شەڕەدا بێ زیان بووین.

١٩٨٧ بۆ جاری دووەم کە حکومەت دۆڵی خانەقای گرتەوە، چەند جارێکی تر هێرشمان کردەوە و زیاتر لە ١٢ ڕەبایەمان گرت.

مانگی ١٩٨٨/٥ بەشداری شەڕی سێ مانگەی هەڵەموندمان کرد و چەند شەهیدێکمان دا و زیانی زۆرمان لە دوژمن دا. ئێمە بەو شەڕە توانیمان ڕێگەی پەڕینەوەی پێشمەرگە و هاوڵاتیان بپارێزین بۆ گەیشتنە قەندیل.

ساڵی ١٩٨٩ هێزەکان کشانەوە سەر سنور و ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ ڕەحمان سەیدە (شەهید) و چەند پێشمەرگەیەک دوو جیهازی راکاڵمان برد بۆ ڕێکخستنەکانی راپەڕین و سلێمانی. لە گەڕانەوەماندا دووچاری شەڕێکی گەورە بووین و من تیایدا بریندار بووم. فیشەک بەر قاچی راستم کەوت. نەوزادی کاکەڕەش مەسئولی پەیوەندییەکانی یەکێتی بوو لە پیرانشار سەیارەی بۆ هێنایە قەندیل و منیان برد بۆ خەستەخانەی پیرانشار و لەوێ کاری پێویستیان بۆ کردم و ناردیانمەوە، قاچم شکا بۆیە تا راپەڕین لە سنوری پیرانشار لە ماڵەوە بووم.

لە راپەڕین لەگەڵ بەتالیۆنی چوار کە ڕەحمان سەیدە ئامر بەتالیۆنی بوو شار بە شار تا کەرکوک ڕۆیشتین. ساڵی ١٩٩١ حکومەت کشایەوە و ئێمەش کۆمیتەی چۆمانمان دروست کرد و من بووم بە کارگێڕی کۆمیتە تاکو ساڵی ١٩٩٣، دواتر بووم بە بەرپرسی کۆمیتە و ساڵی ١٩٩٤ بووم بە کارگێڕی مەڵبەند. ساڵی ١٩٩٥ لە ڕێکخستن گوازرامەوە بۆناو هێزی پێشمەرگە و کرام بە جێگری لەشکری ١١ی باڵەک کە موحسین بایز سەرلەشکر بوو. ساڵی ١٩٩٦ بووم بە سەرلەشکری ١١.

لە شەڕەکانی ٣١ی ئابدا لە شاخی ڕەش بە فیشەکێک لە بەری چاوم و سێ فیشەک لە شانی راستم بریندار بووم. لەوێ بردیانمە خەستەخانەی

رانیه و نەشتەرگەری شانیان بۆ کردم و بە ئیسعاف رەوانەی خەستەخانەی سلێمانییان کردم و دووبارە نەشتەرگەرییان بۆ کردمەوە. پاش هەفتەیەک سلێمانیش چۆڵ کرا، بریندارەکانیان بە پاس بردە پێنجوین. من کەسوکارم بە سەیارەی خۆم بردیانمە پێنجوین لەوێوە هەموومان براین بۆ خەستەخانەی مەریوان و دوو شەو لەوێ ماینەوە و دواتر هێنایانینە سەر سنور کە بە خێوەت خەستەخانەیەکی یەکێتییان لێ دروست کردبوو. هەموو بریندارەکان لەوێ بوون. دوای مانگێک من بەڕێ کرام بۆ تاران و لەوێ مونەزەمەی هیجرەی عالەمی لە بیمارستانی (جەم) بریندارەکانی یەکێتی تیمار ئەکرد. لەوێ نەشتەرگەریی سێیەمم بۆ کرا. پانزە رۆژ مامەوە و گەڕامەوە بۆ رانیە. ساڵی ٢٠٠١ کرام بە جێگری مەڵبەندی سۆران تاکو ٢٠٠٦، دواتر کرام بە لێپرسروی مەڵبەندی سۆران و ئینجا گوازرامەوە بۆ مەکتەبی چاودێری و دواتر بوومە ئەندام مەکتەبی رێکخستن لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا بووم بە ئەندام پەرلەمانی کوردستان. دواتر خانەنشین بووم.

بە پلەی لیوا لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم/ لقی راپەڕین.



**مستەفا عەولًا تەها ئەبوبەکر**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/٢٦

کاک مستەفا کوڕی شەهید عەولًا تەهایە (١٩٨٨/٦/٢٥ لە چیای هەڵەموت لە کاروخ شەهید بووە). ساڵی ١٩٧٠ لە سەرکەپکان - دۆڵە رەقە لەدایکبووە و باری گوزەران و ژیانیان ئاسایی بووە و کە چوونەتە دەرەوە بەماڵەوە تەنها پریاسکە و بەتانییان پێ بووە و هەر رۆژەی لە ئەشکەوتێک و گوندێک بوون. دەرچووی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییە و ئەڵێت:

باوکم لە ساڵی ١٩٦٧-ەوە بوو بە پێشمەرگە تا ئاشبەتاڵ. ساڵی ١٩٨٤ بووەوە بە پێشمەرگە و کرا بە فەرماندەی کەرتی تیپی ٧٨ی کاروخ.

ساڵی ١٩٨٥ لای باوکم بووم بە پێشمەرگە لە کەرتی ٦ - ت - ٧٨ی کاروخ و بەشداریيم کرد لە شەڕی بەرگری لە کوێستانەکانی زارگەلی و بەرزاييەکانی سەرگۆڕەبۆت و بەهاری ساڵی ١٩٨٦ بەشداریی شەڕ و دانانی کەمینم کرد، کە لەو شەڕەدا پێنج کلاشینکۆف و جیهازێکی کۆڵەپشتیمان

دەستکەوت. هەروەها بەشداریی هەموو شەڕەکانی دۆڵی خانەقا و گرتنی ڕەبیەکانم کرد. مانگی ١٩٨٧/٢ بەشداریی گرتنی فەوجی مل تۆکر لە ڕواندز و گرتنی زنجیرە ڕەبایەی سەر بەنزینخانەم کرد و ١٩٨٨/٦/٢٥ بەشداریی شەڕی بەرگرییمان لە ئەنفال کرد لە چیای هەڵەموت (گەرووی مەنجەڵ) و باوکم لەوێ شەهید بوو.

مانگی ١٩٨٨/٨ لە گەرووی مەنجەڵ منیش دەموچاوم بریندار بوو بە ٧ تەقەڵ بۆیان دووریمەوە. ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/٨ ئاگربەست لە نێوان عێراق و ئێراندا ئیمزا کرا و بڕیار لە سەرکردایەتییەوە هات جەبهەکە چۆڵ کەین چونکە دەستی عێراق والا بوو بۆ لێدانمان. جگە لە پارتیزانەکان هێزی پێشمەرگەی هەموو سنوری مەڵبەندی ٣ کۆکرابووەوە و بڕیار درا بپەڕێتەوە بۆ قەندیل. کەرتەکەی ئێمە یەکێک بوو لەو کەرتانە کە بە پارتیزانی لە ناوچەکە بمێنینەوە. هێزەکە پەڕینەوە بۆ قەندیل و ئێمەش بە پارتیزانی چووینە دۆڵی شاورێ (سنوری ناحیەی سەرکەپکان) بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان و خەڵکی دڵسۆزەوە بکەین و ئیسپاتی بکەین کە خەبات بەردەوامە.

بە هاوبەشیی لەگەڵ مەفرەزەکانی تردا چالاکیمان کرد بۆ شەڕی ئەو جوندییانەی کەوتبوونە سووتاندنی ناوماڵ و دارودرەخت و تێکدانی سەرچاوە ئاوییەکان. لەو چالاکییانەدا کۆمەڵێک خەڵکی سەر بە ڕژێم بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنران. لە ١٩٨٨/١١/٢٠دا لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە کە بوون بە چاوساغمان لە دۆڵێ-وە بە ڕێ کەوتین بەرەو سونێ و قاسمەڕەش و سێ ڕۆژ لە تووە سووران بە ئیختیفا لە ماڵی پوورم (ماڵی مام حەسەن نەبییە زەرد)ماینەوە کە ژمارەمان ١١ پێشمەرگە بوو لە ناوجەرگەی حکومەتیشدا بووین. دوای ئەوە حسێن شێنەیی بوو بە چاوساغمان تا دۆڵی زەندان و لەوێوە بۆ شێنێ. لە شێنێ کوردانی ڕۆژهەڵات (بەرگە)یان بۆ کردین و بەڕێکراین بۆ بادیناوای سنوری پیرانشار کە بارەگای ت-ی ٧٨ی کاروخ لەوێ بوو.



شەهید عەولا تەها ئەبوبەکر (باوکی مستەفا)



شاخی چەکوچ سادر، کەرتی تیپی -٧٤-ی کاروخ، ١٩٨٩.



مستەفا عەوڵا و رەسوی برای. بادیناوا - پیرانشار، ١٩٨٨.



مستەفا شەهید عەوڵا، شاڵاو حایز، غازی نۆرەیی، زرار نۆرەیی.

کاتی پارتیزانی، سنوری دۆڵێ، ١٩٩٠.

ساڵی ١٩٨٩ حەسەن کوێستانی ناردی بەدوامدا و چوومە نەغەدە و وتی: سەرکردایەتی کۆبوونەوەمان کردووە و مەفرەزەی توندوتۆڵی پارتیزانیمان دیاری کردووە کە دووبارە ئیسپاتی بکەینەوە شۆڕش بەردەوامە و هێزی پێشمەرگە دەتوانێت بچێتە قوڵایی سنوری کوردستان. لە ١٩٨٩/٦/٢٠ هاتینە خوارێ. لە دۆڵە نێ-وە هاتین بۆ قەندیل و بە کونەکۆتردا چووینە گوندی لێوژێ کە حزبی دیموکراتی لێ بوو. لەوێ دیموکرات دەنگیان داین وایان دەزانی دوژمنین. وتم: من نامەی حەسەن کوێستانیم پێیە و نامەکەیان لێ وەرگرتم و مۆری یەکێتییان خستە سەر سەریان. ڕەبایەیەکی عەسکەری بەرامبەر مقەڕەکەیان بوو, بۆیە وتیان لێرە مەوەستن و بچنە ئەو چەمەی خوارەوە و خەمی خواردنتان نەبێت. دوو پێشمەرگەم بە کەمین دانا و ئەوان خزمەتیان کردین و بۆ بەیانی چوومە لایان و وتم: دەستێک جلی خۆتانم بدەنێ لەبەری بکەم با بچمە سەر جادە تا هەندێک شارەزا بم و چاودێریی ڕێگەکە بکەم. چوومە سەر جادە و هاتوچۆی ئیڤا و زیلی عەسکەریی زۆر بوو. دواتر گەڕامەوە. شەو بەڕێ کەوتین و چووینە سەرکەپکان و گوندەکانی سنورەکە هەمووی ڕاگوێزرابوون و خانووەکان رووخێنرابوون و ئاوەدانی تیا نەمابوو. بەرەو گوندەکانی نۆرە و قەڵا سەیدە ڕۆیشتین و شەوقی کارەبامان بینی. نزیک بووینەوە و لەوێش دەنگیان داین. جەماعەتی باڵەکەی تری حزبی دیموکرات (جەلیل گادانی) لێ بوو. دیسان نامەمان پیشان دا و سەلیمە سوور مەسئولی پەیوەندییەکانیان بوو. سەلیم وتی: ناتوانین هاوکاریتان بکەین چونکە مام جەلال ڕەخنەی لێ گرتووین کە لە د.قاسملۆ جیابووینەتەوە. دواتر فەرموویان لێ کردین و هەفتەیەک لایان ماینەوە. لەوێوە نامەکانمان نارد بۆ تەنزیم و ئامر سریە و چەکدارەکانی لای حکومەت. هەر لە دۆڵێ بە پارتیزانی تا پایز لەو ناوچەیە بووین و جەولەمان ئەکرد و جوابی نامەکانمان کۆکردەوە و بە قەندیلدا چووینەوە بۆ مقەڕەکەی

خۆمان لە بادیناوا. بارەگاکەمان چۆڵ کرابوو. گواستبوویانەوە بۆ دۆڵەکۆگە ئەو کاتەی حکومەت هجومی کردبوو بۆ چیای چەکوچ و سادر. ئێمەش پەیوەندییمان بە جەبهەکەوە کرد و شەڕ بەردەوام بوو تا هێزی حکومەتمان تێکشکاند. ئەو زستانە تا پایز لە دۆڵەکۆگە بووین.

مام جەلال لە دەرەوە بوو. ئاگاداری وەزعەکە بوو. جوابی نارد بۆ کاک نەوشیروان هێزەکان بنێرێتەوە سنورەکانی خۆیان و بەرنامەی راپەڕین داڕێژن. ئێمە چووینەوە ناوچەکانی خۆمان، تا زستان لەوێ ماینەوە و زستان گەڕاینەوە بۆ زەڵێ. ئەمە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ بوو. ئەوە بوو هاوپەیمانان پەلاماری جەیشی عێراقییان دا کە چووبوون کوەیتیان داگیر کردبوو. ئینجا بەرنامەی راپەڕین کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئێوارەی ٣/٦ وەکو بەتالیۆنی ٤ کە رەحمان سەیدە ئامر بەتالیۆن بوو منیش فەرماندەی کەرت بووم هاتینە سونێ و بێ تەقە بارەگاکانی حکومەتمان گرت. کاک کۆسرەت مەسئولی قووەتەکەی ئێمە بوو. بەیانی زوو سەیارەیان هێنایە سونێ و ئێمەیان بردە سەنگەسەر. لەوێ تەنها فەوجی قادراوا مابووەوە. چووینە فەوجەکە و من بە ٩ گوللە بریندار بووم و شەهید و برینداری تریشمان هەبوو. فەقێ رەسووی رانیە من و پێشمەرگەکانمی گەیاندە خەستەخانەی رانیە و دکتۆرە رێزان فریام کەوت. پەنجەکانم هەر بە دەمار و پێستە داماڵراوەکەیەوە مابوو. برینەکانیان بۆ پاککردمەوە و سێ رۆژ لە خەستەخانەکە مامەوە و دواتر ناردیانم بۆ سەردەشت و شەوێک لە خەستەخانەکە مامەوە و بۆ سبەینێ رەوانەی خەستەخانەی رەزائیەیان کردم. ماوەیەک لەوێش عیلاجیان کردم و پاشان چوومەوە بۆ ماڵی خۆمان کە هاتبوونە گوندێک لە سنوری پیرانشەهر. پاش ئەوە پەیوەندییم کردەوە بە بارەگای خۆمەوە لە شەقڵاوە.

داعش شەوی ٩ لەسەر ٢٠١٤/٦/١٠ پەلاماری شاری موسڵیان دا و گرتیان. سەرکردایەتی ئێمەیان وەک لیوای بیتوێن داوا کرد بچینە توز خورماتو چونکە



لەڕاستەوە: کوێخا سمایل، مستەفا عەبدوڵڵا، لیوا عومەر.
لەپشتەوە: پێشمەرگەیەك، کوردە شاوری، لیوا زیاد خۆرانی.
پێشمەرگەکانی هێزی حەفتا، لەکاتی گرتنی بەشیر، ساڵی ٢٠١٦.



لیوا مستەفا عەولا تەها، شەڕی داعش، ٢٠١٤/١٠/٢٠..

پێشبینی دەکرا داعش بگاتە ئەوێش. ماوەیەک لەوێ ماینەوە و ناردیانین بۆ قەرەتەپە. لە بەرزاییەکانی بابیزە لیوا کەمال حاجی، شەهید بوو. لە ٢٠١٤/١٠/١٢ داعش بە تیئێنتی بارەگاکانی ناو قەرەتەپەی تەقاندەوە کە زیاتر لە ١٠٠ شەهید و بریندارمان هەبوو. دوای ئەوە یەکێتی هێزی هێنا و دواتر بەشێک لە هێزەکەیان کشاندەوە. داعش کە زانیان یەکێتی هێزەکەی تەنک کردووە شەوی ١٩ لەسەر ٢٠١٤/١٠/٢٠ هێرشی کردەوە سەر قەرەتەپە. ئەوکاتە هێزەکەمان لە رەبیەی گل خەنجەر بووین. ئامر سریەی رەبیەکە مستەفا ئۆمەر بوو. چواردە سەعات موحاسەرە کراین. ئێمە ٢٤ پێشمەرگە بووین. شەڕی مان و نەمانمان کرد. لەو شەڕەدا دوو شەهید و چەندین بریندارمان هەبوو بەڵام داعش نەیتوانی جێگەمان پێ چۆڵ بکات. دواتر شێخ جەعفەر و مەحمود سەنگاوی هێزیان هێنا و داعش شکێنرا. لەو شەڕەدا فیشەک بەر باسکم کەوت و تیغی کرد و خالیدی مەلا تەهای ئامۆزام چاوێکی کوێر بوو. بەکر مستەفا و سەعید ئەحمەد خدر و بڕوا حەمەد عەبدوڵا و بەختیار وسوو لەگەڵ شۆڕشی عەولا تەهای براشم بریندار بوون. دوای ئەوەی سنورەکان کۆنترۆڵ کران نەقڵی میحوەری داقوق کراین و من کرام بە ئامر فەوج و دواتر بە جێگری ئامر لیوا و لە ساڵی ٢٠١٥ دا کرام بە ئامر بەتالیۆنی لیوای بیتوێن. ئیتر هەر بەردەوام بووم لەسەر ئەرکی پێشمەرگایەتی.

کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ مووچەکەم گواستەوە سەر کەمئەندامانی سەنگەر. ئێستا لە فەرماندەیی یەدەک وەکو مەسئولی یەکەی -١٩٦- بەردەوامم لە خزمەت. تا ئێستا کۆمەڵێک پارچە لەناو سنگ و لاقی راستمدا ماوە و چوومەتە لای زۆرێک لە دکتۆرەکان وتوویانە ناتوانین دەریان بهێنین.



**مستەفا قادر مەحمود خدر (مستەفا چاوڕەش)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٩

کاک مستەفا پێشمەرگەی دانەبڕاوە و ڕێکەوتی ١٩٤٨/٩/٥ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٦٢ بووم بە ئەندامی حزبی شیوعی و ساڵی ١٩٦٥ چوومە دەرەوە بۆ ئاوەگرد لە شاخی سەفین کە مقەڕی حزبی لێ بوو. ئەوکاتە چەکمان نەبوو. دواتر نەقڵ کراین بۆ ناوچەی ڕەواندز و لە شاخی هەندرێن پێشمەرگە بووین

ڕژێم ١٩٦٦/٥/١٢ هێرشێکی گەورەی کردە سەر ناوچەکە و لەو شەڕەدا گوێچکەم بریندار بوو. تا ئێستا ئەو گوێچکەیەم (نابیست)ە. ناردیانم بۆ خەستەخانەی تاران و عیلاجی گوێچکەمیان پێ نەکرا.

کاتێک عەبدولڕەحمان بەزاز بۆ ماوەیەک بوو بە ڕەئیس وزەرا مفاوەزەیەکی کورتخایەنی لەگەڵ کوردا کرد. منیش بە وەرەقەیەکی شۆڕشەوە چوومە بەغدا بۆ لای دکتۆر غانم عەقراوی کە مودیری خەستەخانەکە بوو. ئەو منی

برده ژوورێکی تەنهاوە و بۆ سبەینێ بە دزییەوە عەمەلیاتی بۆ کردم و کە چاوم هەڵهێنا عەلی بۆسکانیم لەلا بوو. ئەویش ئەوکاتە شیوعی بوو. تا من گەڕامەوە مفاوەزات تێک چووبوو. لە سەیتەرەی خالص رایانوەستاندین و داوای هەویەیان کرد و من وەرەقەکەم نیشان دان، دایانبەزاندم و کەوتنە لێدانم و تەسفیریان کردم بۆ موعەسکەری تەوقیفی بەعقوبە و دوای چەند رۆژێک ناردیانم بۆ تەوقیفی کەرکوک و لەوێش چەند رۆژێک منیان هێشتەوە و تەسفیریان کردم بۆ سەرای سلێمانی. ئەو رۆژە جومعە بوو. ناو سەراش زۆر قەرەباڵغ بوو. وتیان بمێنەرەوە لە حەوشەکە تا بەیانی دەتکەینە ژوورەوە بۆ تەحقیق. منیش فرسەتم هێنا و رامکرد و تا ئێستاش نەیانگرتمەوە. دوو رۆژ لە سلێمانی بووم و دوای ئەوە چووم بۆ مەنتیقەی گەڵاڵە. دواتر بیستم لەسەر راکردنەکەم چەند پۆلیسێکیان دەستگیر کردبوو.

من لە ساڵی ١٩٦٢ەوە تا ٧٣ لە حزبی شیوعیدا بووم و دواتر بووم بە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و تا هەرەس و دوای ئەوە چوومە سەردەشت بۆ ماڵی کەسوکار، چونکە لە ئەسڵا خەڵکی سەردەشتین.

١٩٧٦/٣/٦ چوومە هۆڵەندا لەگەڵ زاهیری برامدا کە لە شەڕدا فسفۆڕی بەر کەوتبوو، و لەوێ کۆمەڵێک کەسم ناسی و سەرمان کرد بە یەکدا لەوانە ئازادی مستەفا خۆشناو و چیا عەباس و زاهیر حەمەد (ئەنفال کرا) و فوئاد حسێن و عەلی ئیحسان موراد و ... تاد. ئێمە یەکەمین کۆبوونەوەمان لە پاریس لە ماڵی ئەحمەد بامەڕنی کرد.

لەدوای کۆبوونەوەی فرانکفۆرت کە د.فوئاد مەعسوم پێی کردین من لە ساڵی ١٩٧٧دا لەگەڵ کاک نەوشیرواندا گەڕامەوە بۆ کوردستان بۆ سێ سنور و دواتر چووینە شارباژێڕ و لەوێ تەشکیلاتی مەفرەزەکان کرا. ئیتر کەوتینە خەبات و چالاکی و دواتر من کرام بە ئامر هەرێمی شارباژێڕ. دوای شەهید کردنی سیروان تاڵەبانی من ١٩٧٩/٨/١٩ نەقڵ کرام بۆ هەرێمی ٥ی قەرەداغ

(که شێخ جەعفەر و مەحمود سەنگاوی و سامان گەرمیانی و مام رۆستەم کادر بوون).

ساڵی ١٩٨٢ نەقڵ بووم بۆ مەکتەبی عەسکەری و دواتر بووم بە مەسئولی عەسکەریی مەڵبەندی ٢ لە سەرگەڵو.

بەشداری و سەرپەرشتی زۆرێک لە چالاکییەکانی یەکێتیم کرد.

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزە بوو. ساڵی ١٩٨٥ بووم بە سەرپەرشتیاری تیپەکانی پشدەر.

لە ١٩٨٧/١١/٢٤دا لەماڵی خۆمان لە دێی سێروان/ مەرگە ژەهرخوارد کراین. دەستبەجێ خەدیجە حسێن ئەمینی دایکم و سەمیعەی مەلا محەرەمی مەرگە و بێستونی مەلا عومەری شوشە شەهید بوون. من و کاک عەدنان موفتی و سامی شۆڕش و دکتۆر شوان ئاکرەیی و تریفەی سەید گوڵ محەمەد و ئاواتی خەڵکی سلێمانی بریندار بووین.



هەرێمی ٣ی شاربازێڕ، کاک مستەفا چاوڕەش و پێشمەرگەکانی.

ئەو رۆژە کاک مولازم عومەر سەرپەرشتی شەڕی زینۆی سپی دەکرد لە شاخی ئاسۆس.

من سەرەتا وەزعم تێک نەچوو، وردە وردە بۆ رۆژی دواتر حاڵم بەرەو خراپ و خراپتر ئەچوو. پێشمەرگە بە وڵاخ منیان برد بۆ دێی هەرزنە (بریندارەکانی تر هێشتا وەک من ژەهرەکە کاری تێ نەکردبوون) (بەداخەوە کاک عەدنان موفتی لە ساڵی ٢٠٠٠یشدا لە مەڵبەندی -٣- بە سەختی بریندار بوو).



شەهید خەدیجە ئەحمەد حسێن (دایکی کاک مستەفا چاوڕەش).

رێگەی پەڕینەوەمان نەبوو بۆ ئێران چونکە ئەوکاتە شەڕی عێراق-ئێران هەبوو. پێشمەرگە ناچار منیان بە کۆڵ و وڵاخ بردە دێی گەرمکان کە مقەڕی شێخ سەدرەدینی سەرتیپی لێ بوو.

پێشمەرگە منیان لە زێی دوکان پەڕاندەوە و چووینە ژاراوە و منیان بردە ماڵی حاجی عەلی. بۆ سبەینێ کاک مولازم عومەر جوابی بۆ حزبی دیموکراتی ئێران ناردبوو. ئەوانیش مەلا حەسەنیان بە سەیارە نارد بە شوێنما و منیان لە قەڵادزێوە برد بۆ سونێ کە مقەڕی خۆمانی لێ بوو، و لەوێشەوە بۆ سەردەشت و بەیانییەکەی منیان برد بۆ سەقز و لەوێوە بە هەلیکۆپتەر بردیانم بۆ تەبرێز و لە خەستەخانە مامەوە و نەیانئەزانی من بە چ جۆرە ژەهرێک دەرمانخوارد کراوم. دوای ئەوە بردیانم بۆ تاران و لەوێ هەموو ژەهرەخواردوو کراوەکان یەکمان گرتەوە. لە تاران بەهۆی خزمێکی کاک عەدنان موفتییەوە مونەزەمەی عەفوی نێودەوڵەتی ئێمەیان برد بۆ لەندەن کە هانیە ئەلموفتی بەرپرسی بوو.



لەڕاستەوە: ڕێزان (خوشکی کاک مستەفا)، ماجید محەمەد ئەمین (پورزای کاک مستەفا)، کاک مستەفا چاوڕەش، زاهیر (برای کاک مستەفا)، دکتۆر ئەکرەم حەویز قەڵادزێی. نەخۆشخانەی لەندەن - بریج هۆسبیتەڵ، ١٩٨٧.



جانێس چەین (دکتۆری فیزۆتراپی)، مستەفا چاوڕەش. لەندەن.



مستەفا چاوڕەش و زاهیری برای.



مستەفا چاوڕەش

بردیانینە خەستەخانە و کاک عەدنان و سامی شۆڕش دە رۆژ لە خەستەخانە مانەوە و من ماوەی دوو مانگ لە خەستەخانە کەوتم. لەوێ لە پشتمەوە سێ پارچەیان لە سییەکم کردەوە و ناردیان بۆ موختەبەر. سەرەتا دکتۆرەکان کە حاڵیان زانیم وەیانئەزانی سەرەتانمە، بەڵام کە فەحسەکە دەرچوو بۆیان دەرکەوت کە من ژەهری (سالیۆم)یان داومەتێ کە لەلای خۆمان بۆ کوشتنی مشک بەکاری دێنن. وردە وردە سەروسمێڵم روتایەوە و بیست کیلۆ وەزنم دابەزی و دەست و قاچم لە ئیش کەوتبوو، تەنها چاوم ئەیبینی. رۆژی ١٠٠ سی سی ئەنتی بایۆتیکیان لێ ئەدام. وردە وردە بەرەو باشبوون چووم بەڵام هێشتا هەر پێویستم بە عیلاج بوو.

پێشتر ئەو کاتەی زاهیری برام فسفۆری بەرکەوتبوو من لەگەڵیدا چووبووم بۆ هۆڵەندا و دوای ئەوەی لە خەستەخانەی لەندەن ئیزنیان دام حکومەتی هۆڵەندا لیزەپاسیان دامێ و چوومە ئەوێ. لەوێ بە هیممەتی شازاد سائیب و زاهیری برام لجوئم بۆ وەرگیرایەوە و لەوێش لە خەستەخانە لەژێر عیلاجدا مامەوە. ئەوکاتەی من ژەهرخوارد کرابووم نەهاوەندی خێزانم و زریانی کوڕم لەسەر من لە زیندانی ئەمنی عامە گیرابوون و ماوەی ساڵ و نیوێک مابوونەوە و بە عەفواتی ١٩٨٨/٨/١٦ ئازاد کران.

ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ راپەڕین گەڕامەوە و لە کۆنگرەکانی یەک و دوو، سێ و چواردا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرام و ماوەی ١٥ ساڵ مەسئولی مەڵبەندی پێشمەرگە بووم و سێ ساڵ فەرماندەی هێزەکانی ٧٠ بووم تا ٢٠٢٣ لەلایەن هەڤاڵ بافل تاڵەبانییەوە رێزلێنانم بۆ کرا.



هەڤاڵ مام جەلال، مستەفا چاوڕەش



مەلای عەلیاغای مەنگوڕ و کاك مستەفا و فەرماندەکان.
شەڕی داعش - جەلەولا، ٢٠١٤/٦/٢٨



سەرۆك بافڵ قەڵغانی شكۆمەندی، رێز و پێزانینی نیوسەدە پێشمەرگایەتی، خەباتی بێدابڕانی بەخشییە هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش. ساڵی ٢٠٢٣.



**مەحمود ئەحمەد سۆفی شەریف**

پێنجشەممە ٢٠٢٥/١/٣٠

کاک مەحمود، ساڵی ١٩٦١ لە هەڵەبجە لەدایک بووە و دە سەر خێزان بوون و گوزەرانێکی زۆر باشیان هەبووە.

ئافتاو رەشید محەمەدی دایکی و مەنصور ئەحمەدی ١٨ ساڵی برای، لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی گەڕانەوەیان لە ئێرانەوە ئەنفالکراون. دەرچوی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانە لە هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٠-١٩٨١ و دەڵێت:

لە دوای ئاشبەتاڵ من یەکێک بووم لە خوێندکارە چالاک و بزێوەکان و مانگی ١٩٧٨/٣ لە رێگەی محەمەد غەفور شەریفەوە چومەتە ناو ریزەکانی رێکخستنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە. مانگی ١٩٨٢/٤ پیاوانی رژێم کەوتبونە چاودێریم، چونکە من زۆر چالاک بووم بۆیە رێکخستن ئاگادار یان کردمەوە و تەزکیەیان بۆکردم و چومە تیپی ١٥ی هەورامان کە مامۆستا شاهۆ سەرتیپی بوو.

دەتوانم بڵێم بەشداری نزیکەی ٨٥٪ی چالاکیەکانی سنوری هەڵەبجەم کردووە و لەگەڵ وریای براخاس دا ئەندامی کۆمەڵایەتی و ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی شارەزوور و هەورامانیش بووم. مەفرەزەشمان کردووە بۆ ناوشار.

١٩٨٤ مفاوەزات بوو، ئەوکاتە من لە کەرتی ٦ی تیپی ١٥ی هەورامان بووم، کە لەتیفی محمەدی مەلا سابیر ئامر کەرتمان بوو.

ساڵی ١٩٨٥ کە مفاوەزات تێک چوو لەبەر ململانێی ناو یەکێتی من و چەند هەڤاڵێکی ڕێکخستن چوینە ناو حیزبی شیوعییەوە، بەر لە ڕۆیشتنم من چەکەکەم تەسلیم کردەوە بە کاک لەتیفی حەمەی مەحمود عەنەبی، بەردەوام بووم لەسەر کار و خەبات لەناو حیزبی شیوعیدا و بەشداری شەڕی بەرەنگاربوونەوەی ئەنفالم کردووە لە قەرەداغ و گەرمیان.

ساڵی ١٩٨٨ وەکو حیزبی شیوعی بە هاوکاری تەواوی مەڵبەندی یەک و تیپی مەڵبەندەکانی تریش هاتنە هانامانەوە و هەڵەبجە و خورماڵ و سیروانمان گرت و تەنها سەید سادق مان بۆ نەگیرا و ئەرکەکەمان بە سەرکەوتووانە جێبەجێ کرد.

ئێمە وەک مەفرەزەی پارتیزانی (من ئامر مەفرەزە و رابەرسیاسی ڕێکخستن بووم) گەڕاینەوە بۆ قەرەداغ و لەوێوە جەولەمان دەکرد بۆ گەرمیان.

کاتێک هەڵەبجە کیمیاباران کرا ئێمە لە شارەزوور بووین، ناچار بوین بەرەو قەرەداغ بڕۆین، زۆری پێ نەچوو ئەنفال و کیمیاباران دەستی پێکرد و ئێمە شەڕی بەرەنگاریی ئەنفالمان کرد لە میریاس و بورجی قەرەداغ. تیپێک خیانەتیان کرد و تەسلیم بوونەوە و جیهازەکانیشیان بردبوو، بەو جیهازە دەیانویست ئێمەش بدەن بە داری گۆڵەکەدا. ئەوان چووبونە زەڕایەن و موجەمەعی نەسر و تەسلیم بووبوونەوە. ناچار کشاینەوە بۆ تانجەرۆ و گوندی قەڵای قایمز پشتی تانجەرۆ بە دەستی گەرمیاندا، شاخی کەڵۆش

لەپشتەوە بوو، ئێمە لەو شاخە شەڕمان کرد. لەو سەردەمەدا ئاوەدانی لە قەرەداغ و ناوچەکانی دا نەمابوو ناچار چوین بۆ گەرمیان.

ئێمە لە گەرمیانەوە چوینە دەشتی کۆیە. ماوەیەک لەوێ ماینەوە تا ئەوکاتەی ئەنفال گەیشتە ئەوێ و بە کیمیاوییش لێی درا. ناچار بەرەو قەندیل رۆیشتین.

حەمەرەشید قەرەداغی و بەرپرسەکان کۆیان کردینەوە و وتیان هەڵەبجەییەکان برۆن بۆ هەواڵی کەس و کارتان چوینە ئێران و بە ناونیشان چومە قاوەخانەیەک کە هەڵەبجەییەکانی لێ دائەنیشتن و لەوێ هەواڵی ماڵی خۆمانم پرسی، وتیان دایکت و باوکت لە جوانڕۆن و چوم و لەوێ پێیان شاد بوومەوە و دوو رۆژ لایان مامەوە و گەڕامەوە. نەمتوانی زیاتر بمێنمەوە چونکە ئەو هەموو خاکە وێران کراو و کیمیاباران کراوانەمان ئەدی و دەنگ و باسی ئەنفالکردنمان ئەبیست بەدوای تۆڵەدا دەگەڕاین. لەگەڵ عەبدوڵڵای مامە کوێرە و سەعیدی حەمە فەرەج رۆیشتم و پاش چەند شەوێک دابەزین بۆ شارەزور. شارەزور کەسی لێ نەمابوو، سێ رۆژ لەوێ ماینەوە. نە نانمان پێ بوو نە ئاو. ئەو مەنتیقەیە مەنتیقەی جەبهە بوو. ئێران لەوێ نەمابوو ناوچەکە پڕبوو لە پاشماوەی شەڕ تەنانەت شۆڤڵ و سەیارە و فیشەکیش.

بەرەبەیانی ١٩٨٨/٩/٤ بەدوای قەراغە نانێکدا یان هەر شتێک کە بۆ خواردن بشێت مەلجەئێکم هاتەڕێ چومە خوارەوە و هاتمەوە سەرەوە. کاتێکم زانی زرمە هات و لەناو خۆڵ و تۆزدا غەرق بووم. نەمزانی چیە و چی روویداوە. هاوڕێکانم پانزە مەترێک لێمەوە دوور بوون، چاوم لێ بوو بەرەوڕووم هاتن، من پەردەی گوێی چەپم تەقی، کە خۆڵ و تۆزەکە نیشتەوە زانیم سەروچاوم هەر خوێنە و قاچم لەدەست داوە.

جامانەکەیان لە قاچمەوە بەست، سەعید منی دا بە کۆڵیدا عەبدوڵڵا تفەنگەکانی هەڵگرت. کە ساردبوومەوە لە ئازاردا قەپم ئەگرت لە شانی سەعید

و قژیم رائەکێشا. ئەوەندە ئازارم هەبوو هەر دەمووت دامگرە. منیان بردە ناو تورکێک لە چەمی زەڵم، بە گوێنی و پاشماوەی ئەو شوێنانە جێگایان بۆ چاک کردم. خوێن هەر لە قاچم دەهاتە خوارەوە. لەناو دەمە خاکەنازێکدا گوێنیان سوتاند و بە گەرمی دەیانکرد بەسەر برینەکەمدا و خوێنی دەمارەکانم وەستا. لەوەش نەدەچوو خوێنم زۆر تیامابووبێت. زۆر بێ هێزیش بووبووم، ئینجا چوون گەڕان بەدوای نانە رەقەدا، نانی کەڕواوییان دۆزییەوە و کردیانە ئاوەوە و دەیانکرد بە دەممدا. ویستم خۆم بکوژم، رێگەیان لێ گرتم و وتیان ئێمە جێت ناهێڵین. عەبدوڵڵا مامە وتی من دەڕۆم بۆ سورێن و مەفرەزەیەک دێنم بۆ ئەوەی بە سەلامەتی بتگوازینەوە. وتم هەردوکتان پێکەوە بڕۆن، ئەوان رازی نەبوون من بە تەنها جێ بهێڵن. هەرچۆنێک بوو رازیم کردن چەک و رومانەیەک و نانە کەڕواوییە خوساوەکەشیان لادانام. چوار شەو بە تەنهایی مامەوە و کە گەڕانەوە وتیان صەدام عەفواتی بۆ ئاوارەکانی سنوری هەڵەبجە داوە و مەفرەزەیەکی سۆشیالیستی پێنج کەسییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو بۆلام و نەقالەیەکیشیان پێ بوو، بەتانییان خستە سەر و رۆیشتین دوو کەس دوو کەس بە نۆرە هەڵیان دەگرتم بۆ بەیانی گەیشتینە ئەشکەوتی هەورامی لەسەرو میری سورەوە. ماوەیەک ئیسراحەتم کرد و تەنها عیلاجی من یەک حەبی ئازارشکێن بوو.

بردیانمە سەرەوە و ئێستریان هێناو گوێنییان پڕکرد لە پوش و خستیانە سەر وڵاخەکە و منیان بە نەقالەکەوە جوان لەسەر پشتی ئێسترەکە بەستەوە

وردە وردە چاوم بەرەو کز و کزتر دەچوو، وام لێهات بە دەنگ دا دەمزانی خەڵکم لەلایە.

ئەو شەوە تا نیوە شەو بە رێگەوە بوین تا گەیشتینە کانی خەیاران و لەوێوە بە ئیسعافی سوپای پاسداران منیان گواستەوە بۆ خەستەخانەی ئەڵڵاهو ئەکبەر لە مەریوان.

لە خەستەخانەکە ڕێگەیان نەدا بە هاوڕێکانم لام بمێننەوە، لەوێش تا خوێنیان بۆ پەیداکردم زەحمەتی زۆریان کێشا، چونکە گروپی خوێنەکەم (O-) بوو، کە دەگمەنە.

بۆ سبەی بەیانی ناردمیان بۆ بەشی عەسکەری لە خەستەخانەی تەوحید. ویستیان عەمەلیاتم بۆبکەن و دەبوایە کەسێک ئیمزام بۆ بکات. دکتۆرەکەم کرد بە وەکیل لە باتی کەسوکارم ئیمزام بۆ بکات. هەر ئەو بەیانییە عەمەلیاتیان بۆ کردم. کاتێک چاوم کردەوە زانیم شەوە و کەسم لانیە و بۆ بەیانییەکەی زانیم کە پێنج بوتڵ خوێنم تێکراوە.

بەڕاستی ئەو دکتۆر و کارمەندانە هاوکاریی باشیان کردم و ٤٥ چل و پێنج شەو مامەوە، دوو جار لە نەخۆشخانەی تەوحید عەمەلیاتی قاچیان بۆ کردم. قاچم وەکو خەیار قاشکرابوو، گۆشتی پێوە نەمابوو، ئەوەی کە پێشیەوە مابوو بۆگەنی کردبوو، تەنها ئیسقانەکانم بە دەرەوە بوون. قاچم تەقەڵی پێوە نییە و خۆی وردە وردە پێستی دروستکردەوە.

دکتۆر یەزدان پەرست زۆر باش بوو بۆم. هاتە لام و وتی من بە موعایەشە لێرەم و ئەرکەکەم تەواو بووە و دەبێت بگەڕێمەوە بۆیە ئەتنێرم بۆ خەستەخانەی تاقستان لە کرماشان و دکتۆرەکەی هاوڕێمە و کوڕێکی زۆر باشە و نامەی بۆ نووسیم و بە ئیسعاف بردیانم. سێ مانگ و هەژدە ڕۆژیش لەو خەستەخانەیە مامەوە و ئەو دکتۆرە عەمەلیاتی تەجمیلی قاچی بۆ کردم

قاچم جارێ خۆش نەبووبووەوە و زۆر بێتاقەت بووم. دکتۆر پرسی بۆ وا بێتاقەتیت، خەمت نەبێت، ئیتر ڕۆژانە پارەیان دەدامێ و بە کورسی کەمئەندامان کارمەندێکیان لەگەڵ دەناردم بۆ ئەوەی لەڕووی دروونییەوە باشتربم.

دواتر ئیزنیان دام وتیان دەتەوێت بۆ کوێت بنێرین، وتم ماڵی خوشکێکم لە ئوردوگای جوانڕۆیە، دەرمانیان دامێ و بە ئیسعاف بردیانم بۆ جوانڕۆ و

نامەیەکیشیان دامێ بۆ ئیدارەی ئۆردوگای خەستەخانەکەی ئەوێ. ئەوانیش هەموو ڕۆژێک بە ئیسعاف دەهاتن بە شوێنما و دەیانبردم بۆ خەستەخانە، پاش ٢٥ بیست و پێنج ڕۆژ نامەیەکم بۆ هات، تیا نوسرابوو کە بچم بۆ خەستەخانەی شاری سنە بۆ بەشی پەلی دەستکرد. خاڵۆزایەکم هات لەگەڵم و لەوێ قاچیان بۆ دروستکردم و ڕاهێنانیان پێ کردم و پاش سێ مانگ توانیم وا خۆم ڕابهێنم کە بەبێ گۆچان بڕۆم. من ئەوەندەم ئازار بەدەست قاچمەوە چەشتبوو وازم لە گوێچکەم هێنا.

لە ئۆردوگا خانوویان دامێ. لە پاش ماوەیەک هەواڵی ماڵی خۆمانم بۆ هات کە دایکم و براکەم دیارنین دواتر زانیم لەگەڵ کۆمەڵێکی تردا کە لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە ئەنفال کراون.

حیزب مانگانە یارمەتییان بۆ دەناردم و بەردەوام سەردانیان دەکردم. لە ماڵەکەی خۆمدا پرسەم بۆ دایکم و براکەم دانا.

یەکەم یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئۆردوگای جوانڕۆ لە ماڵەکەی مندا کرایەوە بە شانۆگەری و پێشانگا و لایەنە ئێرانییەکانیشم دەعوەت کرد.

لەدوای ڕاپەڕین کە سلێمانی گیرا و پاککرایەوە حیزبی شیوعی سەیارەیەکیان دامێ و متیان بڕۆ بۆ ماڵی باوکت، ماڵی باوکت لە (صەدامیەی هەڵەبجەن) بەیانیەکەی ڕۆیشتم و کابرایەکم بینی عەرەبانەیەکی پێ بوو، پرسیاری گەڕەکەکەم لێ کرد، وتی بۆ ماڵی کێ دەچیت؟ وتم: بۆ ماڵی ئەحمەد سۆفی دەچم، وتی زۆر باشە منیش دەچم بۆ ماڵی ئەوان و خێرا دەڕۆم مژدانەکە لە باوکت وەردەگرم.

من سەیارەکەم لەگەڵ پێشمەرگەکانم دا بەجێ هێشت و چەند قوتوویەک حەلّوای گەزۆم کڕیبوو، قوتویەک حەلّوام دایە و بردمیە بەر ماڵی خۆمان و ئەو نەهاتە ژوورەوە.

خۆم کرد بە ژووردا و باوکم و خوشکەکانم و برا بچوکەکەم لەماڵ

بوون. ئیتر بە قسە باس ناکرێت. یەک هەفتە لایان مامەوە و چومەوە بۆ ناو هێزەکەی خۆمان.

من لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ و سەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا لەڕێگەی کوردۆ قاسم و کاک فەلاحی حەمەبۆرەوە پەیوەندیم بە مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانییەوە کرد، کە کاک عومەری سەید عەلی بەرپرسی بوو. ئەو منی کرد بە ئەندامی کۆمیتەی عەربەت و دواتر بووم بە کارگێڕی کۆمیتە.

ساڵی ١٩٩٤ کە کۆمیتەی هەڵەبجەی تازە دامەزرا من کرام بە کارگێڕی کۆمیتە، کە مامۆستا عەلیی بچکۆلی پێنجوێنی بەرپرسی کۆمیتەکە بوو، لەوکاتەوە لە خەبات دانەبڕاوم ئێستاش پلەکەم عەمیدە لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر.



**مەحمود ئەحمەد مەحمود (مەلا مەحمود)**

هەینی ٢٠٢٥/٢/٢١

کاک مەحمود، پێشمەرگەی دانەبڕاوە و خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی مڕە و دەرۆینە/ ناحیەی هێرۆ لەدایکبووە و گوزەرانی ژیانیان باش نەبووە و خوێندەواری هەیە و ئەڵێت:

١٩٨٣/٥/١ چوومە گەرمکان بۆ لای ئەحمەد حەسەن هێرۆیی ئامر کەرتی ٥ی ت٦٣ی جوتیاران (١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤ لە داستانی رزگاریدا لە زینی سپی شەهید بوو).

ساڵی ١٩٨٤ مفاوەزات بوو، جاشەکان شەڕیان پێ فرۆشتین و ڕێگەیان بە عەبدوڵای مام عەلی سەرتیپی ٦٣ی جوتیاران گرت و ئێمە چووین بە هانایەوە و شەهیدیشمان دا و پارچە ئارپیجییەک بەر چاوی ڕاستم کەوت و چاوی تەقاندم. بردیانم بۆ قەڵادزێ و لەوێوە بە ئیسعاف بەڕێیان کردم

بۆ خەستەخانەی جمهوری هەولێر و دکتۆر تەها ئەو بەشەی لە چاوەکەمدا مابووەوە پاکی کردەوە و چاوێکی سەناعیان بۆ دانام، بەڵام لە رەنگی چاوی خۆم نەبوو، چاوی خۆم سەوز بوو، چاوەکەی بۆیان دانام مەیلەو زەرد بوو. سێ هەفتە لە خەستەخانە مامەوە و گەڕامەوە و پەیوەندییم کردەوە.

ساڵی ٨٥ پاش تێکچوونی مفاوەزات ئێمە وەکو تیپی ٦٣ی جوتیاران دوو جار شەڕی ئاسۆسمان کرد.

ساڵی ٨٦ تیپی ٤٣ی ئاسۆس کە سەرتیپەکەیان عەبدولڕەحیم بوو لەگەڵ تیپی ٦٣ جوتیاران کە سەرتیپەکەمان محەمەد رازانی بوو (مانگی ١٩٨٨/٣ لە شەدەڵە شەهید بوو) بەشداری شەڕی گرتنی (داری گردی)مان کرد کە جاش و عەسکەرییە هجومێکی گەورەیان بۆ کردین بریندار و شەهیدێکمان هەبوو، لەوانەی لەیادم مابن حوسێن محەمەدی جێگری کەرتی عەوڵا هەمزە و محەمەد هەمزە ژاراوەیی و پێشمەرگەیەکی خەڵکی ژاراوە.



مەحمود ئەحمەد محەمەد (مەلا مەحمود)، ١٩٨٥ مەرگە.

هەر لە ساڵی ١٩٨٦دا شەڕی قەیوان - ماوەتمان لە کەڵکی قەیوان و سەری گوڵێ کرد.

شەوی ١٣ لەسەر ١٩٨٧/٤/١٤ بەشداریی شەڕی رزگارییمان کرد لە زینی سپی. وەک تیپەکەی خۆمان و تیپی ٦٣ی جوتیاران و تیپی ٦٨ی مامەندە و ٤٤ی چەکوچ و ٩٩ی بیتوێن و تیپی بڵفەت بەشدار بووین، دەستکەوتمان دوو هاوەن و دوو بیکەیسی بوو، ٣٠ جوندیشمان کوشت. لەم شەڕەدا ئەحمەد حەسەنی

ئامر کەرتی ٥ی جوتیاران و رەسو قندۆڵی کەرتی ٣ی جوتیاران و رەسوی سمایلی باوزێ لە کەرتی ٢ی باوزێ شەهید بوون.

لە ١٩٨٧/١١/٢٣دا بۆ جاری دووەم چووینەوە بۆ گرتنەوەی زینی سپی و کەوتم بەسەر ئەلغامێکدا، ئەو شوێنە کۆنە رەبیەی عەسکەری لێ بوو، پەنجەکانی قاچی بردم و تەنها پاژنەی پێم ماوە. من ئامر مەفرەزە بووم و شەڕەکە هێندە سەخت بوو کە دوو پێشمەرگەم (قارەمان و ئیسماعیل) ماوەی سێ شەو و رۆژ بەدیار منەوە بوون و رێگەی دەرباز کردنی منیان نەبوو، دواتر حەسەنی سەید عومەر و سلێمان چەکوانی و حەسەنی کۆرە بناویش هاتن و توانیان لەو شەڕەدا دەربازم بکەن و بە ئێستر منیان برد بۆ ئەشکان لە دیوی ئێران کە عیلاقاتی خۆمانی لێ بوو، لەوێ رەوانەی نەخۆشخانەی سەردەشتیان کردم و پاشان ناردیانم بۆ خەستەخانەی ئیمام خومەینی لە



لەڕاستەوە: ئەکرەمە رەش (کەرکوکی)، مەحمود ئەحمەد محەمەد (مەلا مەحمود)، نەخۆشخانەی تەبرێز، ١٩٨٧/١٢/٢.



**لەڕاستەوە: محەمەد بازیانی - تیپی ٢٣ی سورداش، مەحمود ئەحمەد محەمەد (مەلا مەحمود)، نەخۆشخانەی تەبرێز، ١٩٨٧/١٢/٢.**

مەهاباد و دکتۆر ڕۆستەمی عەمەلیاتی قاچی بۆ کردم.

هەفتەیەک مامەوە و وەزعم باش نەبوو. هەر بەتەنیاش بووم بە ئیسعاف ڕەوانەی تەبرێزیان کردم بۆ خەستەخانەی شوهەدا و لەوێ عەمەلیاتێکی تری قاچیان بۆ کردم و سێ مانگ لە خەستەخانە کەوتم. دکتۆر خەسرەو و مام قادر لە عیلاقات بوون و سەردانیان ئەکردم و هاوکاریشیان ئەکردم. بۆ جاری سێیەم دکتۆر لەواسانی و دکتۆر بێکهام عەمەلیاتێکی تریان بۆ کردم، ئەمجارە پێستی ڕانمیان لێ کردەوە بۆ قاچم.

خەستەخانەکە گەورە بوو، چوار بەخش بوو. دووسەد پێشمەرگەی بریندازی ئێمەی لێ بوو. بریندازی خۆشیان هەبوو چونکە شەڕی عێراق-ئێران بوو. دوای ئەوە قاچێکی سەناعیان بۆ کردم و ناردیانم بۆ نەقاهەتگای تەبرێز و دواتر منیان ئیزن دا و ناردیانم بۆ نەقاهەتگای سەقز. کە گەیشتمە

سەقز خەڵکەکان هەمووی ئاوارە بووبوون و گەیشتبوونە ئێران و دواتر چوومە سەردەشت و چوومەوە بۆ لای بەکری مام قادری جێگری کەرتمان (لە ئینتیفازە لە موعەسکەر خالید لە کەرکوک شەهید بوو). کەرتەکەمان لە نۆکان ماینەوە تا ئینتیفازە، من ئەوکاتە هێشتا برینەکەم چاک نەبووبووەوە.

کە قاچم بریندار بوو، لە تەبرێز دکتۆر خەسرەو منی برد بۆ خەستەخانەی تەبرێز و لەوێ چاوەکەیان بۆ گۆڕیم و ئەمجارە ڕەنگەکەی قاوەیی بوو.

ساڵی ١٩٩٥ چوومە ڕەزائیە و لە ڕەنگی چاوی خۆم کە سەوزە چاوێکیان بۆ دانام. ئەمجارە لەسەر حسابی خۆم بوو.

من پێشمەرگەی دانەبڕاوم. بە لاق و چاوی عەمەلیاتکراوەوە نەمتوانیوە بەشدار بم لە شەڕدا، بەڵام کاری ڕێکخستنم کردووە و چی بە من سپێردرابێت ئەنجامم داوە و لە سەر داوای یەکێتی بووم بە موختاری گەڕەکی ئاسۆسی دوو لە قەڵادزێ بە خۆبەخش. ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانم لقی پشدەر - قەڵادزێم. پلەکەم عەمیدە.



**لەڕاستەوە: عومەر محەمەد خەلیفە، بەکر تۆفیق، مەحمود ئەحمەد محەمەد (مەلا مەحمود)، مامۆستا برایم چاوشین، عومەر سێمان. چیای ئاسۆس، ١٩٨٦.**



**موسا باپیر موسا رەسوڵ (مام موسا باپیر) (موسا ژاراوەیی)**

پێنج شەممە ٢٠٢٥/٢/٢٠

مام موسا، زیندانی سیاسییە و ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی مەیتەر / پشدەر لەدایکبووە و تاقە خوشکێکی هەیە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٧١ لە سەربازیی فیرارم کرد و چوومە بەتالیۆنی زۆزک لە هێزی باڵەک. دوای هەرەس ساڵێک لە ئێران بووم. ساڵی ١٩٧٦ کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا پەیوەندییم کرد بە تەنزیمی داخلییەوە لە ڕێگەی تالب ڕۆستەمەوە و ساڵی ١٩٧٧ بووم بە پێشمەرگە لە هەرێمی پارێزگاریی لای تالب ڕۆستەم. ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ڕەتلی ٢ی کاک عەلی عەسکەریدا بەشداریی مەسیرەی هەکاریمان کرد و لەوێ لەلایەن قیادە موەقەتەوە دەستگیر کراین و پاش خۆ رزگارکردن گەڕامەوە و پەیوەندیم کردەوە بە هەرێمی پارێزگاریی لای د.خدر مەعسوم.

ساڵی ١٩٨٠ نەقڵ بووم بۆ لای عەبدولڕەحیمی ئامر هەرێمی پارێزگاریی لە قەڵاتوکان.

دواتر نەقڵ کرام بۆ لای بەکر پیرۆت، کە لە دەستەی حیمایەکانی جەنابی مام جەلال بوو. لەوێ پێیان وتم دابەزەرە خوارێ و بچۆرە قەڵادزێ و عومەرە سوری شارباژێری لە قەڵادزێ لە فلانە شوێن چاوەڕێت دەکات و ئەو ئەزانێت چیت پێ دەڵێت. من رۆیشتم و لەلایەن ئیستخباراتی عەسکەرییەوە دەستگیر کرام و رەوانەی مەنزومەی شیمالیی کەرکوکیان کردم و دواتر نەقڵی هەیئەی خاصەی کەرکوکیان کردم و پەنجا شەو لەژێر تەحقیق و تەعزیبدا بووم و ئیعترافم نەکرد و بە مادەی ١٥٧ بە پانزە ساڵ زیندانی کردن حوکم درام و ماوەی دوو ساڵ سجن بووم و بە عەفواتی سەدام حسێن ساڵی ١٩٨٢ ئازاد کرام و گەڕامەوە ژاراوە بۆ ماڵی خۆمان و ئیسراحەتم کرد و دواتر پەیوەندیم کرد بە عەبدولڕەحیم و مستەفای سەید قادرەوە. ئەوان وتیان هیلاکیت برۆ ئیسراحەت بکە. وتم ناتوانم دانیشم چونکە شەڕی عێراق - ئێرانە و لەوانەیە داوام بکەنەوە بۆ چوونە شەڕ، وتیان برۆ چی ئەکەیت بیکە و رێگە پێدراویت و تۆ پەیوەندیت بە ئێمەوە ئەبێت. کاک مستەفا ناوی نهێنی منی کرد بە (توانا)

بووم بە عەسکەر لە لیوای ١٠٦ی پیادە. بەر لە ئینتیفازە بە مەئمورییەت شەهیدێکی هەولێرییان بەناوی (عومەر سەباح)ەوە پیا ناردمەوە بۆ هەولێر و ئەوم گەیاند و خۆم نەچوومەوە و رۆیشتمە ماڵەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی جدیدە.

١٩٩١/٣/١١ هجوممان کرد بۆ مەخفەرەکەی ناو جدیدە، ئەو رۆژە بە پارچەی بیکەیسی هەردوو قاچم بریندار بوون. من هێشتا برینەکەم گەرم بوو ئازارم نەبوو، بۆیە بەردەوام بووم لە شەڕ کردن و چووینە ناو مەخفەرەکە کە ٢٥ ئیستخباراتی تیابوو، ٢٣ کەسمان لێ بە سزا گەیاندن و دوانیان دیار نەمان. وردە وردە هەستم بە ئازار کرد و ناو پێڵاوەکانم پڕ بوون لە خوێن

و کەوتم. تراکتۆریان بۆ هێنام و بردیانمەماڵەوە. شەو دکتۆریان بۆ هێنام و هەندێک پارچەی بۆ دەرهێنام و هەندێکی دەرنەهێنران. دوای ئەوە خۆم و خێزانم و سێ مناڵەکەم رامانکرد و چووین بۆ پشدەر. دواتر خەبەرمان بۆ هات کە ماڵەکەمان تالان کراوە.

لەو ساڵەدا بووم بە ئاسایشی قەڵادزێ بۆ ماوەی دوو ساڵ و دواتر ناردیانمە هێزی کوبرا و بەشداریی دەورەم لە قەڵاچوالان پێ کرا و ماوەی ساڵێک لەو هێزە مامەوە.

دوای ئەوە فەوجی هەکاری دروست کرا و ئامر فەوجەکەی مام عەلی سۆفی ئەحمەد بوو. دواتر نەقڵی هێزی حاجی عەلی سستە کرام. ئەم هێزە بریتی بوو لە سێ تیپ. من سەر بە تیپی ٢ی هێزەکە بووم.

٣١ی ئاب هات و لە یەکەمین رۆژی شەڕدا لە قەسرێ فیشەک بەر ئەژنۆم کەوت و ئەو شەوە رەوانەی خەستەخانەی رانیەیان کردم. خەستەخانەکە پڕ بوو لە بریندار، ئەوەی زۆر خەتەر نەبوایە تەداوییەکیان ئەکرد و ئەیانناردەوە منیان تەداوی کرد و ناردمیانەوە ماڵەوە بۆ ژاراوە. دکتۆر محەمەدی ژاراوە تەداوی ئەکردم و مانگێک ئیجازەیان دامێ و ئیسراحەتم کرد.

رۆژی ٣١ی ئاب پاش چەند سەعاتێک شەڕ، فەرماندە پەرش و بڵاو بوونەوە و هەمووی رووی کردە شێنێ و زەڵێ. منیش چووم بۆ ئەوێ. لەوێ تەشکیلاتیان کردەوە. من بۆ ماوەی ساڵێک چوومە بەشی زانیاری کە محەمەد وەتمان مەرجەع بوو. ئینجا وتم حەز دەکەم بچمە بەشی سەربازی، منیان کرد بە مەسئولی کەرت لە فەوجەکەی سەر بە پشدەر. دوای ئەوە نەقڵی فەوجی سەمەد بێتواتەیی کرام. شەڕی پەک لە بەستە و مارەدووان دەستی پێکرد و سەروچاوم بە پارچەی ئارپیجی بریندار بوو.

دوای وەستانی شەڕ نەقڵی خانەقین و جەلەولا کراین و چووین و پاش ماوەیەک گەڕاینەوە و بە بڕیاری سەرکردایەتی من چوومەوە بۆ هێزەکەی عەلی سستە.

دەورەی ئەفسەریمان لە دۆڵە بەفرە و قەڵاچوالان لە ماوەی ساڵێکدا تەواو کرد و بووینە ئەفسەر و واجیبەکەمان چووە سەید ئەحمەدان لە مەنتیقەی پشدەر

ئەوجا بڕیاری تێکەڵکردنی هێزەکانی یەکێتی و پارتییان دا و ڕەوانەی فەوجی دووی لیوای شەش کراین لە چوارقوڕنە. ماوەیەک لەوێ ماینەوە و نەقڵی کتکە کراین و داعش هات و نەقڵی تەلوەردیان کردین و شەڕمان کرد و دوای ئەوە لیواکەمان نەقڵی توزخورماتو کرا.

ڕۆژێک عەبدوڵا بۆر هات و وتی ڕەبایەکان لێک دوورن با ڕەبایە لە بەینی دوو ڕەبیەدا دروست بکەین. شۆقڵ و حەفارەیان هێنا و هەموو خەریکی



**مام موسا باپیر.**

دروستکردنی رەبیە بووین. لوغمێک لەژێر پێمدا تەقیەوە و هەموو لەشم بریندار بوو. پارچە لە ملی دام لە پشتی گوێی چەپمەوە بۆ پشتی گوێی راستم و ئێستاش گوێچکەی چەپم نابیستە و چاوێکم بریندار بووە. عەمەلیاتی چاویان بۆ کردم و چاک بوومەتەوە. دەستم نیوە سەقەت بووە و بەهۆی پارچەکەی ملمەوە تووشی فەقەرات بووم. من دوای بریندار بوونەکەم بێهۆش کەوتبووم بردبوویانم بۆ تەواری سلێمانی و حەوت رۆژ لەژێر چاودێریی چڕدا بووم.

لە خەستەخانەی تەوارییەکە پێیان بۆ بڕیمەوە و ناردیانم بۆ خەستەخانەی شار و دوو مانگ لەوێ مامەوە و رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. رۆژێک دکتۆر کامەران تەلەفونی بۆ کردم وتی وەرەوە بۆ خەستەخانە با قاچت بۆ رێک بکەمەوە. چووم قاچیان تا خوار ئەژنۆم بۆ بڕیمەوە. دوای چاکبوونەوەی برینەکەم چوومە خەستەخانەی ئیمێرجێنسی و قاچیان بۆ دروست کردم. ماوەی دوو ساڵ بە ئازاری ئەو قاچەوە ناڵاندم و تووشی حەساسیەتی کردم و لە خەستەخانەی چوارقوڕنە دکتۆر ئەحمەد ئیسماعیل دەرمانی کردم و کە چاک بوومەوە چوومە هەولێر و لە سەلیبی ئەحمەڕ سەرلەنوێ قاچیان بۆ دروست کردمەوە.

ساڵی ٢٠٢٠ بە پلەی موقەدەم لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە خانەنشین کرام و رێژەی کەمئەندامییەکەم ٨٠٪ە.



داده هێرۆ و شاناز خان لە سەردانیان بۆلای مام موسا باپیر لە نەخۆشخانەی شار، ٢٠١٥.



مام موسا باپیر. نەخۆشخانەی شار، ٢٠١٥.



**ناجی محەمەد عەزیز (مامە ناجی)**

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/٢٢

کاک ناجی، خاوەنی مەدالیای ڕێزلێنانی جەنابی مام جەلالە و ساڵی ١٩٦٢ لە هەڵەبجە لە دایکبووە و باوکی دوو خێزانی هەبووە و ئەم تاقانەی دایکێتی و ئەڵێت:

باوکم یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی خەڵکی بەکراوای عەشیرەتی نەورۆڵی. دەرچووی پۆلی شەشی سەرەتاییم و ساڵی ١٩٨١ بووم بە پێشمەرگە لە لیجنەی هەرێمی ١ی شارەزوور لای حامی حاجی غالی. لیجنەکە سێ کەسی بوو: حامی حاجی غالی و شەوکەت حاجی موشیر و حاکم عومەر. من پارتیزان بووم. ساڵی ١٩٨٨ بارەگامان بردە کانی خەیاران، دواتر بڕیار درا بارەگا بەرینە سورێن لەگەڵ حەمەی حاجی مەحمود و سامان گەرمیانی دا چوینە سورێن، کە بارەگای سۆشیالیستی لێ بوو قەرار بوو بارەگا لە ئەشکەوتی هەورامی دابنێین ئنجا چوینە ئێران و دوای ئەوە لەگەڵ مەحمود

سەنگاوی و کوردۆ قاسم و کۆمەڵێک پێشمەرگە گەڕاینەوە بۆ بەری قەرەداغ بۆ هێنانەوەی کاک ئازادی سەگرمە کە لە گەرمیان بە قەسفی تەیارە بریندار بووبوو. من لە رێگا لە شاخی سورێن ئەلغامم پیا تەقییەوە و نەگەیشتمە لای کاک ئازاد. کاک مەحمود سەنگاوی هاتە سەرم و معاون توبییەکی لا بوو، ئەو چارەسەری سەرەتایی بۆ کردم و ناردیانم بۆ کانی دینار، ئەو سەرکەوت قادری خەڵکی قاجر و کەماله خڕەی پێنجوینی (لە پێنجوین شەهید بوو) لەگەڵدا ناردم بۆ کانی دینار. لەوێوە دواتر ناردیانم بۆ نەخۆشخانەی سنە و دواتر بۆ کرماشان و پاشان رەوانەی تارانیان کردم چونکە وەزعم زۆر زۆر خراپ بوو. لە تاران بردیانمە نەخۆشخانەی بەهارلو، لەوێ هەر سەرکەوت قادرم لەگەڵ بوو. دوای ئەوە حەمە سیاسی و کاک مولازم عومەر و شەوکەتی حاجی موشیر و بەکر فەتاح و فازیل شیرەمەڕی (لە ناوچەی دوکان شەهید بوو) ئەهاتن بۆ لام.

ئێرانییەکان زۆر خزمەتیان کردم و سوپاسگوزاری ئەوان و دکتۆر و کارمەندانی نەخۆشخانەکەم، چونکە من هەردوو قاچم بریندار بوو بوو ناردیانم بۆ خەستەخانەی حەزرەتی فاتمە لە شیمالی تاران. قاچێکم پاژنەی پێوە نەمابوو. هەوڵیاندا پاژنەم بۆ دروست بکەنەوە نەجاحەتی نەهێنا. گەڕامەوە بۆ دەربەندی دزڵی لە مەریوان. جەنابی مام جەلال هاتبوو بۆ ئەوێ و چاوی پێم کەوت و وتی وەرە بۆ قاسمەڕەش. چوومە قاسمەڕەش. لەوێ مام ناردی بەدوای دکتۆر شوان دا بۆ ئەوەی تەماشای قاچەکانم بکات بزانێت چیان پێویستە بۆم بکرێت. ئەو بڕیاری دا بمنێرنە دەرەوە بۆ ئیتاڵیا. لەگەڵ دکتۆر هیمداد (وەکو موتەرجیم) و هاشم بۆینی و عەلی حاجی مەحمودی گەلاڵەی شارباژێر و مام عوسمان قەمچوغەیی و پێشمەرگەیەکی تر ناردیانین. لە ئیتاڵیا قاچم بۆ چارەسەر نەکرا. هەندێک لەوانەی هاتبوون نەگەڕانەوە. منیش لە سویسرا داوای پەنابەرێتیم کرد. لەوێ دەستبەسەریان کردم و سەفارەتی





لەڕاستەوە: مامە ناجی، نەناسراوەتەوە، کاك سەرکەوت. نەخۆشخانەی بەهارلو - تاران

ئێرانیان ئاگادار کردبووەوە، ئەوانیش بە تەلەفۆن پەیوەندیان پێوە کردم و وتم من ئیتیحادی وەتەنیم. چەند رۆژێک لە مەتار بە دەستبەسەری مامەوە و دوای ئەوە منیان گەڕاندەوە بۆ ئێران.

پاش ماوەیەک لە رێگەی شەوکەتی حاجی موشیر (شەهید)ەوە چوومە شەقلاوە بۆ لای د.کەمال فوئاد. ئەو بڕیاری دا بمنێرێت بۆ ئەڵمانیا. ناردیانم و د. کەمال بەتایبەتی هات بۆ لام بۆ نەخۆشخانە و کاک سەلاح رەشیدیش سەردانی کردم. لەوێ قاچیان بۆ بڕیمەوە و قاچی دەستکردیان بۆ دروستکردم و گەڕامەوە بۆ هەڵەبجەی تازە. منیان کرد بە ئەندام کۆمیتەی فەخری و کاتێک کاک عومەر فەتاح مەسئولی مەکتەبی رێکخستن بوو مووچەی ئەندام




**سەلاح رەشید، مامە ناجی، نەخۆشخانەی ئەڵمانیا.**





نەخۆشخانەی ئەڵمانیا.



**مامە ناجی، هەڤاڵ مام جەلال**

مەڵبەندیی لەسەر مەڵبەندی ٩ی شارەزوور بۆ بڕیمەوە. دواتر بووم بە مەسئولی کەمئەندامانی شارەزور لەگەڵ مام وریای براخاس و کاک حسێنی کادر و کاک ئازادی حاجی عومەری هەڵەبجەییدا لیجنەیەک بووین سەرپەرشتی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیمان دەکرد. دواتر لە هەڵبژاردنی پێشمەرگەی کەمئەنداماندا بە مەسئولی لقی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر هەڵبژێردرام کە ئەو کات شوان موغاغی مەسئولی کۆمەڵەکە بوو. ئێستا خانەنشینم بە پلەی لیوا.



**نەسرەدین  حەمەدەمین رەزا حەمەدەمین**

چوارشەممە ٢٠٢٥/٢/١٩

کاک نەسرەدین رێکەوتی ١٩٧١/٤/١٥ لە گوندی تەلخێم / گوێڕ لەدایکبووە و شەش سەرخێزان بوون و گوزەرانیان زۆرباش بووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی ناوەندییە و ئەڵێت:

من ساڵی ١٩٨٦ لە رێگەی باوکمەوە تەنزیم کرام  بۆ ریزی رێکخستنەکانی یەکێتی.

١٩٨٧/٥/٩ چوومە کەرتی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ. سەرتیپەکەمان مامە غەفە بوو، ئامر کەرتەکەمان عوسمان جەمیل بوو.

ساڵی ١٩٨٧ تەیارەیەکی پیلاتۆس لە گوندی قەمبەر بەربووەوە و تووشی شەڕێکی زۆر قورس بووین و کۆمەڵێک پێشمەرگە شەهید بوون و کاپتنەکە ناوی ماجد محمود نوروز بوو. بە سزای گەل و شۆڕش گەیەنرا.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بە خێزانەوە چووینە پیرانشار. ڕێکەوتی ١٩٩٠/٧/١٠ تەسلیم بووینەوە. لە ڕاپەڕیندا بەشداریی ئازادکردنی بینای توتنەکەی شاری هەولێرم کرد.

کە تەشکیلەی هێزی ١٠ی دەشتی هەولێر دانرا لە بەتالیۆنی قەرەچوغ، من چوومە ت ٧ی شەهید ڕەنجدەر و بوومەوە بە پێشمەرگە.

ساڵی ١٩٩٢ لە فەوجی تەواری بە پلەی مولازم دامەزرام و دواتر گوازرامەوە بۆ مەڵبەندی هەولێر بە پلەی جێگری تیپی مەڵبەند تا ٣١ی ئاب. لە ٣١ی ئابدا دوای شەڕێکی چوار سەعاتی مەڵبەندمان چۆڵ کرد. من لەو شەڕەدا بە پارچەی تۆپی دەبابە زۆر بە سەختی بریندار بووم. هەردوو قاچم و دەستی چەپم بریندار بوو، گورچیلەیەکیشم لەدەست دا.

شۆڕشی سەید مەجید ئەو کاتە مەسئولی مەکتەبی دارایی مەڵبەندی هەولێر بوو. سەیارەیەکی تۆیۆتای لابوو، دابووی بە هاوڕێکانم و بردبوویانم بۆ خەستەخانەی جمهوری لە هەولێر و لەوێ دوو پێشمەرگەیان بەدیارمەوە دانابوو تا بەیانی و بەیانییەکەی کەسوکارم هاتبوونە لام.

من ئەو ڕۆژەی بریندار بووم تا ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١١ بێهۆش بووم. کە بەخۆم هاتمەوە د.تەغرید ئەمیری عەمەلیاتی بۆ کردم و گورچیلەیەکیان بۆ دەرکردم و ئەوەی پێویست بوو بۆی کردم.

دوو مانگ لە خەستەخانە مامەوە و منیان وەکو هاووڵاتی لە خەستەخانە داخڵ کردبوو.

ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە شەو لام مابوونەوە پەڕۆی زەردیان لە تفەنگەکانیانەوە پێچابوو. دوای ئەوە ماڵی باوکم گواستمیانەوە بۆ خەستەخانەی کوردستانی تایبەت. پاش ئەو ماوەیە بە ماڵەوە هاتینە سلێمانی. بەهۆی کەمئەندامبوونەکەمەوە نەمتوانی بەردەوام بم لەسەر پێشمەرگایەتییەکەم.

کاتێک مەڵبەند گەڕایەوە بۆ هەولێر من وەک کادر گەڕامەوە بۆ مەڵبەند.

لە ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠دا لە مەڵبەند جارێکی تر بریندار بووم و ڕەزای براشم لە مەڵبەند لەگەڵ عامر عەبدوڵای زاواماندا شەهید بوون.

ئێستا بە پلەی عەمید جێگری سکرتێری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەرم.



**هاشم عەبدولڕەحمان مستەفا (هاشم بۆینی)**

سێ شەممە ٢٠٢٥/٢/٤

کاک هاشم ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی بۆین/ هەڵەبجە لەدایکبووە و هەشت سەرخێزان بوون و خوێندەواری هەیە و دەڵێت:

ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیم کرد بە هێزی پێشمەرگەوە لای فاتیح مستەفای پوررزام. ئەوکات زۆر مناڵ بوم و مانگی ١٩٨٢/٨ کردیانم بە پێشمەرگە لە لیجنەی هەرێم، کە شەوکەتی حاجی موشیر (شەهید) و حامی حاجی غالی و حاکم عومەر مەسئولی بوون. چالاکیەکانی ئەوسەردەمەمان، بە مەفرەزە ئەچووین بۆ ناوشار و لەسەر جادەش کەمینمان دائەنا و لە ڕەبایەی جەیشمان ئەدا.

مانگی ١٩٨٢/١٠ چووین و بەشداریی شەڕەکانی کونەمشکێ و ئاڵوەتانمان کرد و فاتیح و فەیسەڵی مەلا عەلی تەوێڵەیی و عومەر چاوجوان نەورۆڵی و سەعدی تەوێڵەیی شەهید بوون و من دەستی ڕاستم شکا و قاچی

چەپیشم بریندار بوو. بە کۆڵ هاوردمیانە خوارەوە بۆ کونەمشکێ و بردیانمە خەستەخانەی دۆڵەتوو کە حزبی دیموکراتی لێ بوو دکتۆرێکی فەرەنسی عەمەلیاتەکەی بۆ کردم و ناجیح بوو بەڵام تا ئێستا دەستم لارە.

دوای دوو مانگ مانەوە لە خەستەخانەی کانی زەردە و قوڵە هەرمێ لە سەکردایەتی کۆن، مانگی ١١ مەڵبەندەکان دروست بوون و من چوومە مەڵبەندی یەک کە مەلا بەختیار سەرپەرشتی ئەکرد. لە گرتنی رەبایەیەکی حکومەتدا جارێکی تر دەستی راستم بریندار بووەوە. بردیانمە لای حزبی دیموکرات لە دەرەتوێی پشتی هەڵەبجە. دکتۆر مستەفای حزبی دیموکرات چارەسەری بۆ کردم. دیسان چەکم هەڵگرتەوە. لە هاوار چووینە سەر رەبایەیەک و یانزە جاشمان گرت و لەو شەڕەدا حەمەی حەمە سەعید معاون تیپ بوو.

ساڵی ١٩٨٧ چوار هەلیکۆپتەر هاتنە سەرمان، نەوشیروان ئەولێ محەمەد تەپەکورەیی شەهید بوو، سەریاس عەنەبی بریندار بوو (دواتر لە شەڕی ئیسلامییەکان لە عەنەب شەهید بوو).

هەر لە ساڵی ١٩٨٧دا رەبایەیەکی عەسکەریمان لەودیو بۆینەوە گرت. ئەوکاتە من معاونی کەرت بووم. ئامر کەرتەکەم کەیکاوس حەمەڕەشید بۆینی بوو (ساڵی ١٩٩٢ لە خواکورک شەهید بوو).

ئێمە یانزە پێشمەرگە بووین پێنج جوندیمان ئەسیر کرد و بردمانن بۆ گوندی بۆین و سێ رۆژ لامان بوون و ناردمانن بۆ لای قادر کۆکۆیی کە سەرتیپی ١١ی هەورامان بوو. ئەویش ناردبووی بۆ مەڵبەندی یەک کە کاک شەوکەت مەسئولی مەڵبەند بوو. ئەمڕۆ ناتوانم باسی ئەو شەڕانە بکەم تا کێشە سەر هەڵنەدات.

ساڵی ١٩٨٨ بەشداریی گرتنی هەڵەبجەمان کرد. دوای گرتنی هەڵەبجە تیپی ١١ی هەورامانیان نارد بۆ مەڵبەندی سێ لای رەواندز و پێنج مانگ لە شەڕی دژ بە حکومەتی عێراقدا بووین و لەوێوە چووینە سنە و بۆ کرماشان و بۆ پاوە کە مقەڕەکەمان لە پاوە بوو.

ئنجا چوینەوە ماڵەوە بۆ ئۆردوگای سەریاس، پاش دوو هەفتەیەک بزوتنەوەی ئیسلامی لە سەریاس شەڕیان کردین، جەمالی حاجی حسێن نامەیەکی نوسی بۆ بەڕێز مام جەلال بە ناوی پێشمەرگە، ئێمە لەگەڵ سەعدی خەرپانەیی رۆیشتین و زۆر دورنەکەوتبوینەوە بزوتنەوە شەڕێکی گەورەیان لەگەڵ کردینەوە. خەڵکی سەرباس فریامان کەوتن و چوینە قاسمەڕەش بۆلای جەنابی مام جەلال. ساڵی ١٩٨٩ مام جەلال چووبوو بۆ دزڵی کۆبونەوەی لەگەڵ فەرماندە کانی یەکێتی کردبوو. من داوام لە عیلاقات کرد بەرگەم بۆ بکەن بۆ چوونە دزڵی، شەو گەیشتمە سنە، لە سنە چومە ماڵی مەلا لوقمانی ئاوەڵ زاوام.شەو لە پەنجەرەکەوە قومبەلەیەکیان هەڵدایە ژوورەوە و من هەردوو قاچم پەڕی. دوو کوڕی مامۆستا (عادل و عومەر) و جەمیلی سایەقی لوقمان و حەمە رەشیدی حاجی فەرەج بریندار بوون. من برینەکەم سەخت بوو. بردیانمە خەستەخانەی سنە و عەمەلیاتیان بۆ کردم. قاچی چەپم لە ئەژنۆدا نەماوە و پێی قاچی راستیشم نەما. ماوەیەک لە خەستەخانە مامەوە و مام جەلال ئاگاداری عیلاقاتی کردبوو لە تاران کە بمنێرنە دەرەوە. دوای ماوەیەک تەلەفونیان بۆ کردم بچمە تاران بۆ ئەوەی لەگەڵ پێنج پێشمەرگەدا بماننێرن بۆ ئیتاڵیا. دکتۆر هیمداد کۆییان وەکو موتەرجیم لەگەڵدا ناردین.


هاشم عەبدولڕەحمان، رێشاو، ١٩٨٢.

من و عوسمان قەمچوغەیی و ناجی هەڵەبجەیی و دوو پێشمەرگەی برینداری تر بوون بردیانینە خەستەخانەی رۆما. لەوێ دیسان قاچیان بڕیمەوە، چونکە لە ئێران لار بۆیان بڕیبوومەوە. دواتر قاچیان بۆ دروست کردم و دوو مانگ لەو خەستەخانەیە مامەوە و خزمەتێکی باشیان کردم. دوای دوو مانگەکە گەڕامەوە بۆ تاران و کاک عومەری سەید عەلی لە تاران پاسپۆرتەکەی لێ وەرگرتم وتی معامەلەت بۆ دەکەم بەڵکو بتوانیت لەگەڵ خێزانەکەتا سەفەر بکەیت بۆ دەرەوە.

دوای دوو مانگ تەلەفونی بۆ کردم وتی کەلوپەلی ناو ماڵە بچکۆلەکەت بفرۆشە و ژن و مناڵەکەت بهێنە، من ئەو کاتە کوڕێکم هەبوو ناوی هاوار بوو، ژنەکەشم حامیلە بوو. چووینە تاران و ناردیانین بۆ سوریا بۆ شاری دیمەشق و لەوێ دوو مانگ ماینەوە و هەناری کچم لەدایکبوو. دواتر ئەوانم



**هاشم عەبدولڕەحمان بۆینی، ناجی حاجی محەمەد (مامە ناجی) نەخۆشخانەی ئیتالیا، ١٩٩٠.**



**هاشم عەبدولڕەحمان بۆینی، نەخۆشخانەی ئیتالیا.**

لەگەڵ عایلە کوردەکاندا ڕەوانەی سوید کرد کە حەڤدە کەس بوون. ئەو پارەیەی پێم بوو بەشی ڕۆیشتنی خۆمی نەکرد. مام جەلال لە دیمەشق بوو. تەلەفونم کرد بۆی و عەبدولڕەزاق فەیلی هەڵیگرت.

کاک عەبدولڕەزاق وتی بەیانی بە ئارازی برای دلێری مۆسیقادا پارەت بۆ ئەنێرم و لە سوریا مەمێنەرەوە. بۆ بەیانی بڕی ١٨٠٠ دۆلاری بۆ ناردم و چوومە سوید بۆ شاری ستۆکهۆڵم.

تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ من لە شیمالی سوید بووم. دوای ئەوە چووم بۆ جنوبی سوید کە ماڵی کاک حامی حاجی غالی لێ بوو. لەوێ فێری سایەقییان کردم و کاک عومەری سەید عەلیم ئەبرد بۆ شوێنان.

ساڵی ٢٠٠٥ گەڕامەوە بۆ هەڵەبجە و لە هەڵەبجە کاری ڕێکخستنم دەکرد بە پلەی لیوا خانەنشین کراوم.



**هوشیار عەلی عەبدولحەسەن محەمەد (هوشیار بیاویڵەیی)**

یەک شەممە ٢٠٢٥/٢/٢

کاک هوشیار، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی بیاویڵە - هەڵەبجە لەدایک بووە و حەوت سەر خێزان بوون و ئاستی گوزەرانی ژیانیان خراپ بووە و لەبەر کەم دەرامەتی تا قۆناغی خوێندنی ناوەندی خوێندووە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٦ تیپی ١١ی هەورامان و ١٥ی شارەزور هاتنە گوندەکەمان و قسەیان بۆ خەڵک کرد و منیش لەگەڵیان ڕۆیشتم. دواتر چوم بۆ تیپی ٣١ی سلێمانی، کە جەمالی حاجی محەمەد سەرتیپی بوو. ساڵی ١٩٨٧ کەوتینە چالاکی و هەر لەو ساڵەدا ناردیانم بۆ دزڵی بۆلای فەلاحی حەمە بۆر و ماوەی مانگێک تەدریبیان پێ کردم و دواتر ناردمیانە گەیلان غەرب و ئەهواز بۆ دەورەی فێربوون و بەکارهێنان و هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی. دوو مانگمان پێ چوو، لەوێ پێیان وتین دوای دەورەکە ئەتانکەین بە پێشمەرگەی پارتیزان. لەبەر زیرەکی و خولیای من بۆ ئەوکارە منیان کرد بە چاوساغی

پارتیزانەکانی گەرمیان، قەرەداغ شارەزور، هەورامان و بەمۆ. ئیتر هەر مەفرەزەیەک بڕۆیشتایە منیان وەک چاوساغ لەگەڵ ئەناردن، ١٦ی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٨٩ سەدام چووبووە دەربەندیخان و کۆبونەوەی بە خەڵک و جەیشەکەی خۆی کردبوو، وتبوی لەمەودوا نابێت فیشەکێک لە کوردستان بتەقێنرێت. من هەموو سنورەکانم مین ڕێژ کردووە و پێویست بە سوپاش ناکات.

لوغم-مان هەیە و نە پێویستمان بە ئاو و نە بە نان و نە بەکەس هەیە. ئەو لوغمانە هەردەم ئامادەن بۆ لەناوبردنی دوژمنەکانم.

ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ مەحمودی مامە عەزە (لە شەڕی ناوخۆ لە بەمۆ شەهید کرا) و حەمەڕەش (شەهید) و سەلامی کوێخا عەزیز و سدیقی عەلی تۆفیق و سدیقی سۆفی مەجید و کۆمەڵێک پێشمەرگە لە عیلاقاتی یەکێتی کۆبونەوە لای دانای ئەحمەد مەجید.

جەنابی مام جەلال و دادە هێرۆش هاتن. مام جەلال لێی پرسیم، کوڕم خەڵکی کوێیت و ئیش و کارت چییە؟ وتم: خەڵکی هەڵەبجەم و ئەلغام هەڵئەگرمەوە. مام جەلال وتی: ئەو ئیشەی تۆ دەیکەیت خوا و میللەت تۆیان خۆش دەوێت.

قوواتەکەم برد بۆ قولایی گەرمیان و گەیشتینە بەمۆ و بە ١٢-١٣ سەعات گەیشتینە کانی کەل (لە سەرتەکی بەمۆ)، بۆ گەیشتنە لای کانیەکە پڕمەترسی بوو، تەنها کەڵ دەتوانێت ئاوی لێ بخواتەوە و بزنیش ناتوانێت بچێت. هێزەکە زۆر تینوویان بوو. من بە مەسئولەکانم وت با دەبەیەکم بدەنێ دەچم ئاوتان بۆ دێنم.

من دیقەتی دەوروبەرم نەدابوو چوومە سەر کانیەکە و سەرم هەڵبڕی ڕەبایەیەک بەسەر کانیەکەوەیە و عەسکەرییە تەقەی لێ کردم. ئەوەندەم زانی قاچێکم پەڕی، لەتاو ئازاری قاچم نەمزانی کە فیشەک لە سنگیشی داوم.



هوشیار بیاوێڵەیی، بەڕێز هێرۆ خان.

خوێنم لێ ئەچۆڕا. عوسمانی حاجی مەحمود و سەلامی کوێخا عەزیز فریام کەوتن و منیان لە چاڵێکدا مت کرد و دەمیان بەستم، وتیان هاوار بکەیت دەگەنە سەرت و دەتکوژن.

دەنگی تەقە نەما و منیان بردە نزیک پایەگایەکی ئێران. حەرەسەکەیان لە دوورەوە هاواری کرد (إیست)، وتم: إتحاد میهنی کردستان هستم، وتیان (بیا بالا) سەریان خستم و بردیانم بۆ کرماشان و لەوێوە ڕەوانەی خەستەخانەی کوهی لالەیان کردم لە تەبرێز و عەمەلیاتی قاچیان بۆکردم و، وەک چۆن تفەنگ پاک دەکەیتەوە سنگی منیشیان لە پشتەوە پلیتەیان تێ هەڵکێشا و پاکیان کردەوە. حەوت مانگ لە خەستەخانە مامەوە و گەڕامەوە بۆ دزڵی بۆ تیپی ١٥ی شارەزور، دادە هێرۆ هاتە دزڵی و ڕەسمی گرتم و وتی خێزانت هەیە، وتم نەخێر، وتی من ئەتوانم بتنێرمەوە، وتم دادە گیان من

فریانەکەوتووم سۆراخی ماڵی باوکم بکەم تەنها دەڵێن یان لە نوگرە سەلمانن یان لە هەولێر.

پارەی دامێ و وتی برۆ ژن بێنە و ئیسراحەت بکە.

چومە کانی دینار و لەوێ ژنم هێنا و دیسان لە راپەڕیندا پەیوەندیم کردەوە بە تیپەکەمانەوە.

١٩٩١ هاتینە دزڵی، کاک حامی وتی کاک وشیار تۆ بە قاچێکەوە دەتوانیت بێیتە خوارەوە؟ وتم بەڵێ، ئیتر بە قاچێکەوە رۆیشتم، کە هێزەکەمان بە سەرپەرشتی کاک حامی حاجی غالی و فەلاحی حەمە بۆر و جەلال کوڵکنی و شێخ عەلی برازای مام جەلال بوو.

من ئەو ئەلغامانەم پاک دەکردەوە کە لەسەر سنوری عێراق - ئێران دانرابوون و بەرەوپێش هاتین و گەیشتینە چەمی چەقان. هەر قاچم خستە ئاوەکەوە چونکە قاچێکم صناعی بوو، قاچەکەی تریشم گۆج بوو ئاو بردمی، ئەمیری ئەحمەدی حاجی خالد رزگاری کردم.





قوواتەکە گەیشتە چاناخچیان. ئیتر هەر تیپەی رەوانە کرا بۆ سنوری چالاکی خۆی. منیش لەگەڵ تیپەکەی خۆمان چوینەوە بەرەو شارەزور و هەڵەبجە.

من چومەوە بۆ گوندەکەی خۆمان، ئاسەواری گوندەکەمان نەمابوو، یەک کەسیشی لێ نەبوو، چومە هەڵەبجە، هەڵەبجەی وێران. نە دوکانی بوو نە بازاڕ. هەمووی تەخت کرابوو. سێ نەفەرم بینی بەرەو روویان رۆیشتم یەکێکیان پرسی ئەرێ برادەر تۆ پارتیت یان یەکێتی؟ وتم من یەکێتیم و بۆ ئەپرسیت؟ وتی: من برایەکم هەیە و ناوی وشیارە و ئەڵێن قاچێکی پەڕیووە، وتم باوکی ناوی چییە، وتی عەلی، وتم ئەی دایکی ناوی چییە؟ وتی مەلیحە، ئیتر زانیم ئەوە برای منە. من ئەوم بە شێوە نەدەناسیەوە، چونکە کە من مناڵ بووم ئەو چووبوو بۆ بەغدا و کاسپی دەکرد و شێوەییم نەدەهاتەوە بەرچاو، چونکە ئەو نەدەگەڕایەوە بۆ دێکەی خۆمان.

ئیتر تا ١٩٩٢/٧/١٤ لەگەڵ براکەم پێکەوە بوین و لە گوندەکەی خۆمان

پەنایەکمان بۆ خۆمان دروست کرد، رزگاری براشم کە هەواڵی زانیبوو لە ئێران هاتەوە. پرسیاری دایکمم لێ کرد، کەسیان هەواڵی دایکمیان نەدەزانی.

رۆژێک هاورێیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداغم بینی، وتی: نایەیت لەگەڵم بچینە تیپی ٢١ی کەرکوک؟ وتم ئامادەم لەگەڵ موختار و رزگاری برامدا رۆیشتین. لە کەرکوک بەدوای جوندی و ئیستیخباراتدا دەگەڕان، وتم من کەس ناناسم، ئێمەیان ناردە سەیتەرەکەی کەرکوک، پاسێک هات، چومە ناو پاسەکە و داوای هەویەم لێ کردن. یەکێکیان هەر سەیری کردم و شەرواڵەکەی گرتم و وتی تۆی هەڵەبجەیی لێرە چی دەکەیت، وتی باوکت کۆچی دوایی کردووە و دایکیشت زۆر گەڕاوە بەدواتا و لە زەڕایەن شەهید بووە.

زۆر خەمبار بووم بە تایبەت کە دایکمم زۆر دەمێک بوو نەبینیبوو. لە زەڕایەن پرسیارم کرد فلانە کەس چۆن شەهید بووە، وتیان جەلالی موستەشار تەقەی خۆشی کردووە و بە گوللەی وێڵ دایکت شەهید بووە.

منیش ماڵەکەم دۆزییەوە و مەخزەنێکم بەرەو رووی دیواری ماڵی موستەشارەکە تەقاند. موستەشارەکە هاتە دەرەوە، وتی: براکەم من زانیومە تۆ پێشمەرگەیت، دایکت زۆر بەدواتا گەڕاوە، من خانوم لەوبەری خۆمانەوە بۆ بەکرێ گرتووە و وەکو ئەندامێکی خێزانەکەم خزمەتم کردووە و یارمەتیم داوە. ئەو رۆژەی تەقەی خۆشی کرا. دایکت لەوبەرەوە نانی دەکرد و بە گوللەیەکی وێڵ شەهید بوو. دەستی هێنا بەسەرما و سەری ماچ کردم و وتی برۆ بۆ حەمام و جلی تازەی دامێ و وتی شەرتە تا دەمێنم خزمەتت دەکەم. کاک جەلال راستی کرد و زۆری خزمەت کردم. منیش گەڕامەوە دێکەی خۆمان و سوپاسی خێزانەکەم دەکەم خزمەتی کردین و براکانمی وەک کوڕی خۆی بەخێوکرد و ئاڵتونی بۆ فرۆشتن و ژنی بۆ هێنان.

دوای ساڵی ١٩٩١ سنوری گوندەکەی خۆمانم لە مین پاکسازی کرد تا هەورامان و شەمێران و نەورۆڵی رۆیشتم.

١٩٩٢/٥/١٤ چووم ڕەبایەیەکم پاککردەوە ٨٠٠٠ ئەلغامم تیا دەرکرد. لە کاتی کارەکەمدا موختاری برام و ڕێبواری ئامۆزام و بەمۆی هاوڕێیان دەستکاری لوغمێکی زیندوو (ڤالمارای ئیتالی)یان کردبوو. بەداخەوە براکەم و هاوڕێکەی شەهید بووبوون و ئامۆزاکەشم قاچێک و چاوێکی لەدەست دا. ئەوکاتە لە هەموو لایەکەوە خەڵکی ناوچەکان سەردانیان دەکردم و داوایان دەکرد بچم ناوچەکەیان بۆ پاک بکەمەوە.

ساڵی ١٩٩٤ کۆمەڵێک خەڵکی پێنجوێن هاتن داوایان لێ کردم ناوچەکەیان بۆ پاک بکەمەوە. من بەڵێنم پێدان بەیانی بێن بەشوێنما و بچم لەگەڵیان. وتیان دڵنیا بین؟ وتم بەو خوایە کوڕە تاقانەکەشم بمرێت هەر دێم لەگەڵتان. بەیانی خۆم حازر کرد و ڕۆیشتم ماچێکی کوڕە سێ ساڵانەکەم بکەم تەماشام کرد گیانی سپاردووە. خەریکی ناشتنی بووین ژنەکەم وتی ئەوە جەماعەتەکەی دوێنێ، چوم بۆلایان و تەعزێم بەجێهێشت و لەگەڵیان ڕۆیشتم.

بردیانم بۆ دێی کوڕی گەپلە و تازەدێ و باخی و خەیمەیان بۆ هەڵدام و ئەوکاتە گرانی بوو خواردنم سەمون و هێلکە و ساوەر بوو.

کۆی ئەلغامەکانی سنوری پێنجوێنم هەڵگرتەوە و گەیشتە ١,٣٠٠,٠٠٠ یەک ملیۆن و سێ سەد هەزار ئەلغام. لە کۆتایی کارەکەمدا لەگەڵ ئەنجومەنی دێکە ڕۆیشتین و لە چەمی سەرسنوری نێوان عێراق و ئێران قاچەکەی تریشم لەدەست دا و چاویشم تاریک بوو، چونکە ئەلغامەکە دابوومی بە داربەڕویەک دا. بردیانم بۆ ناوپارێز دکتۆرەیەکی لێ بوو، فەحسی چاوی بۆ کردم و بە ئیسعاف ڕەوانەی سلێمانیان کردم. بردیانمە خەستەخانەی ئاشتی ئەهلی و بەڕێز هێرۆ خان مەسرەفی کردم و ئەو و هەموو مەسئولینی یەکێتی سەردانیان کردم و قاچی سەناعیان بۆ دروست کردم.

ڕۆژێک دوو سەیارەی گرانبەها هاتنە ماڵمان و لە خەڵکی لای خۆمان نەدەچوون. موتەرجمێکیان لەگەڵ بوو، پرسییان چەند لوغمت هەڵگرتۆتەوە.

وتم تەنها لە سنوری پێنجوێن ١,٣٠٠,٠٠٠ لوغمم هەڵگرتۆتەوە و وتیان کەسێکمان لەگەڵ بنێرە بۆ ئەو شوێنانە، سەلاح گریانەیی و ئەشرەف ئێناخیم لەگەڵیان نارد.

لەوێ تەماشای ئەلغامەکانیان کردبوو هاتنەوە و وتیان راست دەکەیت. وتم: من کەناڵەکانی BBC و جزیرە و CNN و فۆکس نیوز و ئەلعراقیە و کەناڵێکی فەرەنسی و ئۆکرانی موقابەلەیان کردوم و سەدان خەڵات و رێزلێنانم پێشکەش کراوە. وتیان چوار رۆژی تر دێینەوە بەشوێنتا و دەتبەین بۆ ژاپۆن. وتم من ناتوانم بێم ماڵ و مناڵەکەم چۆن بەبێ پارە جێ بهێڵم؟ وتیان خەمتان نەبێت مانگی ٤٠٠ دۆلاریان دەدەینێ. ئەوکاتە شەڕی ناوخۆ هەبوو، ئیسلامیەکان هاتنە سەرم و وتیان تۆ یەکێتیت دەبێ دێکەت چۆڵ بکەیت. یەکێتی لە دارول تەلەبە شوێنیان دامێ و خێزانم بردە ئەوێ.

دوای چوار رۆژەکە هاتن بە شوێنما و من بە جلی پێشمەرگەوە رۆیشتم و لە کانی وەتمان دابەزین و نانیان خوارد، وتم من بە رۆژوم چونکە پارەم پێ نەبوو، وەشم دەزانی یابان سەد مەتر لەولاوەیە. گەیشتینە سلۆپی و دیسان وتم نانم بۆ ناخورێت و بەردێکی گەورەم خستە سەر ناوکم و بە پشتێنەکەم بەستم، ئاخر زۆر زۆرم برسی بوو. لە ئەنقەرە پەکم کەوت و بە موتەرجیمە کوردەکەم وت، کاکە گیان پارەت پێیە بە قەرز بمدەیتێ زۆرم برسییە. ئەو وتی ئێمە هەموومان لەسەر قاچی تۆ ئەلەوەرێین بۆ قسە ناکەیت. ئیتر بردیانم بۆ کەبابخانە و جل و بەرگ و پێداویستییان بۆ کڕیم. لە ئەنقەرە بەرەو یابان بەڕێیان کردم و خۆیان گەڕانەوە. کە گەیشتمە ئەوێ ئیستیقبالێکی زۆر گەورەیان لێ کردم، گوڵ باران و بۆن بارانیان کردم. من کاتی خۆی نوێژم ئەکرد بەو ئومێدەی بچمە بەهەشت، کە ئەوێم بینی وەمئەزانی ئەمە بەهەشتەکەیە، هەرواش بوو، چونکە هیچ شتێک و هیچ شوێنێکیان لە هی لای خۆمان نەدەچوو.



هوشیار بیاوێڵەیی، ژاپۆن.

دوانزە ساڵ لەوێ خزمەتیان کردم و فێری زمانەکەیان بووم و لە شاری تویوتا قاچی دەستکردیان بۆ دروست کردم و بە هەموو شارەکاندا گێڕایانم لەوێ پرسیاریان لێ کردم چی بکەین بۆ کورد باشە؟ وتم: هەرچیان بۆ بکەن باشە. کورد نەتەوەیەکی زۆر بەوەفان، ئەوەبوو خەستەخانەی مناڵ بوونی هەڵەبجە و مەکتەبی شەهید ئازاد هەورامی و مەکتەبەکانی خەرابە و مایندۆل و زرگوێز بە پارەی قسەکانی من لەلایەن رێکخراوی شنەبای یابانییەوە pwj دروست کراوە.

لەوێ باسی جەنابی مام جەلالم بۆکردن و لە جەریدەدا نووسییان. من ئەلغامەکانی داعشیشم لە تەل وەرد و مەلا عەبدوڵڵا و سەید خەڵەف و ئەبو محەمەد و تەنانەت خازریش هەڵگرتونەتەوە، کچی مودیری شەریکەی تویۆتا خانوویەکی گەورەی لە توی مەلیک بۆ کڕیم.

من مۆزەخانەیەکم لە بیاویلە کردۆتەوە بۆ بۆمب و تەقەمەنیەکان، لەوێ بووم (بەڕێز)ی کوڕم، کە حەڤدە ساڵان بوو هاتە لام و وتی بابە حەزم لە






هوشیار بیاوێڵەیی.

فەریکە نۆکە، وتم بەسەرچاو و رۆیشت. ئێوارە کەسێک هات و وتی کوڕت هەیە ناوی بەڕێز بێت، وتم بەڵێ، وتی بچۆ بۆ تەوارییەکە، چومە تەواریەکە، دکتۆرێک هات لەگەڵما و بردمیە ژورێک تەماشام کرد گیانی دەرچووە. دواتر زانیم ئەو لە زەردەهاڵە سەیارە لێی داوە، کوڕەکەی من ئەوکاتە تاقانە بوو، ئەو کورەی بەژێرییەوە کردبوو ئەویش تاقانەی نۆ خوشک بوو. بۆیە عەفووم کرد لە پێناوی خوادا.

من بە جل و بەرگی لیواییەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامم لەسەر هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی. لەسەر سەیارەکەشم نوسیووە لە پێناوی خوا. چوار منالم هەیە، ئەستێرە و کات و سورا، کوڕێکی ترم بوو هەر بە ناوی بەڕێزەوە ناوم نا و بونیادیشم هەیە کە کوڕە.

من تا ئێستا لە ماوەی ٣٩ساڵدا ٢,٣٨٦,٠٠٠ دوو ملیۆن و سێسەد و هەشتاو شەش هەزار لوغمم هەڵگرتۆتەوە. (٥٤٠,٠٠٠) پێنجسەد و چل هەزار دۆنم زەویم پاک کردۆتەوە. (١٦٠) نەفەرم بە شەهیدی و زیندویتی لەناو کێڵگەی میندا دەرهێناوە.

لە ١٧ هەزار قوتابخانە دەرسم وتۆتەوە.

پلەکەم لیوایە.

ئێستاش، مزگەوت، مەرز، بنکەی پۆلیس، چاپخانە و سەرچاوەی ئاوم بە ناوەوە نراوە. گوندی کوڕی گەپلی جاران کراوە بە ناوی منەوە.



**هیوا محەمەد قادر (هیوای شەفیق)**

یەک شەممە ٢٠٢٥/٢/٢

کاک هیوا، ساڵی ١٩٦٥ لە سلێمانی لەدایک بووە و سیانزە سەر خێزان بوون و باری گوزەرانیان باش نەبووە و دەرچووی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ماندوونەناسی بواری پێشمەرگایەتیە و ئەڵێت:

ساڵی ١٩٨٢ بە حەڤدە ساڵی چومە نۆدێ بۆلای بابەتایەری ئامرکەرت، کە لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو. من مناڵ بووم و تەزکیەی رێکخستنم نەبوو، بۆیە بڕوای پێ نەکردم و ویستی تاقیم بکاتەوە و رومانەیەکی دامێ وتی بڕۆ لە سلێمانی چالاکیەکی پێ بکە و سەرکەوتوو بیت وەرت ئەگرم. منیش چوومە سلێمانی و لەسەر پردەکەی رێگەی چوارتا رومانەکەم بە زیلێکی عەسکەریدا تەقاندەوە و رام کرد و گەڕامەوە. شەو لە ئێزگەکە هەواڵی چالاکیەکەم خوێندرایەوە و سێ جوندی کوژرابوو. ماڵی پورم بەرامبەر پردەکە بوو، قوات خاصە دانیشتووانی ئەو گەڕەکەی دەستگیرکردبوو، یەکێک لەوانە ماڵی پورم بوو.

ئیتر بابەتایەر کردمی بە پێشمەرگە لە کەرتی یەک، تیپی ٣١ی پێنجوێن، کە سەرتیپەکەمان جەمالی حەمەی خواکەرەم بوو. بەشداری جەولەکانم دەکرد و ساڵی ١٩٨٣ بە چوار مەفرەزەی تیپی ٣١ی سلێمانی هاتینە سلێمانی (مەسئولەکانمان: عەبەڕەق و دلاوەرە درێژ و عومەری قالە گوڵباخ و جەلال سیرەمێرگی) بوون. من لەگەڵ جەلال سیرەمێرگیدا بووم. ڕێکخستن جوابی ناردبوو بچینە سەر ماڵی بەعسییەک کە نۆتول شوجاعەی وەرگرتبوو، ماڵیان لە سەرچنار بوو. ئەو پیاوەمان برد و کەوتینە کەمینی مولازم موحسینەوە و توانیمان بە سەلامەتی خۆمان رزگار بکەین و گەڕاینەوە بۆ دۆڵەڕوت.

کۆتایی ١٩٨٣ دەنگۆی مفاوەزات پەیدا بوو، قیادە موەقەتە بە هەلیان زانی بۆ تێکدانی مفاوەزاتەکە و مەفرەزەیان دەنارده سەرمان. ئەوکاتە جەلالی حاجی محەمەد سەرتیپی ٣١ی سلێمانی بوو. مەفرەزەیەکمان کرد بۆ دۆڵپەموو، ئامرمەفرەزەکەمان برایمی قەمەرنازی خەڵکی سلێمانی بوو، ئەم پێشمەرگانەی خەڵکی سلێمانیشمان لەگەڵ بوو، سالاری سەلمە و وەستا فاتیح و کەمال خالید کەوتینە کەمینی قیادە موەقەتەوە و شەڕوپێکدادان رووی دا و هەویەیەکم پێ بوو لێم کەوتبوو. من ئەژنۆم بریندار بوو. گەڕاینەوە دۆڵپەموو لەوێوە بۆ باراو کە مقەڕەکەمانی لێ بوو. ئێوارەی ئەو رۆژە ئیزاعەکەی قیادە موەقەتە ئەم هەواڵەیان بڵاو کردەوە (ئەمڕۆ جاش جەلالیەکمان بە سزای گەل گەیاند). بەم هەواڵە ئەوەندەی تر قیادە موەقەتە لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین بوون، چونکە خەڵک منیان لە دێی باراو بە زیندوێتی بینی.

دوای تێکچوونی مفاوەزات لە ساڵی ١٩٨٥دا، حکومەت هێرشی هێنا بۆ شاخی کەتوو، کە کاک جەبار فەرمان سەرپەرشتیارمان بوو، ئامرکەرتەکەمان ئازاد دەرەمیانەیی و مەلا عەتاریش جێگری بوو. هجومەکە زۆر سەخت بوو، شەڕەکە پێنج رۆژی خایاند و دەبابەیەکمان تێک شکاند و ژمارەیەکیشمان لێ کوشتن، ئێمەش شەهید و بریندارمان دا و گەڕاینەوە. ساڵی ١٩٨٥ چەند

مەفرەزەیەکمان کرد بۆ سلێمانی و یەکێک لەو مەفرەزانەمان چوینە سەر شورتەی ئیسکان و دوانزە تفەنگمان دەستکەوت و بە سەلامەتی گەڕاینەوە.

ئێمە وەک تیپی ٣١ی سلێمانی ئەوەندە چالاکیمان هەبوو مەفرەزەکەی ئێمەیان ناونابوو مەفرەزەی خولەپیزە. جارێکی تر و لەهەمان ساڵدا چوینە سەر تەنکیەکەی توی مەلیک و رژێم کوژراوی هەبوو.

ساڵی ١٩٨٦ شەڕی کەڵکی قەیوان دەستی پێکرد و ماوەی سێ مانگ و ١٢ رۆژ مقاوەمەتی باشمان کرد. تەنها تیپی ٣١ی سلێمانی لەو کەڵکە بووین (ئێمە پێنج کەرت بووین) و ئازاد دەرەمیانەیی کە معاونی سەرتیپ بوو سەرپەرشتی دەکردین. لەو شەڕەدا مەلا عەتاری ئامرکەرتمان فیشەک لە قۆڵی دا و جەمالی رەشەکوێر قاچ و قۆڵی بریندار بوو، هەروەها کەمالی مالیەش بریندار بوو، منیش فیشەک بەر لاچاوی دام. لە تەنیشت کەڵکەکەوە ئەشکەوتێکی لێ بوو جێگەی حەوت هەشت کەسی تیا ئەبوەوە. ئێمەیان بردە ئەوێ و دواتر بردیانینە خەستەخانەکەی سونگوڕ دوو معاون توبی لێ بوو کە پێمان ئەوتن دکتۆر، وریا پێنجوێنی و دکتۆر ئارام. لەوێ تەداوییان کردین و ماوەیەک ئیسراحەتمان کرد و هێشتا جەبهەکە تەواو نەبووبوو، گەڕاینەوە بۆ جەبهەکە. لە شەڕی قەیوان ئیزاعەکەی خۆمان هەواڵی بڵاوکردەوە کە تیپی ٣١ی سلێمانی بەڵێنی داوە، گەر کەڵکی قەیوان بڕوات ئەوان ناڕۆن. تا شەڕ تەواو نەکەن. لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بووین و دواتر جەنابی مام جەلال پێی راگەیاندین کە ئینسیحاب بکەین.

چوین بۆ گوندی مالومە. لەوێ نوقتەیەکیان داینی بە ناوی کلکە رێوی، کە پشتیماڵەکانی مالومە بوو. دە پێشمەرگە بوین و بەس حەرەسیاتمان لەسەربوو. ئەم ناردنەمان تەنها بۆ ئیسراحەت بوو.

وەک تیپی ٣١-ی سلێمانی بە پێنج کەرت چوین بۆ سیلسیلەی بەردەقارەمان بەرەو تەوەکەڵ کەرتی یەک مەلا عەتار و کەرتی دوو عەبە

ڕەق و کەرتی سێ وەستا کەمال و کەرتی چوار شەهابە سور و دلاوەرە درێژیش کەرتی پێنج بوو.

لە ئاغجەلەرەوە چوینە گوندی ئازادی و لەوێ ڕەبایەی جاشی شێخ مەحمودی کارێزەی لێ بوو. من لە کەرتی یەکی مەلا عەتار بووم. شەڕ هەڵگیرسا. لەو شەڕەدا مەلا عەتار چاوی کوێر بوو، عەزیز قزڵجەیی فیشەک بەر سەری کەوت و بەپەلە ناردیان بۆ ئێران و لە ڕێگە شەهید بوو، منیش دوو فیشەکم بەرکەوت، یەکێکیان دای لە کەلەکەم و ئەوی تریان بەر رانم کەوت. کەمال عومەر هێندی خەڵکی سلێمانی لەگەڵ تایەر مۆریاسی کە هەفتەیەک بوو هاتبووە دەرەوە هەردوکیان شەهید بوون. پێشمەرگەکان ئێمەیان گەیاندە دێی ئازادی و لەوێ چارەسەرێکی سەرەتاییان بۆ کردین و



**لەڕاستەوە: جەمال جاخی، محەمەد ئاربیجی (شەهید).**
**دانیشتووەکان: هیوا شەفیق، حەسەن عوسمان، شێرکۆ عەبدوڵلا (شەهید).**
**داستانی رزگاری، ساڵی ١٩٨٧.**

به تراکتۆر بردیانین بۆ شەدەڵە و لەوێوە بۆ سەرگەڵو. لە سەرگەڵو د. شوان و د. بەیان و زۆری تری لێ بوو. عەمەلیاتی ریخۆڵە و قاچیان بۆ کردم.

دوو هەفتەیەک لە خەستەخانە مامەوە و دواتر رەوانەی مقەڕیان کردم کە لە مالومە بوو. ئەو ماوانە شەفیقە خانی دایکم و براکەم ئەوەندە ئەهاتن بۆلام و سەردانیان ئەکردم، ئیتر منیان بە ناوی هیوای شەفیقەوە بانگ دەکرد. ئێستاش تا نەڵێیت هیوای شەفیق کەس نامناسێت.

پێشمەرگەکان زۆر بە دڵسۆزی خزمەتیان ئەکردم بە جۆرێک کە برای خۆم بێزی نەئەهات ئاوا خزمەتم بکات. بە تایبەتی عەباسە شەلی چنگیانی و عەبەرەق و وەستا شیروانی خەڵکی سلێمانی کە تا ماوم قەرزاریانم. دواتر عەباس لە پیری شەوکێڵ بریندار بوو. ئێستا بە پلەی عەمید کەم ئەندامی سەنگەرە.

ساڵی ١٩٨٨ ئەنفال دەستی پێکرد، تیپی ٣١ی سلێمانی کەرتەکەی ئێمەیان نارد بۆ قزلەر، لەوێ بە مەفرەزە ئەچوین بۆ کەڵکی قزلەر و یەکتریمان لەگەڵ مەفرەزەکانی تری کەرتەکاندا بەدل ئەکرد. شەو و رۆژێک لەسەر شاخ دەبوین و بەدلیان ئەکردین. ئێمە لە سێ لاوە هجوممان لەسەر بوو، بۆسەر شاخی کەڵکی قەیوان و دۆڵە روت و بەدیوی خەمزەدا، ئەمە جگە لە تۆپ و تەیارە

لە ١٩٨٨/٣/٢٠دا من لەسەر کەڵکی قزلەر بووم، درەنگانێکی نیوەڕۆ بوو بە دووربین سەیری زابتێکم ئەکرد لە دۆڵە رووت ئیعازی ئەدا. من لە پەنابەردێکدا بە قەناس نیشانەم لێ گرتەوە، تۆپی دەبابە لێی دام و دە مەتر بە ئاسماندا فڕێی دام. ئێستاش نەمزانی فیشەکم تەقاند یان نا.

من تا ئەمێنم قەرزاری حەسەن عوسمانی خەڵکی سلێمانی و سدیق میشیاویم. ئەوان منیان بە ئێستر برد بۆ چالاوە، پشتی چالاوەی بەرامبەر چۆخماخ، سیرەمێرگی شارباژێڕ بوو، کە مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد سەرتیپ بوو. لەوێ کۆپتەر هات و من و برینداارانی شەڕەکەی گواستەوە بۆ شاناخسێ.

له شاناخسێ خەستەخانەیەکی گەورەی ئێرانیەکانی لێ بوو، کە لەژێر زەمیندا دروستیان کردبوو. لەوێش هەندێک چارەسەریان بۆ کردم و بە ئەمبۆلانس ناردیانم بۆ بانە و لە خەستەخانەی ئەوێ شەوێک مامەوە و بۆ سبەینێ منیان نارد بۆ خەستەخانەی ئیمام خومەینی لە تەبرێز.

عەمەلیاتی قاچیان بۆ کردم. دوای من شوان موغاغیشیان هێنا، لەوێ نۆ مانگ مامەوە. چاوم زۆر خراپ بوو، ئەیووت پەردەی بەسەرەوەیە و بە لاری خەڵکم ئەبینی ناردیانم بۆ تاران و ساڵی ١٩٨٩ کەوتمە سەرپێ و ناردمیانە نەقاهەتگای سەقز. ئنجا چوم بۆ تیپەکەمان کە مقەڕی لە بلەکێ دانابوو.

لەوێ کۆبوونەوە کراو ئەوکاتە ژیان زۆر قورس بووبوو، پارەش نەبوو، مەسئول هاتن و وتیان کێ ئەچێتە ئێران و کێ تەسلیم ئەبێتەوە ئازادە



لەڕاستەوە: مام والی هۆنەرێنی، هیوا شەفیق، مامۆستا عەلی پێنجوێنی.

خەستەخانەی ئیمام خومەینی - تەبرێز ١٩٨٩.

به شەرتێک دژی یەکێتی کار نەکات. من ئەوکاتە بە دارشەق ئەرۆیشتم. ناچار هاتمەوە و تەسلیم بوومەوە و منیان کرد بە عەسکەر و ناردمیانە موعەسکەری پشتی ماوەت، بەڵام تا دوو مانگ مامەوە و زانییان وەزعم خراپە و کتابی تەسریح کردنیان دامێ بۆ تەجنیدی سلێمانی، بەڵام لە تەجنید ڕەزامەندییان پیشان نەدا و ناردیانمەوە بۆ شوێنی خۆم. منیش نەچووم و بە فیراری مامەوە تا راپەڕین ، لە ڕاپەڕیندا دەستم دایەوە چەک و لە گەڕەکی مەجید بەگ کەوتمە چالاکی.

ساڵی ١٩٩٣ جەنابی هێرۆ خان عەمەلیاتی چاوی لای دکتۆر سالار عەزیز بۆ کردم و ئێستا چاوم عەدەسەیە و گوێی چەپیشم گرانە. ساڵی ١٩٩٥ دیسان دادە هێرۆ منی نارد بۆلای دکتۆر وەرزێر و ئەو عەمەلیاتی قاچمی بۆ کردم. گۆشتی لای رانی راستمی بڕی بۆ قاچی چەپم.

داوای لێبوردن لە هەڤاڵە پێشمەرگەکانم دەکەم کە ناویانم لەبیرچووە. ئێستا لەسەر کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامبووەکانی سەنگەر بە پلەی لیوا خانەنشینم کەمئەندامیەکەم بە ڕێژەی ٩٥٪ـە.

| | | |
|---|---|---|
| The Disabled<br>Veterans Peshmarga Committee<br>Secretariat | | کۆمەڵەی پێشمەرگە<br>کەمئەندامبووەکانی سەنگەر<br>سکرتارییەت |

ژمارە: ٢٧٠

بەروار / ٢٥ / ٧ / ٢٠٢٥

**بۆبەڕێز /مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری/ بۆردی هۆشیاری**

**بەڕێز ( ئەمیرە محمد )**

**سڵاوێکی گەرم, بەڕێزان داواکارین ئەم لیستەی سکرتاریەتی کۆمەڵەکەمان بۆیان ناردون بۆبە ئەرشیف کردنی ماندوبوون و جەستە بەخشین لە پێناو گەلەکەمان بە پەرتوکێکی مێژووی بۆ تێکۆشەرەکانمان ناویان لەم پەرتوکەدا تۆمار بکرێت کە بە شێکی جەستەیان لە پێناو خاك و نیشتیمان بەخشیووە زۆربەشیان پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاون و خاوەن مەدالیای( ڕەوان شاد ) جەنابی (مام جەلال ) ن.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

**فواد حاجی عبابکر**

**سکرتێری کۆمەڵە**

**وێنەیەك بۆ:**

- **کارگێڕی / تکایە بۆ ئاگاداریتان**

ناونیشان: سلێمانی/ ڕاپەرین، پشت بەنزینخانەی برایەتی

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- | ئازاد حاجی حاجی عالی (هێمن) | | پشدەر/هەپانی |
| ٢- | ئازاد حاکم رەفیق سەعید | | سنوور/داقوق |
| ٣- | ئیبراهیم مستەفا محەمەد | | هەڵەدن |
| ٤- | بروا محەمەد عبدوللا | | رانیە |
| ٥- | پیر داود حەسەن عبدوللا | | مەحموداوا ~~ئاوارتا~~ پیرەژنا |
| ٦- | تاهیر محەمەد حسێن | | |
| ٧- | ئەحمەد عبدوللا خدر ح. شێخ خانی | | سورداش |
| ٨- | جەلال حەمە صالح تالانی | | سورداش |
| ٩- | جەلال محمود حەمە علی صبرە شێخی | | سلێمانی |
| ١٠- | جەمال حەسەن حەمە ئەمین | | شارباژێڕ |
| ١١- | جومعە حسێن رەشید | | کەلار |
| ١٢- | حسێن رەسول حەمە دەستەجه ٢٦ | | بناری گۆمەت |
| ١٣- | (حەسەن قادر صالح | | کفری |
| ١٤- | حەمەد حاجی حاجی | | وەرتێ |
| ١٥- | حەمەد حەمەدەمین رەزا | | گۆیژە |
| ١٦- | خالید سلێمان حسێن | | کەرکوک |
| ١٧- | خدر ئەنوەر محەمەد | | رانیە |
| ١٨- | دلزار بەکر عبدالکریم | | کۆیە |
| ١٩- | دلزار ئەحمەد حەمە صالح | | کۆیە |
| ٢٠- | دلشاد شەریف باویانی | | کەرکوک |

| | | | |
|---|---|---|---|
| -٢١ | ڕەسوڵ عبداللە عەلی | | کۆیە |
| -٢٢ | ڕەسوڵ عومەر لەیلێ / ئاوەستا ڕەسوڵ | | کەرکوک |
| -٢٣ | زاهیر ئەحمەد حەسەن وەرتی | | وەرتێ |
| -٢٤ | ساڵح محمود / دوو ناو ... ئەگەڵو | | سەرگەڵو |
| -٢٥ | سامان ئیبراهیم حەمە ئەمین | | سلێمانی |
| -٢٦ | ستار ڕەحیم ئەکبەر | | سەنگاو |
| -٢٧ | ستار ساڵح عبدوڵڵا | | مەیدان |
| -٢٨ | سەباح ئەمین عوسمان | | کەرکوک |
| -٢٩ | سنجەر شەوکەت عبدوڵڵا تحوڵڵا | | خانەقین |
| -٣٠ | سەروەر سەلیم محمد ئەمین | | گێلەدە |
| -٣١ | سەلاح محمد ئەمین صوفی | | ئاڵتون کۆپری |
| -٣٢ | سەلاح محمد محیەدین | | نەوجوول |
| -٣٣ | شوان شەریف موغانی | | موغانێ |
| -٣٤ | شێرزاد سەعەد شەریف | | ئاڵتون کۆپری |
| -٣٥ | شێرکۆ نوری ڕەشید | | قەڵادزێ |
| -٣٦ | عارف سەلیم محمد حەمەد | | مەخمور |
| -٣٧ | عەباس حەمە ئەمین ڕەمەزانی | | پێنجوێن |
| -٣٨ | عبدوڵڵا حەمزە ڕەش حەمە | | هێرۆ |
| -٣٩ | عبد الکریم محمود (مام کەریم) | | سەعدیە / خانەقین |
| ٤٠ | عەلی ئەحمەد پێنجوێنی | | پێنجوێن |

| | ناو | شوێن |
|---|---|---|
| ٤١- | عەلی ئەمین رەسول بناوەسووتەیی | پێنجوێن |
| ٤٢- | عەلی ئیبراهیم محەمەد | قەڵادزێ |
| ٤٣- | عوسمان حەسەن حەمە ڕەشکە | سەید صادق |
| ٤٤- | عومەر حاجی ئەمین کاکی هەنجیری | بناری ئاسۆس |
| ٤٥- | عومەر حەمیدەمین گوڕگانی | کەرکوک |
| ٤٦- | فایەق سابیر صاڵح | کەرکوک |
| ٤٧- | فەرهەنگ تۆفیق عەلی | سلێمانی |
| ٤٨- | فەریدون عەبدولقادر تالیب | کەرکوک |
| ٤٩- | فوئاد ئەحمەد بابەکر کەریم | دەربەندی رایات |
| ٥٠- | کارمەند هوشیار محەمەد | چوارقوڕنە |
| ٥١- | کامیل نوری محەمەد ئەمین | چوارتا |
| ٥٢- | کاوە حەمە صاڵح | پێنجوێن |
| ٥٣- | کاوە حەمە حەبیب محەمەد ئەمین | پێنجوێن |
| ٥٤- | کەریم عەلی محەمەد | هەڵەبجە |
| ٥٥- | کەمال مەحمود گەلالە | شارباژێر |
| ٥٦- | محەمەد خدر بایزید ڕەزاوکوردیان | وەرتێ |
| ٥٧- | محەمەد مورەفیق حسێن | کەرکوک |
| ٥٨- | محەمەد محەمەد مستەفا | خانەقین |
| ٥٩- | محەمەد عەبدولکەریم محەمەد | ئاڵتون کۆپری |
| ٦٠- | مستەفا ئەحمەد/حەمە مستەفا ... | دیبوان |

Disabled Veterans Peshmerga Committee

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦١- | مستەفا عەولا تەها | | دارینە |
| ٦٢- | مستەفا قادر مەحمود | | سلێمانی |
| ٦٣- | مەحمود ئەحمەد سۆفی | | هەڵەبجە |
| ٦٤- | مەحمود ئەحمەد مەحمود/مام محمود | | هێرۆ |
| ٦٥- | موسا بایپیر / مام موسا | | پشدەر |
| ٦٦- | ناجی محەمەد (مام ناجی) | | هەڵەبجە |
| ٦٧- | نەسرەدین محەمەد حسێن رەزا | | گوێز |
| ٦٨- | هاشم عبدالرحمن مستەفا | | هەڵەبجە |
| ٦٩- | هوشیار عەلی بیاوتلەیی | | هەڵەبجە |
| ٧٠- | هیوا محمد قادر / بە هیوای شەفیق | | سلێمانی |